ئیڤانز پریتچارد

# ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی

وەرگێڕانی

دیار عەزیز شەریف

پێداچوونەوەی: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل

ناوی کتێبەکە بەعەرەبی

**الانثروبولوجيا الاجتماعية**

ايفانز بريتشارد

1951

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

xaneywergeran@hotmail.com

- ناوی کتێب : ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی
- نووسەر : ئیڤانز پریتچارد
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : دیار عەزیز شەریف
- پیتچنین : دیار عەزیز شەریف
- دیزاینی ناوەرۆک : زانا کەمال
- بەرگ : ئارام عەلی
- تیراژ : ١٠٠٠
- زنجیرە : ٢١٣
- چاپخانە : تیشک
- چاپ : چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن : (٢٠٠٤) ساڵی (٢٠٠٨)

# پێرست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | |
| بواری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی | ١٠ |
| بەشی دووەم | |
| سەرەتا تیۆرییەکان | ٤٢ |
| بەشی سێیەم | |
| بەرەوپێشچوونە تیۆرییەکانی دواتر | ٧٧ |
| بەشی چوارەم | |
| توێژینەوەی کێڵگەیی و نەریتی ئەزموونگەری | ١٠٩ |
| بەشی پێنجەم | |
| توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییە مۆدێرنەکان | ١٤٦ |
| بەشی شەشەم | |
| ئەنترۆپۆلۆژیای پراکتیکی | ١٨٦ |

## پێشەکی وەرگێڕ

ئەم کتێبە بەرهەمی هزری یەکێك لە عەقڵە ڕۆشنگەرەکانی نێو ئەنترۆپۆلۆژیای سەدەی بیستەمە، کە بەزمانێکی سادەو ساکار، بەڵام دەوڵەمەند بەمەعریفە لەهەمان کاتدا، هەوڵی ئەوەی داوە قسە لەبارەی زانستێکەوە بکات کە مرۆڤ بەهەموو ڕەنگو شێوەو ڕووخسارە جیاوازەکانییەوە، سەنتەری بایەخپێدانەکانییەتی. بەتایبەتی ئەو مرۆڤانەی کە لەدنیای مۆدێرندا کەوتووەنەتە نێو بازنەی فەرامۆشکراویو بەهەڵە سەیرکردنو ناولێناوە.

ئیڤانز پریتچارد لە زستانی ١٩٥٠ چەند وانەبێژییەکی گرنگی لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لەڕێی ڕادیۆی بەریتانییەوە پێشکەش بەخوێنەران بەگشتیو خوێندکارانو بایەخدارانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیا بەتایبەت کرد، دواتر لەبەر گرنگی بیروبۆچوونەکانی لەبارەی مێژووی سەرهەڵدانی ئەو زانستەو میتۆدو شێوازەکانی توێژینەوەی تیۆریو پراکتیکی، پریتچارد کۆی وانەبێژییەکانی لە ساڵی ١٩٥١ لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەچاپ گەیاند.

ئیڤانز پریتچارد لەڕیزی پێشەوەی ئەنترۆپۆلۆژستە ناودارەکانی





سەدەی بیستەم دێت، ئەوێك کە سەر بەقوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆژی ئینگلیزی سەدەی بیستە، سەدەیەك کە لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیادا بەساتەوەختی هاتنە کایەوەی توێژینەوەی مەیدانی دەناسرێتەوە. لەو کتێبەیەدا باس لە سەرەتاکانی چەکەرەکردنی بیرۆکەی زانستێکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە دواتر بەناوی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ناونرا، لەبەرئەوە بەکورتیو بەچڕی ئاماژەی بە هەوڵە ئەنترۆپۆلۆژییەکان کردووە لە هەر سێ سەدەی هەژدەو نۆزدەو بیستەمدا، لەگەڵ باسکردنی تایبەتمەندیو ڕووگە فیکرییەکانی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا لە هەر سێ سەدە، بەڵام زیاتر جەختی کردۆتە سەر ئەنترۆپۆلۆژیا لە بەریتانیادا. ئامانجی پریتچارد لەو کتێبەیدا لەچەند خاڵێکی بنەڕەتی کۆدەبێتەوە، کە بریتییە لە ناساندنی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیو میتۆدەکانیو، قسەکردن لەسەر توێژینەوەی تیۆریو مەیدانی لەنێو ئەو زانستەدا. لێرەوەش خوێنەر گەر بەوردی ئەو کتێبە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە ئەو زانایە هەڵساوە بە بەراوردکردنی خەیاڵی ئەنترۆپۆلۆژی لە هەر سێ سەدەی یەك بەدوای یەکدا. لە کۆی وانەبێژییەکانی، هەوڵیداوە دەستنیشانی ئەو خاڵانە بکات کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە سەدەی بیستەم لە هەردوو سەدەکەی پێش خۆی جیادەکاتەوە.

خاڵێکی تر کە پریتچارد لەسەری دەوەستێت، ئەوەیە لای ئەو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی هونەرە، زیاتر لەوەی زانست بێت. ئەو خاڵە ناکۆکەی مشتومڕێکی زۆری لەنێو زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا نایەوە. هەروەها باس لە ئامانجو ڕەهەندەکانی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی دەکات. لەپاڵ خستنەڕووی لایەنە گرنگو

پۆزەتیڤەکانی ئەو زانستە، پریتچارد پەنجە دەخاتە سەر ئیشکالیەتەکانی تویژینەوەی کێڵگەیی لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیادا. لەگەڵ هێنانەوەی چەند نموونەیەکی زیندووی توێژینەوەی مەیدانی، هی خۆی و هاوسەردەمەکانی لەبارەی گەلانی سەرەتاییەوە.

ڕاستییەکەی ئەو کتێبە بایەخێکی زۆری هەیە بۆ ئاشنابوون بەو زانستە مرۆڤایەتییەی کە تائێستاش سەبارەت بەئێمەی کورد، زانستێکی نوێیە. گواستنەوەی ئەو مەعریفە ڕۆشنە بۆ زمانی کوردی، هەر لەو ڕوانگەیەوە هاتووە. زانستێك کە وەك پریتچارد دەڵێ لەو بوونەوەرە جوان و سەیرو سەمەرەیە دەکۆڵێتەوە کە ناوی مرۆڤە، لە گشت شوێن و زەمەنێکدا. هیوادارم بەم هەوڵەم سوودێکم بە کتێبخانەی کوردی گەیاندبێت، هەروەها بەخوێندکارە ئازیزەکانی بەشی کۆمەڵناسی نێو زانکۆکانی کوردستان.

وەرگێڕ-٢٠٠٨/٦/١٧





## بەشی یەکەم

## بواری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی

لەم وانەبێژییانەدا هەوڵدەدەم وێنەیەکی گشتیتان لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە پێبدەم، بۆم دەرکەوتووە کە خەڵکی بەگشتی، تەنانەت ئەوانەشی کە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی فراوانن لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیا، بیرۆکەیەکی تەمومژاوی لێدەرچێت، هیچ نازانن. ڕەنگە ناوی ئەنترۆپۆلۆژیا لە زەیندا وێنەیەکی پێوەندار بێت بە مەیمون و، کەللەی سەرو، سرووتگەلێکی نامۆ و خورافاتی سەیروسەمەرە کە وەحشییەکان پەیڕەوی لێدەکەن. بەلاّم پێموایە زەحمەت نییە بڕواتان پێبێنم کە ئەو بۆچوونە هیچ پاساوێکی بۆ نییە. خستنەڕووی ئەو بابەتەش لەژێر کاریگەری ئەو درکپێکردنەدایە، بۆیە گریمانی ئەوە دەکەم کە هەندێکتان هیچ شتێك لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە نازانن، هەندێکی تریش بەشێوەیەك تەماشای دەکەن کە هیچ پێوەندی پێوە نییە. هەرچی ئەوانەی هەندێك شارەزاییان لەبارەیەوە هەیە، ئەوا دەبێ بمبەخشن لەوەی کە دەمەوێ بەشێوەیەکی گشتی و سانا و سەرەتایی بابەتەکەم پێشکەش بکەم.

لەم وانەبێژییەدا بواری گشتی بابەتەکە دەستنیشان دەکەم، پاشان لە وانەبێژی دووەمو سێیەمدا پێشڤەچوونی تیۆری ئەو بابەتەی بەدوادادێت، لە وانەبێژی چوارەمدا گفتوگۆی ئەو لایەنەی توێژنەوە دەکەین کە بەتوێژینەوەی مەیدانی، یان توێژینەوەی کێڵگەیی ناودەبرێت. دواتر لە وانەبێژی پێنجەمدا پێشڤەچوونی تیۆریو مەیدانی لە یەکتر جیادەکەینەوە بەئاماژەدان بەهەندێك توێژینەوەی نوێ، پاشان لە وانەبێژی کۆتاییدا لەبارەی پێوەندی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەکاروباری کردەکی دەدوێین.

ئەو وانەبێژیانە تایبەتن بە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ئینگلتەرا، بۆئەوەی ئاستەنگەکان بەلاوەنێین کە ڕەنگە بێنە سەر ڕێگەی جوان نمایشکردنەوە، ئەگەر من بمەوێت لەبارەی پەرەسەندنو پێشڤەچوونی ئەو زانستە لە ئەوروپا و ئەمریکادا بدوێم، ئەوا ناچاردەبم زۆر بەکورتی بدوێم، بەشێوەیەك ئەوەی لەمیانەی گشتگیرییەوە دەستمان دەکەوێت، قەرەبووی ئەوەمان بۆ ناکاتەوە کە لەلایەنی ڕوونیو ئاشکرایی بەردەوامبوونەوە لە دەستی دەدەین.

ڕەنگە ئەو دەستنیشانکردنە لێرەدا بایەخێکی مەزنی نەبێت وەکو ئەوەی لە لقەکانی تری مەعریفە هەیەتی، لەبەرئەوەی پێشڤەچوونی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ئینگلتەرا تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆو جیاوازە لە پێشڤەچوونی هەمان زانست لە وڵاتانی دیکەدا. بەهەرحاڵ- لە هەر شوێنێك پێویست بکات- ئاماژە بەو نووسینو ڕووگە بیانیانە دەکەم کە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییان بەسەر بیرکردنەوەی زانایانی ئینگلیز هەبووبێت. تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو سنوورەشدا سانا نییە ئامانجەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای





کۆمەڵایەتیو میتۆدەکانی بەشێوەیەکی ڕوونو سادە جیابکەینەوە، لەبەرئەوەی تائێستا ئەنترۆپۆلۆژستان خۆیان لەسەر ئەو مەسەلانە ڕێکنەکەوتوون. ڕاستە لێرەدا ڕێککەوتنێکی جەوهەری لەسەر زۆربەی مەسەلەکان لەئارادایە، بەڵام تائێستاش ڕاوبۆچوونەکان لەبارەی هەندێك پرسی دیکە دژکاری یەکترن. ئەو ڕاوبۆچوونانەش مەیلی – هەروەکو زۆرجار لە زانستە نوێیەکان ڕوودەدات- چوونە ناویەكو پەیوەستگیرییان لەگەڵ کەسێتی خاوەنەکانیاندا هەیە، چونکە زانایان زیاتر لە کەسانی تر ئارەزووی ئەوەیان هەیە خودی خۆیان لەگەڵ بیروباوەڕو دیدەکانیاندا ڕێکبخەن. پەسەندکردنی کەسیانەش- ئەگەر پێویست بوو گوزارشتیان لێ بکرێت – هیچ ئەنجامێکی خراپی لێناکەوێتەوە ئەگەر بەڕاشکاوی بخرێنەڕوو، هەرچی تەمومژیو نادیارییە، ئەوا زۆر زیان دەگەیەنێت.

هەروەها دەسکەوتی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تائێستا زاراوەگەلێکی زۆر سنووردارە، بەوەی زاناکانی ئەو بوارە ناچارن ئاخاوتنی ئاسایی بەکاربێنن، ئەمەش تەواو ورد نییە، بۆ نموونە وشەی (کۆمەڵگا)، یان (کولتوور)، یان (عورف)، یان (ئایین)، یان (پاداشت)، یان (فرمان)، یان (سیاسی)، یان (دیموکراتی) هەمیشە هەمان مانا لای تاکەکەسە جیاوازەکان، یان هەڵوێستە جیاوازەکان ناگەیەنێت. ڕەنگە لەتوانای ئەنترۆپۆلۆژستاندا هەبێت بتوانن زاراوەگەلێکی نوێ بێننە ناوەوە، یان مانای هونەری سنووردار ببەخشنە وشەگەلی ئاساییو خوازراو، بەڵام ئەو زمانە تایبەتە تەنیا ئەو کەسانە لێی تێدەگەن کە پسپۆڕن لەو لقەی مەعریفە، جگە لەوەی لەکاتی پراکتیککردنیان ڕێکەوتن لەسەریان لەلایەن ئەنترۆپۆلۆژستان

قورس دەبێت. ئەگەر لەنێوان نادیاری زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەو تەمومژی زاراوەکانی پسپۆڕەکان ڕووبەڕووی هەڵبژاردن ببینەوە، ئەوا من کەمترین زەرەر هەڵدەبژێرم کە زمانی ئاساییە، چونکە بابەتی ئەنترۆپۆلۆژیا بایەخ بەهەموو خەڵك دەدات نەوەك تەنیا زانا ئەنترۆپۆلۆژییەکان.

وشەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ئینگلتەرا – تاڕادەیەکیش لە ئەمریکا– بەمانای یەکێك لە لقەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی بەکاردێت کە لە چەندین دیوی جیاوازەوە توێژینەوە لە مرۆڤ دەکات. ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی گرنگی بە کولتوورو کۆمەڵگا مرۆییەکان دەدات. هەرچی لە ئەوروپایە ئەوا زاراوەو ناوی تری بۆ بەکاردەهێنرێت. کاتێك لەوێ خەڵك لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە دەئاخڤن –کە بەدیدی ئینگلیزییەکان توێژینەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ مرۆڤ– ئەوا مەبەستیان ئەوەیە کە لە ئینگلتەرا بە ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی ناونراوە، بەمانایەکی تر توێژینەوەی مرۆڤ لەلایەنی بایۆلۆژییەوە. هەرچی ئەوەی کە ئینگلیز بەئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ناوی دەبەن، ئەوا لە ئەوروپا بەناوی ئەتنۆلۆژیا، یان سۆسیۆلۆژیا ناسراوە. تەنانەت لە خودی ئینگلتەراش دەربڕینی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تا ئەم دواییانە بەکارنەهاتووە. ڕەنگە بابەتێك لەژێر ناوی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، یان ئەتنۆلۆژیا لەساڵی (١٨٨٤)ەوە لە ئۆکسفۆرد خوێنرابێت، وە لەساڵی (١٩٠٠) لە کێمبریج، لەساڵی (١٩٠٨) لە زانکۆی لەندەن. یەکەمین کورسی زانکۆیی کە هەڵگری ناوی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بووبێت، کورسی مامۆستایەتی شانازییە کە بەڕێز جیمس فریزەر لە زانکۆی لیڤەرپول لەساڵی





(١٩٠٨) وەریگرت، پاشان ئەو بابەتە بەشێوەیەکی فراوان ناسرا، بۆیە لە ئێستادا ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ژمارەیەکی زۆری زانکۆکانی بەریتانیا و دۆمنیکان دەخوێندرێت.

ئەگەر ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لقێك بێت لە ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی لە پێوەندی لەگەڵ لقەکانی تری ئەنترۆپۆلۆژیادا دەخوێندرێت، واتە ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی و ئەتنۆلۆژیا و شوێنەوارناسی بەر لە مێژوو، هەندێك جاریش زمانناسی گشتی و جوگرافیای مرۆیی. بەلام ئەو دوو بابەتەی دوایی لە میتۆدەکانی خوێندنی ئەنترۆپۆلۆژیا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، یان دیپلۆم لە بەریتانیا کەمتر دەردەکەون، لەبەرئەوە لێرەدا قسەیان لەبارەوە ناکەین. ئەوەی پەیوەستە بە ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی کە لەڕاستیدا لەئێستادا پێوەندییەکی وای بە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە نییە، ئەوەندە بەسە بڵێم کە لقێکە لە بایۆلۆژیای مرۆیی، ئەو لقە بایەخ دەدات بەتوێژینەوەی مەسەلەی دیاریکراوی وەك بۆماوەو خواردنو جیاوازییەکانی نێوان دوو ڕەگەزەکەو توێکاری بەراوردکاریو فسیۆلۆژیای ڕەچەڵەکە مرۆییەکانو تیۆری پەرەسەندنی مرۆیی.

ئەتنۆلۆژیا بەنزیکترین زانستێك دادەنرێت لە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، هۆیەکەشی لەوەدایە کە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، وێڕای ئەوەی پێیانوایە توێژینەوەکانیان بایەخ بەهەموو کولتوورو کۆمەڵگا مرۆییەکان دەدات، بەکولتوورو کۆمەڵگای ئەورووپیشەوە، ئەوا لەبەر زۆر هۆ کە لەدواییدا ئاماژەی پێدەدەین، بایەخ بە کولتوورو کۆمەڵگا بەراییەکان دەدەن. ئەمەش هەمان ئەو

گەلانەن کە زانایانی ئەتنۆلۆژیا لێی دەکۆڵنەوە، کە لێیەوە ڕێژەیەکی زۆر لە دەستخستنە ناویەك لەنێوان دوو زانستەکەدا بوونی هەیە. بەهەرحاڵ ئەوەی گرنگە ڕەچاوکردنی ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی ئەتنۆلۆژیاو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی توێژینەوەی هەمان چین لە گەلان دەکەن، ئەوا لەو توێژینەوانەدا مەبەستی زۆر جیاواز لەیەکتری دەپێکن، لەبەرئەوە دەبینین وێڕای نەبوونی جیاکارییەکی دابڕاو لەنێوانیاندا لە ڕابردوودا، ئەوا لەئێستادا بوونەتە دوو زانستی سەربەخۆو هەریەکەیان بەتەواوی لەوی تر جیابووەتەوە. لەئێستادا کارەکانی ئەتنۆلۆژیا لەسەر پۆلینکردنی گەلان لەسەر بنەمای تایبەتمەندیو جیاکارییە ڕەچەڵەکیو کولتوورییەکان وەستاوە، هەروەها ڕاڤەکردنی ئەو دابەشبوونەیە لە ئێستادا- یان لە ڕابردوودا- وەك ئەنجامێکی بزاوتنی ئەو گەلانەو تێکەڵاوبوونو بڵاوبوونەوەی کولتوورەکان.

پۆلینکردنی گەلانو کولتوورەکانیش بەهەنگاوێکی سەرەتایی دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی بەراوردکارییەکان کە ئەنترۆپۆلۆژستەکان لەنێوان گەلانی سەرەتایی ئەنجامی دەدەن. شتێکی سوودمەندو بایەخداریشە ئەگەر پێویستیش نەبێت، دەسکردن بە بەراوردکردنی گەلان کە ئینتیما دەکەن بۆ ئەو شتەی کە لە مێژە (باستیان) ناوی ناوە (ناوچە جوگرافییەکان). بەهەرحاڵ کاتێك زانایانی ئەتنۆلۆژیا هەوڵی دووبارە ڕێکخستنەوەی مێژووی گەلانی سەرەتایی دەدەن، ئەوانەی بەڵگەنامەو دۆکیومێنتی مێژوویی پێویستیان لەبارەوە لەبەردەستدا نییە، ئەوا ئەو زانایانە ناچار دەبن هانا ببەنە بەر ئەنجامە دژکارەکانیان بۆئەوەی بەئەنجامەکانیان بگەن، لەو بارەشدا





ناکرێ لە خەملاندن زیاتر بەشتێکی تری دابنێین. زۆرجاریش وا ڕوودەدات کە ژمارەیەکی زۆر لە گریمانەی جیا جیا، تەنانەت دژکاری یەکتریش، دادەنرێت لەسەر هەمان ئەو زانیاریانەی کەوا پێی گەیشتوون. کەواتە ئەتنۆلۆژیا مێژوو نییە، چونکە مێژوو تۆماری ئەو ڕووداوانە نییە کە ((لەوانەیە)) ڕوویاندابێت، بەڵکو ئەو ڕووداوانە دەنووسێتەوە کە ((بەڕاستی)) ڕوویانداوە. هەروەها مێژوو تەنیا بە تۆمارکردنی ڕووداوەکان ناوەستێت، بەڵکو باسی ئەوەش دەکات کە چۆنو کەی ڕوویانداوە، زۆرجاریش هۆکاری ڕوودانەکانیش دیاری دەکات. لەپێناو هەموو ئەوانەشدا، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەتنۆلۆژیا توانای ئەوەی نییە ڕووبەرێکی فراوانمان لەسەر ڕاستیگەلێکی تەواو لەبارەی ژیانی ڕابردووی سەرەتاییەکان پێبدات، ئەوا گریمانە تیۆرییەکانی -نەوەك پۆلینکارییەکان کە پێی هەڵدەستێت- سوودێکی کەمی بۆ ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت.

ئەرکیۆلۆژیای بەر لە مێژوو بەلقێکی ئەتنۆلۆژیا دادەنرێت لە پرسی دووبارەکردنەوەی پێکهاتی مێژووی گەلانو کولتوورەکان، بەهانابردن بۆ جێماوەو پاشماوەکانی مرۆییو کولتووری کە لێیەوە کردارەکانی هەڵکۆڵینو هەڵدانەوە لە پاشماوەی جیۆلۆجی دەدۆزرێتەوە، هەروەها بەگوێرەی پشت بەستن بە بەڵگە دژکارەکان. ئەو سوودەی کە دەکرێ ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان لەو زانستەی ببینن، سوودێکی سنووردارە، لەبەرئەوەی نەیتوانیوە زانیارییەکی زۆریان لەبارەی ئەو بابەتانە پێبدات کە بایەخی پێدەدەن، واتە بیروباوەڕو سیستەمی باو لای گەلانێك کە ئەو زانستە

هەڵساوە بەدۆزینەوەو پۆلینکردنی لەڕێی ئێسك و کالآکانیان. دواجار تەکنۆلۆژیای بەراوردکاری، بەتایبەتی تەکنۆلۆژیای گەلانی سەرەتایی لقێکی دیکەی ئەنترۆپۆلۆژیا پێکدێنێت و وا دەخوێندرێت گوایە پەیوەستە بەئەتنۆلۆژیا و سەردەمی پێش مێژوویی.

هەرچی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە ئەوا کارو ئامانجی زۆر لەوە جیاوازترە، ئەو زانستە توێژینەوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکات کە وەك باوە شێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی وەك خێزان و سیستەمی خزمایەتی و ڕێکخستنی سیاسی و ڕێوشوێنی یاسایی و پەرستنە ئایینییەکان و ئەوانی تر دەگرێتەوە، هەروەها توێژینەوەی پەیوەندی نێوان ئەو سیستەمانە دەکات، ئینجا لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان بێت، یان کۆمەڵگا مێژووییەکان کەوا زانیاری گونجاومان لەم جۆرەدا لەبەردەستدایە و دەکرێ بەنموونەی ئەو توێژینەوانە هەڵبستین.

بۆ نموونە ئەوەتا دەبینن کە توێژێکی دیاریکراو لە داب و نەریتەکان کەوا یەکێك لە گەلان پەیڕەوی لێدەکەن –کاتێك لەسەر نەخشەی دابەشکردن جیادەکرێتەوە– بایەخێکی تایبەتی لای زانای ئەتنۆلۆژی هەیە، لەبەرئەوەی لەسایەیەوە بەڵگەی لەسەر بزاوتنی سولالات و ڕەگەزەکان، یان کۆچکردنی کولتوور، یان پەیوەندیکردنی ئەو گەلانە هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریان لە ڕابردوودا دەستدەکەوێت. هەرچی ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتییە ئەوا بایەخ بەو داب و نەریتانە دەدات کە بەشێکە لە کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی لای ئەو گەلانە بەتەنیا و بەتایبەتی لە ساتی ئێستادا، بەبێ ئەوەی بایەخ بەوە بدات کە ئایا ئەو داب و نەریتانە لە بنەچەدا خوازراون لە گەلێکی دیکەوە، بەتایبەتیش کە ئەو ناتوانێت بەتەواوی دڵنیابێت لە





خواستنەکە، تەنانەت ئەگەرهاتوو لەوەش دڵنیابوو، ئەوا نازانێت کەی و چۆن و بۆچی ئەو شتە ڕوویداوە. نموونەش لەسەر ئەوە هەندێك گەلانی ئەفریقیا خۆر بەسیمبۆلی خواوەند دادەنێن، لەو کاتەش زانای ئەتنۆلۆژیا لەو شتە بەڵگەیەکی دەستدەکەوێت و ئاماژە بەکاریگەریی میسری کۆن لەسەر ئەو گەلانە دەکات، هەرچی زانای ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە کە درك بەزەحمەتی دڵنیابوون لە ڕاستی و ناڕاستی ئەو گریمانەیە دەکات، ئەوا بەشێوەیەکی تایبەت بایەخ دەدات بەپەیوەندی ئەو سیمبۆلە خۆرییە بەکۆی سیستەمی بیروباوەڕەکان و پەرستنە باوەکان لەوێدا. بۆیە هەریەك لە ئەتنۆلۆژست و ئەنترۆپۆلۆژستان پشت بەهەمان زانیاری ئەتنۆگرافی دەبەستن، بەڵام هەریەکەیان ئەو زانیارییە بۆ مەبەستگەلێکی جیاواز لەیەکتر بەکاردێنن.

دەکرێ خوێندنی ئەنترۆپۆلۆژیا لە زانکۆکان بەسێ بازنەی یەکتربڕ بنوێنین، توێژینەوە بایۆلۆژی و توێژینەوە مێژوویی و توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان، کەچی بەشە هاوبەشەکانی بریتین لە ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی و ئەتنۆلۆژیا (لەگەڵ شوێنەوارناسی بەر لە مێژوو و تەکنۆلۆژیای بەراوردکاری) و ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەی ئەو سێ زانستە ئەنترۆپۆلۆژییە هەموویان لە توێژینەوە لە مرۆڤی سەرەتاییدا هاوبەشن، بەڵام وەك دەبینین ئامانج و میتۆدی جیاوازیان هەیە. ئەگەر هەریەکە لەو سێیانە –بەپلەو ڕێژەی جیاواز– لەگەڵ یەکتری لە زانکۆکان بخوێندرێت، هەروەها ئەگەرهاتوو بەیەکەوە لە پەیمانگای پادشایی ئەنترۆپۆلۆژی بخوێندرێن، ئەوا لە ڕاستیدا ئەمە بۆ هەمان بارودۆخ و ئالۆزی مێژوویی دەگەڕێتەوە کە

تاڕادەیەکی زۆر پاش دەرکەوتنی تیۆری داروین لەبارەی پەرەسەندن گەشەی کرد، زیاتر لەوەی بیرکردنەوەیەکی بەئەنقەست بوو بێت بەنیازی دانانی نەخشەیەکی ورد بۆ خوێندن.

ڕاستییەکەی هەندێك لە زانایان نیگەرانی خۆیان لەبارەی ئەو دۆخە پیشان دا، بۆ نموونە ئەو کەسانەی ئارەزووی وابەستەبوونێکیان دەکرد لەنێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا، یان لەنێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و ئەوەی بەزانستە کۆمەڵایەتییەکان ناونراوە، نموونەی سۆسیۆلۆژیای گشتی و ئابووریزانی و سیاسەتزانی بەراوردکاری، هەرچی بەشەکەی ترە، داوای خوێندنی زانستی دیکە دەکەن لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆژیادا. مەسەلەکە ئاڵۆزە، بەهەرحاڵ ئێرە شوێنی ئەرگومێنتی ئەو مەسەلەیەی تێدا نابێتەوە. هەموو ئەو شتانەی دەکرێ لێرەدا بیڵێین تاڕادەیەکی زۆر لەسەر ڕوانینی مرۆڤ بۆ سروشتی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەوەستێت. لەم نێوەدا جیاوازییەکی گەورە لە ڕاوبۆچوون دەبینرێت لەنێوان ئەو زانایانەی کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەزانستێکی سروشتی دادەنێن، لەگەڵ ئەو زانایانەی –نموونەی من– ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەزانستێکی مرۆڤایەتی دادەنێن. ڕەنگە ئەو جیاوازیو بەش بەشییە بگات بەتوندترین ئاست، لەو کاتەی مەسەلەی پێوەندییەکانی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و مێژوو دەوروژێنرێت، بەلاّم ئەو بابەتە بۆ وانەبێژییەکەی دوای ئەمە جێدەهێڵم، لەبەرئەوەی یەکەمجار پێویستە شتێك لەبارەی پێشڤەچوونی خودی زانستەکە لە قۆناغەکانی بەراییدا بزانین، تا بتوانین لەوە تێبگەین کە چۆن ئەو دابەشبوونە لە بۆچوونو بینین سەریهەڵدا.





بەکورتی و بەشێوەیەکی نەخشەئامێز ئەوەم ڕوونکردۆتەوە کە ئاراستەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی وەك زانستێك کە لە زانکۆکان دەخوێندرێت، تاڕادەیەکی زۆر بەم کارە زەمینەم خۆشکردووە تا لە ئێستادا خودی خۆم بەتەواوی بەتەنیا بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تەرخان بکەم. لەبەرئەوەی ئەوە ئەو بابەتەیە کە لێرەدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین، هەروەها تاکە بابەتێکە کە بۆ من جێی گفتوگۆکردن بێت. بەمەش کاتێك لێرە بەدواوە تەنیا لەبارەی (ئەنترۆپۆلۆژیا)وە دەدوێم، بۆ ئاسانکارییە بەبێ ئەوەی وشەی (کۆمەڵایەتی) بەدواوە بنێم، پێویستە ئەمە زانراو بێت کە مەبەستم (ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی) یە.

باشتر وایە بەڕوونکردنەوەی دوو بابەتی یەك بەدوای یەك دەست پێبکەم: مەبەست لە گەلانی سەرەتایی چییە؟ لەبەرچی لەو گەلانە دەکۆڵینەوە؟ پێش ئەوەی بەدرێژی لەبارەی ئەوە بدوێم کە لێی دەکۆڵینەوە، پێویستە بڵێم وشەی (بەرایی) کە لە نووسینە ئەنترۆپۆلۆژییەکان بەکاردێت هەرگیز بەمانای ئەوە نایەت کە وا وەسفکرابن بەو سیفەتەی لە زەمەندا کۆنن، یان پێگەیەکی کەمتریان هەیە لەچاو کۆمەڵگاکانی تردا. شتێکی زانراوە ئەو کۆمەڵگایانە مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە کە مەودا زەمەنییەکەی هاوشێوەی مێژووی کۆمەڵگا ئەوروپییەکانە، ئەگەر ئەو کۆمەڵگایانە لە هەندێك لایەن پێشنەکەوتوونە بەهەمان ئەو ڕێژەیەی کەوا کۆمەڵگا ئەوروپییەکان پێشکەوتوونە، ئەوا لە واقیعدا لەلایەنی دیکەوە پێشکەوتوون. بەمەش لەوانەیە وشەی (بەرایی) هەڵبژاردنێکی دروست نەبێت، بەلاّم ئێستا بووەتە زاراوەیەکی بلاّو تا ئەو ڕادەیەی

ناکرێ بەلاوەبنرێت.

لەم قۆناغەدا بەوە وازدێنین کە دەڵێین کاتێك ئەنترۆپۆلۆژستان ئەو وشەیە بەکاردێنن، ئەوە مەبەستیان ئاماژەدانە بەکۆمەڵگا بچووکەکان لەلایەنی ژمارەی دانیشتووان، یان ڕووبەر، یان زۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کەوا بەسادەیی هونەری دەستی و ئابووری و کەمی پسپۆڕێتی لە ئەرکی کۆمەڵایەتی جیادەکرێنەوە، ئەگەر بەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بەراوردیان بکەین. هەندێك لە ئەنترۆپۆلۆژستان حەزدەکەن بۆ ئەو بەراوردکارییە پێوانەو پێوەری تر زیاد بکەن، گرنگترینیان نەبوونی کولتووری نووسینە، دواتریش نەبوونی هەر هونەر، یان زانست، یان لاهوتێکی میتۆدییانەی ڕێکخراوە.

زۆرجار گلەیی ئەوەمان لێدەکرێت کە ئێمە بەشێکی زۆری کاتی خۆمان بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان تەرخان کردووە، لەکاتێکدا ڕەنگە لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ نوێترو بەسوودتر بێت. لەوانەیە ئەمە ڕاست بێت، بەڵام لەبەر زۆر هۆکار کۆمەڵگا بەراییەکان لەمەدا توانیویانە سەرنجی توێژەرانی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. بۆ نموونە سەرنجی فەلەسەفەکارانی سەدەی هەژدەمیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا، بەو پێیەی کە ئەو کۆمەڵگایە نمایندەی دۆخێکی سروشتی دەکات کە گریمانی ئەوە دەکرێت پێش دروستبوونی سیستەمی حکومەتی مەدەنی، مرۆڤ تێیدا ژیابێت. هەروەها زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا لەسەدەی نۆزدەیەم بایەخیان پێدا، لەبەر باوەڕبوونیان بەوەی لەو کۆمەڵگایانەدا بەڵگەو شتی وا هەیە کە یارمەتیدەرێکن بۆ





لێکۆڵینەوەکانیان لەبارەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان. دواتر ئەنترۆپۆلۆژستەکانی دوای ئەوانیش بایەخیان بەکۆمەڵگا بەراییەکان دا بەهۆی ئەوەی کە سیستەمێکن لە سادەترین وێنەدا خۆیان دەخەنەڕوو، هەروەها میتۆدی تەندروست پێویستی بەپێشکەوتن و گواستنەوەیە لە توێژینەوە لە سیستەمە زۆر سادەکانەوە بۆ سیستەمە زۆر ئاڵۆزەکان تا لێکۆڵەر لە توێژینەوەکەیدا بتوانێ هانا بباتە بەر ئەو شتانەی کە لە توێژینەوەکەی پێشوودا فێری بووە.

بەهای هۆیەکەی دواتر لە هۆیەکانی بایەخدان بەکۆمەڵگا بەراییەکان زۆرتر بوو، دوای دەرکەوتنی ئەوەی بەئەنترۆپۆلۆژیای فرمانگەرایی دەناسرێت. باوەڕبوون بەوەی کاری ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی توێژینەوەیە لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان وەك بەشگەلێکی هاریکاریی هاوپشت لە سەمتی کۆمەڵایەتی، بەرەو ئەو باوەڕەمان دەبات کە وا باشە توێژینەوەی ئەو کۆمەڵگایانە بکەین کە بەپلەیەکی بەرز لە سادەیی بونیادو هاوگونجاوی کولتوور جیادەکرێنەوە، بەو مانایەی دەکرێ ڕاستەوخۆ وەك گشتێکی جیاواز تێبینی بکرێت. بەمەش بەر لەوەی لێکۆڵەر دەست بکات بەتوێژینەوە لە کۆمەڵگا هاوچەرخە ئاڵۆزەکان کەوا توێژینەوەیان بەو ڕێگایە قورسە، هەروەها ئەزموون ئەو بەڵگەیەی پێداوین کە زۆر ئاسانە هەڵسان بە کردەی تێبینیکردن لەبارەی گەلانێك کەوا ئینتیمایان بۆ کولتورەکانی تری گۆڕاو هەیە، لەبەرئەوەی جیاوازی لە شێوازی ژیان سەرنجت بۆ ئەو حاڵەتە کێش دەکات، هەروەها یارمەتیت دەدات بۆ گەیشتن بەتەئویلاتی بابەتییانە.

هۆیەکی دیکەی گرینگدان بەتوێژینەوە لە کۆمەڵگا بەراییەکان

لەکاتی ئێستادا، ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگایانە بەخێراییەکی وا دەگۆڕێن کە پێویستی بەدەستپێشخەری هەیە بۆ توێژینەوە لێیان، پێش ئەوەی کات لەدەست بچێت. ئەو سەمتە کۆمەڵایەتییانە کە لە ڕێگای ئاوابووندان، بەنموونەگەلێکی بونیادیانەی دەگمەن دادەنرێن کە توێژینەوە لێیان بەشدارییەکی ئەکتیڤ دەکات لە تێگەیشتنی سروشتی کۆمەڵگای مرۆیی. ئەوەی لە توێژینەوەی بەراوردکاری بۆ سیستەمەکان گرنگە، ژمارەی کۆمەڵگا دیراسەکراوەکان نییە، بەڵکو مەودای هەمەجۆری و گۆڕانکاری ئەو کۆمەڵگایانەیە، چونکە ئەوانە لەخودی خۆیاندا لایەنی سەیروسەمەرەیان تێدایە کە لە ئاشنابوونی شێوازی ژیانیان بەدی دەکرێن، هەروەها جۆری بەهاو بیروباوەڕە باوەکان لای ئەو گەلانە کە دەژین و بەڕێوەدەچن، بەبێ ئەوەی کەمترین پێدراوی ژیانی هاوچەرخیان لەبەردەستدا بێت.

کەواتە ئێمە هەست بەوە دەکەین کە دەبێ توێژینەوەی میتۆدیی ڕێکخراو بۆ ئەو کۆمەڵگا بەرایییانە ئەنجامبدەین، مادامەکی لەوێدا دەرفەتێك بۆ ئەمە لەئارادایە. لە ڕاستیدا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵگا بەراییەکان هەن کە توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی پوختیان لەبارەیەوە نەکراوە، تەنیا ژمارەیەکی کەمی سنووردار نەبێت، لەبەرئەوەی نموونەی ئەو توێژینەوانە کاتێکی زۆری دەوێت، تائێستاش ژمارەی ئەنترۆپۆلۆژستان بۆ ئەم مەبەستە سنووردارە، بەڵام سەرباری ئەوەی ئێمە کۆی بایەخەکانمان ئاراستەی کۆمەڵگا بەراییەکان کردووە، ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم هەوڵەمان بەتەنیا لە سنووری ئەو کۆمەڵگایانەدا دەوەستێت. لە ئەمریکا- کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر لەنێو





زانکۆکاندا دەخوێندرێت لەچاو ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا- بەکردار ژمارەیەك توێژینەوەی بەهادار لەبارەی کۆمەڵگا زۆر پێشکەوتووەکان ئەنجامدراوە، لە ئایرلەنداو ژاپۆن و چین و هیندو مەکسیك و کەنەدا، تەنانەت لە خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانیشدا، ئەنترۆپۆلۆژستە ئەمریکییەکان بەو توێژینەوانە هەڵساون، یان ئەوانەی لە ئەمریکادا پێگەیشتوون. لەوانەبێژی دواتردا یەك لەو توێژینەوانە پێشکەش دەکەم کەوا ئارنسبێرگ و کیمبۆل لە ئایرلەندای باشوور ئەنجامیان داوە.

دواکەوتنی ئەنترۆپۆلۆژستە بەریتانییەکان لەو بارەیەوە بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە کەمی ژمارەی پسپۆڕان و زۆری گەلانی سەرەتایی لە کۆلۆنییە بەریتانییەکان. لەم ساڵانەی دواییدا خوێندکارانی پەیمانگای ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ئۆکسفۆرد، هەڵسان بەئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگا لادێنشینەکان لە هیندو دوورگەی هیندی خۆرئاواو تورکیاو ئیسپانیا، توێژینەوەی ڕەوەندی عەرەب لە باکووری ئەفریقیا، هەروەها توێژینەوەی ژیانی گوندو شار لە ئینگلتەرا.

لێرە بزاوتێکی بەهێز هەبوو بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵگا مێژووییەکان لە گۆشەنیگای ئەنترۆپۆلۆژییەوە، سەرچاوە نووسراوەکانیش شوێنی تێبینی ڕاستەوخۆیان گرتبووەوە، هەندێك لە زانا ئەنترۆپۆلۆژییەکان خودی خۆیان هەڵسان بەئەنجامدانی ئەو توێژینەوانە، بەڵام ئەو بزاوتە لەو ساڵانەی دواییدا ڕووی لە سستی کرد. لەو توێژینەوانە، نووسینەکانی جێمس فریزەر لەبارەی عیبرانییە کۆنەکان و لەبارەی هەندێك سیمای کولتووری ڕۆمانی،

نووسینەکانی ویلیام ریدچوای و جان هاریسون لەبارەی بابەتە هیلینییەکان و نووسینەکانی ڕۆبێرتسون سمیس لەبارەی کۆمەڵگای عەرەبی کۆن، نووسینەکانی هیوبێرت لەبارەی مێژووی کلتییەکان.

دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی- بەهەرحاڵ لەلایەنی تیۆرییەوە- توێژینەوە لە هەموو کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان دەکات، نەك تەنیا کۆمەڵگا سەرەتاییەکان. تەنانەت لەلایەنی پراکتیکیش کۆی کۆششەکانی لەئێستادا- لەبەر ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێدا- بەرەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو گەلانەی زۆر سادەو ساکارن دەچێت، پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ناکرێ زانستێکی سەربەخۆی جیاواز هەڵسێت بەکورتکردنەوەی کۆششەکانی بەتەواوی لەسەر ئەو کۆمەڵگا سادانە. لەگەڵ ئەوەی ئەنترۆپۆلۆژست هەڵدەستێت لێکۆڵینەوە لە یەکێك لە گەلانی سەرەتایی، بۆیە ئەوەی لێی دەتوێژینەوە زمان و یاساو ئایین و سیستەمی سیاسی و ئابووری و شتی لەو جۆرانەیە، واتە بایەخ دەدات بەهەمان ئەو کێشەو مەسەلە گشتیانەی کە پسپۆڕان بایەخی پێدەدەن. دواجار پێویستە ئاماژە بەوە بکەین زانای ئەنترۆپۆلۆژی کاتێك هەوڵدەدات تێبینییەکانی لەبارەی کۆمەڵگا بەرایییەکان تەئویل بکات، ئەوا هەمیشە بەراوردی دەکات — ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەییش بێت- بەو شتانەی کە لە کۆمەڵگاکەی خۆیدا هەیە.

بەمەش دەکرێ ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەلقێکی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان دابنێین کە کۆی بایەخەکانی لە بارەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانە. کاتێك کەسانێك لە بارەی سۆسیۆلۆژیا دەدوێن، ئەوا بەگشتی مەبەستیان توێژینەوەی کێشەکان، یان مەسەلە





دیاریکراوەکانە لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا، ئەگەر ئەو وشەیەمان بەو مانایە وەرگرت، ئەوا جیاوازییەك لە نێوان ئەنترۆپۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیا بەدی دەکرێت، جیاوازییەك لە بواری توێژینەوەدا، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا جیاوازی مەزن لە خودی میتۆدیش هەیە، ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی کۆمەڵگا بەرایییەکان دەکات، توێژینەوەیەکی ڕاستەوخۆ بەوەی کە بۆ ماوەی چەند مانگێك، یان ساڵێك لە نێویاندا دەژیت، هەرچی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژییە لە زۆربەی کاتدا پشت بە بەڵگەنامەو سەرژمێری دەبەستێت، هەروەها ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی وەك گشتێك لەکۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە، واتە لە نێویدا توێژینەوەی ژینگەی گشتی (ئیکۆلۆژیا) و سیستەمی ئابووری و یاسایی و سیاسی دەکات،

هەروەکو توێژینەوەی خێزان و سیستەمی خزمایەتی و ئایین و تەکنۆلۆژیاو هونەرو شتی تر دەکات، بەوەی کە هەریەك لەوانە بەشێکن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی گشتی. هەرچی سۆسیۆلۆژیستە توێژینەوەکەی تاڕادەیەکی زۆر تایبەتمەندییە، بەو مانایەی کە ئەو توێژینەوەی هەندێك پرس، یان کێشەی دابڕکراو بەتەنیا دەکات وەکو تەلاق و تاوان و شێتی و مانگرتنی کرێکاران و ژیانی نێو کارگەکان. هەروەها سۆسیۆلۆژیا تێکەڵاوییەکی مەزن بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لەلایەك و بەپلاندانانی کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە تێکەڵ دەبێت. سۆسیۆلۆژیست ئەو ڕێگایە نادۆزێتەوە کە هەر سیستەمێك کاری پێدەکات، بەڵکو هەوڵدەدات ڕێگایەك بۆ ئەو سیستەمە دەستنیشان بکات کە دەبێ کاری پێبکات، هەروەکو ئیش لەسەر گۆڕانی خودی سیستەمەکە دەکات، هەرچی ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتییە زۆربەی

جار لەو ئیعتیباراتانە دووردەکەوێتەوە.

بەڵام کاتێك من لێرەدا قسە لەبارەی سۆسیۆلۆژیاوە دەکەم مەبەستم ئەو مانایە نییە، بەڵکو مەبەستم مانایەکی زۆر فراوانە کە ئەو زانستە بەکۆمەڵێك مەعریفەی تیۆریی گشتی لەبارەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دادەنێت. لە واقیعدا پێوەندی ئەو مەعریفە تیۆرییە بەژیانی کۆمەڵایەتی سەرەتایی بابەتی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پێکدێنێت، ئەو کاتەی لەبارەی مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیاوە دەدوێم ئەوە ڕووندەکەمەوە، لەبەرئەوەی بەشێکی مەزن لە مەعریفەی تیۆری، یان زیهنی کەوا ئەنترۆپۆلۆژستان شانازی پێوەدەکەن، لەڕاستیدا لەو نووسینانە وەرگیراون کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەکۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە نییە، بۆیە تکادەکەم هەمیشە لەسایەی ئەو وانەبێژییانەوە دوو جۆر لە پێشڤەچوون یان گەشەسەندنتان لەیاد بێت کە هەریەکە پەیوەستە بەوی دیکەوە. یەکەم پێشڤەچوون و گەشەسەندنی تیۆری کۆمەڵایەتییە کە تیۆری ئەنترۆپۆلۆژی تەنیا بەبەشێك لێی دادەنرێت. دووەم گەشەسەندن و کەڵەکەبوونی مەعریفە و زانیاریمانە لەبارەی خودی کۆمەڵگا بەراییەکان، هەروەها ملکەچبوونی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ ئەو زانیارییانە، پاشان دووبارەکردنەوەی لە فۆرمێکی نوێدا کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا بگونجێت.

لەژێر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیەدا لەبارەی شوێنگەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی وەکو لقی یەکێك لە زانستە مەزنە فراوانەکان، دەمەوێ بیرۆکەیەکی ڕوونتان لەبارەی جۆری مەسەلەکان کەوا ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان لێی دەکۆڵنەوە پێبدەم، ڕەنگە





باشترین ڕێگا بۆ ئەمە بەیادهێنانەوەی هەندێك بابەت بێت کە خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە ئۆکسفۆرد نامەی زانکۆییان لە ئەنترۆپۆلۆژیا لەو ساڵانەی دواییدا لەسەر نووسیوە. لێرەدا ئاماژە بەناونیشانی هەندێك نامە دەکەم کە بەم دواییە نووسراون: ((شوێنگەی سەرۆکەکان لەنێو سیستەمی سیاسی نوێدا لای ئەشانتی)) (خۆرئاوای ئەفریقیا)، ((توێژینەوەی کاریگەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ بەسەر سیستەمە تەقلیدییەکان لەنێو کۆمەڵگای ئەشانتیدا))، (( فرمانی کۆمەڵایەتی ئایین لەنێو یەکێك لە کۆمەڵگاکانی باشووری هیند)) ( کۆمەڵگای کوورگس)، (( ڕێکخستنی سیاسی لای ناندی)) ( رۆژهەڵاتی ئەفریقیا). (( بونیادی کۆمەڵایەتی لە جامایکا، لەگەڵ ئاماژەدانی تایبەت بە کێشەی جیاوازی ڕەگەزی))، (( فرمانی مارەیی لای هەندێك کۆمەڵگای ئەفریقی))، (( توێژینەوەی لایەنە ڕەمزییەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئەفریقیا))، ((توێژینەوەی بەراوردکاری بۆ شێوەکانی کۆیلە))، (( ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لای هۆزەکانی یاو لە نیاسالاندی باشوور)) (ئەفریقیای ناوەڕاست)، (( سیستەمی موڵکداریێتی زەوی لای گەلانی بانتو لە ئەفریقیادا))، (( پێگەی ئافرەت لای بانتوکانی باشوور)) (باشووری ئەفریقیا)، ((توێژینەوەی ڕەخنەیی بۆ پاداشتە کۆمەڵایەتییەکان لای هۆزەکانی ناگاس کە دەکەوێتە سنووری نێوان هیند و بورما))، ((سیستەمی سیاسی لای مورلا) (رۆژهەڵاتی ئەفریقیا)، (( ڕێکخستنی سیاسی لای هیندییە دەشتەکییەکان) (ئەمریکای باکوور)، (( توێژینەوەی حاڵەتەکانی ململانی و کێشەی جیاکردنەوەی سنوور کە لەنێوان پاشاکانی ئەشانتیدا سەرهەڵدەدات) (خۆرئاوای ئەفریقیا)،

(( سیماکانی شوێنگەی کۆمەڵایەتی لە میلانیزیا))، (( ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە ناوەندو ڕۆژهەڵاتی ئەسکیمۆ))، (( گوناهو خەتاکان لەنێو یاسای سەرەتاییدا)) (ئەندەنووسیاو ئەفریقیا).

ڕەنگە ئەو نموونانە بیرۆکەیەکی گشتیتان لەبارەی جۆری ئەو کارانە بداتێ کە ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان پێی هەڵدەستن. یەکەمجار تێبینی ئەوە دەکەن کە ئەو نامانە بابەتگەلێکی وروورژێنەریان لە خۆیان نەگرتووە، لە سەیروسەمەرەکان، یان لە شتگەلێکی سەرنجڕاکێشیان توندیان نەکۆڵیوەتەوە، هەروەکو بەلای بابەتگەلێکی شوێنەوار یان خەیاڵیدا نەچووینە، بەڵکو توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی ئاساییینە لەبارەی هەندێك سیستەمی کۆمەڵایەتی. دواتر تێبینی ئەوە دەکەن زۆربەی ئەو نامانە، یان توێژینەوەی گەلێکیان کردووە، یانیش کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لە گەلان، ئەو گەلانە بلاوبوونەتەوەو دابەشبوونە لەنێوان سەرتاپای ئەفریقیاو باشووری هیندو جامایکاو سنووری هیندی بورمیو ئەمریکای باکوورو ناوچە جەمسەرییەکانو دوورگەی زەریای هێمنو ئەندەنووسیا، ئەو دابەشبوونە جوگرافییەش شیاوی لێوردبوونەوەیە چونکە فراوانبوونی بواری ئەنترۆپۆلۆژی دەرفەتێکی مەزنی لەبەردەم لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بەرامبەر جۆرەها مەیلو ڕووگە ئاولاکردووەو ئاستەنگە دیاریکراوەکانی لە مەیدانی خوێندن دەورووژێنێت، هەروەکو دەبێتە هۆی زۆربوونی پسپۆڕێتی هەرێمایەتی. ئەو بوارەش لە تەسکترین سنووری خۆیدا گەلانی پۆلینیزیاو میلانیزیا لە زەریای هێمن دەگرێتەوە، دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ئوستralیا، گەلانی ئلاپو ئەسکیمو لەناوچە جەمسەرییەکان، گەلانی مەنگۆلی لە سیبیریا،





گەلانی زنجی لە ئەفریقیا، هۆزەکانی هیندییە سوورەکان لە ئەمریکا، هۆزە زۆر دواکەوتووەکانی هیندو بورماو مەلایۆو ئەندەنووسیا، بەو مانایەی ئەو بوارە هەزاران کولتوورو کۆمەڵگای جیاواز لەخۆدەگرێت. ئەگەر بێتو لێکدانەوەیەکی فراوان بۆ بواری ئەنترۆپۆلۆژیا بکەین، ئەوا گەلانی زۆر پێشکەوتووش دەچنە نێوییەوە کەوا لە ئاسیاو باکووری ئەفریقیاو هەندێك شوێنی ئەوروپا دەژینو تا ئێستاش وێڕای پێشکەوتنیان، پارێزگاری لە زۆر شێوەی ڕەچەڵەکگەری سادەی خۆیان دەکەن. بەمانایەکی تر ژمارەیەکی بێ شومار کە ناکرێ سەرژمێری بکەین لە کولتوورە ڕەسەنو لاوەکییەکانو کۆمەڵگا مەزنو بچووکەکان چوونەتە ناو ئەم بوارەوە.

سێیەمین شت کە تێبینی دەکەن ئەوەیە ئەو نموونانە توێژینەوەکانی تایبەت بەسیستەمە سیاسیو ئایینییەکان دەگرێتەوە، هەروەها ئەو توێژینەوانەی لەبارەی جیاوازی چینایەتییە کەوا لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەنگ، یان ڕەگەز، یان پلەو پایە دروست بووە، دەگرێتەوە. هەروەها لەبارەی سیستەمی ئابووریو یاساییو نیمچە یاساییو هاوسەرگیری، لەبارەی گونجانی کۆمەڵایەتیو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، یان بونیادی کۆمەڵایەتی گشتی گەلێك لە گەلان. بۆیە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەتەنیا کۆمەڵگا جیاوازەکان لە سەرتاپای جیهان لەخۆناگرێت، بەڵکو لەپاڵ ئەمەشدا ژمارەیەك توێژینەوەو بابەتگەلێکی جیاوازیش لەخۆدەگرێت.

لە ڕاستیدا پەیمانگای ئەنترۆپۆلۆژی هەوڵدەدات- کاتێك دەستەیەك مامۆستای بۆ دابین کرا- وانەبێژیو لێکچەرەکانی لەبارەی

کۆمڵگا بەراییەکان، بابەتی خزمایەتیو خێزانو سیستەمی سیاسی بەراوردکاریو ئابووری بەراوردکاریو ئایینی بەراوردکاریو یاسای بەراوردکاری بگرێتەوە، ئەوانەش هەموویان بابەتی سەرەکینو ناکرێت دەسبەرداریان بین، هەروەها کۆمەڵێك وانەبێژی گشتی پێشکەش بکەن لەبارەی سیستەمو سیستەمی کۆمەڵایەتیو مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیو هەندێك وانەی تری تایبەت لەبارەی ئەو کۆمەڵگایانەی دەکەونە هەندێك ناوچەی ڕەگەزیو جوگرافی دیاریکراو. لەپاڵ هەموو ئەوانەشدا، کۆمەڵێك وانەی تر پێشکەش دەکەن لەبارەی هەندێك بابەتی دەستنیشانکراوی وەکو ئەخلاقو سیحرو ئەفسانەو زانستی سەرەتاییو هونەری بەراییو تەکنۆلۆژیای سەرەتاییو زمان، جگە لەوەش هەندێك بابەتیش لەبارەی نووسینەکانی هەندێك ئەنترۆپۆلۆژستو سۆسیۆلۆژستی ناودار پێشکەش دەکەن.

ئاشکرایە ئەنترۆپۆلۆژست وێڕای شارەزایی گشتی سەرتاپای ئەو ناوچە ئەتنۆگرافیو بابەتە کۆمەڵایەتییانە، بەڵام ناتوانێت لە زیاتر لەیەکێك یان دووان دڵنیابێت. لێرەدا کەڵەکەبوونی مەعریفە دەبێتە هۆی -هەروەکو لە هەموو زانستەکانی تریش وایە- زۆربوونی پسپۆڕێتی، بەشێوەیەك کە لە دواجاردا ئەنترۆپۆلۆژست دەبێتە پسپۆڕ لە توێژینەوە ئەفریقییەکان، یان میلانیزییەکان، یان توێژینەوەکانی پەیوەست بەهیندییەکانی ئەمریکا، یان ئەوانی دیکە، بەمەش هەوڵی ئەوە نادات هەموو تەفاسیلو وردەکاری ناوچەکانی تر بزانێت، تەنیا ئەو بابەتە نەبێت کە لە پێشدا هەڵیبژاردووە. تەنیا ئەگەر ئەو زانیارییە وردانەی نێو کتێبو توێژینەوەکان کەوا





بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چارەسەری کێشە گشتییەکانی- وەکو سیستەمە ئایینی، یان یاساییەکان دەکەن- دەکات لە ئاردابوو، کە ئەویش بەهەمان شێوە پێیانەوە بایەخدارە. لە ڕاستیدا ئەو توێژینەوەو کتێبانەی ئێستا لە بەردەستدان، بۆ نموونە لەبارەی هیندییە سوورەکان لە ئەمریکا، یان لەبارەی هۆزەکانی بانتو لە ئەفریقیا لە زۆریدا دەگاتە ئاستێك کە لەگەڵیدا زانا بتوانێت بەتەواوی خۆی بۆ یەکێکیان تەرخان بکات.

مەیلی پسپۆڕێتی ئەو کاتە بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا دەردەکەوێت کە ئەو گەلەی لێکۆڵەر پێیەوە بایەخدارە، کولتوورێکی نووسراویان هەبێت، یان لەو کاتەی ئینتیمای بۆ کولتوورێکی فراوان هەبێت کە نەریتێکی ئەدەبی بۆماوەی هەبێت. بۆ نموونە هەر کەسێك ڕێزی زاست بگرێت، بانگەشەی ئەوە ناکات کە پسپۆڕە لە توێژینەوە لە عەرەبە بەدوەکان، یان جوتیارەکان، تەنیا مەگەر شارەزایی نەوەکو هەر لە زمانی قسەکردنیان هەبێت، بەڵکو دەبێت شارەزایی لە زمانی پەتیشیان هەبێت کە زمانی کلاسیکی ئەو ناوچەیەیە کە تێیدا دەژین. هەروەها مرۆڤ ناتوانێ خۆی بەپسپۆڕ لەبارەی کۆمەڵگا لادێنشینەکانی هیند پیشان بدات، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە هەندێك شارەزایی لەسەر شێوازی زمانەکەیان لەلایەكو زمانی سانسکریتی لەلایەکی ترەوە هەبێت. ئەگەر ئەنترۆپۆلۆژست لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ناوچەیەکی دیاریکراو کورت کردەوە، ئەوا لەهەمان کاتدا مافی خۆیەتی کۆششەکانی خۆی لەسەر بابەتێك یان دوو بابەت کورت بکاتەوە، کە ئەو دەیەوێت ببێتە جێی متمانە لە لقێکی دیاریکراو لە لقەکانی زانست، بەمەش نایەوێت کۆششەکانی بەفیڕۆ بڕوات.

ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری تۆکمە بۆ سیستەمی یاسایی کارێکی ئەستەمە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە توێژەر مەعریفەیەکی تەواوی لەسەر یاسای گشتی وزانستی فیقهی هەبێت، هەروەکو توێژەر ناتوانێت توێژینەوەی بەراوردکاری لەبارەی هونەری بەرایی ئەنجام بدات ئەگەرهاتوو شارەزاییەکی تەواوی لەبارەی هەموو ئەو شتانە نەبێت کە لەسەر هونەر بەگشتی نووسراون.

هەموو ئەو بارودۆخ و ئاڵۆزییانە وادەکەن گوتنەوەی وانەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی مەسەلەیەکی قورس بێت، بەتایبەتی ئەو کاتەی لە بەشەکانی خوێندنی بالاّ دەخوێندرێت، وەکو ئەوەی لە ئۆکسفۆرددا هەیە کە لەوێدا ژمارەیەکی زۆری خوێندکار، کۆمەڵگا دابەشبووەکانی نێو ناوچە جیاجیاکانی دنیا دەخوێنن و لە مەسەلەو بابەتی هەمەجۆر تا دوورترین سنوور دەکۆڵنەوە، زۆربەی جاریش ئەستەمە جگە لە سەرپەرشتیکردن شتێکی تریان پێ ببەخشرێتز هەمان هەڵوێست تشارلس ئۆمانی مامۆستا ئاماژەی پێدەدا کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی مێژوو بووەتەوە، ئەوانەی بەبڕیاری پادشایی لە ئۆکسفۆرد دانراون، ئەو کاتەی هەوڵی ڕێکخستنی خوێندنی ڕێکوپێکیان داوە بۆ خوێندنی بالاّ ئەوا سەرنەکەوتن، لەبەرئەوەی خوێندکارانی خوێندنی بالاّ – هەروەکو چارلس ئاماژەی پێدەدات– (بەگوێرەی ئارەزووەکانیان دەجوڵێنەوە)، بەلاّم هەڵوێستەکە سەبارەت بەئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تەواو خراپ نییە، وەکو ئەو حاڵەتەی لە مێژوودا هەیە. ئەنترۆپۆلۆژیا زیاتر لە مێژوو توانای گشتاندنی هەیە، هەروەها پشت بە کۆمەڵێك تیۆری گشتی دەبەستێت کە دەستەبەرنەکراون. لەگەڵ بوونی لێکچوونێکی





زۆر لەنێوان کۆمەڵگا بەراییەکان لە هەموو شوێنەکانی جیهاندا. ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا بەراییەکان بەدوای یەك ڕێگە دەکەون، ئینجا ئەو کۆمەڵگایانە لە پۆلینیزیا، یان ئەفریقیا، یان لاپلاند بێت. ئینجا ئەو بابەتەی لەسەری دەنووسن هەر شتێك بێت – نموونە سیستەمی خزمایەتی، یان پەرستنە ئایینییەکان، یان سیستەمی سیاسی– ئەوا ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتی هەمەکی لێی دەکۆڵنەوە.

پێش ئەوەی ئەگەر بەشێوەیەکی سادەش بێت ئەو جۆرە تێگەیشتنەی خۆمان بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی ڕوون بکەینەوە، حەزدەکەم ئاماژە بەتایبەتمەندییەکانی ئەو نامانە بدەم، ئەمەش تایبەتمەندییەکە لە ئێستادا کێشەیەکی گرنگ لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیا دەورووژێنێت، کە لە وانەبێژییەکانی دیکەدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین. ئەو تایبەتمەندییەش لەوە بەرجەستە دەبێت کە ئەو نامانە لەسەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی ڕووت دەنووسرێن، بەو مانایەی کە لە بنەڕەتدا کۆمەڵێکی دیاریکراو لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە کەوا لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا هەیە، یان لەنێوان گرووهێکی کۆمەڵایەتی کەوا دەچنە ناو پێکهاتنی ئەم کۆمەڵگایە. ئەو خاڵەی دەمەوێ لێرەدا زەقی بکەمەوە ئەوەیە کە ئەو نامانە توێژینەوەی کۆمەڵگاکان دەکەن نەوەکو کولتوورەکان. جیاوازی نێوان ئەم وێناندنەش زۆر گرنگەو ئەنجامی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی و تیۆری ئەنترۆپۆلۆژی دوو ڕووی تەواو لە یەکتری جیاواز بگرنەبەر.

باهەندێك نموونەی سادە بێنینەوە..ئەگەر یەکێك لە ئێوە بچێتە

ناو کەنیسەیەکی ئینگلیزی دەبینی خەڵك کڵاوەکانیان دادەکەنن، بەڵام بەپێڵاوەوە دەچنە ژوورەوە، بەڵام ئەگەر بچیتە ناو مزگەوتێك لە یەکێك لە وڵاتە ئیسلامییەکان، دەبینن ئەو پیاوەی دەیەوێت نوێژ بکات، پێڵاوەکەی لە پێ دەکاتەوەو کڵاوەکەی سەری دەهێڵێتەوە. هەمان ڕەفتار بەدی دەکرێت ئەو کاتەی کەسێك دەچێتەماڵێکی ئینگلیزی، یان خێوەتی ڕەوەندێك. ئەو جیاوازییانە جیاوازی کولتوور، یان عورفن، پیشاندانی ئەو ڕەفتارە، یان بنەماکەی لە هەردوو حاڵەتدا پیشاندانی ڕێزە، بەڵام دەربڕینی ئەو ڕێزە لە هەردوو کولتووردا شێوەی جیاواز وەردەگرێت. با نموونەیەکی تری زۆر ئاڵۆزتر لەوەی ڕابردوو بخەینەڕوو... شتێکی زانراوە کە هەندێك ڕووی نیمچە بنەڕەتی لە بونیادی کۆمەڵایەتی عەرەبە ڕەوەندەکان ئەوانەی لەسەر شوانکارەیی دەژین و هۆزە نیلییە نیمچە گەڕۆکەکاندا کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیادا دەژین، بەدی دەکرێت، بەڵام ڕەوەندەکان لەلایەنی کولتوورییەوە لە نیلییەکان جیاوازن، ڕەوەندەکان لە خێوەتدا دەژین، لە کاتێکدا نیلییەکان لە کوخدا دەژین. ڕەوەندەکان حوشتر ڕادەگرن، کەچی نیلییەکان مەڕومالآت ڕادەگرن، ڕەوەندەکان لەسەر ئایینی ئیسلامن، هەرچی نیلییەکانە لەسەر ئایینی ترن. نموونەکەی دوایی لە هەردوو نموونەکەی پێشووتر جیاوازەو زۆر ئاڵۆزیشە، ئەویش ئەو جیاوازییەیە کە ئێمە دەیکەین کاتێك باسی شارستانییەتی هیلینی، یان شارستانییەتی هیندۆکیدا لەلایەك و لەنێوان کۆمەڵگای هیلینی، یان کۆمەڵگای هیندۆسی لەلایەکی ترەوە.

ئێمە لێرەدا دوو چەمکی جیاواز شیدەکەینەوە، یان بەمانایەکی تر دوو چەمکی ئەبستراکتکراوی جیاواز لە هەمان بوونی واقیعیدا.





لەگەڵ ئەوەی ئەرگومێنتی زۆر بەمەبەستی پێناسەکردنی ئەو دوو چەمکەو دەستنیشانکردنی پێوەندی نێوانیان کراوە، بەڵام هیچ هەوڵێکی جددی بۆ پشکنین و توێژینەوەیان بەشێوەیەکی میتۆدییانە نەدراوە. بۆیە ئێستاشی لەگەڵدا بێت تێکەڵاوییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، لەگەڵ ناکۆکبوون لەبارەیانەوە. لەنێو ئەنترۆپۆلۆژستە یەکەمینەکان مۆرگان و سپنسەرو دورکهایم پێیانوابوو ئامانجی ئەوەی کە بەئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ناودەبرێت بریتییە لە پۆلینکردنی بونیادە کۆمەڵاتییەکان و ڕاڤەکردنیان، بەشێوەیەکی فرمانگەراییانە. ئەو تێڕوانینە باوە لەنێو شوێنکەتووانی دورکهایم لە فەرەنسادا مایەوە، هەروەکو بەڕوونی لە ئەنترۆپۆلۆژیای نوێی بەریتانی و لە نووسینەکانی قوتابخانەی سۆسیۆلۆژیای فۆرمالیستی ئەڵمانی خۆی دەنواند، بەڵام تایلورو هەندێك زانای دیکە کە بەرەو ئەتنۆلۆژیا دەچوون، پێیانوابوو ئامانجی ئەو زانستە پۆلینکردنی کولتوورەکان و ڕاڤەکردنیانە، بۆ ماوەیەکی زۆر تێڕوانینە خاڵی جیاکەرەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای ئەمریکی بوو، ئینجا لەبەرئەوە بوو کە کۆمەڵگای هیندییە سوورەکان کەوا لێکۆڵەرە ئەمریکییەکان لێکۆڵینەوەیان لەبارەیانەوە دەکرد، کۆمەڵگای دابەشبووی پەرتوبڵاو بوون، ئەمەش وادەکات توێژینەوەی کولتوورەکەیان ساناتر بێت لە توێژینەوەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکەیان، یان لەبەر نەبوونی نەریتی کۆن لەوێدا کە بکرێت ڕەچاوبکرێت لەنێو توێژینەوە بازنەییە پوختەکانیاندا کە تێیدا توێژەر زمانی خەڵك بەکاردێنێت و ماوەیەکی زەمەنی زۆر دەخایەنێت وەکو ئەوەی لە بەریتانیادا هەیە، ئەوەش وایان لێدەکات توێژینەوەی عورف و کولتوور بەسەر توێژینەوەی

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەسەندتر بکەن، یانیش لەبەر هۆکاری دیکەیە. کاتێک ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی وەسفی یەکێک لە کۆمەڵگا بەراییەکان دەکات، ئەوا جیاوازی نێوان کۆمەڵگاو کولتوورەکە ڕوونو ئاشکرا نابێت، چونکە لە وەسفەکەیدا واقیعێک، یان ڕەفتارێکی بەرچاوی دەستنیشانکراو دەخاتەڕوو کە لەیەک کاتدا هەردووکیان لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە وەکو ئەو حاڵەتەی کاتێک وەسفی دابێکی دروست دەکەین کە پیاو پەیڕەوی لێدەکات بۆ دەربڕینی ڕێزگرتن لە سەلەفەکانی. بەڵام ئەو کاتەی مەسەلەکە دەگوازرێتەوە بۆ تەئویلکردنی ئەو ڕەفتارە، ئەوا ئەنترۆپۆلۆژست ناچاردەبێت لەژێر ڕۆشنایی ئەو کێشانەی لێیان دەکۆڵێتەوە، بێت ئەبستراکتیان بکات. ئەگەرهاتوو ئەو کێشانە پەیوەستبوون بەبونیادی کۆمەڵایەتی، ئەوا بایەخ بەپێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەو تاکەکەسانە دەدات کە ئەو کارە پیادە دەکەن، بەبێ ئەوەی بایەخ بێ بەتەفاسیلی دەربڕینە کولتوورییەکان بدات کە لەناو ڕەفتارەکانیاندایە.

بۆیە یەکێک لە تەئویلکردنەکان بۆ پەرستنی سەلەفەکان– کە تەئویلێکی بەشەکییە–هەوڵی لێکچوونو ڕێکبوون دەدات لەگەڵ بونیادی خێزانو سیستەمی خزمایەتی. هەرچی کردەوە کولتوورییەکان، یان ئەو دابانەی کە مرۆڤ پیادەی دەکات وەک نیشانەیەک بۆ ڕێزگرتنی سەلەفەکانی، وەکو پێشکەشکردنی قوربانی لە شێوەی مانگا، ئەوا پێویستی بەجۆرێکی جیاواز لەم تەئویلەی پێشووتر هەیە، ڕەنگە تەئویلێکی مێژوویی، یان سایکۆلۆژی پێویست بێت. ئەو جیاوازییە میتۆدگەراییە لە ڕوونترین شێوەیدا





لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری دەردەکەوێت، چونکە بەکارهێنانی زیاتر لە تەئویلێک لەیەک کاتدا لە زۆربەی جاردا دەبێتە هۆی تێکەڵاوبوون. لە توێژینەوە بەراوردکارییەکاندا لێکۆڵەر خودی شتەکان بەراورد ناکات، بەڵکو هەندێک تایبەتمەندیو زۆر دیار بەراورد دەکات. کاتێک لێکۆڵەر دەیەوێت هەڵسێت بە بەراوردکردنێکی کۆمەڵایەتی بۆ سیستەمی پەرستنی سەلەفەکان لە ژمارەیەک کۆمەڵگای جیاوازدا، ئەوا لە واقیعدا بەراوردی کۆمەڵێک پێوەندی بنەمایی دەکات کەوا لەنێوان تاکەکەسەکاندا هەیە. لەبەرئەمە بێگومان دەبێت یەکەمجار هەڵسێت بە ئەبستراکتکردنی ئەو پێوەندییانە لە هەر کۆمەڵگایەک بەتەنیا بۆ ئەوەی لەو بارو سیمایانەی دەربڕینی کولتووری بەشەکی دەربچێت، بەبێ ئەوە نابێتە بەراوردکردن. لێرەدا ئەوەی لێکۆڵەر دەیکات هەڵبژاردنی مەسەلەکانە لە جۆرێکی دیاریکراو لەپێناو مەبەستگەلی لێکۆڵینەوەدا، بەم کارەشی جیاوازی نێوان شتەکان، یان مەوجوداتەکان لەیەکتری ناکات – لەبەرئەوەی کۆمەڵگاو کولتوور بوونگەلێکی جیاکراوە نین لە خودی خۆیاندا– بەڵکو جیاوازی لەنێوان کۆمەڵێک ئەبستراکتی جیاوازدا دەکات.

لەپێشدا وا قسەم لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی کرد کە توێژینەوە لە کولتوورو کۆمەڵگا بەراییەکان ئەنجامدەدات، لەبەرئەوە نەمدەویست لەم قۆناغە زووەدا ئەو ئاستەنگە بورووژێنم. ڕاستییەکەی پێم باشە لێرەدا واز لەم مەسەلەیە بێنم، بەمەش دوایی دێنم کە داواتان لێدەکەم ئەوەتان لە یاد بێت هەمیشە شتێک لە گومانو نادیاریو جیاوازی لە ڕاوبۆچوون لەمبارەیەوە لەئارادایە، گومانی تێدا نییە کە ئەمە یەکێکە لە کێشە هەرە قورسو ئاڵۆزەکان،

بەڵام دەمەوێ تەنیا ئەوە بڵێم کە توێژینەوەی کێشە کولتوورییەکان دەبێتە هۆی –وای بۆ دەچم کە ئەم مەسەلەیە چاری نییە– داڕشتنەوەی ئەو مەسەلانە لە سنووری مێژوو و سایکۆلۆژیادا، کەچی ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بەکۆمەڵگا لە سنوورو زاراوەکانی سۆسیۆلۆژیادا دادەڕێژرێنەوە، بەڵام وێڕای یەکسانی لە هەردوو جۆر لە مەسەلەکان لە ڕووی بایەخەوە، ئەوا توێژینەوە بونیادگەرییەکان پێویستە –بەڕای من– لە پێشتر بن.

ئەمەش دووبارە بەرەو ئەو نامانەی زانکۆ دەمباتەوە، ئەگەربێتوو ئێوە بیانخوێننەوە، تێبینی ئەوە دەکەن کە هەموویان لەیەك سیفەت کۆدەبنەوە، ئەویش توێژینەوەی مەسەلەکانە کە وەکو ئەوەی سیستەمی سەربەخۆو تایبەت نەبن، بەڵکو وا تەماشا دەکرێن کە بەشێکن لەنێو بونیادی کۆمەڵایەتی و لەمیانەی پێوەندیشیان بەو بونیادەوە لێیان دەکۆڵدرێتەوە. ئینجا ئەو مەسەلانە سیستەمی سەرۆکایەتی بێت، یان ئایین، یان جیاکارییە سولالییەکان، یان مارەیی، یان کۆیلەیی، یان موڵکداریێتی زەوی، یان پێگەی ئافرەت، یان پاداشتە کۆمەڵایەتییەکان، یان شوێنگەی کۆمەڵایەتی، یان ڕاگوزەری یاسایی بێت. کەواتە بونیادی کۆمەڵایەتی چییە؟ وەڵامەکەی من لەبارەی ئەو پرسیارە، لەنێو ئەو وانەبێژییە سەرەتاییەدا هەندێك ئاڵۆزو ناڕۆشنە، چونکە ناتوانرێ پێناسەیەکی ورد بۆ ئەو چەمکانە دابنرێت. لەوانەکانی داهاتوودا دەگەڕێمەوە سەریان. هەرچۆنێك بێت لەم لێکۆڵینەوەیە بیرۆکەیەکی سەرەتاییتان لەبارەی وشەی (( بونیاد)) پێ دەبەخشم.

ئاشکرایە پلەیەکی دیاریکراو لە باوبوون و هاوگونجاوی لە





ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیەو جۆرێك لە گونجان لەنێو کۆمەڵگادا هەیە، ئەگەرنا ئەستەم دەبوو ئەندامەکانی بیانتوانیبایە بەیەکەوە هەڵبکەن. لە واقیعدا خەڵك نەیاندەتوانی بەرەو کاروباری خۆیان بچن، ئەگەر ئەوان بەجۆرێك ئەو ڕەفتارە نەزانن کە ئەوانی تر لێیان چاوەڕێ دەکەن، هەروەها هەمان هەڵسوکەوت کە خۆیان لە ئەوانی دیکە چاوەڕێی دەکەن لە چەندین هەڵوێستی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی، هەروەها چالاکییەکانیان بەشوێنکەوتنی ڕێسا ڕەسمکراوەکان و بەگوێرەی ئەو بەها دیاریکراوەی کە دەیزانن ڕێکدەخەن. ئەوان دەتوانن پێشبینی ڕووداوەکان بکەن، بەمەش دەتوانن ژیانیان بەشێوەیەك ڕێکبخەن کە لەگەڵ ژیانی ئەوانی تر بگونجێت و بڕواتە ڕێوە. هەموو کۆمەڵگایەك وێنەیەك، یان شێوازێکی دیاریکراوی هەیە دەتوانین پێی بڵێین سیستەم، یان بونیادێکە تاکەکانی تێیدا دەژین و پێویستییەکانیان دابین دەکەن. بەرکاربردنی وشەی (بونیاد) بەو مانایەی جۆرێك لە یەکگرتوویی و هاوگونجاویی نێوان بەشەکانی دێت – بەهەرحاڵ تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ لەگەڵیدا دژکارییە بەهێزەکان، یان ململانێی ئاشکرا بەلاوەبنرێت، ئەو بونیادە زیاتر دەیمومەو مانەوەی هەیە لە شتە تێپەڕو خێراکانی نێو ژیانی مرۆڤایەتی.

ڕەنگە تاکەکانی کۆمەڵگاکە خۆیان لەوە تێنگەن یا نازانن کە کۆمەڵگاکەیان خاوەنی بونیادێکی تایبەت و جیاوازە، بەڵام ڕەنگە هەستێکی لاوازی نادیارییان بەم بونیادە هەبێت. هەرچی ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتییە، کارەکەی بریتییە لە ئاشکراکردن و پشکنینی ئەو بونیادە.

بونیادی کۆمەڵایەتی هەمەکی لەهەر کۆمەڵگایەك لەسەر

**ژمارەیەك لە بونیاد، یان سیستەمی لاوەکی نێو پێکهاتەکەی دەوەستێت، بەمەش دەکرێ لەبارەی سیستەمی خزمایەتی، یان سیستەمی ئابووری، یان سیستەمی ئایینی، یان سیستەمی سیاسی ئەو بونیادە هەمەکییە بدوێین.**

**چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەو سیستەم یان بونیادە لەدەوری چەند سیستەمێکی وەکو هاوسەرگیریو خێزانو بازاڕو سەرۆکایەتیو تاد ڕێکدەخرێن. کاتێکیش لەبارەی ئەرکەکانی ئەو سیستەمانە قسەدەکەین، ئەوا مەبەستمان ئەو ڕۆڵەیە کە دەبێتە ڕێکخستنەوەی بونیادو پارێزگاریکردنی لێی.**

**لەو باوەڕەدام سەرجەمی ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان بەو پێناسانە قایلن، ئاستەنگو جیاوازی ڕاوبۆچوون بەدەرناکەوێت تەنیا بەدەسپێکردنی پرسیار لەبارەی ئەو ئەبستراکتە نەبێت کە بونیادی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت، مەبەست لەمەش کار، یان ئەرکی سیستەمە. بەڵام پێموایە ئەو کێشانە دەکرێت بەشێوەیەکی باشتر تێگەیشتراوبن، دوای ئەوەی شتێك لەبارەی پێشڤەچوونی تیۆری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەزانین.**





## بەشی دووەم

## سەرەتا تیۆرییەکان

**لەو وانبێژییەی دووەمو ئەوی تریشدا هەوڵدەدەم لایەنێکی مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بخەمەڕوو. مەبەستم ئەوە نییە زانا ئەنترۆپۆلۆژییەکانو کتێبەکانیان یەك دوای یەك لە ڕیزبەندێکی زەمەنی ڕووتدا بخەمەڕوو. بەڵکو هەوڵدەدەم بەدوای پێشڤەچوونی چەمکە گشتییەکان لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیادا بکەوم یان بەگوتەیەکی تر تیۆری ئەنترۆپۆلۆژی، بەئاماژەدان بەهەندێك لە نووسەرانو کارەکانیان وەك نموونەیەکی ئەو بەرەوپێشچوونە.**

**لەپێشدا ئاماژەمان بەوەدا کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی زانستێکی زۆر نوێیە. بەو مانایەی تا ئەم دواییە لە زانکۆکانی بەریتانیادا نەدەخوێندرا، هەتا ئەم دواییەش لەژێر ئەو ناوە دەرنەکەوتبوو. بەڵام لەلایەکی ترەوە دەکرێ بڵێین ئەو توێژینەوەیە، بەتێڕامانە تیۆرییە یەکەمینەکان لەبارەی مێژووی مرۆڤ دەستی پێکرد. خەڵك ڕاهاتوون لە هەموو کاتو شوێنێکدا تیۆری تایبەت بەسروشتی کۆمەڵگا دابنێن، لەو لایەنەشەوە ناکرێ بەتەواوی خاڵێکی دیاریکراو دەستنیشان بکەینو، بڵێین ئا لێرەوە**

ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەستی پێکردووە، لەو کاتەی سنوورێکی دیاریکراو هیچ سوودێك بە ڕێچکەی بەرەوپێشچوونی زانستەکە ناگەیەنێت. سەدەی هەژدە بەسەرەتای گەشەکردنی ئەو زانستە دادەنرێت. ئەنترۆپۆلۆژیا لە دایکبووی سەردەمی ڕۆشنگەرییە. بەدرێژایی مێژووەکەی تا ئەمڕۆش، زۆر لە سیما جیاکەرەوەکانی ئەو ڕەسەنایەتییەی لە خۆیدا هەڵگرتووە.

بنەچەی ئەو زانستە لە فەرەنسا لای مونتسکیو (١٦٨٩-١٧٥٥) دەست پێدەکات. کتێبەکەی (ڕۆحی یاساکان) (١٧٤٨) بەناوبانگترین کتێبێتی کە لە فەلسەفەی سیاسی یان فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کۆڵیوەتەوە. بەهای ئەو کتێبەش بۆ هەندێك بیروباوەڕی سەیر دەگەڕێتەوە کە مونتسکیو پێی وابوو کەشو ئاووهەوا کاریگەری لەسەر خوڕەوشتی گەلان هەیە. هەروەها بۆ ڕاوبۆچوونەکانی لەبارەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەنێو حکومەتدا. ئەوەی کە لە هەموو ئەمانەدا جێی بایەخی ئێمەیە، ئەوەیە کە مونتسکیو باوەڕی وایە هەر شتێك لە کۆمەڵگادا لەگەڵ دەوروبەرەکەی بەهۆی وەزیفەوە بەشتێکی ترەوە گرێدراوە. بۆیە ناکرێ لە یاسای نێودەوڵەتی یان یاسای دەستووری یان یاسای تاوانکاری یان یاسای مەدەنی هەر گەلێك لە گەلان تێبگەین تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە توێژینەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەموو ئەو یاسا جیاوازانەمان کردبێت، پاشان پێوەندی هەموویان بەژینگەی سروشتیو ژیانی ئابووریو ژمارەی دانیشتووانو بیروباوەڕەکانیانو عورفو ڕەوشت، هەروەها میزاجی خەڵك لەوێدا. کەواتە نووسەر مەبەستیەتی (هەموو ئەو پێوەندییە ئاڵوگۆڕانە کەوا لەنێوانیاندا ئەوە





پێکدێنن کە پێی دەوترێت ڕۆحی یاساکان) تاقیبکاتەوە.

مونتسکیو وشەی (یاساکان)ی بە زۆر مانا بەکارهێناوە. بەڵام بەگشتی مەبەستی لێی (پێوەندییە پێویستە وەرگیراوەکانە لە سروشتی شتەکان). واتە ئەو مەرجانەی کەوا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەری دەوەستێت، هەروەها ئەو مەرجانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی هەموو جۆرێك یان هەموو چەشنێکی تایبەت لە کۆمەڵگاکان. ناتوانین لێرەدا بە دووردرێژی مشتومڕ لەسەر ئەو پاساوانە بکەین کەوا مونتسکیو لێرەدا دەیانخاتەڕوو، بەڵام پێویستە تێبینی ئەو جیاوازییە بکەین کە لەنێوان (سروشتی) کۆمەڵگاو (پرنسیپی) کۆمەڵگادا کردوویەتی. سروشتی کۆمەڵگا (ئەو شتانەیە کەوا دەکات کۆمەڵگا بەو شێوەیە دەربکەوێت)، هەرچی پرنسیپی کۆمەڵگایە (بریتییە لەو شتانەی وا لە کۆمەڵگا دەکەن کاربکات). بەگوتەیەکی تر (سروشتی کۆمەڵگا بونیادە تایبەتییە جیاکراوەکەیەتی. پرنسیپی کۆمەڵگاش ئەو ئارەزووو حەزە مرۆڤانەیە کە پاڵی پێوەدەنێت بۆ کارکردن). بەمەش مونتسکیو جیاوازی لەنێوان بونیادی کۆمەڵایەتیو سیستەمی بەها کردووە کە لەنێو ئەو بونیادەدا ئیش دەکات.

لە مونتسکیوە، ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەگوازرێتەوە بۆ زۆر نووسەری تری وەکو دالمبیرو کوندرسیەو تیرگۆو زانایانی ئیسنکلۆپیدیاو کۆمەڵەی فیزیوکرات هەتا دەگاتە سان سیمون (١٧٦٠-١٨٢٥) کە یەکەم کەس بوو بەڕاشکاوی پێشنیاری پێویستی دانانی زانستێکی کرد بۆ کۆمەڵگا. سان سیمون، کە نەوەی یەکێ لە خێزانە ناودارەکانە، کەسایەتییەکی ڕێكو پێك بوو، هەروەها کوڕی

ڕاستەقینەی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو، لەبەرئەوە باوەڕێکی پتەوی بە زانستو پێشکەوتن هەبوو، هەروەها لەسەرووی هەموو شتێکەوە ئارەزووی هێنانەکایەوەی زانستێکی پۆزەتیڤیزمی بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکرد کە بەهاوشێوەی پێوەندییە ئۆرگانییەکانی لە فسیۆلۆژیا دادەنا. سان سیمون وایدەبینی کە ئەرکی زانایان شیکردنەوەی واقیعو ڕاستییەکانە نەوەك چەمك یان وێناندن. بۆیە زۆر سانایە لەوە تێبگەین بۆچی خوێندکارەکانی بەگشتی لە سۆسیالیستەکان بوون، هەروەها ڕەنگە لەوەش تێبگەین کە بۆچی بزاوتەکەی بەجۆرێك لە هەوەسی ئایینی کۆتایی پێهات، پاشان لە دواجاردا هەوڵدان بوو بۆ گەڕان بەدوای ئافرەتێك کە بتوانێ ڕۆڵێك وازی بکات لە ڕۆڵی مەسیح بچێت. ناودارترین خوێندکاری سان سیمون، ئۆگست کونت (١٧٩٨-١٨٥٧) کە دوایی لەگەڵیدا کەوتە ناکۆکیو شەڕەوە. بیرکردنەوەی کونت بیرکردنەوەیەکی میتۆدییانەی ڕێکخراو بوو زیاتر لە بیرکردنەوەی سان سیمون، ئەگەرچی کونتیش لە ناوازەیی سروشتی خۆیو سەیرو سەمەرەیی هەڵسوکەوتی، چی لە مامۆستاکەی کەمتر نەبوو.

کونت کە ناوی (کۆمەڵناسی) بەسەر ئەو زانستە نوێیەدا برد کە توێژینەوەی کۆمەڵگای دەکرد. ئەو شەپۆلە فەلسەفییە عەقڵییە بەردەوامە لەلایەن نووسەرە فەرەنسییەکانەوە کاریگەرییەکی بەهێزی کردە سەر ئەنترۆپۆلۆژیای بەریتانی، ئەمەش لەڕێی نووسینەکانی دورکهایمو خوێندکارەکانیو نووسینەکانی لیڤی برویل، هەموو ئەوانەش دوای هەمان ئەو تەقلیدە کەوتبوون کە سان سیمون داینابوو.





هەرچی بنەچەی ئێمەیە لە بەریتانیای مەزن ئەوا بۆ فەیلەسوفە مۆرالییە سکۆتلەندییەکان دەگەڕێتەوە کە نووسینەکانیان بەنموونەی بیرکردنەوەی سەدەی هەژدە دادەنرێت. داڤید هیوم (١٧١١-١٧٧٦)و ئادەم سمیس (١٧٢٣-١٧٩٠) ناودارترینی ئەو فەیلەسوفانە بوون کە نووسینەکانی هەموویان لەمڕۆدا زۆر ناخوێندرێنەوە. ئەو فەیلەسوفانە وایاندەڕوانییە کۆمەڵگا کە سیستەمێکی سروشتییە، مەبەستیان لەوەشدا بەتایبەت ئەوە بوو کە کۆمەڵگا لە خودی سروشتی مرۆییەوە پێدەگات نەك لە ڕێی پەیمانی کۆمەڵایەتی. هۆبزو کەسانی تریش زۆریان لەو بارەیەوە نووسیوە. بەو مانایەش ئەوان لەبارەی مۆراڵی سروشتیو ئایینی سروشتیو فیقهی سروشتیو شتی تر دواون.

دانانی کۆمەڵگا بەوەی سیستەمێکی سروشتی یان بوونەوەرێکی ئۆرگانییە، پێویست بە بەکارهێنانی میتۆدی ئەزموونگەری ئیستقرائی دەکات، نەوەکو میتۆدەکانی فەلسەفەی عەقڵی دیکارتی. لەبەرئەمە ناونیشانی نامەکەی هیوم کەوا لەساڵی ١٧٣٩ نووسیویەتی ئەوەیە:

A Treatise of Human Nature: Being an Attempt to introduce the experimental method of Reasaning into Moral Sabject

بەڵام لەهەمان کاتدا تاڕادەیەکی زۆر بیرمەندی تیۆری بوون، هەروەها بایەخێکی زۆریان بەداڕشتنەوەی ئەو شتە دەدا کە ناویان نابوو پرنسیپە گشتییەکان، کە دەکرێ لە ئێستادا ناوی (یاسا کۆمەڵایەتییەکان)ی لێ بنێین.

ئەو فەیلەسوفانە باوەڕێکی پتەویان بەپێشکەوتن هەبوو کە

سنووری نییە- ناوی باشبوون یان تواناکاری بۆ تەواوکارییان لێ نابوو- لە یاساکانی پێشکەوتن. بۆ گەیشتن بەو یاسایانەش ئەو ئامرازەیان بەکاردەهێنا کە دواتر کونت بە میتۆدی بەراوردکاری ناوی برد. بەڵام ئەو شێوازەی کە ئەو میتۆدە گرتبوویەبەر لە ناوەرۆکدا ئاماژەی بەوەدەدا کە لێکچوونێکی جەوهەری لە سروشتی مرۆییدا هەیە لە هەموو کات و شوێنێکدا، ماناکەشی ئەوەیە کە هەموو میللەتێك هەمان ڕێگە دەگرێتە بەرو لە پێشکەوتنی پێ بەپێی بەردەوام بەرەو کامڵبوون -بەڵام بەخێرایی جیاجیا- بە هەمان قۆناغ تێپەڕدەبێت.

ڕاستە هیچ بەڵگەو دۆکیومێنتێك لەبەردەستدا نییە کە تەواو دەلالەت لەسەر بەرەبەیانی قۆناغە مێژووییەکانمان بکات، بەڵام جێگیربوونی سروشتی مرۆڤایەتی وامانلێدەکا گریمانەی ئەوە بکەین کە باب و باپیرانی سەرەتامان، هەمان ئەو چەشنە ژیانە ژیاون کە لای هیندییە سوورەکان لە ئەمریکاو، لەلای گەلانی تری سەرەتایی دەبینرێن. بەمەش لەو کاتەی باب و باپیران لە بارودۆخی هاوشێوەی ئەواندا ژیاون و، لە هەمان ئاستی کولتووری باوی ئەو گەلانەدا بوونە. بەبەراوردکردنی هەموو کۆمەڵگا ناسراوەکان و دواتر ڕێکخستنیان بەپێی پلەی کامڵبوون، ئەوا زۆر سانایە دووبارە وێنەیەك بکێشینەوە کەوا بەند بێت بەمێژووی کۆمەڵگەی ئەورووپی و مێژووی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان، تەنانەت ئەگەرهاتوو لەتواناشدا نەبوو بزانرێت کەی ئەو پێشکەوتن یان ڕووداوانە ڕوویانداوە.

دۆجالد ستیوارت ناو لەو پرۆسەیە دەنێت مێژووی گریمانەیی یان مێژووی زەینی، بەو پێیەی کە ئەوە جۆرێکە لە فەلسەفەی مێژوو





کە هەوڵدەدا ڕووداوە گەورەکان دابڕێت و ڕووگەو ئاراستە گشتییەکان جیابکاتەوە، کەچی وا دەڕوانێتە ڕووداوی بەشەکی کە تەنیا شتگەلێکی تێپەڕو کەم بایەخن. لورد کیمس پێی وایە پێویستە لەسەرمان هەڵسین بەکۆکردنەوەی واقیع و ڕووداوو یاساگەلەکانی کۆمەڵگاکان و، ئەگەر ئەو واقیع و ڕووداوانە هەموو بەیەکەوە دابنێین دواتر سیستەمێکمان لە هۆکارو ئەنجام پێدەدات، ئەو کاتە دەتوانین لەمەوە بەشێوەیەکی عەقڵانی ئەوە هەڵبهێنجین کە پێشکەوتن یەك شت بووە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا، هەر هیچ نەبێ لە ڕووداوە گەورەکاندا، لەبەرئەوەی ڕووداوە تێپەڕەکان لەلایەك و جیاوازی سروشتی گەل و حکومەتەکان لەیەلاکی تر، بێگومان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێك سیما و تایبەتمەندی تایبەت.

بوونی نموونەی ئەو یاسایانە لەبارەی پەرەسەندن، هەروەها بوونی میتۆد یان ڕێگەیەك کە بەهۆیەوە بتوانرێ ئەو یاسایانە بدۆزرێتەوە، مانای ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە مرۆڤناسی زانستێکی پێوانەییە ئامانجی دۆزینەوەی ئاکارێکی زەمەنییە کە بەتەواوی پشت بەسروشتی مرۆڤایەتی ببەستێت.

لەڕاستیدا ئێمە دەتوانین لەنێو خەیاڵی تیۆرگەرایی کە لە سەدەی هەژدەدا باو بوو، گشت تۆخم و ڕەگەزەکانی تیۆری ئەنترۆپۆلۆژی بدۆزینەوە کە لە سەدەی نۆزدە، تەنانەت لە سەدەی بیستەمیشدا هەبوو: بایەخدانێکی توند بەسیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و، دانانی کۆمەڵگا مرۆییەکان بەسیستەمگەلێکی سروشتی کە پێویستی بەتوێژینەوەیەکی ئەزموونگەری ئیستقرائی دەکرد کە مەبەست لێی دۆزینەوەی پرنسیپە گشتییەکان یان یاساکان

بوو، پاشان داڕشتنەوەیان بەشێوەیەکی تایبەت لەسەر شێوەی قۆناغە پێشڤەچووەکان کە دەکرێ لەڕێی بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری پێی بگەین، میتۆدێك کە بەڕادەیەکی زۆر پشت بەمێژووی گریمانەیی دەبەستێت، بەلاّم مەبەستی کۆتایی یان دوامەبەست لە توێژینەوەکە پێویستە دەستنیشانی ئاکار بکات بەڕێگەیەکی زانستی پوخت.

گرنگی ئەو نووسەرانەی بواری مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیا، بەتایبەت بۆ ئەو کۆششە زۆرەیان لەبارەی پێکهێنانو داڕشتنی پرنسیپە گشتییەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها بایەخدان بەتوێژینەوەی کۆمەڵگاکان نەوەك تاکەکان. لەپێناو دانانی ئەو پرنسیپانەو داڕشتنەوەی، بایەخێکی تەواویان بەسیستەمەکانو پێوەندییە بونیادییەکانی نێوانیان داوە، هەروەها بە بەرەوپێشچوونیو بەو پێویستییە مرۆییانەی کە ئەو سیستەمە دابینی کردووە. بۆ نموونە کتێبەکەی ئادەم فێرگەسۆن ( وتارێك لەبارەی مێژووی کۆمەڵگای مەدەنی) (١٧٦٧)، هەروەها لە نووسینەکانی تریدا، بابەتگەلێکی نموونەی شێوازەکانی ژیانو، جیاوازییەکانی ڕەگەزی مرۆیی، ڕێکخستنی خەڵك لە کۆمەڵگاداو، پرنسیپەکانی گەشەسەندنی دانیشتووان، هونەرو ڕێککەوتنە بازرگانییەکان، پێگەو پایەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆدەگرێت.

بایەخی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان سەبارەت بەو فەیلەسوفانەی کە پێیانەوە خەریك بوون، ڕوونو ئاشکرا بوو. لەگەڵ ئەوەی هەندێکجار پشتیان بەزانیاری دەستاودەست دەبەست لەسەر ئەو کۆمەڵگایانە، بەلاّم سەرچاوە بنەڕەتییەکانیان لەبارەی کولتووره بێگانەکانی تر کە





جیاوازبوون لە کولتووری خۆیان، هەروەها لەبارەی سەردەمە کۆنەکان، چاخی کۆن-تەوراتو نووسینە کلاسیکییەکان بوو. بەهەرحاڵ زانیاری لەبارەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ئێستاشی لەگەڵ دا بێت هەر کەمە. هەرچەندە گەشتە توریستەکان لە سەدەی شانزەهەم-تەنانەت لەسەردەمی شکسپیریش- بۆ وێناکردنی مرۆڤی سەرەتایی لە بازنەی ڕۆشنگەریدا لەسەر چەشنی کەسایەتی کالیبان بە ئاکارێکی توندوتیژ ناسرابوو، هەروەها ئەو نووسەرانەی کە نووسینەکانیان بواری سیاسەتو یاساو دابو نەریت دەگرێتەوە، لە سەرەتاوە تێبینی ئەوەیان کردووە کە هەمەجۆرییەکی مەزن لە دابو نەریت لای گەلانی نائەورووپی لە ئارادایە. لایەنێکی گەورەی نووسینەکانی مۆنتانی (١٥٣٣-١٥٩٢) لە ئێستادا بە زانیاری ئەتنۆگرافی دادەنرێت.

هەروەها فەیلەسوفەکانی سەدەی هەڤدەو هەژدەم بۆ پاڵپشتیکردنی بەهانەو ڕاوبۆچوونەکانیان لەبارەی سروشتی کۆمەڵگەی هەمەجیو بەراوردکردنی بەکۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئەو کۆمەڵگە سەرەتاییانە دەگەڕێنەوە، ئەمەش لە پێشەکی قسەکانیان لەبارەی شێوەی کۆمەڵگە بەر لە دروستبوونی حکومەت ئینجا لەڕێی پەیمان بێت، یان بەهۆی ملکەچکردن بۆ زوڵم بێت.

لوك (١٦٣٢-١٧١٤) ئاماژە بەو کۆمەڵگایانە دەدات لە توێژینەوە تیۆرییەکانی لەبارەی ئایینو حکومەتو موڵکدارێتی. لوك شارەزایی هەبوو لەو نووسینانەی لەبارەی هیندییە سوورەکان نووسرابوو، ئەوانەی نیشتەجێی ئینگلتەرای نوێ بوون. هەرچەندە زانیاری لەبارەیانەوە سنووردار بوو، بۆیە توێژینەوەکەی بێلایەنانە

نەبوو.

نووسەرە فەرەنسییەکان لەو سەردەمدا بیرۆکەکانیان لەبارەی مرۆڤ لەباری سروشتی یەکەمیندا، لەو زانیاریانە وەردەگرت کە لەبارەی هیندییەکانی سانت لۆرانسەوە بڵاوکرابوونەوە، بەتایبەت توێژینەوەکانی گابریل ساگاردو جۆزیف لافیتۆ لەبارەی هۆزەکانی هیرۆن و ئەیروکوا. هەروەها ئەو وێنەیەی ڕۆسۆ لەبارەی مرۆڤی سروشتی کێشابووی، تاڕادەیەکی زۆر لە کاریبییەکانی نێو ئەمریکای باشوور وەرگیرا بوو.

پشتبەستنی هەندێ نووسەری سەدەی هەڤدەو هەژدە لە نووسینەکانیان بەتوێژینەوە دەستاودەستەکان لەبارەی گەلانی سەرەتایی، لەڕاستیدا نمایندەی هەنگاوە یەکەمینەکانی بایەخدانەکانی زاناکانە بەکۆمەڵگا سادەکان، بەو پێیەی ئەو کۆمەڵگایانە زانیاری بەهادارمان پێدەبەخشن کە دەکرێ سوودیان لێببینین لە گەلاڵەکردنی تیۆرەکان لەبارەی سروشتی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و بالأبوونیان. ئەوە ئەو بابەتەیە کە دەرفەتی بەرەوپێشچوونی دا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم و، ئەو شتەی دروستکرد کە ئێستا پێی دەڵێین ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی.

هەموو ئەو نووسەرانەی کە ناومان هێنان، ئینجا لە فەرەنسا بێت یان لە ئینگلتەرا، بەمانای وشەی ئەو سەردەم فەیلەسووف بوون. ڕاستییەکەی ئەوان خۆشیان بەو چاوە سەیری خۆیان دەکرد. وێڕای هەموو ئەو شتانەی لەبارەی ڕێبازی ئەزموونگەری وتران، ئەوا لە واقیعدا پشتیان بەبەڵگەخوازی پێشوەخت دەبەست یان پێش ئەزموون، زیاتر لەوەی پشت بەو تێبینیانە ببەستن کە لەسەر





کۆمەڵگاکان بەفیعلی هەبوون. ئەگەر لەم نێوەدا مونتسکیو بە ئاوارتە دەرکەین، ئەوا هەموویان لە زۆربەی کاتدا ڕاستییە واقیعییەکانیان بەکاردەبرد بۆ ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوە، تەنانەت بۆ پشت ئەستوورکردن و پێشخستنی ئەو تێزانەی کەوا لەڕێگەی تێفکرینی تیۆرییانەی پەتی بەدەستیان هێنابوو.

توێژینەوەی میتۆدیانە لەبارەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دەرنەکەوت. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٦١ تا ١٨٧١، چەند کتێبێك دەرکەوت کە ئێستا بەدایکی لیکۆڵینەوە تیۆرییە سەرەتاکان لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیا دادەنرێن. لەو کتێبانەش کتێبی مین لەبارەی (یاسای کۆن) ١٨٦١، کتێبێکی تری لەبارەی (کۆمەڵگا لادێنشینەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) ١٨٧١، کتێبەکەی باخۆفن ( مافی دایك) ١٨٦١، کتێبی فۆستل دی کۆلانج لەبارەی (شاری کۆن) ١٨٦٤، کتێبی ماکلینان لەبارەی (هاوسەرگیری سەرەتایی) ١٨٦٥، کتێبی تایلور لەبارەی (چەند لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی مێژووی کۆنی ڕەگەزی مرۆیی) ١٨٦٥، کتێبێکی تری لەبارەی (کولتووری سەرەتایی) ١٨٧١، کتێبی مۆرگان لەبارەی (سیستەمی پێوەندی خوێن و ژن و ژنخوازی لەنێو خێزانی مرۆییدا) ١٨٧١.

ئەو کتێبانە هەر هەموویان کۆمەڵگا سەرەتاییەکانیان لە ڕیزی پێشەوەی بایەخدانەکان دانەناوە. بۆ نموونە مین لەبارەی سیستەمی کۆنی ڕۆمای نووسیوەو، بایەخی داوە بەگەلانی هیندۆئەورووپی بەگشتی. باخۆفن بەزۆری بایەخی بەداب و نەریت و ئەفسانەی سەردەمی کۆنی کلاسیك داوە. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش ئەوان

لەسەر ئەو سیستەمانەیان دەنووسی کە بەپێی قۆناغەکانی بەرەوپێشچوون لە سیستەمەکانی سەرەتایی دەچوون. هەروەها لە گۆشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کە لێرە بەدواوە دەیبینین، لەو سیستەمانەیان دەکۆڵییەوە.

ماکلینان و تایلور لە ئینگلتەراو مۆرگان لە ئەمریکا یەکەم کەسانێك بوون کە دەستیان بەتوێژینەوەی کۆمەڵگا بەراییەکان کرد وەك بابەتێکی جددی کە دەکرێ زانایان کۆشش و بایەخەکانیان لەسەریدا چڕبکەنەوە. هەروەها سێ کەسی یەکەم بوون لەوانەی بایەخدار بوون بەکۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بەگەلانی سەرەتایی لە ژمارەیەکی زۆری نووسینی جیاوازداو زەقکردنەوەی هەمووشیان لە وێنەیەکی میتۆدیانەی ڕێکخراودا، بەمەش یەکەم بنەمای ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دانرا. لە نووسینەکانیاندا توێژینەوەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان لەگەڵ بیرکردنەوەی تیۆری پەتی لەنێو سروشتی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا بەیەك دەگەن.

زاناکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە ئارەزوویەکی زۆریان هەبوو بۆ دەربازکردنی  توێژینەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە تێفکرینی تیۆرییدا وەك ئەو زانایانەی کە لە پێشدا کردبوویان. هەروەها لەو باوەڕەدابوون کە بەهۆی گرتنەبەری میتۆدی ئەزموونگەری و پراکتیکردنی شێوازی بەراوردکاری، دەتوانن ئەو کارە بکەن. فەیلەسوفە مۆرالیستەکان ئەو ڕێگەیان گرتەبەر کە لە پێشدا بینیمان، لەژێر ناوی مێژووی گریمانەیی یان خەملاندن، بەڵام ئوگست کونت پێناسەیەکی نوێ و وردی لە کتێبەکەی (چەند وانەیەك لەبارەی فەلسەفەی پۆزەتیڤی) ١٨٣٠ پێشکەش کرد. دواتر دەبینین کە





ئەنترۆپۆلۆژستە نوێخوازەکان هەوڵیان داوە بۆ دەربازکردنی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە مەیلە مێژووییەکان و داڕشتنەوەی لە قاڵبێکی نوێدا، بەو پێیەی میتۆدێکی فرمانگەرایی بێت.

کونت بۆ ئەوە دەچێت کە واقیعە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان- کە ئەوو سان سیمۆن لەپێش ئەودا بۆ کایەی سیاسی و ئابووری و ئایینی و مۆرالی و تاد دابەشیان کردبوو- لەنێوانیاندا پێوەندی فرمانییانەی دیاریکراو هەیە، هەر گۆڕانێك بەسەر یەکێك لەو کۆمەڵانەدا بێت، ئەوا دەبێتە هۆکارێك بۆ گۆڕانی هاوشێوەکەی لە کۆمەڵەکانی تردا. ئامانجی کۆمەڵناسی ئەوەیە بەڵگە لەبارەی ئەو پێوەندییە دژکارو گونجاوانە بدۆزێتەوە، یا هاوکاری و پاڵپشتی نێوان یەکێك لەو جۆرە ڕووداوە کۆمەڵایەتییانەو جۆرەکانی تردا بکات. ئەوەش دەکرێت لەڕێگای بەکارهێنانی شێوازی تەریب بووندا بێتەدی کە لەنێو لۆژیکدا هەیە، چونکە ئەوە تاکە ڕێگایە بۆ توێژینەوە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە زۆر ئاڵۆزن و، ناتوانین گۆڕاوە سادەکان لەیەکتری جیابکەینەوە.

بەکارهێنانی ئەو شێوازە، ڕێگای بەو نووسەرانەدا کە باسمانکردن، هەروەها ئەو نووسەرانەی دوای ئەوانیش هاتن، تا بتوانن چەندین بەرگی گەورە لەبارەی بنەچەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و، یاساکانی پێشڤەچوونی وەکو تاك هاوسەرگیری کە ئەنجامی بەڕەڵلایی سێکسی بووە، هەروەها پەرەسەندنی موڵکداریێتی لە شیوعیەتەوەو پێشکەوتنی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی پیشەسازی لەژیانی کۆچەریداو پێشکەوتنی زانستی پۆزەتیڤیزمی لە لاهوتەوەو سەرهەڵدانی یەکتاپەرستی لە

ئەنیمیزمەوە دابنێن.

زۆرجار زانایان هەوڵدەدەن ڕاڤەی ئەو شتانە بکەن کە فەلسەفەکاران بەسروشتی مرۆڤایەتی ناوی دەبەن، ئەوەش لەمیانەی گەڕانەوە بۆ بنچینە سایکۆلۆژیو مێژووییەکان، ئەو میتۆدە زۆرتر لەکاتی توێژینەوەیان لە ئاییندا پێڕەودەکرا. خۆشەویسترین بابەت بۆ لێکۆڵینەوە، پێشڤەچوونی خێزانو ئایین بوو. لەڕاستیدا ئەنترۆپۆلۆژستەکانی سەدەی نۆزدەم هەرگیز لەو بارەیەوە بێزارنەدەبوون. بێگومان توێژینەوەی هەندێك لەو ئەنجامانەی پێیگەیشتوون لەبارەی ئەو دوو بابەتەوە، یارمەتیمان دەدەن تا لەڕووگەی گشتی ئەو کاتەی ئەنترۆپۆلۆژیا تێبگەین، چونکە سەرەڕای جیاوازی زۆری زانایان لەبارەی هەڵهێنجانی ئەو داتایانەی لەبەردەستیاندا بوو، بەڵام کۆك بوون لەسەر ئەو ئەنجامانەی بەدەستی دێنن، لەگەڵ شێوازو میتۆدی پێڕەوکراو.

هنری مین (١٨٢٢-١٨٨٨) کە پارێزەرێکی سکۆتلەندی بووو بەدامەزرێنەری فیقهناسی بەراوردکاری دادەنرێت لە ئینگلتەرا، پێی وایە خێزانی باوکسالاری گەورە شێوەی بنەڕەتی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتییەو، ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی سەرۆکی خێزان هەیبووە، هۆکاری سەرهەڵدانی بنەمای گرووپگەل بوو، یان خۆگەڕاندنەوە بۆ نەسەبی نێرانەی باوك، ئەوە لەنێو هەموو کۆمەڵگاکان لە قۆناغێکی دیاریکراوی پێشڤەچووندا هەبووە.

بەڵام باخۆفن، کە پارێزەرێکی سویسرییە، گەیشتە ئەنجامێکی تەواو پێچەوانە لەوەی مین لەبارەی شێوەی خێزانی سەرەتایی پێیگەیشتبوو. سەیر لەوەدایە هەردووکیان لەیەكساڵدا





توێژینەوەکانی خۆیان بڵاوکردەوە. باخۆفن پێی وایە بەربڵاوی سێکسی لەهەموو شوێنێکدا باو بووە، ئینجا دواتر سیستەمی کۆمەڵایەتی دایکسالاری سەری هەڵداوە، بۆیە سیستەمی کۆمەڵایەتی باوکسالاری لە قۆناغێکی دواتری مێژووی مرۆڤدا هاتۆتەبوون.

هەروەها ماکلینانیش (١٨٢٧-١٨٨١) کە پارێزەرێکی سکۆتلەندییە، باوەڕێکی پتەوی بەیاساگەلێکی گشتی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا خاوەنی چوارچێوەیەکی هزریی تایبەت بەخۆی بوو کە تێزە نابەجێیەکانی هاوسەردەمەکانی خۆی قبوڵ نەبوو. ئەو وایدەبینی کە لەسەرمانە گریمانەی ئەوە بکەین مرۆڤی یەکەم ژیانێکی سێکسیانەی بەربڵاو ژیاوە، وێڕای ئەوەی هەموو ئەو بەڵگانەی کە لە بەردەستدان ئاماژە بەوەدەدەن کە ئەو مرۆڤە لە سەرەتادا- لەهەر کۆمەڵگایەك بوو بێت- لەنێو کۆمەڵەی بچووکی تەوتەمیدا ژیاوە کە لەسەر بنەمای خزمایەتی ڕەچەڵکخوازی دایك دامەزراوەو، لەنێوانیشیاندا دوژمنایەتی خوێن هەبووە. ئەو گروپو کۆمەڵانەش لەڕووی سیاسییەوە هەریەکەیان سەربەخۆ بوونە، هەروەها هەریەك لەوانە کۆمەڵەی ئیکسۆجامییان پێکهێناوە، ئەمەش لە ئەنجامی دابو نەریتی لەناوبردنی کچانو ژنهێنان لە کۆمەڵە قەبەلییەکانی تر سەریهەڵداوە. پاشان ئەو کۆمەڵگایانە بەرەو قۆناغی پۆلێندری polyandry یان فرەپیاوی سەبارەت بە تاکە ژنێك چوونە، لەوێوەش بەرەو سیستەمی ڕەچەڵەکخوازی باوك، هەنگاویان ناوە کە ئەو قۆناغە شوێنی قۆناغی دایکسالاری گرتۆتەوە. کەچی شێوەی خێزانی ناسراوو زانراو پەیتا پەیتا بۆمان دەرکەوتووە. بەوەی یەکەمجار هۆز سەریهەڵداوە، دواتر خێڵوماڵی گەورە، دواجار خێزان

هاتووه. ئەو تیۆره لای زانایەکی تری سکۆتلەندیش لە زاناکانی (چاخی کۆن)دا دەردەکەوێت، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئایینناسی بەراوردکاری، ئەویش ولیەم روبرتسون سمیس (١٨٤٦-١٨٩٤) بوو، کاتێک هات ئەو تیۆرییەی لەسەر بەڵگەنامە کۆنەکانی پێوەندیدار بەمێژووی عەرەب و عیبرانییە کۆنەکان پراکتیك کرد.

هەروەها جۆن لبوك (١٨٣٤-١٩١٣) –ئەو زانایە کە لە زۆر بوار کاری کردووه، دواتر بە ناوی لۆرد ئاڤێبری Lord Avebury ناسرا–بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەو هاوسەرگیرییەی کە ئەمڕۆ باوە لە تێکەڵاوی سێکسی سەرەتاییەوە گەشەی کردووه و هاتووه. بەڵام ڕەنگە ئاڵۆزترین تیۆرییەك کە میتۆدی بەراوردکاری بەرهەمی هێنابێت، کە لەنێو وەهم و خەیاڵ نوقم بوو بێت، ئەوە تیۆرییەکەی یاسادانەری ئەمریکی لویس مۆرگان (١٨١٨-١٨٨١) بێت کە بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە گەشەسەندن و پێشڤەچوونی خێزان و هاوسەرگیری لانی کەم بەپانزە قۆناغ تێپەڕیوە، کە بەباری بەربڵاوی سێکسی ئاژاوەگەری دەستی پێکردووه و، بەهاوسەرگیری یەکانە و خێزان کە ئەمڕۆ لە شارستانیەتی خۆرئاوا بەدی دەکەین، کۆتایی پێکهاتووه. ئەو نەخشە وەهمییە دواتر لەڕێی ئەنگلزەوە چووە نێو تیۆرییە مارکسیەکان لە ڕوسیای کۆمۆنیزم.

نووسەرەکان تاڕادەیەکی زۆر ئەو بیرۆکەیان ئیستیغلال کرد کە ماکلینان بەناوی سیمبۆلەکان و، تایلور بەپاشماوە یان جێماوەکان ناویان برد. واتە ئەو بیرۆکانە لە نووسینەکانی زۆربەی ئەو نووسەرانە بەدی دەکرێت کە ناومان بردن. ئەوان ئەو پاشماوە و جێماوە کۆمەڵایەتییانەیان، بەو پاشماوانە بەراوردکردووه کە لای هەندێك لە





ئاژەڵان بەدی دەکرێت، هەروەها بەو پیتە زیادانەی کە لەنێو هەندێك وشەدا هەیە. ئەوە هیچ فرمانێکی بنەڕەتی نابینێت، ئەگەر فرمانێکی هەبێت، تەنیا لاوەکی دەبێت و زۆر جیاوازە لە فرمانە بنەڕەتییەکەی. ئەو نووسەرانە وای بۆ چوون کە ئەو پاشماوە و جێماوانە– بەو پێیەی پاشماوەی جیاوازی سەردەمە کۆنەکانن– بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە ئەو قۆناغبەندییە کۆمەڵایەتییانە لە واقیعدا قۆناغبەندی مێژوویین. ئێمە لەژێر ڕۆشنایی ڕێکخستنی ئەو قۆناغانەوە دەتوانین جۆری ئەو کاریگەرییە دیاری بکەین کە بەهۆی پێشڤەچوون و گەشەسەندنەوە لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر دێتە ئاراوە. بۆ نموونە لەلای رۆبرتسون سمیس– لەپێش ئەویشدا ماکلینان– دابی هاوسەرگیری پیاو لەگەڵ ژنی برا مردووەکەی، بەڵگەیە لەسەر بوونی حاڵەتێکی کۆنی کۆمەڵگا کە تێیدا هاوسەرگیری ئافرەتێك لەگەڵ چەند پیاوێکدا بووه.

مۆرگان پێی وابوو سیستەمی پۆلینکارییەکانی زاراوەی خزمایەتی کە لەمیانەیدا پیاو هەموو خزمە نزیکە پیاوەکانی باوکی بە (باوك) ناودەبات، هەروەها بەهەموو ژنە خزمەکانی دایکیشی دەڵێت (دایە)و، کوڕەکانیان بە (برا)و، کچەکانیشیان بە (خوشکە) ناودەبات. لەوەش زیاتر، منداڵی خزمەکانی بەکوڕو کچی خۆی ناودەبات. ئەوەش لەلای مۆرگان بەڵگەیە لەسەر بوونی بەرەڵڵایی سێکسی و پێوەندییە سێکسییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە لەکاتێك لە کاتەکاندا.

ئەگەر لە توێژینەوەکانی زانایانی سەدەی نۆزدەمان ڕوانی، ئەوا هەمان ئامانج و میتۆد بەڕوونی بەدی دەکەین، ئەو توێژینەوانە

بەگشتی تێکەڵەیەکن لە تیۆری مێژوویی و سایکۆلۆژی کە لە پێشدا ئاماژەمان پێدا، هەروەها ئەو توێژینەوانە بە بەڵگەو بەهانەگەلێك دەوردراون کە زۆربەیان بانگەشەو گریمانەن لەبارەی سروشتی مرۆیی. نموونە لەسەر ئەمە ئیدوارد تایلور (١٨٣٢-١٩١٧) کە بە کەسێکی ڕەخنەگرو وریا لەنێو سەرجەم هاوسەردەمەکانی خۆیدا جیادەکرێتەوەو، خۆی لە قۆناغبەندی پاراستووە، ئەوا هەوڵیدا سەرجەم بیروباوەڕە ئایینییەکان و سەرجەم پەرستنەکان بەوە دیاری بکات کە لە تەفسیرکردنی هەڵەی هەندێك دیاردەی وەکو خەون و غەیبوبیات و ڕوانین و نەخۆشی و حاڵەتی هەڵسانەوەو نووستن و ژیان و مردنەوە سەریانهەڵداوە.

هەروەها جیمیس فریزەر (١٨٥٤-١٩٤١) -کە بەشێوازە ئەدەبییە باڵاکەی، یەکەم کەس بوو توانی ئەنترۆپۆلۆژیا بگەیەنێتە خوێنەری ئاسایی- باوەڕێکی قووڵی بە یاسا کۆمەڵایەتییەکان هەبوو. بەڕای ئەو کۆمەڵگاکان لە گەشەسەندنی خۆیاندا بەسێ قۆناغی: سیحرو ئایین و زانست تێپەڕیون. سیحر بەسەر ژیانی مرۆڤی یەکەمدا باڵادەست بووەو بەڕێوەی بردووە. سیحر- وەك زانست- بەم شێوەیە ڕاڤەی سروشت دەکات کە ( زنجیرەیەکە لە ڕووداوەکان کەوا بەپێی سیستەمێکی جێگیرەوە تەواودەبن، بەبێ ئەوەی هیچ فاکتەرێکی کەسیی بتوانێ دەستبخاتە نێو ئەو کردەیەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی سیحرباز -وەك زانا- گریمانەی بوونی یاساکانی سروشت دەکات و، لەو باوەڕەدایە کە ئاشنابوونی بەو یاسایانە یارمەتیدەدات تا سروشت بۆ مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی بەکاربهێنێت، ئەوا یاساکانی سیحر لەڕاستیدا یاساگەلێکی واقیعی نین، بەڵکو





یاساگەلێکی خەیاڵکراون و بەس. بەتێپەڕینی کاتیش تاکە زیرەکەکانی کۆمەڵگا درك بە وەهمگەرایی ئەو یاسایانە دەکەن، بەڵام ئەوانیش لەو وەهمە دەرناچن، چونکە دێن لەشوێنی وەهمەکەی پێشوو بوونەوەری ڕۆحی بەرهەمدێنن کە خاوەنی هێزێکن لەسەرووی هێزی ئینسان خۆیەوە، بەدیوەکەی تر ئەوە خواوەندە کە دەتوانێ سروشت بەشێوەیەك بگۆڕێت کە لە بەرژەوەندی مرۆڤ دا بێت، بەمەرجێك ئەو مرۆڤە خواوەندەکە خۆی بپەرستێت و ڕازی بکات. ئا بەم جۆرە مرۆڤ گەیشتە قۆناغی ئایین.

داوجار ئینسان درکی بەوە کرد کە ئەمەش جگە لە وەهم هیچی تر نییە، بۆیە پێی نایە قۆناغێکی تری پێشڤەچوون، ئەویش قۆناغی زانستە.

زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا ئەو سەردەمە بەتوانا لەبن نەهاتووەکان و کۆشش و فراوانی مەعریفەو زانیارییەکانیان ناسرابوون. ئەگەرچی زێدەڕۆییشیان لە زەقکردنەوەو جەختکردنەوەی لایەنە لێکچووەکانی نێوان داب و نەریت و بیروباوەڕەکان کردبێت، کەچی ئەو بایەخدانە ئاماژەی بەگۆڕانکاری و جیاوازییەکان نەداوە، بەڵام وێڕای ئەوەش ئەوان توێژینەوەی کێشەیەکی ڕاستەقینەیان کردووە نەك مەسەلەیەکی خەیاڵ یان دروستکراو، ئەو دەمەی کە هەوڵیاندا ڕاڤەی ڕووە لێکچووە تێبینیکراوەکانی نێوان کۆمەڵگا دووردەستەکان لەڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە بکەن. وەك ئەوەی لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجامی زۆر بەهاداری لێکەوتەوە. میتۆدی بەراوردکردن یارمەتی دان بۆ جیاکردنەوە لەنێوان گشتی و بەشەکی، پاشان بەمە دیاردە

کۆمەڵایەتییەکان پۆلێن دەکرێن.

مۆرگان یەکەم کەسە توێژینەوەی بەراوردکاری سیستەمی خزمایەتی هێنایە نێو بواری ئەنترۆپۆلۆژیا. لەو کاتەوە ئەو توێژینەوەیە بەشێکی جەوهەری لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی پێکهێناوە. ماکلینانیش تەنیا هەڵنەستاوە بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری بەڵگە کە دەلالەتە لەسەر بەربڵاوی دابی ڕفاندنی بوك لەنێو سروتی هاوسەرگیری لای کۆمەڵگا سادەکان، بەڵکو لەپاڵ ئەمەش یەکەم کەس بووە دەستنیشانی ئەوەی کردووە کە هاوسەرگیری دەرەکی یان exogamy (کە ئەو ئەم وشەیەی داهێناوە)و، تەوتەمیەت لە زۆرترین سیما بڵاوەکانی نێو کۆمەڵگا بەراییەکان بوونە، بەمەش ماکلینان بە دوو چەمك ئاشنامان دەکات لە گرنگترین چەمکەکانی نێو ئەنترۆپۆلۆژیا.

هەروەها ئێمە قەرزاری ئەوو باخۆفنین لە ئاشناکردنمان بەبوونی کۆمەڵگای دایکسالاری یان گەڕانەوەی ڕەچەڵەك بۆ دایك بەبێ باوك لە سەرتاپای جیهاندا، هەروەها بەخستنەڕووی گرنگی ئەو کۆمەڵگایانە لەلایەنی کۆمەڵایەتی، ئەمە لەگەڵ ئەو مەیلە گشتییەی ئەوسا کە خێزانی بۆ بنەچەی باوکسالاری دەگەڕاندەوە. هەرچی تایلوره –لەپاڵ کاریگەری‌و کارە مەزنەکانی تری– وشەی (ئەنیمیزم)ی animism خستە نێو زاراوەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا.

هەروەها فریزەر لایەنی گشتی بیروباوەڕە سیحرییەکانی دیاری کردو پێی وایە کە بونیادە لۆژیکییەکەی، لەڕێی ڕاڤەکردنەوە بۆ دوو چەشنی سادە دەگەڕێنەوە ئەوانیش سیحری وەرچەرخاوو سیحری پێوەندیکارن. هەروەها چەندین نموونەی لەبارەی سیستەمی





پاشایەتی خواوەندی‌و، لەبارەی جۆرەکانی تری سیستەمی خواوەندی یان پادشای پیرۆزو سیستەمی دیکەو داب‌و نەریت کۆکردۆتەوە، بەهۆی ئەمەشەوە توانیویەتی ئەو سیستەمانە وا زەقبکاتەوە بەوەی چەشنگەلێکی کۆمەڵایەتی‌و کولتووری فراوانی بەربڵاون.

بەمجۆرە لیکۆڵینەوەی ئەو زانایانە ڕەنگێکی ڕەخنەگرانەی توندی پێوە دیار بوو کە لای ئەوانەی پێش خۆیان بەدی ناکرێت. ڕاستە ئەو زانایانە زانیاری زیاتریان لە بەردەستدا هەبوو، بەمەش گشتاندن لایان ئاسانتر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیان بەشێوەیەکی میتۆدییانە ئەو مەعریفەیە بەکاربێنن کە ئەم مەنهەجییەتە لای ئەوانەی پێش خۆیان بەدی ناکرێت کە مین گلەییان ئاراستە دەکات‌و ئاماژە بەوەدەدا کە لێکۆڵینەوەکانی یاسادانەرەکان ڕووبەڕووی هەمان ئەو گومانە دەبێتەوە کە لای لێکۆڵینەوە فیزیایی‌و پزیشکییەکان بەدی دەکرێت، مادام تێبینیکردن‌و پشکنین جێی خەملاندن یان گریمانەیان نەگرتۆتەوە. تیۆری شیاوو جێگەی تێگەیشتنی وەکو (یاسای سروشت) یان (پەیمانی کۆمەڵایەتی کە چانسی ئەوەی هەیە هەموو لایەك قبوڵی بکات، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆنی کۆمەڵگاو یاسا دێت، سەرباری ئەوەی دەستەبەرنەکردنی ئەو تیۆرییانە.

تێڕامانە فەلسەفییەکان لەم بوارەدا هیچ نرخێکیان نییە مادامەکی پشتئەستوور نین بە بەڵگەنەماو تێبینییەکان. ئەوەی کە یارمەتیدەر بوو بۆ تێگەیشتن لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان (لێکۆڵینەوەی پوختە) کە مین‌و هاوسەردەمەکانی پێی هەڵسان.

لەڕاستیدا شێوازی هەڵبژاردنی زانیارییەکانو پۆلینکردنیان، هەندێك ڕاستی ئەتنۆگرافی پێویستی خستە بەردەستیان کە پێشتر لەبەردەست نەبوون. بەڵام ئێستا دەکرێت لەمیانەیانەوە بگەینە ئەنجامی تیۆری گرنگ، ئینجا لەمیانەی ئەو ڕاستیانەدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان تاقیبکرێنەوە. بەڕاستیش ئەوەیانکردو بەدییان هێنا.

تایبەتمەندییەکی دیکە هەیە کە سەرجەم زانایانی سەدەی نۆزدە جیادەکاتەوە، ئەویش بریتی بوو لە توێژینەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لەمیانەی ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، واتە لە چوارچێوەی بونیادی کۆمەڵایەتی نەك لە چوارچێوەی دەروونناسی تاکگەرایی، ئەوان سوربوون لەسەر بەرهەمهێنانی ڕاوبۆچوون لەڕێی ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستدان وەك چۆن فەلسەفەکاران لە زۆربەی کاتدا لەبارەی شتە زانراوەکانی سروشتی مرۆیی هانایان بۆ بردووە. هەروەها هەوڵی ڕاڤەکردنی دامەزراوێکی کۆمەڵایەتییان داوە بەئاماژەدان بۆ دامەزراوێکی تری نێو هەمان کۆمەڵگا لەهەمان کاتو ساتدا، یانیش بەدامەزراوەیەك کە لە ماوەیەکی پێشووتردا هەبووە.

بۆ نموونە ئەو کاتەی ماکلینان هەوڵیدا لە سیستەمی هاوسەرگیری دەرەکی (ئیکسۆجامی) تێبگات، ئەوەی ڕەتکردەوە کە سەپاندنی تابۆ بەسەر پێوەندییە سێکسییەکانی نێوان کەسە حەرامکراوەکان لەیەکتری بۆ فاکتەرو هۆکاری بایۆلۆژیو سایکۆلۆژی بگەڕێتەوە، لەجێیدا هەوڵیدا ئەو دیاردەیە بە گەڕانەوە بۆ بوونی دابی لەناوبردنی کچو دوژمنایەتی خوێنو بوونی عەقیدە تەوتەمییەکان ڕاڤە بکات. ئەو کاتەی هەوڵیدا سرووتەکانی هاوسەرگیری لەڕێی





ڕفاندنی بوکەوە ڕاڤە بکات، ئەوا بۆ (سروشتی مرۆیی) نەگەڕایەوە، بەڵکو ئەوەی دیاریکرد کە ئەو سرووتانە بەڕێساکانی هاوسەرگیری دەرەکییەوە گرێدراون، یانیش ڕەنگە ئەوە پاشماوەیەکی نێو پاشماوەکانی مومارەسەکانی داگیرکردنو دەستدرێژی ڕاستەقینە بوو بێت. هەروەها ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە چۆن ئەگەری ئەوە هەیە سیستەمی ڕەچەڵەکی باوکسالاری لە سیستەمی ڕەچەڵەکی دایکسالاری هاتبێت، دوای ئەوەی سیستەمی فرە مێردی بۆ تاکە ژنێك گۆڕا، بۆ دۆخێك ژنێك لەگەڵ کەسو کاری مێردەکەی بژێت. هەروەها چۆن پەرستنی ئاژەڵ یان ڕووەك یان سیمبۆلەکان کە هێمایەك بوون بۆ خواوەندو بەیەکەوەبەستنەوەی ئەو خواوەندانە لەسەر بنەمایەکی پلەبەندییانە کە دەتوانین لای هەریەکە لە جولەکە یان هیندییەکان، یانیش لای یۆنانو ڕۆمانییەکان بەدی بکەین، ئەوانە هەموویان ئەنجامی تەوتەمگەریو بونیادی هۆزگەریی تەوتەمین.

ماکلینان باوەڕێکی پتەوی بەو بیرۆکەیە هەبوو کە پێوەندی نێوان دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە پەیوەستبوونێکی فرمانگەرایی دادەنێت. بەنموونە لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ڕاڤەکردنێکی تەواوی بنەچەی هاوسەرگیری دەرەکی وامان لێدەکات ئەوە دیاری بکەین لەو کاتەی هاوسەرگیری دەرەکی باو دەبێت ئەوا تەوتەمگەری بوونی دەبێت، ئەو کاتەی تەوتەمگەریش بوونی دەبێت ئەوا دوژمنکاری خوێن بڵاودەبێتەوە، کاتێ دوژمنکاری خوێنیش بڵاوبێت، ئەوا ئیلتیزامی ئایینی تایبەت بەتۆڵەسەندنەوە سەرهەڵدەدات، کاتێکیش ئیلیتزامی ئایینی بۆ تۆڵەسەندنەوە لەئارادا بێت، ئەوا دابی زیندەبەچاڵکردنی کچ دەکرێت پیادە دەکرێت، ئەو کاتەی

زیندەبەچاڵکردنی کچانیش پیادە دەکرێت، ئەوا خزمایەتی لەڕێی مێینەوە بلاودەبێتەوە. شکستخواردنیش لە دەستەبەرکردنی هەر خاڵێکی ئەو خالانە، ئەوا کۆی بەڵگەکە تێکدەشکێنێ.

هینری مینیش بایەخداربوو بەمەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو پێوەندی یاسا بە ئایین و ئەخلاق و، شوێنپەنجە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پێکهێنانی یاساکان لە بارودۆخی مێژوویی هەمەجۆردا، هەروەها کاریگەری سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆما- وەك ئیمپراتۆرییەکی سەربازی- بەسەر دەسەلاتی یاسایی باوك لەنێو خێزانی ڕۆمانیدا. هەروەها پێوەندی نێوان دەسەلاتی ڕەهای باوك و سیستەمی کۆمەڵەو، گواستنەوەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان لە یاسایەك کەوا لەسەر شوێنگە یان پێگەی کۆمەڵایەتی دامەزراوە، بۆ یاسایەك کە لەسەر بنەمای پەیمان بەستنە.

مین لە توێژینەوەکەی بۆ ئەو بابەتانەو نموونەکانیشی بەتەواوی داکۆکی لە تەبەنیکردنی میتۆدی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەکرد، ئەوەشی ڕەتدەکردەوە کە ئەمڕۆ بەڕاڤەکردنە دەروونییەکان ناوزەددەکرێت. بەڕای مین ئەو کردارانەی مرۆڤ لە ساتەوەختی بەراییدا پیادەی کردوون تائێستا جێی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەن، بەلام هیچ زانیارییەك لەبەردەستدا نییە لەسەر ئەو پاڵنەرانەی کە لە پشتی ئەو کردارانەدا بوونە. ئەو تیۆرییانەی لەبارەی باری مرۆڤ لە سەردەمە یەکەمینەکانی ژیانی جیهاندایە، گریمانەی ئەوە دەکەن ڕەگەزی مرۆیی لە سەرەتادا لە زۆر لەو بارانەدا ئازاد بووە کە ئەمڕۆ گەمارۆی خەڵکیان داوە، پاشان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مرۆڤ توانای ئەوەی هەبووە -لەو بارودۆخەی کە ئەوان خەیاڵیان بۆی





کردووە- پارێزگاری لە هەمان ئەو سۆزو ئارەزووانە بکات کە لە سەردەمی نوێدا مرۆڤ ئاراستەدەکەن، لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە ئەو سۆزو ئارەزووانە بەرهەمی هەمان ئەو بارودۆخە بن کەوا ئەو گریمانەیە نکۆڵییان لێ دەکات.

بەوتەیەکی تر، ناکرێ لە چوارچێوەی عەقڵیەتی کەسێکی مۆدێرن توێژینەوەی دامەزراوە بەراییەکان بکرێت، لەبەرئەوەی ئەو عەقڵیەتە بەرهەمی جۆرە سیستەمێکە جیاواز لەو سیستەم و بارودۆخانەی ئەوسا. پێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەیە ئەو شتەیە کە بە (هەڵەی سایکۆلۆژستەکان) ناودەبرێت کەوا هەریەکە لە دورکهایم و لیڤی برویل و زانا فەرەنسییەکانی تری سۆسیۆلۆژیا ڕەتیانکردەوە. مەبەستم لەوەدا ئەوە نییە بڵێم تیۆرییەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لەو سەدەیەدا تەواو ڕاستن، چونکە سەرلەبەری ئەو تیۆرییانە لای زاناکانی ئەمڕۆ قبوڵکراو نین، هەندێك لەوانە زۆر سادەو ساکارن نەك هەر تەنیا لە ئاست ئەو زانیاریانەی کە ئێستا لە بەردەستی ئێمەدا هەن، بەڵکو لە ئاست ئەو زانیاریانەش کە ئەو کات لە ڕۆژگاری دروستبوونی ئەو تیۆرییانە دەستاو دەستی دەکرد. هەروەها لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە میتۆدی تەئویلکردن بالا بکەم کە ئەوان گرتبوویانەبەر، بەڵکو ئەوەی دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی گرنگی ئەو زانایانە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ئێستادا. بۆئەوەی نرخی ئەنترۆپۆلۆژیا و ئەو نووسەرانەشمان لەبەرچاوبێت، پێویستە ئەوە بەبیر خۆمان بێنینەوە کە هەموو ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی لەو سەردەمی ئەورووپادا ڕوویاندا، تێڕوانینی زۆربەی بیرمەندانی -

بەتایبەتی فەلسەفەکارانی مێژووو ئابووریناسان و سەرژمێریناسانی– بەرەو ئەو ڕۆڵە گرنگە برد کە جەماوەر لە مێژوودا وازی دەکەن، زیاتر لەوەی ڕوویان لەو ڕۆڵە بێت کە تاکەکان دەیبینن، هەروەها بەرەو ڕووگەو ئارەزووی بەرفراونی گشتی چوون، بەبێ ڕووکردنە ڕووداوە بەشەکییەکان. لێکۆڵینەوەکانیشیان تایبەت کرد بە باری لێکچوون و زێدە وەسف و دووبارەکردنەوە. ئەو میتۆدە بەسەر توێژینەوەی دامەزراوەکانیشدا زاڵبوو، بەتایبەتی توێژینەوەی دامەزراوەکانی مرۆڤی سەرەتایی کە شتێکی وا لەبارەی چۆنیەتی پێشڤەچوونی نازانین.

هەرچی ڕۆڵی تاکە یان کاریگەری هەندێك ڕووداوی تێپەڕ بەسەر ئەو دامەزراوانە ئەوە لە توانادا نییە دەستنیشان بکرێت، چونکە ئەستەمە بەهۆی میتۆدی بەراوردکاری یان بەهۆی هەر میتۆدێکی ترەوە بێت دووبارە دابڕێژرێتەوە.

وێڕای ئەوەی لایەنێکی گەورەی ئەو ڕاوبۆچوونە باوانەی کە ئێستا لەنێو زانا مۆدێرنەکاندا هەیە لای زاناکانی سەدەی نۆزدە زانراو بووە، کەچی تێڕوانینیان لەبارەی هەندێك شتی تر تەواو دژکاری تێڕوانینی ئێستا بووە، بەشێوەیەك مرۆڤ ناتوانێت دڵتەنگ نەبێت کاتێك هەوڵە تیۆرییەکانی ئەوان دەخوێنێتەوە بۆ سەرلەنوێ دارشتنی مێژووی کۆمەڵگا. هەروەها لەهەندێ باری تردا سەری سووڕدەمێنێت لەبەرامبەر ئەو شتە سەیرو سەمەرانەی لە کتێبەکانیاندا هاتووە. هەندێك لەو ئاستەنگانەش بێگومان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە دەگەڕێتەوە کە بەسەر زاراوە بەکارهاتووەکاندا هاتووە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە گشتییەی کە لە خودی تێڕوانیندا هاتووە،





هەروەها پەیوەستە بەو گۆڕانانەی لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی مەعریفەوە بەسەر مانای وێناندنەکاندا هاتووە. هیچ گومانێك لە ئارادا نییە لە کەمی زانیاری لەبارەی کۆمەڵگا بەراییەکان لەو کاتدا، زۆربەی ئەو زانیاریانەش لە تێبینی سەرپێی و سادەوە هاتبوون کە لایەنگیری و ئارەزووکردنێکی زۆری تێدا هەبوو. بەڵام سەرباری لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو بارودۆخەش، تائێستا ئێمە لەو باوەڕەداین کە بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی هەنگاوە مێژووییە کۆنەکان بەرپرسیاربووە لە بەرامبەر خلیسکانیان بەرەو ئەو ئەنجامانەی کە هیچ بەهانەیەکیان بۆی نییە و بەدیش نایەن.

ئەنترۆپۆلۆژستانی سەدەی نۆزدە باوەڕیان وا بوو کە ئەوان دێن مێژوو دەنووسنەوە، مەبەستم مێژووی مرۆڤە کۆنە. ئەوان گرنگیان بەخودی کۆمەڵگا بەراییەکان نەدەدا، بەڵکو بەکاریان دەهێنان بۆ دارشتنی ئەو نموونە گریمانکراوانە لەبارەی بەرەبەیانی مێژووی ڕەگەزی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی و، مێژووی دامەزراوە ئەوروپییەکان بەشێوەیەکی تایبەت. کتێبەکەی مین لەبارەی (مێژووی کۆن) ناونیشانێکی لاوەکی هەیە بەناوی (پەیوەستبوونی بە مێژووی کۆنی کۆمەڵگاو پێوەندی بە هزرە نوێیەکانەوە). ناونیشانی یەکەمی کتێبەکەی تایلور ( لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆنی ڕەگەزی مرۆیی، هەروەها توێژینەوەیەکی جۆن لبوك لەبارەی ئەو بابەتە دەرکەوت لەژێر ناوی ( بنەچەی شارستانیەت). لە کۆتاییدا وتارەکانی ماکلینان هەموویان لە دوو بەشدا کۆکرانەوە بەناونیشانی: ( توێژینەوە لە مێژووی کۆن). شتێکی نامۆ نییە کە هەموو ئەو زانایانەی ئەو کات

لەبارەی لایەنی مێژووییان دەنووسی، چونکە ئەوسا هەموو زانیاری‌و مەعریفەیەك لە بنەڕەتدا ئاراستەیەکی مێژوویانەی گرتبووەبەر. ئەو ڕووگە گەشەسەندنگەراییە کە بەرهەمێکی جوانی لە بواری زانستی زماندا بەدەستهێنا، ئەوا لە هەریەکە لە بوارەکانی یاساو لاهوت‌و ئابووری‌و فەلسەفەو زانستدا ڕەنگیدایەوە.

ئارەزوویکی زۆریان هەبوو، دەکرێ بڵێین هەر بۆ خۆشی، بۆ هەوڵدانی زانینی بنەچەی هەموو شتەکان لە هەر بوارێکدا، بنەچەی جۆرەکان‌و بنەچی ئایین‌و بنەچەی یاساو شتی لەمجۆرە، هەموو ئەوانەش هەوڵدانێك بوو بۆ زانینی شتی نزیك بەهۆی شتی دوورەوە.

لێرەدا بەکورتی هەندێك لەو ڕەخنانەتان بۆ دەخەمەڕوو کە ئاراستەی ئەو میتۆدە کراوە کە هەڵساوە بە ڕاڤەکردنی دامەزراوەکان لەڕێی کێشانی ئەو هەنگاوانەی کە لە کردەی گەشەسەندن لە بنەچە گریمانکراوەکەیەوە بۆ ئێستا ناویەتی. گرنگە بزانین ئەو هۆکارانە چی بوون کە وای لە ئەنترۆپۆلۆژستە بەریتانییەکان کرد دان بەو جۆرە تەئویلکردنانە بنێن کە زاناکانی پێش ئەوان دایاننابوو.

ئێستا هەموو زاناکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ناکرێ لە دامەزراوەیەك لەدامەزراوەکان تێبگەین بە گەڕانەوە بۆ بنەچەکەی، سەرباری ڕاڤەکردنی. ئینجا مەبەست لەو بنەچەیە، بنەچەی بەراییەکان بێت یان هۆکارەکان یان تەنانەت تەنیا شێوە زۆر سادەکانیش بێت بەمانا لۆژیکییەکەی. ڕاستە زانینی پێشڤەچوونی دامەزراوەیەك‌و، بارودۆخی ئەو پێشڤەچوونە یامەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لێی، بەڵام زانینی مێژووی ئەو دامەزراوەیە لە خودی خۆیدا ئەو وەزیفەیە ناخاتە پێش چاو کە ئەو دامەزراوەیە لە ژیانی





كۆمەڵایەتیدا دەیبینێت. لێرەدا جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەوە هەیە کە ئەو دامەزراوەیە چۆن هاتووە تا ئێرە لەگەڵ ئەوەی کە چۆن کار دەکات، لە وانەبێژییەکەی دیکە گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەم.

لەڕاستیدا زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا لە سەدەی نۆزدە مێژوویەکی ڕەخنەییان پێشکەشمان نەکرد، یان تەنانەت ئەو مێژووەشیان نەخستەڕوو کە ئەو کات لە ناوەڕاستی سەدەکەدا باو بوو. خەڵك مێژوویان بەهونەرێکی ئەدەبی دادەنا کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو توێژینەوە میتۆدییە هەبوو بۆ سەرچاوەکان کە لە ئێستادا مێژوو پێکدێنن. تەنانەت لەو سەردەمیش مێژوونووسان پشتیان بە بەڵگەنامەو شوێنەوارەکان دەبەست، بەڵام ئەمە نەبووە جێی گرنگیپێدانی ئەوانەی بایەخداربوون بە ڕێکخستنەوەی بەرەوپێشچوونی دامەزراوە بەراییەکان، بەڵکو هەموو کردەکانیان بۆ ئەم پرۆسەیە لەسەر بنەمای مێژووی گریمانەیی بوو. بەڕاستیش زۆربەیان جگە لە خەملاندنێکی سەیر هیچی تریان نەکرد.

ئەگەر باوەڕمان بەوە هێنا کە مرۆڤ لە مەیموونەوە هاتووە، ئەوا دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە پێوەندی سێکسی لەو کاتدا تاڕادەیەك پێوەندییەکی بەربلاو بووە، ئەمەش ڕێمانپێدەدات ئەو پرسیارە بخەینەڕوو: چۆن هاوسەرگیری مونوجامی (هاوسەرگیری نێوان پیاوێك لەگەڵ ژنێکدا) لەم دۆخە دەرکەوت‌و پێشکەوت؟ هەرچی دووبارە ڕێکخستنەوەو گریمانەکردنە لەو بوارەدا، ئەوا تەنیا تێڕوانینێکی تیۆرییەو ناکرێ وەك واقیعێکی مێژوویی وەریبگرین.

هەروەها پێویستە تێبینی ئەوە بکەین میتۆدی بەراوردکاری،

تەنانەت لەو بوارانەش کە بەسەریدا جێبەجێ دەکرێ بۆ دیاریکردنی پێوەندییە یەك بەدوایەکەکان بەبێ ئەوەی هیچ بەهایەکی زەمەنی پێببەخشێت، هەندێك لاوازی زۆر ترسناکی تێدایە ئەو کاتەی لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان پراکتیك دەکرێت، تا ئەو شوێنەی خودی تایلور نەیتوانی خۆی لێ لابدات سەرباری هەموو زانیاریو هانابردنی بۆ میتۆدە سەرژمێرییەکان. بەگشتی ئەو واقیعانەی چوونە ژێر باری ڕاڤەکردن، یان تەواو ورد نەبوون یانیش بەتەنیا بەس نەبوون. لە زۆربەی کاتیشدا لە کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییەکان دادەبڕێندرێن کە مانای پێدەبەخشێت. هەروەها زاناکان ئەوەیان دیاریکردووە کە لە حاڵەتی توێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکاندا ئەو یەکە دەستنیشانکراوانەی کە پێویستە بەپێی میتۆدی گۆڕانکارییە هاوشانەکان شیبکرێنەوە، مەسەلەیەکی زۆر قورسە تاڕادەی ئەستەمبوون. بۆ نموونە توێژینەوە لەو پێوەندییە هاوشانە بکەین کە لەنێوان تەوتەمیەتو سیستەمی خێڵگەری هەیە، بەڵام پێناسەکردنی هەریەکە لە (تەوتەمیەت) یان (خێڵ) بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە، کارێکی زۆر قورسە. لەوەش قورستر ئەوەیە پێناسەی وردو تەواوی هەندێك چەمك یان وێناندنی وەکو (موڵکدارێتی) یان (تاوان) یان (مونوجامی) یان (دیموکراسی) یان (کۆیلە)و زۆر زاراوەی تر بکەین.

ئاستەنگێکی تر کە ئەو لێکۆڵینەوانە تووشی بوون- کە بەبڵاوبوونەوەی دامەزراوەو بیروباوەڕەکان زیاد دەکات- ئەوە دەستنیشانکردنی بواری بڵاوبوونەوەی یەك دیاردەییە، ئایا دەکرێ بوونی سیستەمی فرەژەنی لە تەواوی جیهانی ئیسلامی بەحاڵەتێکی تایبەت دابنێین یان دەبێ بە ڕەمز یان تاکە نموونەیەکی هاوسەرگیری





لەنێو ئەو سیستەمەدا دابنێین؟ ئایا دەکرێ سیستەمی پەرلەمانی کە لە سیستەمی بەریتانی وەرگیراوەو، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەیە، هەموو ئەو نموونانە بەسیستەمی پەرلەمانی دابنێین یان نموونەگەلێکی جیاوازن؟ ئا بەمجۆرە.

پێموایە توانیوومە بەڕوونی لە دوو ڕووی گرنگەوە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدە لە ئەنترۆپۆلۆژیای سەدەی بیستەم جیابکەمەوە: یەکەم ئەنترۆپۆلۆژیای ئەو کات ئامانجی ڕاڤەکردنی دامەزراوەکان بووە لەڕێی چۆنیەتی گەشەسەندنو، ئەو هەنگاوانەی کە لە پرۆسەی پێشڤەچووندا لەوانەیە پێیدا تێپەڕیبن. دەکرێ مەسەلەی گرنگی پێشڤەچوونی مێژوویی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لەو حاڵەتانەی کەوا مێژوو تێیدا زانراوە، بۆ دەرفەتو کاتێکی تر هەڵگرین، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە سەرجەم زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا وایدەبینن کە مادام مێژووی دامەزراوەکانی گەلانی سەرەتایی بەتەواوی لامان ڕوون نییە، ئەوا توێژینەوەی میتۆدیانەی ئەو سیستەمانە کە چۆن گەیشتوونەتە ئێستا، پێویستی بەهەوڵدان بۆ چۆنیەتی سەرهەڵدانو گەشەسەندنیان هەیە. هەروەها بڕوایان وایە سەرهەڵدانو گەشەسەندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە لە مەسەلەی وەزیفەی ئەو سیستەمە لەناو کۆمەڵگادا-بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەندییەی کە لەنێوان هەردوو مەسەلەکەدا هەیە-لەبەرئەوە پێویستە بەتەنیاو بەڕێگەی تایبەتو گونجاو توێژینەوەی لەسەر بکرێ.

بەدەربڕینێکی تر مانای هەموو ئەوانە ئەوەیە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیو ئەتنۆلۆژیا لە تێڕوانینی زانایانی سەدەی نۆزدە بەیەك

زانست دادەنران یان بەیەک جۆر توێژینەوە، کەچی زانا نوێگەرەکان بەدوو زانستی جیاواز لەیەکتریان دادەنێن. جیاوازی بنەڕەتی دووەم کە حەزدەکەم ئاماژەی پێبدەم کە لە ڕاستیدا بەم دواییە بەڕوونی لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیادا دەرکەوت. لە پێشدا لە وانەبێژی یەکەمدا ئاماژەم بەو جیاوازییەی نێوان کولتوورو کۆمەڵگا کرد، ئەو جیاوازییەی کە زانایانی سەدەی نۆزدە زۆر بەکەمی بایەخیان پێدا. ئەگەر درکیشیان بەو جیاوازییە کردبا، ئەوا گومانی تێدا نییە کولتوور دەبووە بابەتی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانیان نەک پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە لای ئەوان کولتوور دیاردەیەکی بینراوە. وا تەماشای هاوسەرگیریو تەوتەمگەریو پەیوەستبوون بەڕەچەڵەکی دایکو پەرستنی سەلەفەکانو کۆیلەو شتی تریان دەکرد کە تەنیا داب یان دیاردەیەکی سادەن، کاری ئەوانیش توێژینەوەی ئەو عادات یان ئەو دیاردە بەرچاوانەیە. بەمەش چەمکو وێناندنەکانیان هەمیشە لەژێر باری گرانی واقیعی کولتووری بوو، بۆیە هەر هەوڵێکی ڕێکو پێک بۆ ڕاڤەکردنی بەراوردکاری لەسەرەتاوە لەبارچووە.

زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا هەڵنەستان بەپۆلینکردنی کۆمەڵگاکان لەسەر بنەمای بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی —لەجێی پۆلینکردن لەسەر بنەمای کولتوورەکەی— وەک هەنگاوێکی یەکەمی جەوهەری لەپێناو توێژینەوەی بەراوردکاری، مەگەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا نەبێت. هەروەها ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی— دوای جیاکردنەوەی تەواوی لە ئەتنۆلۆژیا— جەختی کردە سەر توێژینەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەبری توێژینەوە لە کولتوور. بەم کارەشی توانی بەڕوونی بابەتەکانی دیاریکاتو هەڵبسەنگێنێتو، میتۆدێکی نوێش





بۆ لێکۆڵینەوە تێیدا بگرێتەبەر. لەگەڵ ئەوەی میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیا تائێستاش میتۆدی بەراوردکارییە، بەڵام ئەوەیە لەئێستادا بۆ مەبەستی جیاوازو بەڕێگەی جیاوازو لەسەر شتی جیاواز بەکاردێت.

جگە لەو جیاوازییانەش لە میتۆددا، زانا مۆدێرنەکان هەست بە جیابوونەوەیەکی مەعنەوی لەگەڵ زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیای سەدەی نۆزدە دەکەن. ئەو تیۆرییانەی کە لە ڕابردوودا بەرهەمهێنراون تەنیا لەسەر حەدەسو خەملاندن نەوەستاون، بەڵکو زۆر لە ڕەگەزی هەڵسەنگاندنی تێ ئاخنراوە. هەموو ئەو زانایانە لیبرالو عەقڵانی بوون، لەبەرئەمە لەسەرووی هەموو شتێکەوە باوەڕیان بە پێشکەوتن هەبوو کەوا لە گۆڕانە ماددیو سیاسیو دیموکراتیو فەلسەفییەکانەوە بەرجەستەدەبوو کە ئەو کات لە ئینگلتەرا ڕوویاندەدا. پیشەسازیو دیموکراتیەتو زانست لە خۆیاندا دیاردەگەلێکی سوودمەندن. بەڵام ڕاڤەکردنەکانی ئەو بیرمەندانە بۆ سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان نابنە پێوەرو تەرازوویێک بۆ پێوانەکردنی پێشکەوتن، بەجۆرێک فۆرمەکانی سیستەم یان عەقیدەکان وەکو ئەوەی لە ئەوروپاو ئەمریکای سەدەی نۆزدە لەئارادابوو، لەلایەک دانراوەو، سیستەمو عەقیدە بەرایییەکانیش لەلایەکی تر. پاشان ڕیزبەندکردنی قۆناغەکانی دوای ئەوە بەشێوەیەک کە لەگەڵ مێژووی پێشڤەچوون —لەلایەنی لۆژیکی ڕووتەوە— لە لایەنێکیانەوە بۆ ئەوی بەرامبەری تەبابێتەوە. هەموو ئەو شتانەی کە لەمەدا دەمێنێتەوە، هەڵکۆڵینی نێو نووسینە ئەتنۆلۆژییەکانە لەبارەی واقیعگەلێک کە نمایندەی هەر قۆناغێک لەو قۆناغانە دەکات.

دەبینین وێڕای ئەوەی زانایانی سەدەی نۆزدە باوەڕیان

بەگرنگی میتۆدی ئەزموونگەری هەبوو لە توێژینەوەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا وەك فەلسەفەکارە مۆرالیستەکانی سەدەی هەژدە زۆر پشتیان بە جەدەل و بیرکردنەوەی تیۆری و میتۆدە دۆگماکان نەدەبەست، بەڵکو لەهەمان کاتدا هەستیان بەوە دەکرد کە پێویستە تێزەکانیان پشتئەستوور بکرێن بە تێبینی و بەڵگەنامە واقیعییەکان، ئەو پێویستییەی زۆر بە دەگمەن لای فەلسەفە مۆرالیستەکان هەستی پێدەکرا.

ئێمە ئەمڕۆ گومانێکی زۆر لەو بەهایە دەکەین کە زاناکانی پێشوو بەجێیانهێشتووە. هەوڵدانی زانا مۆدێرنەکان لەبارەی قۆناغەکانی پێشڤەچوون کە مێشکی زانا یەکەمینەکانی سەرقاڵکردبوو، هەروەها ئاراستەگرتنیان بەرەو توێژینەوە فرمانگەراییە ئیستقرائییەکان بۆ کۆمەڵگا بەراییەکان، بۆ زیادبوونی گومان لە بەهای زۆر لەو هەڵسەنگاندنانە دەگەڕێتەوە کەوا لە سەدەی نۆزدە کران. ڕای زانایان سەبارەت بەو بابەتە هەر چۆنێك بێت، ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی مۆدێرن بەڕووگە تیۆرییەکەی هەڵوێستێکی کۆنزەرڤاتیڤانەی وەرگرتووە کە گرنگی دەدا بەفاکتەرەکانی تەواوکاری و هاوسەنگی لەنێو کۆمەڵگا، زیاتر لەوەی بایەخدار بێت بەتوێژینەوەی پێوانەو قۆناغەکانی پێشەکەوتن.

پێموایە هۆکاری یەکەمی ئەو تێکەڵاوییە کە لای زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیای سەدەی نۆزدە بەدی دەکرێت، بۆ باوەڕی ئەوان ناگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتن و ئارەزووکردنیان بۆ گەیشتن بەو ڕێگەیەی کە بتوانن لێیەوە ئەوە بزانن کە چۆن ئەو پێشکەوتنە ڕوویداوە،( لەبەرئەوەی تەواو درکیان بەوە کردبوو کە ئەو نموونانەی





هێنابوویانەوە تەنیا گریمانەیەك بوون و قابیلی بەدەستهێنان نەبوون) بەقەد ئەوەی بۆ ئەو قەناعەتە دەگەڕێتەوە کە بەمیرات لە سەردەمی ڕۆشنگەری وەریانگرتبوو، بەو مانایەی کۆمەڵگاکان سیستەمگەلێکی سروشتین یان بوونەوەری ئۆرگانین و لەماوەی قۆناغە زەروورییەکان بەڕێگەیەکی دیاریکراو پێشڤەدەچن کە دەکرێ بۆ پرنسیپە گشتییەکان یان یاساکان بیانگێڕینەوە. ئەوان پێوەندییە لۆژیکییەکانیان وا خستبووە ڕوو گوایە پێوەندی واقیعی و پێویستن و، پۆلینکارییە چەشنگەراییەکانیش بەو پێیەی وێستگەگەلێکن، وێستگەیەکی مێژوویی کە هەر دەبێ پێی بگەین. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخا کە چۆن تێکەڵکردنی بیرۆکەی یاسای زانستی بەبیرۆکەی پێشکەوتن لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیا –هەروەها لەنێو فەلسەفەی مێژوودا– ئەو وێناندنە لەخۆوەییە لەبارەی قۆناغەکانەوە دێنێتەکایەوە، بانگەشەکردنی ئەوەی کە حەتمیەتە سیفەتێکی پێوانەیی پێدەبەخشێت.

ئاساییە ئەوانەی لایان وایە بەپێی یاسا زانستییەکان ژیانی کۆمەڵایەتی ڕاڤەبکرێت، ئەوا باوەڕیان وابێت سیستەمی هاوشێوە هەر دەبێ لە فۆرمی هاوشێوەوە سەریهەڵدابێت، ئەو فۆرمانەش بەهۆی وەزیفەکەیەوە لە چەشنگەلێکی ڕەسەنی هاوشێوەوە بەرهەمهاتوون. لە لێکچەرەکەی تردا بە درێژی گفتوگۆ لەسەر ئەو خاڵە دەکەم لە پێوەندی بەئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە کاتی ئێستادا.

## بەشی سێیەم

## بەرەوپێشچوونە تیۆرییەکانی دواتر

لە لێکچەری پێشتر تایبەتمەندییەکانی نووسەرەکانی سەدەی هەژدەو نۆزدەمان پێشکەشکردن، ئەوانەی بەشێوەیەك لە شێوەکان دەکرێ بڵێین لەڕێی ئەنترۆپۆلۆژیاوە توێژینەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتییان کردووە. مەبەستیان لەمەشدا ئەوە بوو، تا توێژینەوەکان لە هەردوو سەدەدا ئاراستەیەکی سروشتیو ئەزموونگەری بگرنەبەر، بەڵام ئەوە لە واقیعدا دەستەبەر نەبووە. هەروەها ئامانج لەو توێژینەوانە گەیشتن بووە بەگشتاندنەکانو زانینی بنەچە یەکەمینەکان، هەروەها بیرۆکەی پێشکەوتنو بازدانی مۆراڵو دابو نەریت لە توندییەکی تەواو بۆ نەرمو نیانیو، لە وەحشیگەرییەوە بۆ مەدەنییەت یان شارستانیبوون، هەموو ئەوانە بەسەر بیرکردنەوەیاندا زاڵ بوو. ئەو ڕێگەیەی کە لە بەکارهێنانیدا دەروەستیان کردبوو، ڕێگەی بەراوردکاری بوو، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت بۆ وێنەکێشانی ئەو ڕێگایەی کۆمەڵگا لەماوەی بەرەوپێشچوونیدا پێیدا تێپەڕیوە. لەو خاڵەشدا بەتایبەت ئەنترۆپۆلۆژیای نوێ جیاوازییەکی جەوهەری لەگەڵ ئەوەی ڕابردوودا هەیە.





لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، لێکۆڵەران پەرچەکرداریان دژی ئەو هەوڵانە بۆ ڕاڤەکردنی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لەسایەی دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕابردووەکەی نیشاندا، واتە ڕاڤەکردنی ئەو شتانەی کە زۆر کەمی لێ دەزانین هەرچەندیش لێی دڵنیانەبین. ئەو پەرچەکردارەش بەتایبەت دژی تیۆریگەلێك ئاراستەکرا کە بەپێشڤەچوونی تەریب ناسرابوو، کە لە کاملترین وێنەی خۆیدا نمایندەی زەقکردنەوەی بەرەوپێشچوونی دەکرد بەو مانایەی هەمیشە لەسەر یەك هێڵدا ڕۆیشتووە. ئەو تیۆرییەش ئەو کات لەو لایەنەوە زۆر قبوڵ کرا. لەگەڵ ئەوەی ئەو ئەنترۆپۆلۆژیا گەشەسەندنگەراییە، کە زۆرجار بە هەڵە بە ئەنترۆپۆلۆژیای پێشڤەچوونگەرایی ناودەبرێت، سەرلەنوێ داڕێژراوەتەوەو لە قاڵبێکی نوێ لە نووسینەکانی شتاینتمزو نیبورو وسترمارکو هوبهاوسو هی دیکە بەدی دەکەین، ئەگەرچی بانگەشەکەی لە دواجاردا شکستی هێنا.

هەندێك ئەنترۆپۆلۆژست ئەوسا ئاراستەی دەرووناسییان گرتەبەر وەك پاڵپشتێك بۆ دۆزینەوەی زۆر ڕێگەچارە بۆ کێشەکانیان، ئەمەش هۆکارێك بوو تا ناچارنەبن هانا ببەنە بەر مێژووی گریمانەیی. بەڵام ئەو هەوڵە –وەك هەموو هەوڵەکانی هاوشێوەی دوای خۆی– بۆ هێنانەکایەوەی ئەنترۆپۆلۆیای کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دەروونزانی، لەو خانووە دەچێت کە لەسەر لم دامەزرا بێت.

ڕاستییەکەی تیۆری ئەنترۆپۆلۆیا لە هەردوو سەدەی هەژدەو نۆزدە لەناوەوەیدا ڕووگەیەك لە گریمانەو بانگەشەی سایکۆلۆژی حەشاردابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەی نووسەرەکانی ئەو سەردەمە گریمانەی گریمانە تیۆرییەکانیان لەبارەی سروشتی مرۆیی کردووە،

کەچی یەکێك لەوان نەهاتووە بڵێ من دەتوانم بەئاماژەدان بۆ هەستو پاڵنەرە تاکەکەسییەکان لە دابو سیستەمەکان تێبگەم. ڕاستییەکەی زۆر لەوان بەڕاشکاوی ئەو کارەیان ڕەتکردۆتەوە. پێویستە ئەوەش بیربخەینەوە کە ئەوەی ئێستا بەدەروونزانی ئەزموونگەری ناودەبرێت ئەو کات بوونی نەبووە، تەنانەت هەندێك لە ئەنترۆپۆلۆژستانی وەك تایلورو فریزەر، ئەو کاتەی ویستویانە هانا ببەنەبەر دەروونزانی لە توێژینەوەکانیاندا، ئەوا ڕوویان کردۆتە دەروونزانی هاوبەندی، ئەو کاتەی ئەو جۆرە دەروونزانییە سیحری خۆی لەدەستداوە، ئەوا هیچیان لە دەستدا نەما جگە لەو تەئویلاتە زیهنییە بەتاڵانەی کە لەو تیۆرییانە وەریانگرتبوو. هەروەها دواتر بەهەمان شێوە هەندێك زانای تر دووچاری بێئومێدی بوون، ئەوانەی کە پشتیان بەدەروونزانی هەستو بیروباوەڕی خۆ بەست. من لێرەدا بەتایبەت مەبەستم ماریتو مالینوڤسکیو ئەوانی ترە لە بەریتانیا، لویو رادینو هەندێك زانای ترە لە ئەمریکا، کە نووسینەکانیان هەندێك بابەتی دیاریکراوی وەك ئایینو سیحرو تابۆو جادوگەری لەخۆگرتووە.

هەموو ئەو نووسەرانەش بەشێوەیەك لە شێوەکان هەوڵیانداوە ڕاڤەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پەیوەست بەپیرۆزی (موقەدەس) لەسەر بنەمای هەستو سۆز بکەن یان لەسەر بنەمای بارە هەڵچوونئامێزەکانی وەك ڕقو چاوچنۆکیو ترسو تۆقینو سەرسوڕمانو هەستکردن بەجیهانی غەیبیو هێزی تێکشکێنەری دابو سەرسوڕهێنەرو سەپاندنی ویستو شتی لەم جۆرە. ئەو ڕەفتارەش لە هەڵچوونی سۆزئامێزو هەستی چەپاندنەوە لەدایك دەبێت، کە ئامانج تێیدا پاکبوونەوە یان قەرەبووکردنەوە یان





وروژاندنە. ئەو پێشکەوتنەی لە هەموو میتۆدە دەروونزانییە ئەزموونگەرییەکان بەدەستهاتووە، ئەوەی دەرخستووە کە هەموو ئەو ڕاڤەکاریانە تێکەڵو پێکەڵیو هەڵەیەکی زۆری تێکەوتووە، هەروەها زیادەڕۆییەکی زۆری تێدا کراوە. لەگەڵ ئەوەش، ئەو چارەنووسەی کە زاناکانی پێشوو تووشی هاتن ئەنترۆپۆلۆژستە نوێگەرەکانی ساردنەکردەوە، بەتایبەتیش لە ئەمریکا لە هەوڵدانیان بۆ داڕشتنەوەی ئەنجامەکان کەوا لە تێکەڵکردنی نێوان دەروونزانی ڕەفتارگەراییو شیکردنەوەی دەروونی پێیگەیشتبوون، کە ناوی سایکۆلۆژیای کەسایەتی یان سایکۆلۆژیای پاڵنەرو ڕووگەکانی بەسەردابرا.

ناڕەزاییەکی زۆر ئاراستەی هەموو ئەو هەوڵە یەك لەدوای یەکانە بۆ ڕاڤەکردنی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان لە سنووری دەروونزانی تاکەکەسیدا کرا، هەروەها ناڕەزاییەکی گشتی هەیە کە ڕاستە. ئەو ناڕەزاییە گشتییەش پێی وابوو دەروونزانیو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی توێژینەوەی دوو جۆری جیاواز لە دیاردەکان دەکەن، ئەو دیاردەیەی کە یەکێکیان لێی دەکۆڵێتەوە ناکرێ لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامەی کە ئەویتریان پێی گەیشتووە تێی بگەین: دەروونناسی توێژینەوە لە ژیانی تاکەکەس دەکات لە کاتێکدا ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی توێژینەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات. یان بەگوتەیەکی تر، دەروونناسی توێژینەوەی سیستەمە دەروونییەکان دەکاتو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی توێژینەوەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان. دەروونناسو ئەنترۆپۆلۆژست تێبینی هەمان کاروکردەوە دەکەن لە ڕەفتاری واقیعی، بەڵام لەسەر ئاستی

جیاواز لە ئەبستراکتکردن لەو کاروکردەوەیە دەکۆڵنەوە.

ڕێگابدەن با نموونەیەکی سادەتان بۆ بێنمەوە: ئەو پیاوەی لەبەر ئەنجامدانی تاوانێك دراوەتە دادگاو دەبینین دەستەی سوێندخۆران بەگوناهباری لە قەڵەم دەدەنو دادوەریش بەسزایەك حوکمی دەدات. واقیعەکان کە هەڵگری مانای کۆمەڵایەتین لە نموونەی حاڵەتێکی ئاوا بریتییە لە بوونی یاسایەکی دیاریکراو، لەگەڵ جۆرەها سیستەمی دادوەریو ڕێوشوێنی یاسایی کە ڕێ بەجێبەجێکردنی ئەو یاسایە دەدات لەو کاتەی کە لێی لادەدرێت. پاشان ئەو کردەیەی کە کۆمەڵگای سیاسی لەڕێی نوێنەرەکانییەوە پێی هەڵدەستێ کە لە سزادانی تاوانباردا بەرجەستە دەبێت. لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا بیروباوەڕو هەستی جیاوازی هەریەکە لە تۆمەتبارو سوێندخۆرانو دادوەر ملکەچی گۆڕانکاریو کردەکان دەبن، هەروەك هەموویان یەك تەمەن نینو، ڕەنگی چاوو قژیان جیاوازە. بەڵام هەموو ئەو گۆڕانو جیاوازییانە زۆرو کەم سەبارەت بەئەنترۆپۆلۆژست گرنگ نییە، چونکە ئەو بەو شێوەیە بایەخدار نییە بەبەشدارانی دادگاییەکە وەك تاك، بەڵکو بایەخدارە پێیانەوە وەك تاکەکەس کە هەریەکەیان ڕۆڵێکی دیاریکراو لەنێو پرۆسەی دادپەروەریدا وازی دەکات. ئەمە لەو کاتەی هەمان ئەو هەستو سۆزو بیروباوەڕە شوێنی بایەخدانی سەرەکییە لای زانای دەروونناسی ئەوانەی تایبەتمەندن بە توێژینەوەی تاکەکان، لەکاتێکدا ڕێوشوێنو پرۆسە یاساییەکان جێی بایەخدانی دووەمیانن. ئەو جیاوازییە جەوهەرییەش لەنێوان ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیو دەروونزانیدا مەحەکە لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا.





ڕاستییەکەی لەوانەیە هەریەکە لەو دوو زانستە سوودێکی گەورەیان بۆ یەکتر هەبێت، ئەگەربێتو هەریەکەیان لێکۆڵینەوە لەبارەی کێشەکانی تایبەت بەخۆیان بکۆڵنەوە بەبێ ئەوەی خۆیان بەزانستەکەی تر بەند بکەن.

لەپاڵ ئەو ڕەخنەیەی کە لەو ڕووگەیە گیرا کە بەناوی تیۆرییە پێشڤەچوونگەرایییەکان لە ئەنترۆپۆلۆژیای سەدەی نۆزدەدا ناسرابوو (کە بەدیوی ناوەوەدا فەرامۆشکردنی ئەو تیۆرییانە بوو لەلایەن ئەو زانایانەی کە مەبەستیان بوو لەژێر ڕۆشنایی دەروونزانیدا، عورفو بیروباوەڕەکان راڤە بکەن) هەروا ئەو تیۆرییانە دووچاری هێرشی دوو توێژی تری زانایان بوونەوە: بلاوبوونەوەگەراکان diffusionists و فرمانگەراکان functionalists.

کۆی ڕەخنەکانی ئەو زانایانەی کە دواتر بەناوی ئەنترۆپۆلۆژستە بلاوبوونەوەگەراکان خۆیان ناساند، لەو ڕاستییە ڕوونو ئاشکرایەوە هات کە کولتوور لە زۆربەی کاتدا خوازراوە، لەسەر ئەم بنەمایەش لێکچوونی شێوەی کولتووریی لە کۆمەڵگا جیاوازەکان مانای ئەوە نییە کە گەشەسەندنێکی خۆبەخۆیە کە دەرەنجامی لێکچوونی توانا کۆمەڵایەتیو سروشتییەکانی مرۆیی بێت. ئەگەر تێبینی مێژووی داهێنانو ئەفراندن بکەین لە بواری تەکنۆلۆژیا یان هونەر یان هزر یان عورف، ئەوا دەبینین هەریەك لەو داهێنانانە لای گەلانی جیاوازو لە کاتو شوێنی جیاوازدا خۆبەخۆ دەرنەکەوتووە، بەڵکو (گەل)ێك لە کاتو شوێنێکی دیاریکراو پێی گەیشتووە، پاشان –گشت یان هەندێکی– لەو کۆمەڵگایەوە بۆ کۆمەڵگاکانی تر گوازراوەتەوە. ئەگەر زیاتر لە مەسەلەکە قووڵ

ببینەوە بۆمان دەردەکەوێت کولتوور گەشەی سەندووەو بڵاوبووەتەوە لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە شوێنە کولتوورییەکان، سیما کولتوورییە گوازراوەکانیش لەساتی کردەی گواستنەوەو خستنەپاڵ لە کولتوورەکانی تردا کەوتوونەتە ژێر باری جۆرەها چاکسازیو گۆڕانکاری.

ئەگەر لە تواناماندا هەبوو ئەو داهێنراوانە دیاری بکەین کە لەبارەی مێژووەکەیەوە بەڵگەو دۆکیومێنتی مسۆگەرمان لەبەردەستدا هەبوو بەوەی هەموویان بەزۆری بەم شێوەیە بڵاوبوونەتەوە، ئەوا شتێك نامێنێتەوە ڕێگرمان بێت لەوەی گریمانەی ئەوە بکەین کە ئامێرو بیروباوەڕو داب‌و نەریتە هاوشێوەکان کە لای کۆمەڵگا بەراییەکان لە سەرتاپای جیهاندا بوونی هەیە، ئەویش بەهەمان ڕێگە لە ژمارەیەکی سنووورداری شوێنی پێشکەوتووی کولتووریدا بڵاوبووەتەوە، تەنانەت ئەگەر لەبارەی ئەو بڵاوبوونەوەیە جگە لە لێکچوونێکی نێوانیان‌و دواتر دابەشبوونی جوگرافیاندا نەبێت، ئەو ئەگەرەش زیاتر دەبێت ئەو کاتەی سیما هاوبەشەکان ئاڵۆز دەبێت، بەمجۆرە لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەش بوونی دەبێت.

ئەو بەهانەیەی کە بۆ لاوازکردنی بەهای تیۆرییە گەشەسەندنگەراکان لەنێو زانایانی سەدەی نۆزدەدا باو بوو کاریگەرییەکی بەرچاوی دەبێت، ئەگەرهاتوو بەڵگەی ئەوە لەبەردەستدا بێت کە یەکێك لە سیستەمە باوەکانی نێو کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان لە بنەچەدا لە کۆمەڵگەیەکی تر لە ماوەی بەر لە مێژووی خۆی خواستویەتی، ئەوا زەحمەتە ئەو سیستەمە وادابنێین کە لە سیستەمێکی کۆنی هەمان کۆمەڵگادا سروشتیانە پێشڤەچوو بێت،





بەمەش ئەستەمە ئەوە شایەدی بێت لەسەر یاسای گەشەسەندن.

تائێستاش ئەنترۆپۆلۆژیای بڵاوبوونەوەگەرایی لە ئەمریکادا باڵادەستە، بەڵام لە ئینگلتەرا کاریگەرییەکی زۆر لاوازی هەیە. ئەمەش بۆ ئەو خراپ بەکارهێنانەی هەریەکە لە ئەلیوت سمیس‌و پیری‌و ریڤرز دەگەڕێتەوە.

جگەلەوەش تیۆرییەکانیان پشتیان بەزەنبردن‌و خەملاندن دەبەستا، بەمەش تیۆرییەکانیان دەستەبەرنەدەکرا وەکو تیۆرییە بڵاوبوونگەراکان کە بۆ دژایەتیکردنی ئەو دامەزراوانە بوون. هەرچی ئەنترۆپۆلۆژستە فرمانگەراکانن- کە لێرەوە قسەیان لەسەر دەکەم- ململانێی نێوان پێشڤەچوونگەراکان‌و بڵاوبوونەوەگەراکان بەململانێیەکی خێزانی نێوان دوو توێژی نێو ئەتنۆلۆژیا دادەنێن، کە دوورو نزیك پێوەندی بەئەنترۆپۆلۆژیا نییە.

ڕەخنەی فرمانگەراکان لە هەردوو قوتابخانە لەوەدا ناوەستێ کە تیۆرییەکانیان تەنیا حەدەس‌و خەملاندن بووە، بەڵکو نکۆڵی لە هەوڵەکانیشیان دەکەن لەبارەی لێکدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بەئاماژەدان بە ڕابردوو، بەوەی کە ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لەگەڵ شێوازی زانستی تەبانایەتەوە. زۆربەی ئەو نووسەرانەی ئەو ڕێچکەیەیان گرتۆتەبەر- مەبەستم زۆربەی زانا ئەنترۆپۆلۆژییە کۆمەڵایەتییەکانی ئینگلتەرایە- خۆیان وەك زانای سروشتی دەبینن. بۆ نموونە زانایەك کە دەیەوێت لەوە تێبگات فڕۆکە چۆن دەفڕێت یان جەستەی مرۆڤ چۆن ئیش دەکات، ئەوا بابەتی یەکەم لەژێر ڕۆشنایی یاساکانی میکانیك دیراسە دەکات‌و، لەژێر ڕۆشنایی یاساکانی فسیۆلۆژیاش لە بابەتی دووەم دەکۆڵێتەوە، بەڵام لەمەدا پێویستی

بەزانینی هیچ شتێك نییە لەسەر مێژووی زانستی ڕۆیشتن بەهەوادا یان لەبارەی تیۆری بەرەوپێشچوونی بایۆلۆژی. بەهەمان شێوە دەکرێ توێژینەوەی یەکێك لە زمانەکان لە چەند گۆشەیەکی جیاوازی، ڕێزمانو دەنگسازیو مانای گۆکردنو شتی تر، بکەین بەبێ ئەوەی پێویستمان بەزانینی مێژووی هەریەك لەو گۆکردنانە بێت، لەبەرئەوەی ئەو بابەتە پەیوەستە بەلقێکی تری زانستی زمان ئەویش فیقهی زمانە. هەروەها توێژینەوەی مێژووی سیستەمی یاسایی لە ئینگلتەرا بۆمان ڕووندەکاتەوە چۆن ئەو یاسایانە تا ئێرە هاتوونە، بەڵام بۆمان دیاری ناکات کە ئەو یاسایانە چۆن لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئیش دەکەن، بەڵام تێگەیشتن لەو خاڵەی دوایی دەخوازێت بەشێوەیەکی ئەزموونگەرایانەی نێو زانستی  سروشتی لەو یاسایانە بکۆڵینەوە، چونکە توێژینەوەی زانستی مێژوویی و زانستی سروشتی دوو جۆرە توێژینەوەی جیاوازنو، ئامانجو میتۆدو شێوازی جیاوازیشیان هەیەو پیادەکردنیشیان تێکەڵی دروست دەکات.

لە توێژینەوەی کۆمەڵگا بەراییەکان بەگشتی کارو ئامانجی ئەتنۆلۆژی، کە بەڕۆڵی مێژوونووس بۆ ئەو گەلە هەڵدەستێت، لە دۆزینەوەی ئەو هەنگاوانەدا قەتیس دەبێت کە سیستەمی ئەو گەلە پێیاندا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەوەی لەئێستا لە ئارادایە، کەچی کارو ئامانجی ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی، کە بە ڕۆڵی زانا هەڵدەستێت، دۆزینەوەی فرمانەکانی دامەزراوەکانی نێو سیستەمی کۆمەڵایەتییە کە وابەستەیەتی. لە واقیعدا هەموو ئەو شتەی مێژوونووس دەتوانێت بیکات– تەنانەت لەو کاتانەش کە پشت بەباشترین دۆکیومێنت دەبەستێت– ئەوە دیاریکردنی ڕووداوە یەك





بەدوای یەکەکانە کە گەیشتۆتە حاڵەتی ئێستا. ناتوانێت بەڵگەیەك لە پرنسیپە گشتییەکانەوە بەدەستبێنێت لەسەر ئەو ڕووداوە یەك بەدوای یەکانە، هەروەها توێژینەوەی ڕووداوەکان خۆیان نایگەیەنێتە ئەو پرنسیپە گشتیانە. لەبەر هەموو ئەمانە ئەو هەڵەیەی کە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی لە سەدەی نۆزدە تێیکەوتن، هەڵەیەکی دوولایەنە بوو: هەڵسان بەوێنەکێشانی ئەو هەنگاوانەی کە مێژوو پێیدا تێپەڕیوە، بێئەوەی زانیارییەکی تەواویان لەبەردەستدا بێت بۆ ئەم کارە، هەروەها هەوڵیاندا یاسا کۆمەڵایەتییەکان دابڕێژن بەڕێگەیەك کە ناکرێ ئەو یاسایانەی لەسەر بونیاد بنرێت.

ڕەنگە دانپێدانانێکی گشتی بەو مەسەلەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ئەتنۆلۆژیا، ئێستا ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی سەربەخۆیی خۆی لە چوارچێوەی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتیدا پێدراوە.

لەمەوەش زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پێیان وایە کۆمەڵگاکان بریتیین لە سیستەمگەلێکی سروشتی کە بەشەکانیان گرێدراوی یەکترن، هەر بەشێك لەو بەشانە لەنێو تۆڕێك لە پێوەندی ئاڵۆزدایە بۆئەوەی پارێزگاری لە هەمەکی بکاتو، دەشێت ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ یاسا زانستییەکان ڕێگەی پێشبینیکردنمان پێبدات.

لێرەدا تووشی چەند پرسێك دەبینەوە، دەکرێ لەدوو پرسی سەرەکیان چڕبکەینەوە: یەکەم ئەوەیە کۆمەڵگاکان سیستەمگەلێکن، دووەمین ئەو سیستەمانە سیستەمی سروشتین کە دەکرێ بۆ چەند گۆڕاوێك بیانگێڕینەوەو، لێکۆڵینەوە لە سروشتی ئەو سیستەمانە پێویست بە توێژینەوە لە مێژوویان ناکات.

ئاشکرایە ژیانی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك لەڕێکخستن و هاوبەندیی و بەردەوامی ناسراوە کە مرۆڤ بەبێ ئەمە ناتوانێ کاروبارە تایبەتییەکانی خۆی بەڕێوەبەرێت یان لە سادەترین پێویستییە سەرەتاییەکانی تێر ببێت. دوای کەمێکی تر دەبینین کە ئەو ڕێکخستنە لەڕێی جۆرەها چالاکی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدات و لەشێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی دادەڕێژرێت کە تاکەکەسەکانی نێوی لە چوارچێوەی ڕۆڵێکی دیاریکراوی وێنە بۆکێشراو پراکسیسی دەکەن. وەکچۆن هەر جۆرە چالاکییەك وەزیفەیەکی دیاریکراو لە ژیانی کۆمەڵایەتی گشتیدا دەبینێت. بۆ ئەمە نموونەیەکی سادە دێنمەوە کە لە پێشدا وەرمانگرت: لە هۆڵی دادگای تاوانەکاندا هەریەکە لە دادوەرو سوێندخۆران و پارێزەرو قەڵەمنووس و پیاوانی پۆلیس و تۆمەتبار ڕۆڵێکی دیاریکراو دەگێڕن، هەروەها وەزیفەی ئەو کارەی کە دادگا وەك گشتێك پێی هەڵدەستێت سەلماندنی تۆمەتەکەیە لەگەڵ دەرکردنی سزاکە. ڕەنگە تاکەکان ئەوانەی لەو شوێنگانە ئیش دەکەن لە کەیسێك بۆ کەیسێکی تر بگۆڕێن، بەڵام ئەوەی کە گۆڕانی بەسەردانایەت وێنەی سیستەمەکەو فرمانەکانیەتی کە بە جێگیری دەمێنێتەوە. ئاشکراشە کە دادوەرو پارێزەرو قەڵەمنووس و پیاوانی پۆلیس هەریەکەیان ڕۆڵێکی دیاریکراویان هەیە کە بەبێ بوونی پاڵپشتێکی ئابووری ناتوانن پێی هەڵسن، ئەوان لەڕێی ئەو کارەیانەوە دەتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن، هەروەها بەبێ بوونی ڕێکخستنێکی سیاسی کە پاڵپشتی یاساو سیستەم بکات و دڵنەواییان بۆ مسۆگەر بکات، ئەو دەستەیە ناتوانن لەنێو دادگادا بەکارەکانیان هەڵبستن.





هەموو ئەمانەش مەسەلەگەلێکی ڕوون و ئاشکران، لەڕاستیدا چەمکگەلی سیستەمی کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و فرمانی کۆمەڵایەتی سیستەم، هەموویان بەشێوەیەك لە شێوەکان لەنێو کۆنترین تێڕامانی فەلسەفی لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بەدی دەکرێن. بەبێ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر ئەو ناوانەی کە لە وانەکانی پێشوودا ناومان بردن، دەتوانین چەمکی (بونیاد)و (فرمان) لەنێو نووسینەکانی مۆنتانی بەدی بکەین، کە وشەی بونیادو وشەی هاوبەندی لە قسەکانی لەبارەی یاساو عورف بەگشتی بەکاربردووەو بەراوردیانی کردووە بەبونیادێك کە لە چەند بەشێکی جیاواز لەیەکتر پێکدێت، هەریەك لەوانە پێوەندییان بەیەکترییەوە هەیەو بەشێوەیەکی وا بەهێز بەیەکەوە گرێدراون کە هەر گۆڕانێك لە یەکێکیان ڕوونادات، بەبێ ئەوەی کاریگەری نەکاتە سەر کۆی بونیادەکە.

هەروەها چەمکی (سیستەمی کۆمەڵایەتی) –کە بیرۆکەی (فرمانی کۆمەڵایەتی) دەچێتە نێو پێکهاتەکەیەوە– لە هەموو ئەو باسانە بەدی دەکرێت کە مونتسکیو لەبارەی شێوە جیاوازەکانی کۆمەڵگاو ئەو پرنسیپانەی کە ئەو شێوانە لەسەری دەوەستن کردوویەتی، بەتایبەت ئەو کاتەی لەبارەی بونیادی کۆمەڵگاو ئەو پێوەندییانەی کە لەنێوان بەشەکانیەوە هەیە، دەدوێت. دواجار بەشێوەی جیاواز لە نووسینەکانی گشت فەلسەفەکارانی سەدەی هەژدە دەردەکەوێت، ئەوانەی ئەو کاتە لەبارەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان نووسیویانە. لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدە کونت ئەو بیرۆکەیەی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەکارهێنا، هەموو نووسەرە

ئەنترۆپۆلۆژییەکانی ئەو سەدەیە بەدوای ئەو بیرۆکەیە کەوتن، وێڕای ئەوەی کە بیرۆکەکە زۆر بەوردی دەرنەکەوتبوو، هەروەها سەرباری ئەوەی کە لەنێو ئەو نووسینانەدا بەهەندێك چەمکی تری وەك بنەچەی یەکەم یان هۆکار یان قۆناغەکانی بەرەوپێشچوون بەراوردکرا بوو. لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو لەماوەی سەدەی بیستەم گرنگی (سیستەمی کۆمەڵایەتی) بەڕوونی دەرکەوت و هێدی هێدی گەڵاڵەبوو، بەمەش لەگەڵ ڕووگەی هزری گشتی ڕێکرد. وەك ئەوەی ڕووگەی بڵاوبوونەوەگەرایی لە هەموو بوارەکانی زانست لە سەدەی نۆزدە زاڵبوو، ئەوا ڕووگەی فرمانگەرایی لە سەدەی بیستەمدا زاڵە، بەشێوەیەك بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بایۆلۆژیای فرمانگەرایی و سایکۆلۆژیای فرمانگەرایی و ئابووری فرمانگەرایی و هەروەها ئەنترۆپۆلۆژیای فرمانگەرایی.

ئەو دوو زانایەی کە لە هەموو کەس زیاتر سەرنجی ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکانیان بەلای ڕاڤەکاری فرمانگەراییدا برد، هێربرت سپنسەرو ئەمیل دورکهایم بوون. هەرچەند نووسینە فەلسەفییەکانی هێربەرت سپنسەر (١٨٢٠-١٩٠٣) لەمڕۆدا زۆر ناخوێندرێنەوە، بەڵام لەماوەی ژیانیدا کاریگەرییەکی مەزنی هەبوو. سپنسەر لە زۆر ڕووەوە لە کونت دەچێت، هەریەك لەم دووانە هەوڵیاندا شارەزای کۆی مەعریفەی مرۆیی بن و لە چوارچێوەی ئەو مەعریفەیەشدا زانستێکی هەمەکی بۆ کۆمەڵگاو کولتوور دابنێن، یان ئەوەی کە سپنسەر ناوی (سوپەر ئۆرگانیك)ی لێدەنێت. سپنسەر وای بۆ دەچێت کۆمەڵگای ئینسانی، ئەمەش زەرور نییە لەسەر کۆمەڵگایەکی تاك و تەنیا دەستنیشانکراو دروست بێت،





بەردەوامبوونێکی سروشتی پێویستە لە بەرەوپێشچوونی ئۆرگانیکی. کۆمەڵە مرۆییەکان هەمیشە ئارەزووی گەشەسەندن دەکەن و قەبارەیان گەورە دەبێت و بەمەش ڕێکخستن و تەواوکاری تێیاندا زیاد دەکات. هەر کات پلەوپایە یان جیاوازی بونیادی زیاد بکات، ئەوا هاوپشتی بەشەکانی بوونەوەری ئۆرگانی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات و هەندێکیان لەسەر هەندێکی تریان دەوەستێت. وێڕای بوونی مەترسی هانابردن بۆ ئەو جۆرە هاوشێوەییە بایۆلۆژییە کە سپنسەر بۆ هاوشێوەیی کۆمەڵگا بەبوونەوەری ئۆرگانیکی پشتی پێ بەستووە، ئەوا یارمەتیدەرێکە بۆ برەودان بە بەکاربردنی هەردوو بیرۆکەی (بونیاد) و (وەزیفە) لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا. ئەو هەمیشە جەختی لەسەر پێویستی هاوپشتی فرمانگەرایی و پشتبەستنی بەرامبەر لەنێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵگا لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی دەکردەوە، ئەو مەبەستەی کە ئامانجی بوو پێی بگات، دەستەبەرکردنی بارێکی هاوسەنگ بوو کە یارمەتی کۆمەڵگا دەدات لەسەر بەردەوامبوون. هەروەها سپنسەر لە مەزنترین داکۆکیکەرانی بیرۆکەی یاسا کۆمەڵایەتییەکان بوو بە هەردوو جۆری : بونیادگەرایی و بڵاوبوونەوەگەرایی.

نووسینەکانی ئەمیل دورکهایم (١٨٥٨-١٩١٧) کاریگەرییەکی قووڵی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دانا. بەڕاستی دورکهایم کەسایەتییەکی سێنتراڵییە لەنێو مێژووی پێشڤەچوونی زانست، لەبەرئەمە لەسایەی تیۆرییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکانیەوە و لەبەرئەوەش توانی لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیان و خوێندکارە بەهرەدارەکانی پراکتیکی ئەو تیۆرییانە بەکارامەیی و

بەوردی لە توێژینەوەی کۆمەڵگا بەراییەکان بکات.

دەکرێ هەڵوێستی دورکهایم بەمجۆرە پوخت بکەینەوە: ناکرێ ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان لە سنووری سایکۆلۆژیای تاکێتی ڕاڤەبکرێت، هەر هیچ نەبێ لەبەرئەوەی ئەو ڕاستیانە لە دەرەوەی عەقڵی تاکەکان بەسەربەخۆیی بوونیان هەیە. بۆ نموونە زمان بوونی هەیە بەر لە لەدایکبوونی تاک لەو کۆمەڵگایەی کە قسەی پێ دەکرێ، وەکچۆن دوای مردنی هەمان تاکیش، بوونی هەر دەمێنێت، کەچی ئەو تاکە لەسەریەتی فێرە ئەو زمانە ببێت وەکچۆن تاکەکانی نەوەی پێش خۆی فێری بوونەو هەروەکو نەوەکانی داهاتووش فێری دەبن. ئەوە ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە یان شتێکە لە خۆیدا بوونی هەیەو ناکرێ تێیبگەین، تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ ڕاستییەکانی تردا نەبێ لە هەمان جۆردا، واتە وەك بەشێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتییەو لە سنوورو گۆکردنو وەزیفەکانیدا، پارێزگاری لەو سیستەمە دەکات.

ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتاندنو توانایان لە گواستنەوەو ناچاریدا جیادەکرێنەوە. هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا یەك دابو نەریتو عورفو زمانو مۆرالیان هەیە، هەروەها هەموویان لەهەمان چوارچێوەی سیستەمی یاساییو سیاسیو ئابووریدا دەژینو، هەموو ئەو شتانەش بونیادێك پێکدێنێت کە پلەیەك لە جێگیرو بەردەوامی هەیە. بەو مانایەی بونیاد لە بوونی خۆیدا ماوەیەکی درێژی زەمەنی بەردەوام دەبێت کە بەهۆیەوە پارێزگاری لە گرنگترین توخمەکانی خۆی دەکات کەوا لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە. هەرچی تاکە ئەوا تەنیا بەناو ئەو بونیادەدا تێدەپەڕێت کە خۆی تێدا دەبینێتەوە. بونیاد لەگەڵ ئەودا لە دایك نابێتو لەگەڵیشیدا نامرێت،





لەبەرئەوەی بونیاد سیستەمێکی فیزیکی نییە، بەڵکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە کە هەستێکی کۆمەڵی هەیە تەواو جیاوازە لە هەستی تاك. ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەسەریەکەوە بونیاد پێکدەهێنن، بەوە جیادەکرێنەوە کە دیاردەگەلێکی مولزەمن، بەو مانایەی ئەو تاکەی ملکەچی نەبێت، ئەوا دووچاری لێپێچینەوەو سزای مۆراڵیو یاسایی دەبێتەوە. عادەتەن تاك لەمەدا هەست بەئارەزوویەك ناکات، لەبەرئەوەی دەبێ بەمجۆرە بجوڵێتەوە کە ڕاستییەکان لەسەری دەسەپێنن. ئەو منداڵەی کە لە فەرەنسا لە دایكو باوکێکی فەرەنسی لەدایکبووە، هیچ چاری نییە دەبێ فێری فەرەنسی ببێتو لەمەدا ئارەزوو لەئارادا نییە.

سووربوونی دورکهایم لەسەر زەقکردنەوەی ژیانی کۆمەڵگەرایی، بووە هۆی ئەوەی ڕەخنەیەکی زۆری ئاراستە بکرێتو بەوە تۆمەتبار بکرێت کە بڕوای بەبوونی عەقڵی کۆمەڵگەرایی هەیە. لەگەڵ ئەوەی هەندێکجار نووسینەکانی بە ڕەنگێکی میتافیزیکیانە دەبینرێن، کەچی بەدڵنیاییەوە تەسەوری بوونی (شت)ێکی لەمجۆرەی نەکردووە یان بوونی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەخودی خۆیدا. مەبەستی دورکهایم لەوەی کە ناوی نا (وێناندنی کۆمەڵگەرایی) ئەو مەبەستەیە کاتێ زاناکانی ئینگلیز قسە لەبارەی کۆمەڵێك بەهاو بیروباوەڕ (عەقائد)و عورفەوە دەکەن کەوا تاك لەدوای لەدایکبوونییەوە لە کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان فێری دەبێتو قبوڵی دەکاتو لەناویدا دەژیتو دواتر بەمیرات بۆ نەوەکانی پاش خۆی جێیدەهێڵێت.

لوسیان لیڤی بروێل (١٨٥٧-١٩٣٩) هەڵسا بەتوێژینەوەیەکی زۆر جوان لەبارەی ناوەڕۆکی هزریی یان زیهنی ئەو وێناندنە

کۆمەڵگەراییانە لە زنجیرەیەك کتێب کە کاریگەرییەکی مەزنیان لە ئینگلتەرادا هەبوو، ئەگەرچی هەندێك ئەنترۆپۆلۆژستی ئینگلیز خراپ لێی تێگەیشتن و سەرباری ئەوەش ڕەخنەی توندیان لێ گرت. لیڤی برویل باوەڕی وا بوو کە بیروباوەڕ (عەقیدەکان) و ئەفسانەکان، بەگشتی کۆی ئەو بیروباوەڕانەی کە لە کۆمەڵگا بەراییەکان باون ڕەنگدانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایانەن، ئەمەشی بەهۆکاری جیاوازی دانا لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر. لەسەر ئەو بنەمایەش خۆی تەرخانکرد بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئەو بیروباوەڕانە (عەقیدانە) سیستەمێکی توندوتۆڵ پێکدێنن کە جەخت دەکاتە سەر پرنسیپێکی لۆژیکی بەناوی (بەشداریکردنی غەیبی). لە ڕاستیدا توێژینەوەکەی لیڤی برویل بۆ ئەم بابەتە ڕاڤەکردنێکی بونیادگەرییانەیە کە هیچی لە توێژینەوەکانی دورکهایم کەمتر نییە. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە لەو کاتەی دورکهایم بایەخی بە ڕاڤەکردنی چەشنە جیاوازەکانی چالاکیی کۆمەڵایەتی داوە، ئەوا لیڤی برویل هەڵساوە بەڕاڤەکردنی ئەو بیروباوەڕانەی کە پەیوەستن بەو چالاکییانە.

ئەگەر کاریگەری نووسینەکانی دورکهایم لەسەر رادکلیف براون و مالینوڤسکی نەبووایە، ئەوا ئەو شوێنگە باڵایەی لە ئینگلتەرا داگیرنەدەکرد وەك ئەوەی لە ئەمریکا هەیەتی. رادکلیف براون و مالینوڤسکی دوو پیاوی بەرپرسن لە دامەزراندنی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەو شێوەیەی ئێستا لە ئینگلتەرادا هەیە. هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ سەرقاڵی خوێندنی ئەو زانستەن لە ئینگلتەرا یان دۆمنیون، ئەوە لە بنەڕەتدا لەسەریانە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ لەسەر





ئەو ڕێچکەیە بخوێنن، زۆربەشیان هەر خوێندکاری ئەوان بوون.

لێرە بەدواوە بەدرێژی لەسەر مالینوڤسکی (١٨٨٤-١٩٤٢) دەدوێم، بەتایبەت لەو وانەیەم لەبارەی توێژینەوەی مەیدانی. لەڕاستیدا لای مالینوڤسکی ئەنترۆپۆلۆژیای فرمانگەرایی ماناکەی زیاترە لەوەی کە تەنیا توێژینەوەی مەیدانی بێت و، ئەو شێوازانەی کە لەو جۆرە توێژینەوەیەشدا بەکاردەهێنرێن تەنیا ئامرازێکن کە بەهۆیەوە ئەنترۆپۆلۆژست دەتوانێت لەماوەی وەسفکردنی ژیانی بەراییدا تێبینییەکانی لە وێنەیەکی تەواوکراودا سادەبکاتەوە. بەجۆرێك مالینوڤسکی لە ئاست وەستانی وەك بیرۆکەیەکی میتۆدیانە سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، لەبەرئەوە لەو کاتەی دووچاری مشتومڕی ئەبستراکتکردنی تیۆری گشتی بووەوە، نەیتوانی بەتەواوی میتۆدەکە پراکتیك بکات، بەپێچەوانەوە رادکلیف براون تیۆری فرمانگەرایی یان ئۆرگانگەرایی کۆمەڵگای، بەڕوونی و بەڕێگەیەکی ئاسان و شێوازێکی ورد خستەڕوو.

رادکلیف براون (١٨٨١-١٩٥٥) لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە بیرۆکەی وەزیفە کەوا لەسەر کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان جێبەجێ دەبێت، ئەوا لەسەر هاوشێوەیی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی ئۆرگانی دەوەستێت. ئەویش شوێنپێی دورکهایم کەوت لە پێناسەکردنی وەزیفەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، وەزیفەش بەو مانایە ئەو ڕۆڵەیە کە هەر چالاکییەکی بەشەکی لە چالاکی هەمەکی دەیبینێت کە بەشێکە لێی. کەواتە وەزیفەی هەر دابێکی کۆمەڵایەتی بەشەکی ئەو ڕۆڵەیە کە ئەو دابە لەنێو کۆی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەیبینێت، بەو پێیەی ئەو ژیانە ستوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی

هەمەکییە.

کەواتە دامەزراوەکانیش فرمانێکی دیاریکراو لەنێو بونیادی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕن کە لە تاکەکانی مرۆیی پێکهاتووە هەندێك بەهەندێکیانەوە لە گشتێکی تەواوی توندوتۆڵ لەڕێی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە بڕیارلێدراوەکانەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە. بەردەوامێتی بونیادیش بەهۆی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت، بەو مانایەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ئەوەیە کەوا بونیاد دروست دەکاتو پارێزگاریش لە پێکهاتەکەی دەکات. بەپێی ئەو وێناندنەش سیستەمی کۆمەڵایەتی یەکەو بوونێکی وەزیفی دەبێت، واتە تەنیا گردبوونەوە یان ئاپۆرایەك نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی ئۆرگانی یان هەمەکییەکی تەواوە.

رادکلیف براون هەروەها ئەو کاتەی لەبارەی تەواوکاری کۆمەڵایەتی قسەدەکات گریمانەی ئەوە دەکات کە وەزیفەی کولتوور وەك گشتێك بەیەکەوە بەستنەوەی تاکەکانی بوونەوەری مرۆییە لەگەڵ کۆکردنەوەیان لەنێو بونیادێکی کۆمەڵایەتی کە پلەیەکی دیاریکراوی لە جێگیریو بەردەوامی هەیە، واتە لە سیستەمگەلێکی جێگیر کە لە گروپو چەند لایەنێك پێکدێن کە دەستنیشانی پێوەندی تاکەکەسەکان دەکاتو ڕێکیاندەخات، هەروەها گونجانی دەرەکی لەگەڵ ژینگەی فیزیکی فەراهەم دەکاتو، گونجانی ناوەکی نێوان تاکەکان یان کۆمەڵەکان کەوا ئەو سیستەمانە پێکدەهێنن تا ژیانکردنی کۆمەڵایەتی تۆکمە ئاسان بێت. باوەڕدەکەم ئەو گریمانەیە بە یەکێ لە زانراوە یەکەمینەکان دادەنرێت لە هەموو پرۆسەیەکی زانستی بابەتیانە بۆ کولتوور یان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.





بەکارهێنانی چەمکەکانی بونیادی کۆمەڵایەتیو سیستەمی کۆمەڵایەتیو وەزیفەی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی ئەو پێناسانەی کە رادکلیف براون کردوویەتی کەوا لە دەربڕینەکانی ڕابردوو هەبوو، زۆر یارمەتیدەر بوو لە دەستنیشانو دیاریکردنی کێشەکانی توێژینەوەی مەیدانی. زانایانی سەدەی نۆزدە باوەڕیان بەڕاستییەکان هەبوو کەوا کەسانی ئاسایی کۆیاندەکردنەوەو تیۆرییەکانیان لەسەر بونیاد دەنا. زەحمەتی ئەوەیان نەدەکێشا خۆیان بچن توێژینەوەی گەلانی سەرەتایی بکەن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان لە توێژینەوەکانیاندا بایەخداربوون بەو یەکە بچووکانەی کولتوور کە توانایان بەسەردا دەشکا، واتە ئەو داب‌ونەریتانەی کە دەکرێ کۆبکرێنەوە بەمەبەستی ئەوەی لێیانەوە لە ڕووە هاوشێوە یان جیاوازەکانی نێوان بیروباوەڕ (عەقیدەکان)و مومارەساتەکان بگەین، یان بۆ زانینی قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆیی. بەڵام دوای ئەوەی زانایان ئەوەیان ڕوونکردەوە کە هەر دابێك، یان کردەیەك لە زۆربەی کات ئەگەرهاتوو لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دابڕێندرا، ماناکەی لەدەستدەدا. بەمەش بایەخی ئەنجامدانی توێژینەوەی هەمەلایەنەی دوورودرێژ درکی پێکرا کەوا هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لای خەڵکی سەرەتایی دەگرێتەوە، هەروەها درك بەوەشکرا کە تەنیا ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانەی خۆیان بۆ ئەو زانستە تەرخانکردووە، لەتوانایاندا هەیە بەو جۆرە توێژینەوانە هەڵبستن، بەو پێیەی ئەوان دەزانن کێشەکانی زانستی تیۆریو جۆری ئەو زانیاریانەی کە پێویستن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە چین، هەروەها تەنیا خۆیان دەتوانن خودی خۆیان لە دۆخێکی گونجاو

دابنێن کە لەڕێیەوە بتوانن بگەنە ئەو زانیارییە پێویستانە. بایەخدانی زۆری فرمانگەراکان بەدەرخستنی هاوبەندییەکانی نێوان شتەکان هەموویان، ئەوە بەرپرسن لە هەڵسان بەتوێژینەوەی نوێی مەیدانی، لە هەمان کاتیشدا خودی ئەو شتە ئەنجامی ئەو توێژینەوانەشە. ئەو لایەنە لەلایەنەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی مۆدێرن لە هەردوو وانەی دوایی دەخەمە بەرباس.

گرنگیدانی ئەنترۆپۆلۆژیای فرمانگەرایی بەبیرۆکەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و جەختکردنەوە لەسەری‌و، دواتر جەختکردنەوە لەسەر زەورورەتی توێژینەوەی میتۆدییانەی ئێستای ژیانی کۆمەڵایەتی بەراییەکان نابێتە هۆی دابڕاندنی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ئەتنۆلۆژیا، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە توێژینەوەی تیۆری بۆ دامەزراوەکان، لە توێژینەوەیەك دادەبڕێنێت کە یەکەم هەنگاوی پشت بەتێبینیکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لای بەراییەکان دەبەستێت. لەپێشدا ئاماژەمان بەوەدا کە فەلسەفەکارانی سەدەی هەژدە لە نووسینەکانیاندا لەبارەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان‌و بنەچەکەیان، یەکێك هانای بۆ ئەوی تر دەهێنا بۆ وەرگرتنی هەندێك نموونەی وەرگیراو لە نووسینەکانی تیوریستەکان لەبارەی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان، هەروەها ئاماژەمان بەوەدا ئەو کۆمەڵگا بەراییانە لە سەدەی نۆزدە بابەتی سەرەکی بوون لای ئەو زانایانەی کە بایەخداربوون بە پێشڤەچوونی کولتوورو دامەزراوەکان، بەڵام بەتەواوی پشتیان بەتێبینی ئەوانی تر دەبەست، مانای ئەمەش بەردەوامی دابڕان‌و جیاکاری لەنێوان ئەو کەسەی بەبیرکردنەوەی تیۆری هەڵدەستێت‌و، ئەو کەسەش کە بەتێبینیکردن هەڵدەستێت. لە





کۆتاییدا هەردووکیان لە ئەنترۆپۆلۆیای فرمانگەراییدا یەکدەگرن کە بەدرێژی لە وانەکانی دواتردا دیاری دەکەین، بەمەش ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەمانا مۆدێرنەکەی سەرهەڵدەدات کە زانستێکە جیا لە زانستەکانی تر، کە تێیدا بابەتگەلێکی تیۆریی زانستی کۆمەڵایەتی گشتی دەپشکنرێت‌و، لەڕێی توێژینەوەی کۆمەڵگا بەراییەکان هەڵدەبژێردرێن.

هەروەها میتۆدی فرمانگەرایی کاریگەرییەکی تری هەبوو کە لەو گۆڕانکارییانەدا دەرکەوت کە بەسەر میتۆدی بەراوردکاریدا هات لە هەردوو لایەنی گریمانە یان ڕێگەی بەکاربردنەوە. بینیمان چۆن زاناکانی سەرەتا میتۆدی بەراوردکارییان وەك ئامرازێك دادەنا بۆ دروستکردنی وێناندنەکانیان لەبارەی مێژووی ئەو سیستەمانەی کە مێژوویەکی نووسراویان نەبوو، ڕێگەکەشیان لە بەکارهێنانی ئەو میتۆدە لە ئەنجامدانی بەراوردکاری لەنێوان نموونەی دابەکان یان دامەزراوی بەشەکی کەوا لە سەرتاپای جیهان کۆیان کردبووەوە، بەڵام دوای ئەوەی زانایان بیرۆکەی سیستەمیان وەك زانراوێکی بەرایی قبوڵ کرد. وەکچۆن رادکلیف براون ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوا چیدیکە بابەتی پۆلینکردنی ئەتنۆلۆژی‌و دانانی گوتەزای کولتووری‌و تیۆرییەکانی پێشڤەچوونی گریمانەیی نەبوونە جێی لێکۆڵینەوە، بەڵکو بابەتی لێکۆڵینەوە بەتایبەت توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگا دیاریکراوەکان‌و دەستنیشانکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان‌و دیاریکردنی وەزیفەکانی لەنێو چوارچێوەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەها ئامانجی توێژینەوە بەراوردکارییەکان بەراوردکردنی دامەزراوەکانە بەوەی بەشگەلێکی نێو سیستەمە

کۆمەڵایەتییەکانن. ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی مۆدێرن ئیشی ئەنجامدانی بەراوردکارییەکان نییە لەنێوان دابە بەشەکییەکاندا، بەڵکو بەراوردکردنی سیستەمگەلێکە لە پێوەندییەکان، لە وانەکانی دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵە.

ئێستاش دەگەینە زانراوی دووەم لە زانراوەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای فرمانگەرایی، کە بریتییە لەوەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، سیستەمگەلێکی سروشتین کە دەکرێ بۆ یاسا کۆمەڵایەتییەکان بیانگێڕینەوە، بۆیە پێویست ناکات مێژووی ئەو سیستەمانە بزانین تاوەکو توێژینەوەیەکی زانستییان لەبارەوە بکەین. وایدەبینم ئەو زانراوە وەك نموونەیەکە لەسەر دۆخی تیۆرگەرایی لە خراپترین باریدا، هەروەك مافی ئەوەمان هەیە داوا لەو کەسانە بکەین کە باوەڕیان وایە مەبەستی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی گەیشتنە بەو یاسا کۆمەڵایەتییانەی کە لەو یاسایانە دەچن کە زانا سروشتییەکان دایانڕشتووە، ئەوا نموونەیەکمان لەو شێوازە پێشکەش بکەن کە ناوی (یاساکانە) لەو زانستە سروشتییانەدا. کەچی دەبینین تائێستا نە لە دوور نە لە نزیك شتێك دەرنەچووە بەیاساکانی نێو زانستە سروشتییەکان بچێت. هەموو ئەو شتانەی کە پێیگەیشتووین، هەندێ بڕیاری حەتمی یان مەبەستدار یان زانستین. هەروەها هەموو ئەو گشتاندنانەی کە هەندێك زانا هەوڵی چەسپاندنیان داوە تەمومژاویو نادیار بوونە، بۆیە ئەگەرهاتوو بەڕاستیشی وەربگرین، ئەوا بەهایەکی وای نابێت.

بەڕاستی ئەو گشتاندنانە جگە لە دووبارەکردنەوەی مانای بەشەکیو زەقکردنەوەی شتگەلێکی ئاسایی زانراو لە وێنەیەکی ترو





لەسەر ئاستێکی بەڵگەهێنانەوەیەکی سادە هیچی تر نین. مادامەکی مەسەلەکە بەو شێوەیە، ئەوە مافی ئەوەمان هەیە گومانی ئەوە بکەین کە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لە حەقیقەتدا بەهیچ شێوەیەك سیستەمگەلێکی سروشتی نین، هەروەها پرسیاری ئەوە بکەین ئایا دەکرێ سیستەمی یاسایی بەسیستەمی فسیۆلۆژی یان سیستەمێك کە هاتوچۆی ئوتۆمبێل ڕێکدەخات، بەراوردبکەین؟ لەڕاستیدا من ناتوانم هەر هۆکارێك یان بەهانەیەك بەدی بکەم بۆئەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەهەمان سیستەمی ئۆرگانی یان نائۆرگانی دابنێین، بەڵکو من وایدەبینم جۆرێکی تەواو تایبەتمەندە لە سیستەم. وا هەستدەکەم ئەو کۆششەی هەندێك لە زانایان بەمەبەستی دۆزینەوەی یاسا سروشتییەکانی کۆمەڵگا کردوویانە، هەوڵو کۆششێکی بەفیڕۆچووەو هیچ بنەمایەکی نییەو، جگە لە مشتومڕی وشك لەبارەی میتۆدەکانەوە، هیچی تر بەدەستناهێنێت. مەسەلەکە هەر چۆنێك بێت، لەسەر من نییە بەڵگە بێنمەوە لەسەر نەبوونی ئەو یاسایانە، بەڵکو لەسەر ئەوانەیە کە سوورن لەسەر هەبوونیان.

ئەو زانایانەی کە وەك ئەو ڕاوبۆچوونەی ئاماژەم پێدا، دەڕواننە ئەو کێشەیە، پێویستە پرسیاری ئەوە لە خۆیان بکەن: ئایا دەکرێ لە ئێستادا قبوڵی ئەو بانگەشانەی فرمانگەراکان بکەین کە لایان وایە بۆ تێگەیشتن لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان پێویست ناکات بەلای مێژووەکەیاندا بچین؟ چونکە لە ڕاستیدا ئەو تێزانە هەڵقوڵاوی بیرۆکەیەکی دیاریکراون لەبارەی سیستەمو ئەو یاسایانەی کاروباری مرۆیی بەڕێوەدەبەنو تەواو جیاوازە لەو بیرۆکەیەی ئێمە پشتمان پێی بەستووە. باوەڕدەکەم خستنەڕووی ئەو پرسە لێرەدا بەو خێراییو

کورتییە، دەرفەتی ئەوەم پێدەدا هەڵوێستی خۆم دیاری بکەم، لەبەرئەوە حەزناکەم ئەو کاتەی ڕەخنە لە هەندێك بانگەشەو گریمانە دەگرم کە لە پشت ڕێبازی فرمانگەرایی دایە، وا هەست بکرێ من بەتەواوی لەو ڕێبازە دەرچوویمەو دژی گشت شوێنەکەوتووەکانیمە، یان لەگەڵ هیچ ڕاوبۆچوونێکی ئەواندا نیم، بەتایبەتی ڕێنمایی و تێزەکانی هەردوو مامۆستایانم مالینوڤسکی و رادکلیف براون، یان باوەڕم بەوە بێت کە لە توانادا نییە لە کۆمەڵگاکان بگەین یان توێژینەوەیەکی میتۆدییانەیان لەبارەوە بکرێ، یان گەیشتن بەهەر بڕیارێکی گشتی یەکلاکەرەوەی گرنگ کە بەو کۆمەڵگایانەوە پەیوەستن.

لێرەدا کە باسی مێژوو دەکەم، مەبەستم ئەوە نییە گفتوگۆی گریمانە ئەتنۆلۆژییەکان بکەین، ئینجا لە جۆری پێشڤەچوونگەرایی بێت یان بڵاوبوونەوەگەرایی. ئەو بابەتە لە ئێستادا دەکرێ تەواو وەك مەسەلەیەکی کۆتاهاتوو دابنرێت. بەڵام دەمەوێ گفتوگۆی مەسەلەی گرنگی مێژووی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بکەم، لەو کاتەی دەمانەوێ توێژینەوەی ئەو دامەزراوانە بکەین کە لەسەر خودی ئەو دامەزراوانە زانیاری دروستو باشمان لەبەردەست دایە. فەلسەفەکارە مۆراڵییەکانی سەدەی هەژدەو هەروەها زاناکانی سەدەی نۆزدە خۆیان لەو مەسەلەیە نەدا، لەبەرئەوەی باوەڕیان وانەبوو توێژینەوەی دامەزراوەکان شتێکە جیاواز لە توێژینەوەی پێشڤەچوونیاندا. ئەوان دوا ئامانجیان لە توێژینەوە ماندووکەرو درێژەکانیاندا داڕشتنی مێژوویەکی سروشتی هەمەلایەنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بوو، لەبەرئەمە وای بۆ دەچوون کە یاسا کۆمەڵایەتییەکان یاساگەلی





پێشکەوتنن.

تائێستاش ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەزۆری ڕووگەیەکی مێژوویی وەرگرتووەو گرنگی بەلێکۆڵینەوەی یاساکان نادات. زانا ئەمریکییەکان گومانی ئەوەیان هەیە لە مەسەلەی ئەگەری گەیشتن بەو یاسایانە، لێرەوەش لە تێڕوانینی ئەنترۆپۆلۆژستە فرمانگەراکانی ئینگلتەرا، ئەنترۆپۆلۆژیای ئەمریکی زیاتر لە ئەتنۆلۆژیا دەچێت، تا لە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بچێت. زانا ئینگلیزەکان وایدەبینن کە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆمەڵگاکان کاری ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو زانینی ئەو مێژووە لە هیچ شتێك یارمەتیمان نادا بۆ تێگەیشتن لە وەزیفەی دامەزراوەکان لەو کۆمەڵگایانەدا. ئەم تێڕوانینەش ئەنجامێکی لۆژیکی گریمانەکانیانە بەوەی کۆمەڵگاکان سیستەمگەلێکی سروشتین، بۆیە پێویستە بەهەمان ئەو ڕێگەیە توێژینەوەیان لەسەر بکرێ کە زانا سروشتییەکان –وەکو زانای کیمیا و بایۆلۆژیا– توانییان پراکتیکی بکەن.

ئەو گرفتەش لەم ڕۆژانە لە زیادبووندایە، دوای ئەوەی بایەخدانی زیاتر بەو کۆمەڵگایانە دراوە کە گرێدراوی کولتوورە مێژووییەکانن. ئەو ساتەی ئەنترۆپۆلۆژستەکان توێژینەوەکانیان لە چوارچێوەی ئەو گەلانەدایە کە خاوەنی مێژووی نووسراو نین، نموونەی دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ئوسترالیا یان دانیشتووانی دوورگەکانی دەریای هێمن، ئەوا کێشەی مێژوو لەئارادا نییە. بەڵام ئێستا، پاش ئەوەی دەستکراوە بەتوێژینەوە لە کۆمەڵگا لادێییەکانی هیندو ئەوروپا و عەرەبی ڕەوەند یان هەر کۆمەڵگەیەکی هاوشێوەی

ئەوانە لە سەرتاپای جیهان، ئەوا ناچاردەبن بەوەی بەڕاشکاوی یەك لەو دوو ڕێگایە هەڵبژێرن: یان ئەوەتا دەبێ ڕابردووی کۆمەڵایەتی بەتەواوی فڕێدەنە دەرەوەی ئیعتیباراتی خۆیان، یانیش بە بایەخەوە وەریبگرن. ئەمە لەو کاتەی کە دەیانەوێ توێژینەوەی ئێستای کۆمەڵایەتی بکەن.

هەرچی ئەوانەی قایل نین بەهەڵوێستی فرمانگەرایی لەبابەت پرسی مێژوو، وای بۆدەچن کە زانینی مێژووی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان ڕەگەزێکی بنەڕەتییە بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە سروشتی ئێستای ژیانی کۆمەڵگادا، ئەمە سەرباری ئەوەی پێویست بەتوێژینەوەی تایبەتمەند دەکات بۆ ئەو کۆمەڵگایە ( هەندێکی پەیوەستە بە باری ئێستایو، هەندێکی تر بەپێشڤەچوونی ڕابردووی)، بەدیوێکی تریشدا پێویست بە بەکاربردنی تەکنیککاری تایبەتمەندی هەر توێژینەوەیەك دەکات. باشتر وایە لە نموونەی ئەو توێژینەوە تایبەتمەندانە ( هەر هیچ نەبێ لە هەندێ بارودۆخدا)، داوا لە هەندێك لێکۆڵەری جیاواز بکرێ کە پێی هەڵسن.

مێژوو تەنیا ڕیزبەندبوونی یەك بەدوای یەکی گۆڕانکارییەکان نییە، بەڵکو -وەك هەندێك زانا دەڵێن- گەشەسەندنو بەرەوپێشچوونو پێشکەوتنیشە. ڕابردوو لە خۆیدا ئێستای هەڵگرتووە، وەکچۆن ئێستاش لە داهاتوودا بوونی دەبێت. مەبەستم لەوەدا ئەوە نییە دەکرێ لەڕێی زانینی ڕابردووەکەیەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی تێبگەین، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەو مەعریفەیە ڕێخۆشکەرە بۆ زیاترو قووڵتر تێگەیشتن لەو جۆرە ژیانە، زیاتر لەوەی کە گەرهاتوو ڕابردووەکەی سەبارەت بە ئێمەوە نادیار بێت.





ئاشکراشە لە دەرەوەی مێژوو، توێژینەوەی کێشەکانی پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی ئەنجام نادرێت. تەنیا مێژووە ڕەوتێکی ئەزموونگەری گونجاو دەڕەخسێنێت کە دەکرێ لێیەوە گریمانەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی هەڵبژێردرێن.

لێرەدا زۆر مەسەلەی تر هەیە دەکرێ لەبارەی ئەو بابەتەوە قسەیان لەسەر بکرێ، بەڵام وایدەبینن ئەوە مەسەلەیەکی خێزانیی تایبەتە کە بۆ مشتومڕو لێکۆڵینەوە بەدووردرێژی لە بەرامبەر خەڵك دەستنادات. باشترین گفتوگۆکردن بۆ کۆبوونەوەی نێو پسپۆڕەکان خۆیان جێدەهێڵین، لەسەر ئەمەش تا ئێرە بەسە بەدەربڕینی پێدراوە سەرەکییەکانی کێشەکەو، دەربڕینی ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان. بەڵام مادامەکی ئاماژەم بەوەدا کە منو هەندێك لە زاناکانی تر هەڵوێستێکی جیاوازمان هەیە لەگەڵ سەرجەم زاناکانی تر لە ئینگلتەرا، ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لای ئێمە بەشێکە لە توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان نەوەك یەکێك بێت لە زانستە سروشتییەکان، ئەوا ویژدانم وام لێدەکا تێڕوانینی خۆمتان لەبارەی میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیو ئامانجەکانی بخەمەڕوو.

بەڕای من ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی نزیکترە لە هەندێك لقی زانستی توێژینەوە مێژووییەکان -وەك مێژووی کۆمەڵایەتیو مێژووی دامەزراوەکانو هزر ئەوانەی تەواو لە مێژووی گێڕانەوەو مێژووی سیاسی- زیاتر لە هەر زانستێکی سروشتی. لێکچوونی نێوان ئەو جۆرەی مێژوو و ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لەبەر چەند هۆکارێك بەڕوونی دەرناکەوێت، لەوانە لەو کاتەی ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ توێژینەوەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی

دەکەن، ئەوا مێژوونووسان بەڕێگەی ناڕاستەوخۆ توێژینەوەیان لەبارەوە دەکەن واتە لەڕێی بەڵگەنامەی نووسراوو سەرچاوەی تر، هەروەها ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان توێژینەوەی ئەو کۆمەڵگا سەرەتاییانە دەکەن کە مێژووی نووسراویان نییەو بەگشتی بایەخدارن بەتوێژینەوەی کێشەو بابەتە هاوکاتییەکان sychronic، کەچی مێژوونووسان لەو پرسانە دەکۆڵنەوە کە لە زەمەنی جیاواز جیاوازدا diachronic ڕوویانداوە. من لەگەڵ پرۆفیسۆر کرۆیبەر هاوڕام کە ئەو جیاوازییانە پەیوەستن بەشێوازو ڕێگەکانی لێکۆڵینەوەو بەو خاڵانەی کە پێویستە زەقبکرێنەوەو ڕوونبکرێنەوە، نەوەکو جیاوازییەك بێت لەسەر ئامانجی زانست یان میتۆد، هەروەها لەگەڵیدا کۆکم لەسەر ئەوەی جەوهەری میتۆدی مێژوو و ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەپلەی یەکەم وەسفێکی تەواوکارییە، لەسەر ئەمەش وێڕای ئەوەی بەرهەمی ئەنترۆپۆلۆژی لەسەر ئاستێکی بەرزی ئەبستراکت دەردەکەوێت کە ئەمە لە بەرهەمی مێژوویی دەرناکەوێت، ئەوا ئەنترۆپۆلۆژیا بەڕوونی ڕێچکەیەکی دووتر لە مێژوو دەگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی بەراوردکردن و گشتاندن.

بەڕای من کاری ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت. لە قۆناغی یەکەمدا ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی بەهەمان کاری ئەتنۆگرافیست هەڵدەستێت، واتە دەڕوات لەگەڵ یەکێك لە گەلە سەرەتاییەکان دەژیێت و فێری ژیانیان دەبێت، فێری ئەوە دەبێت کە چۆن قسەدەکەن و لەسەر بنەمای چەمکەکانیان بیردەکاتەوەو بەپێی بەهاکانیان هەڵسوکەوت دەکات. پاشان لەژێر ڕۆشنایی چەمك و سیستەمی بەهای نێو کولتوورەکەیدا، چاو بەئەزموونەکەیدا





دەخشێنێتەوە بەئاماژەدان بە بنەماکانی ئەنترۆپۆلۆیای کۆمەڵایەتی، بەگوتەیەکی تر لەسەریەتی هەڵسێت بەوەرگێڕانی کولتوورێکی دیاریکراو بۆ کولتوورێکی تر. قۆناغی دووەمیش پەیوەستە بەتوێژینەوەی ئەتنۆگرافی ئەو کۆمەڵگا سەرەتاییە، کە ئەنترۆپۆلۆژستەکە لەسایەیەوە هەوڵی نەخشەکێشانی سنووری ئەدەبی ئینتیباعی دەدات لەپێناو ئاشکراکردنی سیستەمی بونیادی کۆمەڵگاکە، بۆئەوەی تێگەیشتن لەو کۆمەڵگایە تەنیا لەسەر ئاستی وشیاری و کردار نەبێت –هەروەکو ئەو حاڵەتە لای تاکەکانی خودی کۆمەڵگاکە لەئارادایە، یان سەبارەت بەکەسێکی بێگانە کە فێری داب و نەریتیان دەبێت و بەشداری ژیانیان دەکات– بەڵکو لەسەر ئاستی ڕاڤەکردنی کۆمەڵایەتیش بێت. وەکچۆن زانای زمانەوانی تەنیا بەتێگەیشتنی زمانێکی بێگانەو قسەپێکردن و وەرگێڕان لەم زمانەوە ناوەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات لە ڕێساکانی دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی زمانەکە تێبگات. هەروەها ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی بەتێبینیکردن و وەسفکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا بەراییەکان ناوەستێت، بەڵکو هەوڵی زانینی سیستەمی بونیادی دەدات کە ئەو ژیانەی لەسەر وەستاوە، واتە ئەو نموونەو چەشنانەی کە دەکرێ دوای دەستنیشانکردنی بەوردی، پشتیان پێ ببەسترێت بۆ تێڕوانین لە کۆمەڵگا وەك گشتێك، یان توێژێك لە ئەبستراکتی بەیەکەوە گرێدراو.

دوای ئەوەی ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی ئەو چەشنە بونیادییە باوانەی دیاریکرد لەنێو ئەو کۆمەڵگایەی کە توێژینەوەی دەکات، ئەوا قۆناغی سێیەم لە کارەکەی دەست پێدەکات، کە تێیدا

هەڵدەستێت بە بەراوردکرنی ئەو چەشنانە بەوانەی کە لە کۆمەڵگاکانی تر باون. هەموو توێژینەوەیەکی نوێی کۆمەڵگایەکی نوێ، ئاسۆی مەعریفی لە ئاست جۆرەها بونیادی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی فراوان دەکات، کاری پۆلینکردن و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکان و سیما سەرەکییەکانی بۆ ئاسان دەکات، هەروەها لەگەڵ دیاریکردنی جیاوازییەکانی.

هەست دەکەم سەرجەم هاوڕێیانم ئەو ڕاوبۆچوونە ڕەتدەکەنەوە، لەبری ئەوە کاری ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی بەکاری زانا سروشتییەکان دەچووێنن، ئەو کارەش بەزمانی متیۆدەکانی زانستە سروشتییەکان وەسف دەکەن. بەڕای من ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی وا دەڕوانێتە کۆمەڵگاکان کە سیستەمێکی ئافرێدەکراون یان سیمبۆلیینە نەوەك سیستەمێکی سروشتی بن. ئەو زانستە ئەوەندە بایەخ بەپرۆسەکە نادات بەقەد ئەوەی بایەخدارە بەو شێوانەی کەوا پێکیان هێناوە، بەدیوێکی تر مەبەستەکەی بەدەستهێنانی چەشن و نموونەکانە نەوەك گەیشتن بێت بەیاساکان، هەروەها هەوڵدەدات بەڵگە بدا بەدەستەوە لەسەر پەیوەستبوون و بەتاڵبوون لە دژکاری، نەك بەڵگەهێنانەوە لەسەر بوونی پێوەندییە پێویستەکان لەنێو جۆرەها چالاکی کۆمەڵایەتی، ئەوە تەئویلکردنە زیاتر لەوەی تەفسیرکردن بێت. لەڕاستیدا ئەو جیاوازییانە جیاوازی جەوهەرین لە وێناندن و خودی چەمکەکان خۆیاندا نەوەکو جیاوازییەکی سەرزارەکی بن.

لەمەوەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەشێکی زۆری کێشەکان کە پەیوەستن بەئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تائێستا





چارەسەرنەکراون، ئەمەش سەرباری ئەو کێشە فەلسەفیانەی کە تێیدایە، نموونەی ئەمەش: ئایا دەکرێ ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی تەئویلێکی سایکۆلۆژییانەی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بکات؟ ئایا کۆمەڵگەو کولتوور بەیەك بوار دادەنرێن بۆ لێکۆڵینەوە یان بەدوو بواری جیاواز سەیردەکرێن؟ چ جیاوازییەك لەنێوان ئەو دوو جۆرە ئەبستراکتە هەیە؟ مانای بونیاد (ستراکچەر)و سیستەم و وەزیفەو زۆر زاراوەی تری لەم چەشنە چییە؟ ئایا ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی زانستێکی سروشتییەو تائێستاش لە قۆناغی دروستبووندایە، یان هەوڵدانی بۆ گەیشتن بەیاسا کۆمەڵایەتییەکان لە گەیشتن بە سەراب دەچێت؟ تائێستا ئەنترۆپۆلۆژستەکان زۆر بەتوندی لەبارەی ئەو پرسانە ناکۆکن. لەکاتێکدا مشتومڕکردن هەر چۆنێك بێت، بەتەنیا ناتوانێت چارەسەری ئەو بۆچوونە جیاوازانە فەراهەم بکات. تاکە بڕیارێك کە هەموو قبوڵی بکەن، بۆ ڕاستییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، واتە هانابردن بۆ لێکۆڵینەوە. لە وانەی داهاتوودا گفتوگۆ لەسەر ئەو لایەنەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەکەین.

## بەشی چوارەم

## توێژینەوەی کێڵگەییو نەریتی ئەزموونگەری

لە هەردوو وانەکەی دووەمو سێیەمدا پێشڤەچوونی تیۆرییمان لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی خستەڕوو. بینیمان چۆن ئەو تیۆرییە لەسایەی کەڵەکەبوونی مەعریفەی زانایان سەبارەت بەگەلانی سەرەتایی، ئاراستەکەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گۆڕیوە. لەو وانەبێژییەدا هەوڵدەدەم باس لەو گەشەسەندنە مەعریفییە بکەم.

لێرەدا ئارەزوویێکی گشتی هەیە، بەڵام بێئەوەی زیانی هەبێت سەبارەت بەگومانکردن لە تیۆرییەکانو دژایەتیکردنی لەمیانەی ئەزموونەکانەوە. لەگەڵ ئەوەش تیۆرییەکی جێگیری بڕیارلێدراو بریتییە لە گشتاندنێك لە ئەزموون، هەروەك لەلایەکی ترەوە جەخت دەکاتە سەر خودی ئەزموونو پاڵپشتی لێ دەکات. گریمانەی زانستی بریتییە لە بیرۆکەیەك یان ڕاوبۆچوونێك کە تائێستا لێی دڵنیانین، بەڵام بەپشتبەستن بەزانیارییە زانراوەکانی پێشووتر دەشێت گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو ڕاستییە نوێیانەی لێکۆڵینەوە ئاشکرای کردوون لە جۆرێکی دیاریکراون.

لەڕاستیدا بەبێ تیۆریو گریمانەکان ناتوانین بەلێکۆڵینەوەی





ئەنترۆپۆلۆژی هەڵبستین، لەبەرئەوەی دەرخستن یان دۆزینەوەی شتەکان بەبێ لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە تەواو نابن. سەرجەم مێژووی زانستو لێکۆڵینەوە، ئینجا لە بواری زانستە سروشتییەکان بێت یان مرۆڤایەتییەکان، بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە تەنیا پشت بەستن بەکۆکردنەوەی واقیعەکان هیچ بەهایەکی نابێت، مادامەکی لەژێر ڕۆشنایی تیۆرییەك لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکرێت.

لەگەڵ ئەوەش تائێستا هەندێك کەس پێیان وایە کاتێ ئەنترۆپۆلۆژستەکان دەچن توێژینەوەی گەلانی سەرەتایی بکەن، ئەوا لە زەینی خۆیاندا کۆمەڵێك تێڕوانینو بڕیاری پێشوەختیان لەبارەی ئەو گەلانە داوە، بۆیە ئەمە بێگومان دەبێتە هۆی شێواندنی ئەنجامەکانیان لەبارەی واقیعی ژیانی ئەو گەلە سەرەتاییانە، کەچی بەپێچەوانەوە کەسانی ئاسایی کە دەچنە نێو ئەو گەلانە بەهۆی ئەوەی بەکارێکی دیاریکراو هەڵدەستن، ئەوا ئەو بیروبۆچوونە پێشوەختانە لە مێشکی ئەواندا نییە، ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئەو واقیعو ڕاستییانە تۆماربکەن کە بەچاوی خۆیان دەیبینن بەبێ هیچ لایەنگیرییەك لە مەسەلەکەدا. ڕاستییەکەی جیاوازی لەنێوان لێکۆڵەری ئەنترۆپۆلۆژیو کەسێکی ئاسایی، جیاوازییەکی تەواو جەوهەرییە. ئەو جیاوازییەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە لێکۆڵەری ئەنترۆپۆلۆژی مەبەستی لە تێبینیکردن، وەڵامدانەوەی کێشە دیاریکراوەکانە کە لە تیۆرو گشتاندنە زانستییە تایبەتمەندەکانەوە سەریانهەڵداوە، کەچی کەسێکی ئاسایی مەبەستی لە تێبینییەکانی وەڵامدانەوەی هەندێك پرسیارە کەوا لە بیروبۆچوونی باوی نێو خەڵکەوە سەرچاوەیان گرتووە. کەواتە هەردووکیان

بیروبۆچوونو تیۆری خۆیان هەیە، بەڵام تیۆری لێکۆڵەری تایبەتمەند تیۆرگەلێکە ڕێچکەیەکی میتۆدی هەیە کە لە بیروبۆچوونی باوی خەڵك دەرناکەوێت.

مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، لە هەندێك لایەنەوە، هەوڵێکی بەردەوامە لەپێناو جێگرتنەوەی مەعریفەیەکی یەقینئامێز لەبارەی گەلانی سەرەتایی لە شوێنی بیروبۆچوونە کۆنەکان کە پشتی بەڕاستییە مسۆگەرەکان نەبەستووە. هەر هەنگاوێکیش کە ئەنترۆپۆلۆژیا لەم پێناوەدا ناویەتی تاڕادەیەك گونجاوە لەگەڵ زیادبوونی مەعریفەی دروستی ڕێکخراو. بەهەرحاڵ، مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە کە چەندە حەقیقەتی یەقینئامێزو فرەیی بوونیان هەیە، ئەوە لەکاتێکدا وەزیفەی تیۆر بریتییە لە وروژاندنی سەرنجو ئاراستەکردنی لە کۆکردنەوەی ئەو حەقیقەتانە.

لەو لێکچەرەدا ئەوەندە بایەخ بەو بیرو بۆچوونە باوانەی نێو خەڵك نادەین، بەقەد ئەوەی بایەخ بەبیروبۆچوونی ئەو نووسەرانە دەدەین کە لە نووسینەکانیاندا چارەسەری سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکەن.

پێدەچێ بیرکردنەوەی تیۆریی لەبارەی مرۆڤی سەرەتایی لەنێو ئەو نووسینانەدا لەنێوان دوو دژدا، ئەملاو ئەولای کردبێت. مرۆڤی سەرەتایی لەنێو نووسینە یەکەمینەکاندا شوێنگەیەکی هەبوو کە لە شوێنگەی ئاژەڵ بەرزتر نەبوو، هەروەها ژیانی بەجۆرێك وێناکرابوو کە تێکەڵەیەکە لە هەژاریو شەڕانگێزیو ترس، کەچی لە کتێبەکانی دواتردا وەك مرۆڤێکی ڕێكو پێكو لەسەرخۆ وەسفکراوە کە لەنێو ژیانێکی خۆشگوزەرانیو ئاشتیدا دەژێت. نووسەرە یەکەمینەکان





وایان وێنادەکرد کە مرۆڤێکی یاخیبووەو ملکەچی هیچ یاسایەك یان ڕێسایەك (عورف) نابێت، پاشان وایان وێناکرد گوایە کۆیلەیەکی زەلیلی دەست یاساو عورفەکانە. بیرۆکەی یەکەم لەبارەیەوە ئەوەبوو، کەسێکی بێبەشە لە ویژدانو هەستو بیروباوەڕی ئایینی، پاشان بیرۆکەکە گۆڕا بەوەی کە لایەنێکی گەورەی بیرکردنەوەی لە دەوری موقەدەس دەخولێتەوە، هەروەها لایەنێکی گەورەی چالاکییەکانی لە دەوری دروشمو سروتی ئایینی دەخولاوە. ئەوان وەك ئافرێدەکراوێکی تاکی خۆپەرست لێیاندەڕوانی کە هاوڕەگەزە لاوازەکەی خۆی ڕاودەکاتو، هەموو ئەو شتانەی لێدەستێنێت کە دەستی پێیان دەگات، پاشان وەك کەسێکی یەکسانخواز لێیانڕوانی کە ئەویتر لە زەویو فەڕەکانی بەشداری لەگەڵدا دەکات. ژیانی سێکسی ئەو، نموونەیەك بوو لە بەڕەڵایی ڕەها، کەچی لە نووسینەکانی دواتردا وەك نموونەیەك بۆ داوێنپاکیو ژیانی هاوسەرێتی سەیردەکرێت. جارێك وەك کەسێکی تەمبەڵو تەوەزەل سەیردەکرێت، جارێکی تر وەك کەسێکی چاپوكو کارامە. ڕەنگە هۆکاری ئەو دژکارییەش ئەوە بوو بێت کە ئارەزووکردنی بەهێز بۆ گۆڕینی بیرۆکەی باوی پێشان لە ساتەوەختی هەڵبژاردنو کۆکردنەوەی بەڵگەو تێبینییەکاندا بێت کەوا دژی شێواندنی واقیعە لەلایەن لایەنی بەرامبەرەوە.

دەکرێ گەلاڵەکردنی تیۆر لەسەر ئەو ڕاستیانەی کەوا ئەو تێڕامانانە لەخۆدەگرێتو، کاریگەری هەریەکەیان بەسەر ئەویترەوە بەڕوونی لەنێو سەرتاپای مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەدی بکەین. ئەو بیرۆکەیەی کە لەسەر مرۆڤی بەرایی لە سەدەی حەڤدەو

هەژدەیەم باو بوو ئەوە بوو کە (ژیانێکی هەژارانەی گۆشەگیرو ناشیرین و وەحشیگەری توندو کورتخایەن ژیاوە)، بەڵام بێئەوەی ئەو بیرۆکەیە هیچ بنەماو بەڵگەیەکی دروستی هەبێت. ئینسان چۆن دەتوانێ ڕایەکی جیاواز هەڵهێنجێنێت، مادامەکی پشت بەو قسانەی گەڕیدەکان لەو سەردەمدا ببەستێت، بەشێوەیەك کە ئەوان وا وەسفی مرۆڤی سەرەتاییان کردووە کە پێوەندییان پێوە کردوون ( هیچ شتێکیان نییە کە وایان لێبکات کە مافی ئەوەیان هەبێت بخرێنە نێو ڕیزی ڕەگەزی مرۆیی، تەنیا گۆکردن نەبێت) وەك ئەوەی جۆن چاردن لەبارەی چەراکسەکانەوە دەڵێت کە لە ساڵی ١٦٧١ سەردانی وڵاتەکەیانی کرد. یان (لەگەڵ وەحشیگەری هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە) ئەمەش قسەی ستانیلاوسی باوکە لەسەر هیندییەکانی پیرۆ کە لە ساڵی ١٦٩٨ سەردانی کردوون. نووسینی گەڕیدە کۆنەکان، ئینجا وێناکردنی ئەو مرۆڤە بەراییە بەمرۆڤی هۆڤێنی بێت، یان بەمرۆڤێکی نەرمو نیان، هەموویان لێوان لێون لە خەیاڵکردن و درۆو گریمانەو بڕیاری نابەجێ.

دەبێ ئەوەش بڵێین وێڕای ئەوەی مۆراڵی گەڕیدەکان خۆیان و میزاجی تاکەکەسییان و سروشتی کەسایەتیان زۆر خزایە نێو نووسینەکانیان، بەڵام لەگەڵ دەسپێکی سەدەی شانزە بەشێوەیەك لەشێوەکان چەند کتێبێك دەرکەوتن کە بەشێوەیەکی هێمانەو پەیوەست بەواقیعەوە وەسفی گەلانی سەرەتایی دەکەن. لێرەوەش بۆ نموونە ئاندرۆ باتێلی ئینگلیزی لەبارەی دانیشتووانی کۆنگۆی نووسی، هەروا قەشەی یەسوعی پورتوگالی چیرۆم لۆبۆ لەبارەی ئەسیوپییەکانی نووسی، ولیام بوسمانی هۆلەندی لەبارەی





دانیشتووانی بیابانی زێڕی گانای نووسی، هەروەها نووسینەکانی کاپتن کۆك لەبارەی خەڵکی دەریاکانی باشوور. ئەو نموونە کەمانەش تەنیا دەکرێ بیانخەینە سەر ئەو ناوانەی کە لە پێشتردا ئاماژەمان پێدان. ئەو دانەرانەش بەهەمان ئەو ڕۆحە نووسیان کەوا لۆبۆی باوك نووسیی وەکو ئەوەی کە دکتۆر جۆنسۆن، وەرگێڕی کتێبی ((گەشتەکانی پینکرتۆن)) بەم شێوەیە لەسەری نووسیوە (( پێدەچێ بەڕاستگۆیی لەبارەی ئەو شتانەوە نووسیبێتی کە توانای بینینی بەسەریاندا شکاوە، ئەو زیاتر پشتی بەهەستەوەرەکانی بەستووە، تا خەیاڵدانی)).

ئەو کاتەی گەڕیدە یەکەمینە ئەوروپییەکان سنووری وەسفکردنی پەتی و بڕیاردانی تاکەکەسییان تێپەڕاند، ئەوا بەگشتی ئامانجیان دەرخستنی ئەو لایەنە هاوشێوانە بوو کە لەنێوان گەلانی سەرەتایی کە لەسەریان دەنووسین لەگەڵ ئەو گەلە کۆنانەی کە شتیان لەسەر خوێندبوونەوە، هەبوو. ئەمەش لە زۆربەی کاتدا بەو مەبەستە بوو تا بیسەلمێنن کولتوورە باڵاکان بەدرێژایی سەردەمە مێژووییەکان کاریگەرییان بەسەر کولتوورە نزمەکانەوە هەبووە. بۆ نموونە لافیتۆی باوك بەراوردێکی زۆری لەنێوان هەردوو هۆزی هیرۆن و ئەیروکوای هیندییە سوورەکان لەلایەك و جولەکەو مەسیحییە یەکەمینەکان و خەڵکانی ئەسپارتەو کریت و میسرییە کۆنەکان لەلایەکی تر ئەنجامدا. هەروەها گەڕیدەی فەرەنسی دولا کریکانییر- کە سەردانی هیندی ڕۆژهەڵاتی کرد لە سەدەی حەڤدەهەمدا- هەولیدا لێکچوواندنێك لەنێوان هەندێك داب و نەریتی هیندییەکان و داب و نەریتی جولەکەو یۆنانی و ڕۆمانییەکان ئەنجامبدا، ئامانجی دواییشی لەمەدا گەیشتن

بووە بەتێگەیشتنێکی زۆر باش لە کتێبە پیرۆزەکانو کتێبە کۆنەکان، لەبەرئەمە (زانینی دابو نەریتی هیندییەکان) وەك ئەوەی خۆی دەڵێت لە خودی خۆیدا بایەخێکی ئەوتۆی نییە.

لەو ماوەیەی نێوان سەردەمی نووسینەکانی فەلسەفەکارە مۆراڵییەکانو سەرهەڵدانی نووسینە ئەنترۆپۆلۆژییەکان بەمانای تەواوی وشەکە، واتە لەنێوان ناوەڕاستی سەدەی هەژدەو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، زانیارییەکانمان لەبارەی گەلانی بەرایی و گەلانی ڕۆژهەڵاتی دوور زۆر زیادی کرد، هەروەها چوارچێوەی داگیرکاری ئەوروپی بۆ ئەمریکا فراوان بوو، ئینگلیز دەستی بەسەر هیندا گرتو، کۆچەرییە ئەوروپییەکانی بەسەر هەریەکە لە ئوستراليا و نیوزلەنداو باشووری ئەفریقیادا نیشتەجێکرد.

وەسفی ئەتنۆگرافیانەی ئەو گەلانەی سەرجەمی ئەو ناوچانە، ڕێچکەیەکی نوێی گرتەبەر کە تەواو جیاواز بوو لە سەربوردەو چیرۆکی گەڕیدەکان، کە لە شێوەی توێژینەوەی فراوان لەسەر دەستی مژدەبەخشو فەرمانڕەواکانی ئەوێ دەرکەوت. بەمەش دەرفەتێکی زۆر باش بۆ تێبینکردن لەبەردەم ئەو کەسانە کرایەوە، هەروەها ئەوان چێژیان لە کولتوورێکی باڵاتر دەبینی لەو کولتوورەی دەستڕۆیشتووە دەوڵەمەندەکانی پێشوو لەوێدا بەدیان دەکرد.

لەژێر ڕۆشنایی زانیارییە نوێیەکان دەردەکەوێت کە زۆربەی بیروباوەڕە زانراوەکانی تایبەت بەگەلانی بەرایی ناڕاستن، یان لایەنگیرییان تێدایە. لەپێشدا ئاماژەمان بەوە کرد کە هەمان ئەو زانیارییە نوێیانە بوون- ئینجا لەلایەنی چەندایەتی بێ یان چۆنایەتی- ڕێگەیان لەبەردەم هەریەکە لە مۆرگانو ماکلینانو





تایلورو زۆری تر ئاوەڵاکرد بۆ گەڵاڵەکردنی زانستێکی سەربەخۆی تایبەت بەلێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا بەراییەکان. دواجار لە بەردەستبوونی زانیاریو ڕاستییەکان وای کرد زاناکان بتوانن ئەو گریمانە تیۆرییانە بخەنە ژێر باری پشکنینو هەڵبژاردن، بەمەش گریمانەی نوێ دابنێن کە لەسەر بنەمای وەرگرتنی ڕاستییە ئەتنۆگرافییەکانەوە بێت.

کاتێکیش دەڵێین لە دواجاردا ڕاستییەکان چارەنووسی تیۆرەکان دیاری دەکەن، مەبەستمان تەنیا پەنجە خستنە سەر واقیعە پەتییە دەستنیشانکراوەکان نییە، بەڵکو مەبەست لە زانینی ڕەهایە لەبارەی چۆنیەتی دابەشکردنیانو وەسفکردنی دەلالەتەکانیان. لێرەدا بەنموونەیەك ئەوە ڕوون دەکەمەوە: دەزانین کە گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵەکی دایك زۆر لە مێژوونووسە کۆنەکانو سەردەمانی ناوەڕاست بۆمانیان نووسیوە کە لای گەلانی بەرایی هەبووە، لەمبارەیەوە هیرۆدۆت لای یەقسییەکان تۆماری کردووە، مەقریزی لای بجەو زۆر لە نووسەرەکانی سەردەمی نوێش لای گەلێك لە گەلان ئەوەیان تۆمارکردووە، کە بوونی ئەمە لای هەریەك لە لافیتۆ  لەبارەی هیندییە سوورەکانی ئەمریکای باکوور، باودیش لەبارەی ئەشانتی بیابانی زێڕو، گرای لەنێو هۆزەکانی بلاکفلوزی ئوسترالیو لای زۆر گەڕیدەی تری نێو گەلانی بەرایی بەدی دەکرێت.

ئەو زانیاریانە تەنیا وەك شتێکی سەیروسەمەرە وەردەگیران تا ئەو کاتەی باخۆفنو ماکلینان هاتنو ئاماژەیان بە بایەخی گەورەی ئەو زانیاریانەدا سەبارەت بە تیۆری کۆمەڵایەتی. ئەگەر ئەو ماددانە کۆنەکرابانەوەو بایەخییان نەخرابایە ڕوو، بەرلەوەی مین کتێبی

((یاسای کۆن)) بنووسێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە تێڕوانینی مێن ئاراستەیەکی تری دەگرتەبەر، هەر چۆنێك بێت ئەو ڕوانینی خۆی تا دواتر نەگۆڕی، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی چەندین بەڵگەی ڕێکخراوی نوێ بوو.

نووسینەکانی ماکلینان بە باشترین نموونە دادەنرێن لە بابەت ڕوونکردنەوەی پێوەندی نێوان ڕاستییەکانو ئەو تیۆرییانەی کە لەسەریان بونیاد دەنرێن. ماکلینان نەخەڵەتا بوو بە بەهای ڕاستەقینەی زۆر لەو نووسەرانەی پشتی پێ دەبەستان، بۆیە ڕەخنەی ئەوەی لە نووسینەکانیان دەگرت گوایە لاوازنو لایەنگیریان تێدایە. هەرچەندە ئەو تاڕادەیەکی زۆر بەئاگاییەوە لە مەسەلەکە نزیك دەبووەوە، بەڵام دواتر نەیتوانی بەتەواوی خۆی لە هەندێك هەڵە بپارێزێت کە بەرەو دانانی زنجیرەیەك تیۆری ناڕاستی برد. بەپێی ئەو ماددانەی کە لەبەردەستی دابوون، ئەو توانی پاساوی ئەوە بێنێتەوە کە سیستەمی دایکسالاری لەنێو دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ئوسترالیا باو بووە. بەڵام ئەمڕۆ ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە ئەمە هەڵەیە. هەروەها لە چەند خاڵێکی تریش هەڵەی کرد: بۆ نموونە سیستەمی دایکسالاری لەنێو سەرجەم گەلانی بەرایی باو نەبوو، کە ئەو وای بۆدەچوو. هەروەها ماکلینان باوەڕی وابوو هاوسەرگیری پۆلێندرای (واتە هاوسەرگیری نێوان ئافرەتێك لەگەڵ ژمارەیەك پیاو لەهەمان کاتدا) بڵاوترینی شێوەکانی هاوسەرگیری بووە، بەڵام لە ڕاستیدا بڵاوبوونەوەکەی زۆر سنووردار بووە. هەروەها لەمەشدا هەڵەی کرد کە دەڵێت زیندەبەچاڵکردنی کچ بەشێوەیەکی باو لە کۆمەڵگا بەراییەکان مومارەسە کراوە.





ڕەنگە گەورەترین هەڵەیەك ماکلینان تێیکەوتبێت، پشتبەستنی بوو بێت بەو سەرچاوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە هەردوو دامەزراوەی هاوسەرگیریو خێزان لەنێو گەلانی سەرەتاییدا لە فۆرمێکی زۆر سەرەتایی نەبێت، بوونی نەبووە. ئەگەر ئەوەی بزانیبووایە، کە ئەمڕۆ ئێمە دوای ئەو زانیمان، لەسەر بوونی هاوسەرگیریو خێزان لەنێو سەرجەمی گەلانی بەرایی بەبێ ئاوارتە، ئەوا هەرگیز ئەو بڕیارە ڕەهایەی بەسەردا نەدەدان. ئەو دیدو ڕوانینەش وەك خۆی هەتا سەردەمی نوێ مایەوە تا ئەو کاتەی وستەرماركو مالینوڤسکی، ئەوەیان ڕوونکردەوە کە هیچ شتێك نییە ئەو بۆچوونە بسەلمێنێت.

دەکرێ بەئاسانی زۆر لەو تیۆریستانەی ئەو کات دیاری بکەین بەوەی کە ناڕاستن یان لە شوێنی خۆیاندا نین، ئەمەش لەبەر نەبوونی وردەکاری لە تۆمارکردنی تێبینییەکانو کەمی زانیارییەکان. لەگەڵ ئەوەش ئەوان هەر هیچ نەبێت سەرکەوتوو بوون، تەنانەت لەو بارانەش کەوا تیۆرییەکانیان لادانێکی زۆری پێیەوە دیاربووە، لە دانانی هەندێ گریمانە لەبارەی کۆمەڵگا بەراییەکان کە بۆ ئەو کەسانەی بە خوایشتی خۆیان بێت یان بەپێی ئەركو فرمان چوونە نێو ئەو کۆمەڵگانەو لەوێ ژیان، کە بوونە ڕێنیشاندەرێك تا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن. لەوساوە جۆرێك لە ئاڵوگۆڕکردنو هاریکاری لەنێوان زاناکانی ئینگلیزو هەندێ مژدەبەخشو فەرمانڕەواکانی دانیشتووی شوێنە دواکەوتووەکانی جیهان سەریهەڵداوە. مژدەبەخشو فەرمانڕەواکان ئارەزوویەکی زۆریان هەبوو بۆ دەوڵەمەندکردنی مەعریفەمان لەبارەی ئەو گەلانە، لە هەمان

کاتدا ئەنترۆپۆلۆژیاشیان بەکارهێنا بۆ تێگەیشتن لەو گەلانەی کەوا بەرێوەبردنیان بەوان بەخشرابوو. ئەوان لەرێی نووسینە ئەنترۆپۆلۆژیەکانەوە توانیان ئەوە ببینن کە هەموو کۆمەڵگا بەراییەکان – تەنانەت ئەوەی کە لە نزمترینئاستی کولتووری ماددیدایە– خاوەنی سیستەمێکی کۆمەلأیەتی ئاڵۆزو یاسای ئافرێدەکراوو ئایینو هونەرو فەلسەفەی خۆیەتی وەکچۆن سەرەتا سادەکانی زانستی تێدایە ، هەموو ئەوانەش چەند لایەنێکن کە جێی ڕێزو سەرسامبوونن ئەگەرهاتوو لە حەقیقەتیان تێبگەین.

تیۆرییە ئەنترۆپۆلۆژییە باوەکانی ئەوسا کاریگەرییەکی ڕوونیان لەسەر نووسینو ڕاپۆرتەکانی مژدەبەخشو ئیدارییەکانی ئەوێ هەبوو، هەرچەندە جۆری کاریگەرییەکی بە جیاوازی کتێبەکە خۆی جیاواز دەکەوتەوە. نووسەرە مژدەبەخشەکانو فەرمانڕەواکان تەنیا بە بەدواداچوونی کێشە تیۆرییەکان نەدەوەستان کەوا زاناکان دەیانوروژاند، بەڵکو لە زۆربەی کاتدا ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە خاوەنی تیۆرییەکان دەکرد. بەمەش ناردنی لیستێك لە پرسیار بەمەبەستی دەستکەوتنی زانیاری لای زاناکان لە ولأتی خۆیان بۆ ئەو کەسانەی کەوا لەنێو گەلانی بەرایی مابوونەوە، دەبێتە شتێکی زانراوو باو. یەکەمین لیستیش لەمڕووەوە مۆرگان داینا بۆ هەڵهێنجانی زاراوەگەلی خزمایەتیو ناردنی بۆ ئەمریکییە نێردراوەکان بۆ نێو ولأتە بێگانەکان. ئەو ڕاوبۆچوونانەش کە بۆیان نارد پاڵپشتێکی گەورەی ڕاوبۆچوونەکانی بوو، ساڵی ١٨٧١ کتێبە ناودارەکەی (( سیستەمی خزمایەتی خوێنو لایەنگیری لەنێو خێزانی مرۆیی)). دوای ئەویش جیمیس فریزر لیستێك پرسیاری دانا، دواتر





بۆ زۆربەی خەڵکانی سەرتاپای جیهانی ڕەوانەکرد، بەمەش زانیارییەکی زۆری دەستکەوت کە کتێبی (( پەلکی زێڕینی The Golden Bough)) لێ کەوتەوە. بەلأم زۆر لەو لیستە دووروردرێژانە بەناوی Notes and Queries on Anthropology یەکەمجار لە شێوەی کتێبێك لەساڵی ١٨٧٤ لەلایەن پەیمانگای پادشایی ئەنترۆپۆلۆژی Institude Royal Anthropology چاپکرا.

زاناکان بەشێوەیەکی ڕێكو پێك نامە گۆڕینەوەیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەبوو کە نووسراوەکانیانیان دەخوێندەوە، هەروەها ئەو حاڵەتە لای مۆرگانو هەریەکە لە فیزۆنو هوایت لە ئوسترالیا دەبینرێت، هەروەها فریزەر ئاڵوگۆڕی نامەی لەگەڵ سپنسەر لە ئوسترالیاو ڕۆسکۆ لە ئەفریقیادا هەبووە. لە زەمەنێکی زۆر دوور نییە هەندێك پیاوی ئیداریو فەرمانڕەوای نێو هەرێمە داگیرکراوەکان بەدی دەکرێن کە چۆن چوونەتە نێو خوێندنی ئەنترۆپۆلۆژیا لە زانکۆکانی بەریتانی. لە وانەبێژی کۆتایی لەبارەی ئەو هەنگاوە نوێیەش دەدوێم. لەو ماوەیەشدا پەیمانگای پادشایەتی ئەنترۆپۆلۆژی ئەڵقەی پێوەندی بووە لەنێوان ئەو زانایەی کە لە ولأتدا نیشتەجێ بووە لەگەڵ ئەو فەرمانڕەوا ئیدارییە یان مژدەبەخشەی دەرەوە.

لەڕاستیدا ئەو پەیمانگایە لەساتەوەختی دامەزراندنییەوە لەساڵی ١٨٤٣ لەژێر ناوی کۆمەڵەی ئەتنۆلۆژی لەندەنی بووەتە شوێنی بەیەکگەیاندنی هەموو ئەوانەی کە بایەخدارن بە لیکۆڵینەوە لە مرۆڤی بەرایی.

زۆر لە نووسینی ئەو کەسانەی کە پسپۆڕ نین لەبارەی گەلانی بەراییەوە، بەڕاستی نووسینگەلێکی زۆر نایابن. لەڕاستیدا ئەو

وەسفەی کە لە هەندێك لەو کتێبانەدا بەدی دەکەین، تەنانەت باشترین توێژینەوەی مەیدانی کە ئەنترۆپۆلۆژستە پسپۆڕەکان پێی هەڵساون شان لەشانی نادات، ئەوەی لەلایەن ئەو پیاوانەوە نووسراوە کە ئەزموونێکی زۆریان لەناو ئەو گەلانەدا هەبووەو زمانی ئەوان فێربوونە. لێرەدا بەتایبەت دەمەوێ ئاماژە بەنموونەی وەك کتێبەکەی کۆلاوەی لەبارەی سیستەمی ئایینی ئەمازۆلا بدەم the Religious System of Amazula (١٨٧٠)و کتێبەکەی کۆدرنگتن لەبارەی مالینیزییەکان The Melanesions (١٨٩١)و کارەکانی سپنسەرو چیلین لەبارەی دانیشتووانی ئوسترالییە ڕەسەنەکان. کتێبی جەنۆد لەبارەی The life of a south African Tribe (١٩١٢-١٩١٣)، چاپە فەڕەنسیەکەی ١٨٩٨ ە. کتێبەکەی سمیس‌و دیل لەبارەی The Ila-Speaking People of Northern Rhodesia ١٩٢٠. هەروا ئەو تێبینیانەی گەڕیدەکان وەك سەرچاوەیەکی مەعریفی ڕەسەن بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە کەوا مژدەبەخش‌و پیاوانی فەرمانڕەواو ئیدارەی تێیدا سەرقاڵی نووسینی لێکۆلینەوەی دوورودرێژ بوون لەبارەی گەلانی بەرایی، ئەو لیکۆڵینەوە تێرو تەسەلانە کە ئەو خەڵکە ئارەزوومەندانە نوسیبوویان بۆ ماوەیەکی درێژ بەهایەکی بەرزیان هەبوو، سەبارەت بە نترۆپۆلۆژیا تا ئەو کاتەی توێژینەوە مەیدانییەکان دەبنە مەسەلەیەکی ئاسایی زانراو لەنێوان زانا پیشەمەندەکان.

لەگەڵ ئەمەش ڕوون‌و ئاشکرایە بۆئەوەی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پێشبکەوێت، پێویستە لەسەر ئەنترۆپۆلۆژستەکان خۆیان هەڵسن بە تێبینیکردن. شتێکی سەیرە تا





کۆتایی سەدەی نۆزدە هیچ یەکێك لە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا هەڵنەستان بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی، ئەمە بەئاوارتەی توێژینەوەکەی مۆرگان لەسەر ئایرۆکیوییەکان نەبێت. لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە هیچ یەکێك لەو نووسەرانەی کە نووسینەکانیان بابەتی ئەنترۆپۆلۆژی لەخۆگرتووە، زەحمەتی ئەوەیان نەکێشاوە سەردانی -ئەگەر سەردانێکی نهێنیش بێت- ئەو گەلە بکەن کە هەموو ژیانی خۆیان لە پێناو توێژینەوە لێی سەرفکردووە. ولیام جیمس لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەو کاتەی پرسیاری لە جیمس فریزەر کردووە لەبارەی ئەو گەلە بەراییانەی کە سەدانی کردوون، ئەوا فریزەر بەشێوەیەکی وا وەڵامی داوەتەوە وەکو ئەوەی کوفری کردبێت.

ئەگەر پرسیارێکی لەو شێوەیە ئاراستەی زانایەکی سروشتگەرا بکەین لەبارەی بابەتگەلی توێژینەوەکەی ئەوا وەڵامەکەی تەواو جیاواز دەبێت.

بینیمان لەنێو زانا یەکەمینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا مین‌و ماکلینان‌و باخوفن‌و مۆرگان خەریکی کاری پارێزەری بوون، فۆستل دی کولانج مێژوونووسی سەردەمی کلاسیکی‌و ناوەڕاست بوو، سپنسەر فەیلەسوف‌و تایلور یەکێ لەو کەسانە بوو کە بایەخداربوو بە زمانە بێگانەکان، هەروا پیت ریڤرز لە پیاوانی سوپا بوو، لبوك بازرگان بووو بنوك‌و روبرتسون سمیس چاودێری کڵێسای سکۆتلەندی بوون‌و تایبەتمەندبوون بەتوێژینەوەکانی سەردەمە کۆنەکان، هەروەکو فریزەر تایبەتمەند بوو بەتوێژینەوەی سەردەمە کلاسیکیەکان. هەرچی ئەو نووسەرانەی لەدوای ئەوانە لەنێو بواری

ئەنترۆپۆلۆژیا دەرکەوتن، ئەوا زۆربەیان زانا سروشتگەراکان بوون. بواس تایبەتمەند بوو لە سروشتو جوگرافیاو، هادن لە ئاژەڵەکانی نێو دەریاو، ریڤرز لەبواری دەروونناسیو، سلگمان لە زانستی نەخشی (باتۆلۆژیا)و، ئەلیوت سمیس لە توێکاری، بەلفور لە زاناکانی ئاژەڵناسیو، مالینۆڤسکی لە زانا سروشتگەراکان بوو، هەروەکو رادکلیف براون ڕاهێنانی لە دەروونناسی ئەزموونگەری کردووەو یەکەمین پلەی زانکۆیی لە زانستە ئەخلاقییەکان لە زانکۆی کێمبریج بەدەستهێنا. دواتر هەموویان فێری ئەوەبوون کە کاری زانا هەڵبژاردنی گریمانەیە لەژێر ڕۆشنایی تێبینییەکان کەوا خۆی پێی هەڵدەستێ. زانا ڕێگەی ئەوەنادا کە کەسانی ئاسایی لەبری ئەو بە تۆمارکردنی تێبینییەکان هەڵبستن.

لە بنچینەدا گەشتە ئەنترۆپۆلۆژییەکان لە ئەمریکا دەستی پێکرد، ئەو کاتەی بواس هەڵسا بەتوێژینەوەی هۆزەکانی بافین لە کۆلۆمبیای بەریتانی، ماوەیەکی زۆر کەم دوای ئەمەش لە ئینگلتەرا دەستی پێکرد ئەو کاتەی هادن سەرۆکایەتی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی کرد-کە لە چەند زانایەك پێکهاتبوو- لەسەر ناوچەی تەسکی توریس لە دەریای هێمن لە سالآنی ١٨٩٨و ١٨٩٩. ئەو گەشتە بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لەنێو مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە بەریتانیا، چونکە دوو پرسی بەدوای یەکداهاتووی گرنگی لێکەوتەوە: یەکەم دەرکەوتنی ئەنترۆپۆلۆژیا وەك زانستێك کە پێویستی بە پسپۆڕێتیو خۆتەرخانکردنی تەواو هەیە، دووەمینیش ڕەچاوکردنی ئەزموونی مەیدانی وەك ڕەگەزێکی جەوهەری بۆ ڕاهێنانی خوێندکارو لێکۆڵەرەوانی ئەو زانستەو دروستکردنیان.





ئەو توێژینەوە مەیدانییە یەکەمینانە بەدەست زۆر خاڵی لاوازەوە گیرۆدەببوون. سەرباری ئەوەی ئەو زانایانەی پێی هەڵسان، بەوردی لەسەر لێکۆڵینەوەی میتۆدی لە یەکێك لە زانستە سروشتییەکان ڕاهێنرابوون، بەلآم کەمی بەسەربردنی ماوەکەیان لەنێو ئەو گەلانەو فەرامۆشکردنی فێربوونی زمانەکەیانو دروستنەکردنی پێوەندی توندوتۆڵ لەنێو خۆیانو خەڵکانی ئەوێ، بوونە کۆسپ لەبەردەم قووڵبوونەوەیان لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکان. لەڕاستیدا ئێستا ئەو توێژینەوانەی ئەو کات لەپێش چاومان کەم بەهاو بێ بنەمان، ئەوا نیشانەی مەودای ئەو پێشکەوتنەیە کە ئەنترۆپۆلۆژیا پێی گەیشتووە. توێژینەوەکانی دواتر هێدی هێدی بەرەو جەختکردنو ڕۆشنایی خستنە سەر کۆی ژیان لەو کۆمەڵگایاندا هەنگاوی نا. ڕەنگە لەنێو گرنگترینی ئەو توێژینەوانە توێژینەوەکەی رادکلیف براون بوو بێت کە لەبارەی دانیشتووانی نیمچە دوورگەی ئیندمانە. ئەو توێژینەوەیە کە ماوەی نێوان سالآنی ١٩٠٦ تا ١٩٠٨ی خایاند بەیەکەم هەوڵدان دادەنرێت کە ئەنترۆپۆلۆژستێك پێهەڵساوە بۆ تاقیکردنەوەو پشکنینی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان بەگەڕانەوە بۆ کۆمەڵگایەکی بەرایی دیاریکراو، هەروەها لە وەسفکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگایەدا بەڕێگەیەك کە ئەو لایەنانە زەقبکاتەوە کەوا لەگەڵ ئەو تیۆرییانە یەکانگیردەبنەوە. ڕەنگە لەمڕووەوە بایەخی ئەو توێژینەوەیە لەنێو مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بکەوێتە سەرووی بایەخی ئەو گەشتەی کە بۆ ناوچە بەرتەسکەکانی توریس ئەنجامدرا کە کەسەکان لەوێدا گرنگیان بە کێشە ئەتنۆلۆژیو سایکۆلۆژییەکاندا زیاتر لەوەی بایەخداربن بەلایەنە کۆمەڵایەتییەکان.

لەپێشدا ئەوەمان بینی کە تێڕامانە تیۆرییەکان لەبارەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، لە سەرەتادا ئاماژەیەك نەبوون بۆ گەلانی سەرەتایی و هەوڵدان بۆ وەسفکردنیان تەنیا بەشێوازێکی تێپەڕ نەبێت.

ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تا سەدەی نۆزدە دەستی پێنەکرد، پاش ئەوەی ئەو گەلانە بوونە مەیدانی لێکۆڵینەوەی سەرەکی هەندێك لەوانەی بایەخداربوون بەتوێژینەوەی سیستەمەکان. بەڵام ئەو جۆرە توێژینەوەیەش بەڕەنگێکی ئەدەبی ڕەنگ کرابوو، هەروەها پشتی بەو تێبینیانە دەبەست کە لەلایەن ئەوانی ترەوە کۆکرابوونەوە. ئێستا گەیشتووینەتە قۆناغی سروشتی دوایی پێشڤەچوونی ئەو زانستە، کە تێیدا کەسەکە خۆی بەتێبینیکردن و هەڵسەنگاندنیان هەڵدەستێت، بەمەش زاناکە خۆی پێوەندییەکی ڕاستەخۆی لەگەڵ بابەتەکە دەبێت. لە ڕابردوودا ئەنترۆپۆلۆژست تەواو وەك مێژوونووس، ماددە پوختەکەی خۆی لەو بەڵگەنامەو دۆکیومێنتانە وەردەگرت کە توێژینەوەکەی لەسەر بونیاد دەنا، بەڵام ئێستا ئەوەی ئەو مادە پوختە پێکدێنێت، ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیەتی.

مالینوڤسکی لێکۆلینەوەی مەیدانی زۆر بردە پێشەوە. ئەگەر رادکلیف براون بەفراوانی مەعریفەی بە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی گشتی و بەقووڵی لە بیرکردنەوەی لە مالینوڤسکی باڵاتر بێت، ئەوا مالینوڤسکی لە بواری توێژینەوە مەیدانییەکان دەکەوێتە سەرووی ئەوەوە.

لەبەرئەمە مالینوڤسکی لە توێژینەوەکەی لەسەر دانیشتووانی





تروبریاند لە میلانیزیا چوار ساڵ خەریك بوو لەنێوان ساڵانی ١٩١٤ تا ١٩١٨، ئەوەش ماوەیەکی درێژ بوو لەچاو ئەو ماوەیەی کە هەر ئەنترۆپۆلۆژستێکی تر تەرخانی کردبوو لە پێش ئەودا-باوەڕدەکەم دوای ئەویش- بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵگایەکی بەرایی. هەروەها یەکەم ئەنترۆپۆلۆژست بوو زمانی خەڵکەکەی بەکارهێنا لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەی، یەکەم کەسیش بوو کە بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکەی لەگەڵ خەڵکەکەو شێوازی تایبەتەکەیان ژیا. بەهۆی ئەو بارودۆخەوەش توانی بچێتە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی دانیشتووانی تروبریاندو بەقووڵی تێی بگات کە لەگەڵیدا توانی ژمارەیە کتێبی قەبارە جیاواز بنووسێت کە هەموویان لە دەوری وەسفی ئەو جۆرە ژیانە دەسووڕێنەوە، ئەو تا مردنی لە نووسینی ئەمەدا بەردەوام بوو.

مالینوڤسکی لەساڵی ١٩٢٤ لە زانکۆی لەندەن دەستی بەوانە وتنەوە کرد، ئەو کات من و فیرسی مامۆستا کە لە ئێستادا شوێنەکەی مالینوڤسکی لە لەندەن گرتۆتەوە، یەکەم دوو خوێندکارێك بووین کە لەسەردەستی ئەو لەو ساڵەدا ئەنترۆپۆلۆژیامان خوێند. لەنێوان ساڵانی ١٩٢٤و ١٩٣٠ سەرجەمی ئەو ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییانەی کە ئێستا مامۆستای زانکۆن لە بەریتانیای مەزن و دۆمنیون، خوێندکاری ئەو بوونە. دەکرێ بڵێین بەڕاستی ئەو توێژینەوە مەیدانییە بەرفراوانانەی کەوا ئەنترۆپۆلۆژیای نوێ جیادەکاتەوە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ قەرزاری پەروەردەکانی ئەون، لەبەرئەوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ناکرێ لەژیانی کۆمەڵایەتی گەلێك لە گەلان تێبگەین ئەگەر توێژینەوەیەکی چڕو پڕی لەبارەوە نەکەین. هەروەها پێوابوو ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی

چڕوپڕی کۆمەڵگای بەرایی هەر هیچ نەبێ یەك توێژینەوەی لەو جۆرە بەشێکی پێویست لە ڕاهێنانی ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی تازەپێگەیشتوو پێکدێنێت. دواتر گفتوگۆی ئەو خاڵە دەکەین، دوای ئەوەی بەکورتی ئەو باوەڕەمان دیاریکرد کە ئەوە تایبەتمەندییەکی گرنگی نێو تایبەتمەندییەکانی توێژینەوە مەیدانییە یەکەمینەکانە کەوا ئەنترۆپۆلۆژستە پسپۆڕەکان پێی هەڵدەستن.

ئەو توێژینەوانە لەسەر ئەو کۆمەڵگا لۆکاڵییانە ئەنجامدراوە کە یەکەی سیاسی زۆر بچووك پێکدێنن، نموونەی گروهە ئوسترالییەکان و ڕەشماڵنشینە ئیندمانییەکان و لادێیەکانی میلانیزیا. ئەو بارودۆخەش وایکرد بایەخ بەتوێژینەوەی هەندێك لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت سیستەمی خزمایەتی و ژیانی سرووتگەری بدرێت و، هەندێکی تریش فەرامۆش بکرێت و بەتایبەت بونیادی سیاسی کە لە ڕاستیدا چانسی توێژینەوەی بەرنەکەوت تا ئەو کاتەی زاناکان دەستیان کرد بەتوێژینەوە لە کۆمەڵگا ئەفریقییەکان. لە ئەفریقیا زۆر گروهی سیاسی جیاواز لەیەکتر هەیە کە لە هەزاران خەڵك پێکهاتوون، بۆیە توێژەرەوان لە بەرامبەر ڕێکخستنە سیاسییە لۆکاڵییەکان و لەبەرامبەر پێوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوانیان ناچاربوون بایەخ بەلایەنە سیاسییە پوختەکانی نێوی بدەن. ئەم پێشکەوتنەش زۆر نوێیە، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە زانستییە دروستەکان لە ئەفریقیا دەستی پێنەکرد تا ئەوکاتەی سیلگمان و ژنەکەی سەردانی سودانیان نەکرد لە ساڵانی ١٩٠٩و ١٩١٠.

یەکەمین توێژینەوەی چڕوپڕ کە یەك لە ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەفریقیا پێی هەڵسابێت ئەوەیە کە من لەنێو





ئەزاندییەکان لە سودان پێی هەڵسام لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٧. لەو کاتەوە سەرجەمی توێژینەوە چڕوپڕەکان لەبارەی گەلانی بەراییەوە لەنێو ئەفریقیا چەقی گرتووە. بایەخێکی زۆر بەسیستەمی سیاسی درا، هەروەها لە توێژینەوەکەی شاپیرا لەبارەی بیچوانا و توێژینەوەکەی فۆرتس لەبارەی تالێنسی لە بیابانی زێڕو توێژینەوەکەی نادل لەبارەی نوپێ لە نێجیریا و توێژینەوەکەی دکتۆرە کۆپەر لەبارەی سوازی و هەروەها توێژینەوەکەی خۆم لەبارەی نویر لە سودان.

تاوەکو پاڵپشتان بم بۆ تێگەیشتن لەوەی بەتوێژینەوەی مەیدانی چڕوپڕ ناسراوە، هەوڵدەدەم ئەو داواکارییانە دیاربخەم کە لای ئەو کەسە هەبێت کە دەیەوێت پسپۆڕێتی لە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەدەستبێنێت. قسەکانم لەسەر ئەو سیستەمە کورتدەکەمەوە کە ئۆکسفۆرد گرتوویەتیەبەر. خوێندکار دێتە لامان دوای بەدەستهێنانی نمرەی زانکۆیی لە هەر زانستێکی تر، یەکەمجار بۆ ماوەی ساڵێك دەخوێنێت پاشان دیپلۆم لە ئەنترۆپۆلۆژیا وەردەگرێت. ئەو میتۆدەی کە لەو قۆناغە دەیخوێنێت مەبەست لێی پێناسەکردنی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە بەگشتی، هەروەها پێناسەی ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی و ئەتنۆلۆژیا و تەکنۆلۆژیا و زانستی شوێنەوار دەخوێنێت، ئەوەی کە لە وانەبێژی یەکەمدا ئاماژەمان پێکرد. خوێندکار دوای ئەمە بەساڵێك –ڕەنگە زیاتر لە ساڵێك –لە نووسینی نامەکەی بەسەرببات کە تێیدا پشت بەو توێژینەوە بلاوکراوانەی نێو ئەو بوارە دەبەستێت و پلەی B.Litt یان B.Se بەدەست دێنێت، ئەگەر نامەکەی ئاستێکی زانستی

دیاریکراوی بەخۆوەبینی، لەهەمان کاتدا بەخت یاوەری بوو بەوەی دەرفەتی خوێندنی بۆ بڕەخسێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی، ئەوا دەست بەئامادەکاری دەکات بۆ ئەو کارە گەورەیەو خۆی بۆ ئامادە دەکات، بەوردی هەموو ئەو شتانە دەخوێنێتەوە کە لەبارەی گەلانی ئەو ناوچەیەوە نووسراون کەوا دەیەوێ ئیشی تێدا بکات، هەروەها لەسەریەتی زمانەکەیان فێربێت.

وەك باوە، لێکۆڵەر بەلای کەمی دوو ساڵی لە توێژینەوەی یەکەمی لەسەر ئەو کۆمەڵگا بەراییەی کە هەڵیبژاردووە پێدەچێت. زۆرجار ماوەی توێژینەوەکە بۆ دوو قۆناغ دابەش دەکرێت، ماوەیەکی زەمەنی لەیەکتریان جیادەکاتەوە کە ڕەنگە هەندێك مانگ بخایەنێت کە لێکۆڵەر لەم ماوەیەدا بەو زانیاریانەدا دەچێتەوە کە لە گەشتە یەکەمینەکەی کۆیکردوونەتەوەو بەوردی دەیانپشکنێت. ئەزموون ئەوەی سەلماندووە کە ئەو ماوە جیاکەرەوەیەی نێوان دوو قۆناغەکە کەوا باشە لە یەکێك لە زانکۆکان بێت، مەسەلەیەکی جەوهەری دروستی توێژینەوەی مەیدانییە. دوای ئەوە لێکۆڵەر بەلای کەم پێویستی بە پێنج مانگی تر دەبێت بۆئەوەی بتوانێت ئەنجامی توێژینەوەکەی بڵاوبکاتەوە، بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئاستە زانستییە نوێیەکان بگونجێت. تەنانەت ئەو مەسەلەیە زۆر دوورتر لەوە دەڕوات ئەگەرهاتوو بەتەواوی خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان نەکرد. بەمەش ئەوە دەبینێت کە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی چڕوپڕ لەسەر یەکێ لە کۆمەڵگا بەراییەکان، پاشان بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە نزیکەی دە ساڵ دەخایەنێت.

پاش ئەمە دەبێ ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی





کۆمەڵگای دووەم بکات تاوەکو جۆری بیرکردنەوەی بەدرێژایی ژیانی لە سنووری تاکە نموونەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگاکان قەتیس نەبێت، هەمان ئەو هەڵەیە نەکاتەوە کە مالینوڤسکی تووشی هات. ئەو توێژینەوەیەی دووەم هەرچۆنێك بێ پێویستی بەتەرخانکردنی کاتێکی درێژ نییە، چونکە ئەزموونی پێشتری توانای ئەوەی پێبەخشیوە کە لێکۆڵینەوەکە بەخێرایی بکاتو، لە نووسینەوەشی وردتر بێتو نووسینەکە درێژ نەبێت. لەگەڵ ئەمەش هەمدیس ناتوانێ یەکسەر ئەو لێکۆڵینەوانە بڵاوبکاتەوە تا چەند مانگێکی بەسەردا تێنەپەڕێت. ئاشکرایە هەڵگرتنی ئەو جۆرە ڕاهێنانو ئامادەکاریو توێژینەوەیە پێویست بەتوانایەکی لەبنەهاتووو ئۆقرەگرتن هەیە.

بەڵام ئەگەر ئەو نمایشە خێرایە جۆرێك لە ڕاهێنانی خستەڕوو کە دەبێ ئەنترۆپۆلۆژست ملکەچی بێتو، لەسەری بێت بەپێی ئەو پێدراوانە، هەڵسێت بەئەنجامدانی توێژینەوە چڕوپڕەکان لەبارەی هەندێك لە کۆمەڵگا بەراییەکان، ئەوا بیرۆکەیەکی ڕوونمان لەبارەی خودی میتۆدی لێکۆڵینەوەکە نادات بەدەستەوە.

کەواتە لێکۆڵەر چبکات بۆئەوەی توێژینەوەی یەکێك لەو کۆمەڵگا بەراییانە بکات؟ هەوڵدەدەم بەکورتیو بەگشتی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە تاوەکو تەنیا ئەو یاسا سەرەکییانە دیاری بکەین کەوا توێژینەوەی مەیدانی دروست لەسەری دەوەستێت، لەبەرئەوە قسە لەو ڕێگە تایبەتیانە ناکەم کەوا لێکۆڵینەوە دەیگرێتەبەر. بەهەرحاڵ ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیا کەمو سادەنە تا ئەوپەڕ، هەروەکو هەندێکیان- وەك لیستەکانی پرسیارو

سەرژمێرکردن- ناگونجێن تەنیا لە توێژینەوەی ئەو کۆمەڵگایانەدا نەبێت کەوا گەیشتوونەتە پلەیەکی پێشکەوتن و ئاڵۆزبوون کە لە گەلانی سادە بەدی ناکرێن، هەر هیچ نەبێت بەر لە گۆڕینی شێوازی ژیانە تەقلیدییەکەی کە ئەنجامی بازرگانی و فێرکردن و بەهۆی بوونی سیستەمی بەڕێوەبەردنی مۆدێرنە. رادین لەمبارەیەوە ڕاستی وتوە کاتێك دەڵێت سەرجەم لێکۆڵەرە سەرکەوتووەکان هیچ بایەخیان بەو ڕێگەیە نەداوە کە زانیارییەکانیان لێیەوە کۆکردووەتەوە.

سەرکەوتنی توێژینەوەی مەیدانی لەسەر دابینکردنی بارودۆخ و مەرجە دیاریکراوەکان دەوەستێت، دەبێت ئەنترۆپۆلۆژست ماوەیەکی زەمەنی تەواو بۆ ئەو توێژینەوەیە تەرخان بکات و، بەدرێژایی کاتی لێکۆڵینەوەکە پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ئەو خەڵکانە هەبێت کە لەنێویان کاردەکات و، زمانی ئەوان بەکاربێنێت، هەروەها لەسەریەتی کۆی لایەنی کولتووری و ژیانی کۆمەلأیەتییان بخوێنێت. لەسەر گشت ئەو داواکارییانە یەك بەیەك دەدوێین، لەبەرئەوەی لەگەڵ ڕوون و ئاشکراییان ئەوا لە حەقیقەتدا ئەوە گرنگترین شتێکە ئەنترۆپۆلۆژیا لە بەریتانیا لە هەر شوێنێکی تری دنیا جیابکاتەوەو، وایکردووە بەهای ئەنترۆپۆلۆژیای بەریتانی لەسەرەوەی بەهای گشت توێژینەوەکانی تر بێت.

دەبینین زاناکانی سەرەتا ئەوانەی توێژینەوەی مەیدانییان ئەنجامداوە پەلەیان لە کارەکەیان کردووە، سەردانە کتوپڕەکانیان بۆ نێو کۆمەڵگا دواکەوتووەکان لە چەند ڕۆژێك زیاتری نەخایاندووەو، بەدەگمەن چەند هەفتەیەکی پێچووە. لەگەڵ ئەوەی ئەو توێژینەوە هەمەلایەنە خێرایانە دەست دەدەن، لەبەرئەوەی هەنگاوێکی دەسپێکن





بۆ ئەو توێژینەوە چڕوپڕانەی کە لەدوایاندا دێن، هەروەها بەکاردێن بۆ دانانی هەندێك پۆلینکاری یەکەمینی ئەتنۆلۆژی، ئەوا هێشتا بۆ تێگەیشتن لە ژیانی کۆمەلأیەتی بەکەڵك نایەن. لەم لایەنەوە تێڕوانینی هاوچەرخ تەواو جیاوازە لە جاران، هەروەکو وتم، لەبەرئەوەی لێکۆڵەری نوێ لە توێژینەوەی کۆمەڵگایەك لەساڵێك بۆ سێ ساڵی پێدەچێت، هەروەها دەرفەتی ئەوەی پێدەدرێت بۆ تێبینکردنی ژیانی کۆمەلأیەتی لە هەر بەشێك و تۆمارکردنیان بەهەموو تەفاسیل و وردەکارییەوە، پاشان هەڵبژاردنی ئەنجامەکان بەڕێگەیەکی میتۆدیانەی گونجاو.

لەوەدەچێت هەرچەندی ماوەی لێکۆڵینەوەکە درێژبخایەنێت، ئەوا ئەنترۆپۆلۆژست ناتوانێ وێنەیەکی تەواو دروستمان لەبارەی کۆمەڵگاکە بداتە دەست تا ئەو کاتەی خودی خۆی لە شوێنێك دابنێت کە بتوانێت لەتەکیدا پێوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ خەڵکانی ئەوێ دروست بکات، بۆئەوەی بتوانێت تێبینی جۆرەها دیاردەی چالاکی ژیانی ڕۆژانە بکات و چاودێری ژیانی کۆمەلأیەتی بکات لەناوەوەی کۆمەڵگا نەك دەرەوەی. ئەمەش بۆی مەیسەر نابێت تەنها ئەگەربێتو لە لادێ یان ڕەشماڵەکانیان ژیا و، ببێتە بەشێکی فیزیکی و مەعنەوی لە کۆمەڵگاکەیاندا. بەمەش هەلی بینین و بیستنی هەموو ئەو ڕووداوانەی بۆ دەڕەخسێت کە لە ژیانی ڕۆژانەی ئاساییاندا ڕوودەدەن، هەروەها ئەو ڕووداوانەی کە تەنیا لە ساتێك لە ساتەکان ڕوودەدەن، نموونەی ئاهەنگ و بۆنەکان، یان پرس و کێشەکان. ئەو هەروەها دەتوانێ بەشێوەیەکی ئەرێیانە بەشداری ئەو چالاکییانەو ڕووداوەکان بکات، بەمەش بە کردارو مومارەسەکردن فێردەبێت وەکو

ئەوەی بە گوێگرتن‌و بینین فێردەبێت. کەواتە جیاوازییەکە ئەو دۆخەی ئێستاو دۆخی کۆن لەیەکتری جیادەکاتەوە، ئەو کاتەی ئەنترۆپۆلۆژستە سەرەتاکان‌و مژدەبەخشەکان‌و پیاوانی حوکم‌و بەڕێوەبردن کە سیماکانی ژیانی بەراییان بۆ تۆمارکردووین لەکاتێکا ئەوان لە شوێنگەی مژدەبەری ژیاون یان ڕۆڵی حکومەتیان گێڕاوە کە زۆر دووربووە لە کۆمەڵگاکە خۆی، ئەمەش لە زۆربەی کاتدا ناچاریکردوونە پشت بە مژدەبەرەکان ببەستن بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان. کاتێك یەکێك لەوان بەسەردان چووەتە گوندێك، ئەوا سەردانەکەی خۆی نیشانەیەکە بۆ دەرچوونی خەڵکەکە لە ژیانی دەقگرتووی ڕۆژانەی خۆیان‌و لە هەڵسوکەوت‌و چالاکییەکانیان کە ئەو بەحیساب هاتووە بیانبینێت‌و توێژینەوەیان لەسەر بکات.

مەسەلەکە لێرەدا تەنیا مەسەلەی هات‌وچوون یان نزیکی فیزیکی‌و ماددی نییە، بەڵکو ئەمە ڕووێکی سایکۆلۆژی گرنگی هەیە. ئەنترۆپۆلۆژست کە لەنێو خەڵکەکە دەژێت‌و خۆی وەك یەکێك لەوان دادەنێت لە هەموو شتەکان لەگەڵیاندا دەبێت. پاشان ئەو لە پیاوی حکومەت‌و مژدەبەخشەکان جیاوازە بەوەی حەزی هیچ دەسەڵاتێکی نییە یان هیچ پێگەیەکی نییە کە هەوڵی زەقکردنەوەو پاراستنی شکۆمەندی بدات. هەروەها هەڵوێستی ئەو لەبەرامبەر خەڵکەکە هەڵوێستێکە ناسراوە بەهاوسەنگی‌و بێلایەنی، ئەو نەهاتووە بۆئەوەی شێوازی ژیانیان بگۆڕێت، بەڵکو بەڕاشکاوی هەوڵیان لەگەڵ دەدا تا لەنێویاندا بمێنێتەوەو فێری شێوازەکەیان بێت. دواجار ئەو بەتەنیا هاتۆتە نێو ئەوان بەبێ ئەوەی هیچ یاوەری لەگەڵدا بێت یان خزمەتکار، هەروەها بەپیاوانی پۆلیسیش دەورنەدراوە یان وەرگێڕ





یان واعیزەکان کە بکەونە نێوان ئەوو ئەوان.

ڕەنگە گرنگترین شت لە هەموو ئەوانە سەبارەت بەتوێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی، چوونی ئەنترۆپۆلۆژستە بۆ نێو ئەو کۆمەڵگایە بەتەنیا بێئەوەی کەسێك لە ڕەگەزەکەی خۆی یان لە هەمان کولتوور یاوەری بکات، لەگەڵ ئەوەی کە ناچاربێت تێکەڵ بەخەڵکەکەی ئەوێ ببێت‌و لەنێویاندا بەدوای هاوڕێیەتی‌و دۆستایەتی‌و تێگەیشتنێکی ئینسانیدا بگەڕێت. ئەنترۆپۆلۆست بەسەرنەکەتوو دادەنرێت ئەگەرهاتوو هەستی بەناخۆشی‌و خەم نەکرد لەساتی لێکدابڕاندا. ئاشکرایە ئەو ناتوانێ پێوەندییە دۆستایەتییەکانی لەگەڵ ئەواندا بچەسپێنێت، تەنیا ئەگەر یەکەمجار سەرکەوتوو نەبێت لە تێکەڵاوبوونی لە کۆمەڵگاکەدا بۆئەوەی ببێتە –ئەگەر بۆ ڕادەیەکی دیاریکراویش بێت– ئەندامێك تێیداو، نوقمی کولتوورەکەیان بێت کە لە سنووریدا بیربکاتەوەو خۆی لەگەڵیاندا بگونجێت.

ئاشکرایە بۆئەوەی ئەنترۆپۆلۆژست بتوانێ کارەکەی ڕابپەڕێنێت لەژێر ئەو مەرجانە کەوا وەسفکران، ئەوا لەسەریەتی زمانی خەڵکەکە فێرببێت. دەبێ ئەنترۆپۆلۆژست خەمی یەکەمی فێربوونی زمانەکە بێت تا لەسەرەتادا ئیشی بە وەرگێڕ نەبێت. هەندێك کەس ناتوانن بەئاسانی زمانە بێگانەکان وەربگرنن هەروەها زۆربەی زمانە بەراییەکان تا ئەو ڕادەیە قورسن کە باوەڕناکرێ، بەڵام هەر دەبێ شارەزای زمانەکە ببێت‌و بەپێی توانای کەسەکە خۆی بەسەریدا زاڵببێت‌و بەپێی ئەو ئاڵۆزی یان ئاستەنگانەی کە لە خودی زمانەکەدا هەیە، لەبەرئەوە ئەمە دەرفەتی پێوەندی‌و تیکەڵاوبوونی ئازدانەی لەگەڵ خەڵکەکە پێدەدا. چەند هۆکارێکی تر هەیە وای

لێدەکات هەر لە سەرەتاوە فێری زمانەکە بێت. یەکەم هۆکارێك ئەوەیە مرۆڤ بۆئەوەی لە بیرکردنەوەی گەلێك لە گەلان تێبگات، بێگومان تێگەیشتنێکی حەقیقیانە، ئەوا لەسەریەتی وا بیربکاتەوە کە ئەوان بیردەکەنەوە، هەروەها لەو ساتەی فێری زمانی ئەو گەلە دەبێت، ئەوا لە هەمان کاتدا فێری کولتوورو سیستەمی کۆمەڵایەتیان دەبێت کە لەنێو زاراوەو گۆکردنەکانی ئەو زمانە گەلاڵەکراون. پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و عەقیدەکان و پرۆسێسە هونەرییەکان، بەڵکو هەموو شتێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکەکە یان لە شێوەی گۆگردنەکانەوە دەردەبڕدرێن یانیش لەشێوەی کردەکانەوە، واتە یان بە گوتە یان بەکردار. کاتێك لێکۆڵەر لە مانای هەموو وشەکانی ئەو زمانەو شێوازی بەکارهێنانیان لە جۆرەها هەڵوێست و بۆنەکان تێگەیشت، ئەوا توێژینەوەکەی تەواو دەبێت. ڕەنگە گرنگترین و ناخۆشترین لایەنی توێژینەوەی مەیدانی ئەنترۆپۆلۆژی دەستنیشانکردنی مانا سەرەکییەکانی وشەکان بێت کەوا سەرکەوتنی گشت لێکۆڵینەوەکەی لەسەر وەستاوە. تاکە ڕێگەش بۆ گەیشتن بەمە، ئەوەیە کە لێکۆڵەر فێری ئەوە ببێت کە چۆن ئەو وشانە بەشێوەیەکی دروست لە کاتی قسەکردنی لەگەڵ خەڵك بەکاربهێنێت. هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە فێربوونی زمانی خەڵکەکە یەکەمجار لێکۆڵەر لەشوێنێکی تەواو پێویست دادەنێت بۆ هاوکاریکردنی خەڵك. ئەو وەك خوێندکارێکی زانست دەچێتە لایان کە هیچ هەژموون یان دەسەڵاتێکی نییە.

دواجار پێویستە لەسەر ئەنترۆپۆلۆژست توێژینەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بکات وەك گشتێك، ئەستەمە لەهەر لایەنێك لە لایەنەکانی ئەو ژیانە لە هەر کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان تێبگات، تێگەیشتنێکی





تەواو ڕوون، تەنیا لەژێر ڕۆشنایی کۆی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە نەبێت. لەڕاستیدا ئەنترۆپۆلۆژستی ورد لە یادەوەرییە تایبەتییەکانی خۆیدا تەفاسیلی هەموو شتێك تۆماردەکات تەنانەت مەسەلە لاوەکییە ئاساییەکانیش وەکو شێوازی چێڵ دۆشین یان گۆشت سوورکردنەوە، ئەگەرچی دواتر هەموو ئەو وردەکاریانە بلاَوناکاتەوە. ڕەنگە ئەو بڕیاربدات بەنموونە کتێبێك لەبارەی یاسا یان ئایین یان ئابووری یەکێ لەو گەلانە دابنێت، ئەوا مانای ئەوەیە توێژینەوەکەی تایبەتە بە لایەنێکی ژیانیان و پشتگوێخستنی لایەنەکانی تر، بەڵام تەنانەت لەو حاڵەتەشدا، توێژینەوەی ئەو بابەتە دەکات لە پێوەندی لەگەڵ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەویٚ و بەئاماژەدان بە بونیادە کۆمەڵایەتییەکەیان.

ئەمەش بەکورتی مەرجە جەوهەرییەکان بوو کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانی ورد لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی فەراهەم بێت. بەڵام لێرەدا حەزدەکەین بپرسین، ئەو داواکاری و تایبەتمەندییانە چین کە پێویستە لای ئەو کەسە هەبێت کە بەو توێژینەوانە هەڵدەستێت؟ گرنگترین شتێك کە لە لێکۆڵەری مەیدانی داوادەکرێت ئەوەیە کە خوێندنی زانکۆیی لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تەواو کردبێت، هەروەها دەبێ مەعریفەیەکی فراوانی لەبارەی تیۆرییە گشتییەکان و ئەتنۆگرافیای ئەو ناوچەیەش هەبێت کە توێژینەوەی دەکات.

کەسی خوێندەواری هەستیار دەتوانێ بەئاسانی سیماکانی ژیانی گەلێکی بێگانە ناس بکات و کتێبێکی زۆر باش لەسەر شێوازی ژیان و ڕێگەی بژێوییان بنووسێت، بەڵکو ڕەنگە بچێتە نێو قووڵاییان

کە ڕەنگە زۆربەی ئەنترۆپۆلۆژستە پسپۆڕەکان نەتوانن ئەمە بکەن، هەروەها ڕەنگە نووسینەکەی لەسەریان زۆر نایابتر بێت لە نووسینەکانی ئەوان. ڕاستییەکەی زۆربەی کتێبە ئەتنۆگرافییە نایابەکان، ماوەیەکی زۆر بەرلەوەی گوێمان لە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بێت هەبوون. لەو کتێبانەش کتێبی دوبۆیس Dubois لەبارەی Hindu Manners Customs and Ceremonies (١٨١٦)و، کتێبی لەین Lane بەناوی An Account of the Manners and Customs of the moqern Egyptian (١٨٣٦).کەواتە هەموو ئەو مەسەلانە دروستن، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەو توێژینەوەیەی کەسێکی ئەزموونـدار دەینووسێت کە لەپاڵ تایبەتمەندییە تاکەکەسییە تایبەتەکانیدا ڕاهێنانێکی درێژی لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیادا کردووە، ئەوا بێگومان توێژینەوەیەکی زۆر قووڵترو تەواوتر ئەنجامدەدا بەبەراورد لەگەڵ کەسێکی ئاسایی، تەنانەت لەو حاڵەتانەش کە تەنیا بەوەرگێڕانێکی سادەی یەکێك لە کولتوورەکان بۆ کولتوورێکی تر دەوەستێت بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی بونیادییانە هەوڵی شیکردنەوەی ئەو کولتوورە بدات. کەواتە یەکەم شت ئەوەیە کە زۆر پێویستە مرۆڤ فێری ئەوە بێت کە توێژینەوە لەسەر چی دەکات و چۆن بە تێبینیکردن هەڵدەستێت.

دەرگاکان بەسەر نووسەرێکی ناکارامە دادەخرێت ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەکەی دەگاتە قۆناغی شیکردنەوەی بنەماگەری کە داوای شارەزاییەکی تەواو بەتیۆری ئەنترۆپۆلۆژیی و کێشەو میتۆدو چەمکە هونەرییەکانی دەکات. بەنموونە دوای ئەوەی کەسێك لە کێڵگەیەك دەردەچێت، دەتوانێ وەسفێکی وردی ئەو بەردانە بکات کە





بینیویەتی. بەڵام هەرچەندی ئەو وەسفکردنە وردو نایاب بێت، ئەوا بە توێژینەوە دانانرێت لەنێو جیۆلۆجیادا. هەروەها پیاوێکی ئاسایی دەتوانێت وەسفی ژیانی کۆمەڵایەتی گەلێکی بەرایی بکات، بەڵام هەرچەندی وەسفەکە وردو جوان بێت ناگاتە ئاستی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان. جیاوازییەکە لێرەدا بەسروشتی خۆی ئەوەیە توێژینەوەی جیۆلۆجی بۆ بەرد تەنیا پێویستی بە مەعریفەیەکی زانستی و کارامەییەکی هونەری و بوونی ئامێرە پێویستەکان هەیە، کەچی گشت تایبەتمەندییەکی کەسایەتی و مرۆڤایەتی لێکۆڵەر دەچێتە نێو لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی کە لێکۆڵەری ناکارامە چێژ لە زۆربەیان دەکات کەچی ئەنترۆپۆلۆژستی پسپۆڕ ئەو چانسەی نابێت. ئاسانە مرۆڤ خۆی بخاتە شوێنی ئەو مرۆڤەی کە ئینتیمای بۆ کولتوورێکی دیکەی بێگانە هەیە، بەڵام ناتوانێ خۆی لە شوێنی پارچە بەردێك دابنێت.

لەبەرئەمە توێژینەوە مەیدانییە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، لەپاڵ مەعریفەی تیۆری و ڕاهێنانی هونەری، نموونەیەکی دیاریکراون لە کەسایەتی و میزاج. هەندێك خەڵك ناتوانن بەرگەی ئێش و ئازاری گۆشەگیری بگرن بەتایبەت لەژێر بارودۆخێکی قورسی ناتەندروست کە لەزۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەدا هەیە، کەچی هەندێکی تر ناتوانن خۆیان لەڕووی عەقڵی و ویژدانییەوە لەگەڵ بارودۆخی نوێ بگونجێنن. هەروەها ئەنترۆپۆلۆژست کاتێك دەیەوێ لە کۆمەڵگایەکی بەرایی تێبگات، پێویستە ئەو کۆمەڵگایە لە خودی خۆیدا بەرجەستە بکات و، تەنیا بە تۆمارکردنی دیاردەو واقیعەکانی نێوی لەنێو یادەوەرییەکانی نەوەستێت. ئەگەرچی زۆر قورسە مرۆڤ بتوانێ

بەهەمان ئەندازەی مرۆڤی بەرایی بیربکاتەوەو هەست بکات یان مرۆڤی ئەوروپی بەگوێرەی ئەو بارودۆخە بتوانێ ئەو توانایە بەرەهایی بەدەستبێنێت.

بۆئەوەی لێکۆڵەر لەمەدا سەرکەوتوو بێت، بێگومان دەبێ توانای فەرامۆشکردنی خودی خۆی هەبێو بەبێ هەڵوەستەکردن دەستبەرداری بنەما کەسییەکانی بێت، هەروەها دەبێت بەتوانایەکی زۆرەوە چێژ لە حەدەس وەربگرێت، ئەمەش بەڕاستی لای هەموو کەس دەستناکەوێت.

لەڕاستیدا سەرجەم خەڵك کە لەمڕووەوە شارەزاییەکی باشیان لە ڕێگەی تێبینیکردن هەیە، ناتوانن زۆر بەوردییەوە توێژینەوەی گەلێکی بەرایی بکەن. بەڵام کاتێك مەسەلەکە دەگاتە ئەوەی کە بمانەوێت بزانین ئەو جۆرە لێکۆڵەرەوانە دەتوانن توێژینەوەکانیان بگەیەننە ئاستی تێگەیشتنو ئیدراکی قووڵتر لە وەسفێکی سادە، ئەوا کۆمەڵێك شتی تر دێنە پێش کە تواناو ڕاهێنانی هونەری ناتوانێت لەنێو کەسایەتی ئەنترۆپۆلۆژستی بەتوانا دروستیان بکات، هەروەها ئەوانە بەتەنیا نابنە هۆی دروستکردنی مێژوونووسی بەتوانا. ئەو ئەنجامانەی کە لێکۆڵەر پێیان دەگات لە توێژینەوەی کۆمەڵگایەکی بەرایی تەنیا لەسەر سەرنجدانە عەقڵییەکانی لەبارەی ژیانی بەراییەوە ناوەستێت، بەڵکو لەسەر کاریگەری ئەو ژیانە بەسەر کەسایەتییەکەشیەوە دەوەستێت، واتە لە تێبینکردنی ئەوەی ئەو کەسێکی تەواوە. لەمەوەش دەردەکەوێ سەرکەوتنی مەیدانی لەژێر دەستی کەسێکی دیاریکراو لە توێژینەوەی گەلێکی دیاریکراودا پێوەندی بەتوانای کەسەکە خۆی هەیە. کەسێك کە سەرنەکەوتوو





بووە لە توێژینەوەی گەلێك، ڕەنگە لە توێژینەوەی گەلێکی تر سەرکەوتوو بێت. بەڵام بۆئەوەی ئەو سەرکەوتنە بەدەست بێت، پێویستە بەر لە هەموو شتێك بایەخ بەو بابەتە بدات کە هەڵیبژاردووە.

هەمیشە میزاجی باش لەگەڵ لەباردابوونو نەرمو نیانیو خۆشەویستی ئەوپەڕو لێکۆڵینەوەی ورد بەیەکەوە نایەن، هەروەها بەدەگمەن لەتەك کارامەیی یان دەستڕەنگینی لە کارێکی ئەدەبی پێویست لە وەرگێڕانو گواستنەوەی ڕۆشنبیرییەکی بێگانە بۆ نێو زمانی لێکۆڵەرەکە خۆی ڕێك دەکەوێ.

ئەنترۆپۆلۆژست ئەو شتەی کە تێبینی دەکات بەشێوەیەکی حەرفی نایگوازێتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات مانای ئەو دیاردانە ڕوونبکاتەوە کە تێبینکردوونو ئەو مانایەش بەڕوونی لە ئەزموونەکانی تری زەقبکاتەوە، ئەوەش پێویستی بەتوانای درککردنو جیاکردنەوەی شێوازو نموونەکان دەکات، بەڵکو دەبێت چانسی بلیمەتی هەبێت، سەرباری شارەزاییبوونی فراوانی لە ئەنترۆپۆلۆژیادا. مەبەستم لەمەدا ئەوە نییە کە هەموو زانا ئەنترۆپۆلۆژییەکان بەکردەوە خاوەنی هەموو ئەو سیفەتو تایبەتمەندییانە بن کەوا لێکۆڵەرێکی مەیدانی تەواو دروست دەکەن. ئەوان لە واقیعی حاڵدا لە بەهرەو تایبەتمەندییەکانیاندا لەیەکتری جیاوازن، بەڵام گشتیان دەزانن چۆن ئەو بەهرەو تایبەتمەندییانە بەکاربێنن بۆ گەیشتن بە باشترین ئەنجامو تەواوکردنیان.

لەو بڕوایەدام کە هەموو ئەنترۆپۆلۆژستان کۆکن لەسەر ئەوەی لایەنێکی گەورە لە توێژینەوەی مەیدانی ئەنترۆپۆلۆژی لەسەر خودی ئەو کەسە دەوەستێت کە پێی هەڵدەستێت. بەڵام ئەمە پرسیار

دەوروژێنێت کە ئایا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەسەر جیاوازی کەسایەتی لێکۆڵەرەکە دەوەستێت. ئەمەش پرسیارێکی زۆر قورسە، بەڵام هەستدەکەم کە وەڵامی ڕاست کە گشت بەڵگەو دۆکیومێنتەکان پشتیوانی لێبکەن ئەوەیە کە جیاوازییەکی جەوهەری لەنێو ڕاستییە واقیعییەکاندا نییە کەوا لێکۆڵەرە جیاوازەکان تۆماری دەکەن، بێگومان ئەوەش ڕێ لە بوونی هەندێك جیاوازی تاکێتی ناگرێت تەنانەت لەسەر ئاستی درکپێکردنی هەستەوەریش.

شتێکی ئەستەم دەبێت سەبارەت بەلێکۆڵەر بەتەواوی بزانێت چی دەوێت و بەوردی ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرێت بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کە لێی دەکۆڵێتەوە، بەهەڵەداچوونی لەبارەی واقیعەکان، ئەگەرهاتوو دوو ساڵی لەنێو ناوەندی کۆمەڵەیەکی بچووکی تیکەڵاوی کولتووری بەسەربرد، ناتوانێ لەنێویاندا شتێك بەدەستبێنێت، شێوازی ژیانیان و ڕێگەی بژێوییان نەبێت. دوای ئەو ماوەیە دەبینێت زانیاری تەواوی لەسەر ئەو قسانە هەیە کە لە جۆرەها هەڵوێست و بۆنەکاندا دەوترێن و دەکرێن، ژیانی کۆمەڵایەتی لەوێدا دەبێتە شتێکی تەواو زانراو بەشێوەیەك کە هیچ شتێك نامێنێتەوە تێبینی نەکرابێت یان ئاراستەکردنی پرسیارێکی نوێ. کەسایەتی و ڕووگەو پێکهاتەی ئەنترۆپۆلۆژست هەر شتێك بێت، ئەوا لەچوارچێوەیەکی دیاریکراوی مەعریفەی تیۆریی بەکارەکەی خۆی هەڵدەستێت کە ئەو بابەت و لایەنانەی بەسەردا دەسەپێنێت کە شایانی توێژینەوەن، هەروەها هەنگاوە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکەی بۆ دیاری دەکات. لەلایەکی ترەوە بەهەمان ئەو سنوورو تواناکارییە کولتوورییانەی ئەو گەلە دەبەستێتەوە کە توێژینەوەی دەکات. ئەو توێژینەوەی ژیانی





شوانکارەیی و کۆچەری دەکات، ئەگەرهاتوو ئەو گەلە شوانکارەی کۆچەر بوون، هەروەها توێژینەوەی جادووگەری و سیحر دەکات کە خەڵك قورساییەکی گەورەیان لە ژیانی خۆیاندا پێبەخشیون، کەواتە لەبەردەمیدا شتێك نییە جگە لە دواکەوتنی بەمەیلی کولتووری گشتی باوی نێو کۆمەڵگاکە نەبێت.

بەڵام ئەگەر ئەو ڕاستیانەی کەوا زانا جیاوازەکان بەتێبینیکردن و تۆمارکردنیان هەڵدەستن لەبارەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوی لێچکوو بێت، ئەوا هەمدیس نووسینەکانیان لەبارەی ئەو کۆمەڵگا دیاریکراوە جیاواز دەبێت. سەرباری ملکەچبوونی هەموویان بۆ کۆت و بەندەکان کەوا ڕێساکانی خودی زانستەکەو توانستەکانی کولتوورەکە کە توێژینەوەی دەکەن دەیسەپێنێت، ئەوا دیاریکردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکەو هەڵبژاردنی واقیع و نموونە ڕوونکارییەکان و ڕێکخستنیان و بڕیاردان لەسەر هەندێ مەسەلە بەوەی پەیوەستن، یان پەیوەست نین بەلێکۆڵینەوەکە یان بەبابەتەکە، هەموویان کاریگەری جیاوازیان هەیە لە لێکۆڵەرێکەوە بۆ یەکێکی تر کە بەپێی جیاوازی کەسایەتی و جیاوازی فێربوون و جیاکاری پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕاوبۆچوونی سیاسی و بیروباوەڕی ئایینی و شتی تریان دەگۆڕێت.

مرۆڤ ناتوانێ تەئویلی ئەو شتانە بکات، کەوا دەیانبینێت تەنیا لە سنووری ئەزموونی تایبەت و پێکهاتەی کەسایەتی خۆی نەبێت.

وێڕای ئەوەی زانا ئەنترۆپۆلۆژییەکان هەموویان بەشداری هەمان جۆری مەعریفە دەکەن، ئەوانیش وەك خەڵکی تر یەکێکیان لەوی تر جیاوازە لە مەسەلەو لایەنەکانی تری پەیوەست بەجۆری ئەزموون و شارەزایی و پێکهاتەی کەسایەتی. کەسایەتی

ئەنترۆپۆلۆژست لە کارەکەی جیاناکرێتەوە، هەروەها کەسایەتی مێژوونووس لە کارەکەی جیاناکرێتەوە. توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تەنیا وەسفێکی وردی ڕاستگۆی ژیانی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لەهەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی کەسایەتی خاوەنەکەش خۆیەتی. لێرەوەش ئەو توێژینەوانە لە حەقیقەتدا دەربڕی هەندێك بڕیاری خوڵقێنراون، ئەمەش بەئاشکرا دەردەکەوێت ئەو کاتەی کە لێکۆڵەر تووشی توێژینەوەی هەندێك مەسەلە دێت کە هەستێکی تایبەتی بەرامبەریان هەیە. بەمجۆرە ئەنجامی توێژینەوەکە تاڕادەیەك لەسەر ڕەگەزە خودییەکان دەوەستێت کە دەچێتە ناوییەوە.

ئەوانەی ئەنترۆپۆلۆژستو نووسینەکانیان دەناسن، هەروەك من بەڕاستی دەیانناسم، ئەوا بێگومان زۆربەتان ڕازین لەسەر ئەو قسانەی کە دەیڵێم. من لەو باوەڕەدا نیم کە پێویست بەزێدەڕۆییکردن لە بایەخدان بەو کێشەیە بکات، بەتایبەت ئەگەر دانمان بەبوونی پەراوێزێك دانا لە ئازادی ڕەفتارکردن  بۆ کەسایەتی لێکۆڵەر. ئەو جیاوازییە تاکێتیانە، لە کۆی ئەدەبیاتی ئەنترۆپۆلۆژیادا ئاراستەی بەرەو تەواوکاری هەندێك لەگەڵ هەندێکی تردا گرتووە. ئەمەش شتێك نییە پێی بوترێت دڵەڕاوکێ یان ترس کە پەیوەست بێت بە بەهای توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکانو دروستی ئەنجامەکانیان.

کەچی مەسەلەکە لە کۆی هەموو ئەمە ڕووێکی تری هەیە.

ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان، سەرباری جیاوازییە کەسایەتییەکانی نێوانیان، ئینتیمایان بۆ هەمان کولتوورو هەمان کۆمەڵگا هەیە، هەروەها زۆرجار هەمان وتەزای کولتووریو هەمان





بەهایان هەیە کەوا لەسەریان دەسەپێنێت بایەخ بەلایەنی دیاریکراو بدەن، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکەن. ئەمە لەپاڵ ئەو لایەنەی لەپێشدا ئاماژەمان پێدا لە هاوبەشیکردنی هەموویان لەو جۆری مەعریفەو جۆری ئەو ڕاهێنانەی کە بەهۆی پسپۆڕێتیان ملکەچینە.

ئایینو یاساو ئابووریو سیاسەت، ئەوانە وتەزای ئەبستراکتن کە پەیوەستن بە کولتووری ئێمە، بەڵام ئەنترۆپۆلۆژستان بەکاریدێنن بۆ ڕێکخستنی تێبینییە بینراوەکانی خۆیان لەسەر دیاردەکانی ژیانی گەلانی بەرایی. مەسەلەکە بەکورتی ئەوەیە کە توێژیکی دیاریکراوی خەڵك وابەستەی کولتوورێکی دیاریکراون، ئەویش کولتووری ئەوروپییە، سەرنجی جۆرەها واقیعی دیاریکراو دەدەنو بەڕێگەی جیاوازیش لێی دەڕوانن. ئەو کەسانەی ئینتیمایان بۆ کولتووری جیاواز لە ئێمە هەیە، ئەوا بایەخدارن بە واقیعو ڕاستی جیاوازو بەرێگەی جیاوازیش درکی پێدەکەن. لەو لایەنەوەش دەکرێ بڵێین ئەو واقیعانەی کە ئەنترۆپۆلۆژستان لە یادەوەرییەکانیان دەینووسنەوە لە حەقیقەتدا واقیعگەلێکی ئەنترۆپۆلۆژی نین، بەڵکو واقیعگەلی ئەتنۆگرافین، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنو تەئویلکردن لێرەدا لەسەر ئاستی تێبینیکردنێکی ڕووت تەواو دەبن. لێرەدا ناتوانین گفتوگۆکە لەسەر ئەو مەسەلە گشتییە لەبارەی درککردنی هەستیو هەڵسەنگاندن درێژتر بکەینەوە، لەبەرئەمە تەنیا بەخستنەڕووی دەوەستین.

لەکۆتاییدا حەزدەکەم ئاماژە بەوە بدەم کە من کاریگەرم – هەروەکو بێ شك تێبینیتان کرد– لەماوەی قسەکردنم لەبارەی

**توێژینەوەی مەیدانیی و، لەبارەی تایبەتمەندییەکان کە پێویستە دابین بکرێن، ئەوا بەڕای خۆم کە لە لێکچەرەکەی پێشوودا خستمەڕوو ئەوەیە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی نزیکترە لە هونەر تا لە زانست. هەرچی ئەو ئەنترۆپۆلۆژستانەیە کە بەپێچەوانەی ئەم ئاراستەیە هەنگاودەنێن، ئەوا ئارەزووی چارەسەکردنی ئەو پرسانەی کە لەم لێکچەرە وروژاندمان، بەڕێگەیەکی جیاوازتر دەبینن.**





## بەشی پێنجەم

## توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییە مۆدێرنەکان

**لە وانەبێژی دووەم و سێیەم هەوڵمدا وێنەیەکی خێراتان لەبارەی پێشڤەچوونی بیرکردنەوەی تیۆرگەرایی نێو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پێشکەش بکەم، ئەمەش پێویستی بەقسەکردن دەکرد لەبارەی پێشڤەچوونی تیۆرییە نوێیەکانی تایبەت بە کۆمەڵگا بەراییەکان، یان ئەوەی لە سەدەی نۆزدە بەدامەزراوەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکان ناسرابوو، لەسەدەی هەژدەش بە کۆمەڵگای هەمەجی ناسرابوو، دواتر بەکورتی لە وانەبێژی چوارەم ئەو گۆڕانەمان خستەڕوو کە لە ئەنجامی زۆربوونی زانیارییەکان بەسەر مەعریفەمان لەبارەی کۆمەڵگا بەراییەکاندا هاتووە. زۆربوونی زانیارییەکانیش باشتربوونی توێژینەوەی وەسفی لە هەردوو لایەنی چەندایەتی یان چۆنایەتی لێکەوتەوە، هەروەها گواستنەوەی نووسینە ئەنترۆپۆلۆژییەکان بەپشت بەستن بەتێبینییە تێپەڕە خێراکان کە دۆزەرەوەکان پێی هەڵدەستان، بۆ باسکردنێکی تێروتەسەل لەسەر دەستی مژدەبەخشەکان و پیاوانی حوکم و ئیدارەی نێو کۆلۆنییەکان، پاشان بۆ توێژینەوە چڕوپڕەکان کەوا لە ئێستادا زانا پسپۆڕەکان**

ئەنجامی دەدەن. ئەو تیۆرییانە لەسایەی کەڵەکەبوونی زانیارییەکان لەژێر باری چاکسازیکردن و گۆڕانی بەردەوامدا بوون. بەڵام دوای هەموو ئەو چاککردنانەی کەبەسەریدا دەهات تێڕوانینی لێکۆڵەرەکان ڕووەو تێبینیکردنی قووڵی مەسەلەکانی ترو مەیدانە نوێیەکانی نێو ژیانی کۆمەلأیەتی هەنگاویان دەنا، ئەمەش بووە هۆی کەڵەکەبوونی مەعریفەی تایبەت بەگەلانی سەرەتایی.

ئەو پێشڤەچوونە گەورەیەی لێکۆڵینەوەش، پێشڤەچوونێکی نوێی ئامانجەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلأیەتی و میتۆدەکانی لێهاتە بەرهەم. لەو وانبێژییەدا بەشێوەیەکی کورت هەندێك مەیلی گشتی دەخەمەڕوو کە ئەنجامی ئەو پێشڤەچوونەیە، دواتر باس لە ژمارەیەك کتێب و توێژینەوەی مەیدانی کورت دەکەم کە خاوەنەکانیان تێبینییەکانیان لە فۆرمێکی ڕێکخراودا خستۆتەڕوو، ئەمەش بۆئەوەی بیرۆکەیەکی ڕوونتان لەبارەی جۆری ئەو لێکۆڵینەوانە پێبدەم کە ئێستا پێی هەڵدەستین. پێشتر ئەو شێوازانەمان دیاریکرد کە ئەنترۆپۆلۆژستان دایاننناوە بۆ ئەنجامدانی تێبینیکردن، لێرەدا ڕێگەی ڕێکخستنی ئەو تێبینیانە و ڕیزبەندکردنیان و پاشان سوود وەرگرتن لێیان دیاری دەکەین.

خاڵی جەوهەری کە لەمڕووەوە دەبێ ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە ئەنترۆپۆلۆژست هەمیشە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی مەعریفەی تیۆری کاردەکات و، بەتێبینیکردنەکانی هەڵدەستێ بەمەبەستی گەیشتن بەچارەسەری بۆ هەندێك کێشە کە لەنێو خودی ئەو مەعریفە تیۆرییە سەریهەڵداوە. جەختکردنەوە لەسەر لایەنی کێشە زانستییەکان مەسەلەیەکە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلأیەتی لەگەڵ گشت





لقەکانی زانستەکان و مەعریفەکانی تر بەشداری تێدا دەکات. بۆ نمونە لۆرد ئاکتون Lord Acton داوای لە خوێندکارانی مێژوو دەکرد توێژینەوەی کێشەکان بکەن نەوەك سەردەمە مێژووییەکان، هەروەها کۆلینگوید Collingwood هۆشداری دەدایە خوێنکارەکانی لە بەشی شوێنەوارناسی کە توێژینەوەی کێشەکان بکەن نەك شوێنە شوێنەوارییەکان. هەروەها ئێمەش داوا لە خوێندکارانی ئەنترۆپۆلۆژیا دەکەین توێژینەوەی کێشەکان یان پرسە کۆمەلأیەتییەکان بکەن نەوەك گەلان.

زۆربەی توێژینەوە مەیدانییە یەکەمینەکان مەیلی گێڕانەوە یان وەسفکردنێکی پوختیان هەبوو، مەگەر دەگمەن نەبێت، ئەگینا بایەخیان بەڕاڤەکردنی میتۆدییانە نەدەدا، ئەگەرچی هەندێکجار بیرکردنەوەیەکی تیۆری لێهەڵدەهێنجرێ کە بەڕەنگێکی مێژوویی بۆ تەفسیرکردنی واقیع و تێبینییەکان ڕەنگکراوە. هەر توێژینەوەیەك لەو توێژینەوانە ژمارەیەکی زۆر بەشی تێدایە کە لێیەوە یەك بەدوای یەك و بە تێروتەسەلی لێکدانەوەی ڕووێك لە ڕووەکانی ژیانی کۆمەلأیەتی کراوە: ژینگە و تەکنۆلۆژیا و ئابووری و ڕێکخستنی کۆمەلأیەتی و سرووتی تایبەت بەهاتوو چۆو سرووتی تایبەت بەگواستنەوە لە قۆناغێکی ژیان بۆ قۆناغێکی ترو یاسا و سیحرو ئەفسانە و فۆلکلۆرو ئامرازەکانی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن و شتی تر. ئەو توێژینەوە بەراییانە لە توێژینەوە مەیدانییە نوێیەکان جیاوازن کەوا هەوڵدەدەن بەگشتی قۆناغی وەسفکردنی پوختی ژیانی کۆمەلأیەتی لای گەلێك لە گەلان تێپەڕێنن و بەو ڕێگە سادە باوەی کە هەیە تەئویلی بکەن کە تێیدا هەوڵی ئەوە دەدرێ کولتوورێکی دیاریکراو بەتایبەت

بەگەڕانەوە بۆ کولتوورێکی تر یان کولتوورەکانی تر ڕاڤەبکرێت. قوتابخانەی مەیدانی نوێ ئامانجی وەسفکردنێکی ڕاڤەکاری تەواوکارە کە سیما گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی زەقدەکاتەوە، ئەو سیمایانە کە ڕێگەخۆشکەرن بۆ تێگەیشتن لە بونیادی ئەو ژیانە هەروەها ڕێگەخۆشکەرن بۆ گەیشتن بەتیۆرە گشتییەکان.

ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجامی جێبەجێکردنی بواری تیۆری توێژینەوەی مەیدانی بوو لەلایەن خودی لێکۆڵەرەوە، بەمەش ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان– واتە ئەو تێبینیانەی کەوا ئەنترۆپۆلۆژست لە یادەوەرییەکانی خۆیدا تۆماری کردوون– کە لە نووسینو بەرهەمەکانیدا دەرکەوتوون، تەنیا باسکردن یان گێڕانەوەیەکی سادەی کردەوەکانی بەراییەکانو ئاخاوتنەکانیان نییە، بەڵکو بەشێوەیەك داڕێژرایەوە کە ڕۆشنایی دەخاتە سەر کێشەیەك لەو کێشانەی کە پەیوەستە بەیەکێك لە سیما کولتوورییەکان یان سیستەمی کۆمەڵایەتی، بێگومان ئەمەش مانای ڕەشکردنەوەی گرنگی ئەو کردەو ئاخاوتنانەو بەهاکەیان لە خودی خۆیاندا ناگەیەنێت. بەهەرحاڵ، هەڵبژاردنی زانیارییەکان کەوا لێکۆڵەر دەیکاتە بەشێك لە نووسینەکانی پێوەندی بەبابەتی لێکۆڵینەوەکەی هەیە کە بەدوایدا چووە کە ئامانج لێی دەرخستنی سیما سەرەکییەکانە کەوا سەمتێکی دیاریکراوی چالاکی کۆمەڵایەتی جیادەکاتەوە.

ئیشکالەتێکی زۆر هەیە کە ڕووبەڕووی ئەنترۆپۆلۆژست دەبنەوە لەو کاتەی دەیەوێت ئەنجامەکانی توێژینەوە مەیدانییەکەی بنووسێتەوە. ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە توێژینەوەی مەیدانی دروست،





پێویستە گشت لایەنو سیماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی نێو گەلێکی دیاریکراو وەربگرێت. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە پێویست بەبلاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی تەواو دەکات کە کۆی ئەو تێبینیانە لەخۆبگرێت کەوا لێکۆڵەر لەبارەی سیما جیاوازەکانەوە کۆیکردوونەتەوە؟ مێژوونووس دووچاری هەمان ئاستەنگ یان ئیشکالیەت نابێت، لەبەرئەوەی دەتوانێ لەو زانیاریانەی کە لەبەردەستی دان ئەوانە هەڵبژێرێت کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بەبابەتی لێکۆڵینەوەکەی هەیەو، ئەو زانیاریانەش فەرامۆش بکات بەبێ ئەوەی ترسی لەدەستچوونو فەوتانیانی هەبێت. هەرچی ئەنترۆپۆلۆژستە – لەمەدا تاڕادەیەکی زۆر وەکو شوێنەوارناس وایە – دۆخەکەی تەواو لەم دۆخە جیاوازە، لەبەرئەوەی ئەو ئەگەر زانیارییەك فەرامۆش بکاتو نەینووسێتەوە، ئەوە لەوانەیە لەدەستی بچێت ، زۆر شتیش تا هەتایە لەدەستچووینە. ئەركو پەیمانی ئەنترۆپۆلۆژست تەئویلکردنی دەقو سەرچاوەکانی بەردەستیو بەراوردکردنی هەندێك بەهەندێکی تریان نییە، بەڵکو ئەو خودی سەرچاوەکان دروست دەکات.

لەبەرئەمە زۆربەی زاناکان پێیانوایە کارێکی پێویستە لێکۆڵەری مەیدانی هەموو ئەو واقیعو ڕاستییانەی کە کۆی کردوونەتەوە بلاویانبکاتەوە، ئینجا ئەگەر ئەو ڕاستیانە لەگەڵ ئامانجو مەبەستەکانی تەبابێتەوە یان لەگەڵیاندا نەگونجێت. لەبەرئەوەی کاری یەکەمی ئەنترۆپۆلۆژست لە کاتی ئێستادا بەپێی توانا کۆکردنەوەی زۆرترین ڕاستییەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگا بەراییەکانە کە توێژینەوەیان دەکات. کەواتە ئەرکی ئەنترۆپۆلۆژست تۆمارکردنو نووسینەوەیە بەبێ بڕیاردان، لەبەرئەوەی بڕیاردان

لەسەر هەندێك واقیع بەوەی زۆر گرنگ و بەهادارترن لەچاو هەندێکی تر، بەبڕیارێکی پێشوەخت دادەنرێت کە کاریگەری بەسەر نەوەکانی داهاتووو بایەخدانەکانیانەوە دەبێت. زاناکان لە ئێستادا هەوڵدەدەن بەسەر ئەو ئاستەنگەدا زاڵبن لەمیانەی گرتنەبەری چەندین ڕێگەو شێوازی زانراو کە لەڕێیانەوە لێکۆڵەری مەیدانی ژمارەیەك توێژینەوە لەبارەی هەندێك دیاردە بڵاودەکاتەوە کە لەو باوەڕەدایە بایەخێکی تایبەتیان لە ژیانی ئەو گەلە سەرەتاییە هەیەو لەنێویدا ئەو ڕاستییانە بەکاردێنێت کە پەیوەستن بەو بابەتانە کەوا یارمەتیدەدات بۆ ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن لێیان. هەرچی ڕاستییەکانی ترە ئەوا لە گۆڤارە زانستییەکان بڵاویان دەکاتەوە یان بەڕێگەی میمیوگراف بەچاپیان دەگەیەنێت یانیش لەشێوەی فیلم تۆماریان دەکات.

ژمارەی ئەو زانیارییە زۆرانەی لێکۆڵەر لە توێژینەوەکەی کە دوو ساڵ دەخایەنێت لەسەر گەلێکی بەرایی دەستی دەکەوێت، هەندێك گۆڕان لە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیا دەکەن، وێڕای ئەوەی ئەو هانا بۆ ئەو ڕێگەچارەیە دەبات کە لەپێشدا ئاماژەمان پێکرد. دەکرێ لەو توێژینەوانەی کە لەبەردەستمان دان ئەو گۆڕانکارییانە بەدی بکەین. دواتر دەبینین ئەنترۆپۆلۆژستانی پێشوو بایەخێکی زۆریان بەمیتۆدی بەراوردکاری دەداو، ئەوان لەو بەراوردکارییانەدا هەموویان یەك شێوازیان گرتبووەبەر بەبێ گۆڕان، بەچاوپۆشین لەوەی کە ئامانجەکانیان ڕێکخستنەوەی مێژوو بوو، یان گەیشتن بوو بەشێوازێکی وەسفگەرایی گشتی. لەهەردوو بارەکەدا دەبووایە ئەنترۆپۆلۆژست ژمارەیەکی زۆر کتێب بخوێنێتەوەو لێیەوە زانیارییەکانی پەیوەست بەبابەتەکەی دەربهێنێت، پاشان هەڵدەستا





بەڕیزبەندکردنی ئەو زانیارییانە تا لە کۆتاییدا شێوەی کتێبێکی نوێی لێدەردەچێت. ناگەڕێینەوە بۆ قسەکردن لەسەر بەهای ئەو جۆرە لە توێژینەوە بەراوردکارییە کەوا پشت بە کتێب و سەرچاوەکان دەبەستێت. هەر چۆنێك بێت ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە نموونەی ئەو کارە قەبەیە لە توانای کەسێکدا نییە پێی هەڵسێت لەو کاتەی کە هەستی ئەوەی لابێت کە لەسەریەتی ئەنجامەکانی توێژینەوە مەیدانییەکەی بڵاوبکاتەوە، ئەوە کارێکە دەبێ ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکات، بەتایبەت ئەگەر لە هەمان کاتدا بەکاری تری وەکو وانەوتنەوە یان کاروباری بەڕێوەبردن هەڵبستێت. ئەمەش لە ڕاستیدا هەڵوێستێکی گشتییە سەبارەت بە زۆربەی ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەلأیەتییە مەزنەکان کە بە توێژینەوەی مەیدانی هەڵدەستن.

ئاشکرایە کە ئەو بارودۆخە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلأیەتی بەخێرایی و گۆڕانی بۆ ژمارەیەکی ناکۆتا لە توێژینەوەی سەربەخۆی جیاواز کەوا هیچ پێوەندییەك لەنێوانیاندا نابێت، مەگەر ئەنترۆپۆلۆژستان خۆیان میتۆدێك بۆ لێکۆڵینەوەی هاوبەش دانەنێن کە شوێنی میتۆدی بەراوردکاری کۆن بگرێتەوە. دەستەبەرکردنی ئەمەش سانایە لەمیانەی ئەوەی کە لە زانستە سروشتییەکاندا بەناوی میتۆدی ئەزموونگەری ناسراوە، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلأیەتی پشت بە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان دەبەستێت کەوا لەسەر تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ وەستاون. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش ئەو نموونەیە دێنینەوە:

گریمان یەکێك لە ئەنترۆپۆلۆژستان توێژینەوەی بیروباوەڕێکی ئایینی باوی نێو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی کردو گەیشتە چەند

ئەنجامێکی دیاریکراو لەبارەی ئەو ڕۆڵەی کەوا ئەو عەقیدانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەیبینن. ئەگەر ئەو ئەنجامانەی لە شێوەیەکی ڕووندا داڕشت و بەشێوەیەك کە بشێ بۆ ژمارەیەك بابەت دابەشبکرێن بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە ئەوا خۆی، یان هەر ئەنترۆپۆلۆژستێکی تر، هەڵسێت بەئەنجامدانی تێبینی نوێ لەسەر کۆمەڵگەیەکی تر تا ڕاستی هەندێك و ناڕاستی هەندێکی تریان دەربکەوێت، هەروەها هەندێکی تریان پێویست بە گۆڕین و چاککردن دەکات بەرلەوەی بڕیار لەسەر ڕاستییان بدرێت. دەسپێکردن لەو خاڵەی کە توێژینەوەکەی یەکەم پێی گەیشتووە، ڕەنگە بتوانێ لە دووەمیاندا توێژینەوەیەکی قووڵتر ئەنجامبدات و هەندێك شێوەی نوێ بخاتە سەر ئەو ئەنجامە مسۆگەرانەی کە توێژینەوەی یەکەم پێی گەیشتووە. بەمجۆرە گریمانەیەکی دیاریکراومان لەبارەی سرووتە ئایینییەکان لای بەراییەکان بۆ گەڵاڵەدەبێت کە لە توێژینەوەی خودی ئەو سرووتانە لە دوو کۆمەڵگەی ئەو کۆمەڵگا بەراییانەدا وەرمانگرتووە. دەکرێ ئەو توێژینەوەیە لە هەموو کۆمەڵگا بەراییە ناسراوەکان دووبارە بکرێتەوە. ئەگەر ئەو توێژینەوەیە بەڕێگەیەکی میتۆدییانەی بەردەوام بەڕێوەچوو بەجۆرێك هەموو توێژینەوەیەك تێیدا بۆ هەڵبژاردنی ئەو ئەنجامانە بەکارهێنرا کەوا توێژینەوەکانی پێشوو پێیگەیشتبوون، لەهەمان کاتیشدا چەند گریمانەیەکی نوێ بخەنەوە کە قابیلی دەستەبەرکردن بێت، ئەوا هەر توێژینەوەیەك –بەهۆی کەڵەکەکردنی زانیارییەکان و دەرخستنی کێشە نوێیەکان– دەگاتە ئاستێکی بەرز لە لێکۆڵینەوە، دەتوانێت پێناسەی زۆر ڕوون و ئاشکرا بۆ وێنانددن و چەمکەکان بەرهەمبێنێت.





لەڕاستیدا هەموو توێژینەوەیەکی نوێی بەهادار، سیستەمی کۆمەڵایەتی باوی نێو کۆمەڵگایەکی بەرایی دیراسەکراو بەتەنیا ڕاڤەناکات، بەڵکو ڕۆشنایی دەخاتە سەر سیما گشتییەکانی ئەو سیستەمە لە کۆی کۆمەڵگاکانی تر کە لە پێشدا سەرنج نەدراوەتە بایەخی ئەو سیستەمە لەنێویدا. بەو مانایەش توێژینەوەی مەیدانی نوێ توێژینەوەیەکی ئەزموونگەرییە، هەروەها بە توێژینەوەیەکی بەراوردکاری دادەنرێت. بەڵام تێبینی ئەوە بکەن کە بەراوردکردن لێرەدا تەواو گۆڕاوە لەوەی کە زاناکانی پێشوو لە میتۆدی بەراوردکاری گەیشتبوون.

ئەنترۆپۆلۆژستە مۆدێرنەکان ئەو ڕێگە کۆنە ڕەتدەکەنەوە، ئینجا لەبەر ئەو هۆکارە بێت کە لەپێشدا ئاماژەمان پێدا، یانیش لەبەر سەرنەکەوتنی لە ڕوونکردنەوەی زۆر پرس و مەسەلەی گشتی.

لەمەوەش گۆڕان لە ڕووگەی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی دێتەکایەوە، گۆڕانێك تەنیا لە میتۆد کورتنابێتەوە، بەڵکو تاڕادەیەك خودی لێکۆڵینەوەکەش دەگرێتەوە. ئاشکرایە کە ناکرێ توێژینەوە مەیدانییەکان و تیۆرییەکانی پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی کە زانایانی سەدەی نۆزدە پێی سەرسامبوون، بەیەکەوە کۆبکرێنەوە، لەبەر ئەستەمی تێبینیکردنی ئەو ڕووداوانەی کەوا ڕۆژگارێکی درێژ بەسەر ڕوودانیاندا تێپەڕیوەو تەواو لە یادەوەریدا سڕاونەتەوە. لە سروشتی توێژینەوەی مەیدانیدا ئەوە ناکرێ لێکۆڵەر لەبارەی ئەو گەلەی کە توێژینەوەی دەکات بگاتە ئەو ئەنجامەی کە کاتێك لە کاتەکان شوێنکەوتەی سیستەمی دایکسالاری بووینە یان لەنێو بارێکی سەربەستانە یان بەربڵاوی سێکسیدا ژیاون.

لێرەدا هەر دەبێ بواری لێکۆڵینەوە بەرتەسکبکرێتەوەو لەسەر کێشە بچووکەکان کورت بکرێتەوە تا وردەکاری بۆ لێکۆڵینەوەکەی دەستەبەربکاتو لەسایەیەوە بگات بە ئەنجامێکی بەبەرهەم. بەمەش ئەو کۆششە زۆرەی جاران بۆ گەیشتن بەتیۆرییە گشتییەکان تا لەسەر گشت کۆمەڵگاکانی جیهان ڕاست دەربچێت، هێدی هێدی کەمتردەبێتەوەو ون دەبێتو توێژینەوەگەلێك جێی دەگرێتەوە کە تموحی کەمترەو کەمتر پشت بەبیرکردنەوەی تیۆری ڕووت دەبەستێت.

زاناکانی سەدەی نۆزدە بایەخیان بەلێکۆڵینەوەی پرسە گشتییە فراوانەکان دەدا، نموونەی مانای کۆمەڵایەتیی ئایین. هەرچی زانا مۆدێرنەکانە- یان بەلانی کەم میانڕەوەکان- ئەوا زیاتر بایەخ بەتوێژینەوە دەستنیشانکراوەکان دەدەن، نموونەی ئەو ڕۆڵەی کە پەرستنی سەلەفەکان لە سەمتی کۆمەڵایەتیدا دەیبینێت کە لەسەر سیستەمی جەستە دابەشبووەکان لای هەندێ لە گەلانی ئەفریقی هەیە. ئەنترۆپۆلۆژستی مۆدێرن هەوڵی کێشانی وێنەیەکی فراوانی گشتگیر لەبارەی پێشڤەچوونی بیرۆکەی بەرپرسیارێتی یان پێشڤەچوونی دەوڵەت لای سەرتاپای ڕەگەزی مرۆیی نادات، ئەو باوەڕی بە پشکنینی کێشە دیاریکراوەکان هەیە بەتایبەتو تێبینیکردنیان بەڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ وەکو توێژینەوەی وەزیفەی دوژمنداریێتی یان پێگەی سەرۆك لەنێو یەکێك لە سیستەمە سیاسییەکان، ئەمەش بەئاماژەدان بەوکۆمەڵگایانەی کەوا دوژمنداریێتی تێیاندا یان سەرۆکایەتی کاریگەرییەکی بەرچاوی بەسەر کۆی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە هەیە. هەروەها ئەنترۆپۆلۆژستی هاوچەرخ خۆی بەو گفتوگۆیانە نابەستێتەوە وەکو





لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوەی کۆمەڵگا بەراییەکان لە چەشنی کۆمەڵگایەکی شیوعی بووینە یان تاکگەرایی، لەبری ئەمە ڕوو دەکاتە توێژینەوەی گشت جۆرە مافە کۆمەڵگەراییو تاکگەراییەکان یان تایبەت، بۆ نموونە مافی موڵکدارێتی زەوی یان مەڕداری یان شتی تر لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، بۆئەوەی دەستنیشانی جۆری پێوەندییە باوەکانی نێوان گشت ئەو مافانە لەلایەكو، پێوەندی هەمووشیان بەسەریەکەوە بەسەمتە کۆمەڵایەتیەکان کە پێیەوە کاریگەرە، نموونەی سەمتی خزمایەتیو سەمتی سیاسیو سەمتی سرووتئامێز لەلایەکی تر بکات.

هەڵوێستی ئێستای نێو ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان ئەوەیە توێژینەوە تێروتەسەلە پوختەکان کە لەسەر تێبینیکردن وەستاوە دەتوانێ –ئەگەر لەسەر ژمارەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگاکان ئەنجامدرا بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەندێك کێشەی دەستنیشانکراو- ئەو سروشتەی کۆمەڵگای مرۆییان بۆ ئاشکرا بکات کە گشتاندنە فراوانە فشو فۆڵەکان نەیانتوانیبوو دەریبخەن کەوا زانایانی پێشتر لەسەر بنەمای خوێندنەوە فراوانەکانیان پێیگەیشتبوون. لەئەنجامی هەموو ئەمانەش ئێمە بەڕاستی درکمان بەهەندێك ڕاستی مسۆگەر کردووە لەبارەی بەراییەکان.

ئەو بایەخدانە گەورەیەی کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی مۆدێرن بەتوێژینەوە مەیدانییە چڕوپڕەکانی دەدات کەوا پرس یان هەندێك کێشەی سنووردار دەگرێتەوە کە کاریگەرییەکی دوورمەودای دەبێت، حەزدەکەم بەرلەوەی هەندێك نموونەتان پێشکەش بکەم، ئاماژەیان پێبدەم. لە وانەبێژییەکان پێشوودا ئاماژەم بەو بایەخدانەی

ئەنترۆپۆلۆژستانی سەدەی نۆزدە بۆ تویژینەوەی کولتوورو داب‌و نەریت کردو ئاماژەم بەوەدا کە ئەوان وجودێکی بینراوی سەربەخۆیان بەو داب‌و نەریتانە بەخشی، بەو مانایەی پێیانوابوو شتگەلێك لە هەندێ کۆمەڵگا هەیەو لەوانی تر نییە. بۆنموونە ماکلینان، وێڕای ڕەنگڕێژکردنی بیرۆکەکەی بە ڕەنگێکی کۆمەڵایەتی ئاشکرا، پێی وابوو سیستەمی هاوسەرگیری دەرەکی یان بێگانەیی (ئیکسۆجامی)و سیستەمی تەوتەمگەری‌و سیستەمی دایکسالاری‌و سیستەمەکانی تریش تەنیا داب‌و نەریتی تاك‌و تەران، بەڵام ئەگەر بخرێنە سەر یەکتری ئەوا کولتوور پێکدێنن. بەمەش دەکرێ کۆمەڵگاکان پۆلین بکرێن بۆ کۆمەڵگا ئیکسۆجامی‌و نائیکسۆجامییەکان، یان بۆ کۆمەڵگا تەوتەمی‌و کۆمەڵگا ناتەوتەمییەکان، یان بۆ کۆمەڵگای باوکسالاری‌و دایکسالارییەکان.

مەسەلەکە هەر چۆنێك بێت، ئەو چەشنە پۆلینکردنە کولتوورییە لە ئێستادا لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ئینگلتەرا لەئاوابووندایە. لەگەڵ ئەوەی زۆر شت هەیە دەکرێ لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەی لێوەبکەین، بەڵام بەوە دەوەستین کە زانا هاوچەرخەکان ئارەزووی بیرکردنەوەیان هەیە لە سنووری کۆمەڵگادا– واتە لە سنووری سەمت‌و بەها کۆمەڵایەتی‌و پێوەندییەکانی نێوانیان– زیاتر لەوەی لە سنورووری کولتووردا بیربکەنەوە. چیدیکە ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی بایەخدار نابێت بە بەدواکەوتنی تەشەنەکردنی بنەماکانی ئیکسۆجامی‌و بوونی یان نەبوونی، بەڵکو ئەو بەتایبەت گرنگی بەمانای ئەو ڕێسایانەو گرنگیان لە تێگەیشتنی پێوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەدات. ئەو لە





سنووری زانینی بوونی بیروباوەڕە تەوتەمییەکان لای گەلێك لە گەلان ناوەستێت، بەڵکو هەوڵدەدا ئەوە ئاشکرا بکات کە چۆن ئەو بیروباوەڕانە هەندێك بەهای پەیوەست بە پرنسیپی گلبوونەوە لە بنەڕەتێك‌و پەیوەستگیری کۆمەڵەکان کەوا لە یەك بنەچەوە هاوبەشن، ئاوەژوودەکاتەوە. دواجار لەڕوانگەی ئەو هیچ سوودێك لەوەدا نییە کە بزانیٚ گەلێکی دیاریکراو ڕەچەڵەکی تاکەکانی بۆ هێڵی مێینە دەگەڕێنەوە یان بۆ هێڵی نێرینە، بەڵکو لای ئەو دیاریکردنی کاریگەری سیستەمی دایکسالاری گرنگە لە پەیوەست بەو پێوەندییەی کە برا لەگەڵ خوشکەکەی هەیەتی یان خاڵ لەگەڵ کوڕی خوشکی هەیەتی. دواتر دەبینین چۆن هەندێك لەو توێژینەوە نوێیانە زیاتر لەسەر ئاستێکی بنەماگەری‌و ئەبستراکتییانە نوسراون، ئەو جیاوازییەش بۆ جیاوازی دیدوبۆچوونەکان دەگەڕێتەوە لەبارەی میتۆدەکانی ڕاڤەکردن. بەڵام ئەگەر بەتوێژینەوە کۆنەکان بەراوردمان کرد، دەبینین هەموویان ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتیی فرمانگەرییان گرتۆتەبەر. ئێستا دەتوانم هەندێك نموونەی ئەو توێژینەوانەتان پێشکەش بکەم.

بە کورتکردنەوەی یەکێك لە کتێبەکانی مالینوڤسکی دەستپێدەکەم، بەو پێیەی یەکەم زانای پسپۆرە بەتوێژینەوەی مەیدانی چڕوپڕ هەڵساوە کە تێیدا زمانی خەڵکەکەی بەکارهێناوە. لەگەڵ ئەوەی مالینوڤسکی توانی زانیارییەکی زۆر لەبارەی دانیشتووانی نیمچەدوورگەی تروبریاند کۆبکاتەوەو بەر لە مردنی لەدووتوێی ژمارەیەك کتێب بڵاویان بکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا لایەنێکی بەڕێوەچوونی ژیانیانی خستۆتەڕوو کەچی لایەنەکانی

تریانی بە نادیاری جێهێشتووە، بەتایبەتی ڕێکخستنی سیاسیان‌و سەمتی خزمایەتیان بەتەمومژی‌و تاریکی ماوەتەوە. ئەو کتێبەی کە ئێستا گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین بریتییە لە (سەرکێشەکانی ڕۆژئاوای دەریای هێمن ) کە ساڵی ١٩٢٢ بڵاوی کردۆتەوە، وێڕای ئەوەی وردەکارییەکی زۆری بێزارکەری نووسیوە، بەڵام بەزمانێکی نزیک لە ڕۆژنامەگەری نووسراوەتەوە. ئەو کتێبە بەیەکێك لە کتێبە سەرەکییەکانی نێو ئەتنۆگرافیای وەسفگەرایی دادەنرێت. نەك لەبەرئەوەی یەکەم کتێبە لەو جۆرە، بەڵکو لەبەرئەوەی کتێبێکی تایبەت‌و جیاوازە.

کتێبەکە لە دەوری جۆرێکی دیاریکراوی چالاکییەك دەخولێتەوە کە دانیشتووانی دوورگەی تروبریاند مومارەسەی دەکەن‌و بەناوی کۆلا Kula ناسراوە. دانیشتووانی ئەو دوورگەیە لەگەڵ دانیشتووانی هەندێك لە دوورگەکانی دەوروپشت دەچنە نێو هاوپەیمانێتییەکەوە یان ڕێککەوتنێکەوە کە ئامانج تێیدا گۆڕینەوەی شت‌و مەکە دیاریکراوەکانە وەکو ملوانکەو بازنی دروستکراو لە سەدەفی سوورو سپی. سیستەمی ئاڵوگۆڕییەکە لەوە پێکدیچت کە ملوانکەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بەئاراستەیەکی بازنەیی کەوا ئەو دوورگەیەی ڕێکخستووە دەگوازرێتەوە، کەچی بانەکان بەئاراستەی دژ دەگوازرێنەوە. ئەو کاڵایانە هیچ نرخێکی کردەکییان نییە، تەنیا بەهایەکی سرووتیان هەیە، هەروەها پێوەندییەکی توندی بەو پێگەیە هەیە کە تاك لە کۆمەڵگا داگیری دەکات. پێگەی تاك بەگوێرەی جۆری ئەو شتانەی کە لەو ئاڵوگۆڕیانە دەستی دەکەوێت بەرزدەبێتەوە، بەتایبەت شتە دەگمەنەکان کە بەهایەکی سروتیانەی باڵایان هەیە،





هەروەها پێگەو نێوبانگەکەی لەنێو دوورگەکانی تر لەدەستدەدا، کاتێك دەستبەرداری ئەو شتانە دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە لەناو سیستەمی کۆلا دان دوای ئەوەی ماوەیەك پارێزگاری لێدەکات. هەر تاکێك لەو تاکانەی بەشداری ئەو ئاڵوگۆڕیانە دەکات بە تاکەکانی تری نێو دوورگەیەکی ترەوە پەیوەستەو هاوبەشی یەکتر دادەنرێن. ئاڵوگۆڕییەکە لەنێوان ئەو کەسە هاوبەشانە لە کەشێکی مەزن دا تەواو دەبێت، بەپێی ڕێوڕەسم‌و موجامەلەیەکی دیاریکراو، بەبێ ئەوەی هیچ سازشکارییەکی تێدا بێت. بەڵام خەڵکەکە –دوای تەواوبوونی ئاڵوگۆڕییەکان– دەست بە کاری بازرگانی ئاسایی دەکەن لەسەر خواردن‌و کاڵای بەرهەمهێنراوی تر کەوا بەهای کردەکییان هەیە. بەهەرحاڵ کۆلا بەمانا دروستەکەی سیستەمی ئاڵوگۆڕکردنی سرووتئامێزە کە بەهۆیەوە ملوانکەو بازنەکان لە دوورگەیەکەوە بۆ دوورگەیەکی تر لەنێو جووڵەیەکی بەردەوامی هەمیشەیی دەگوازرێنەوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەو ئاڵوگۆڕیانەش سەرۆکی لادێیەکان‌و کۆمەڵە لادێیەکانی دەوروبەر گەشتی بازرگانی گەورە ڕێکدەخەن. دەرچوون لەو گەشتانەش مانای ئامادەکردنی کەشتییەکانە، هەروەها پێویست بەشارەزاییەکی باش دەکات لە هونەری کەشتیوانی‌و شێوازەکەی‌و زانینی سرووتی سیحرئامێز کە بۆ زاڵبوون بەسەر پێشهاتەکانی گەشت‌و مەترسییەکانی سەفەرکردن هانای بۆ دەبەن، هەروەها لەسەریانە ئەو تەقلیدو ئەفسانانە بزانن کەوا ئەرگۆنۆتسەکان Argonauts لە گەشتەکانیاندا هانای بۆ دەبەن. لەبەرئەوە مالینۆڤسکی پێی وابوو دەبێ لە کتێبێکدا هەموو ئەو مەسەلانە باس

بکات، وەك ئەوەی بەمە دەویست ڕاپۆرتێکی درێژ لەسەر سیحرو ئەفسانەکان بنووسێتو، وەسفی ئەو دیمەنە جیاوازانە بکات کەوا ئەرگۆنۆتسەکان لە گەشتەکانیاندا پێیدا تێپەڕیوونو، باسی ڕێگەی چاندنی باخچەو قسەکردن لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەت لەوێ، هەروەها وسفکردنی ڕێگەی دروستکردنی کەشتییەکانو ئەو شتانەی کە بەکاری دێننو شتی تریش بکات. تەنانەت وەسفی کاردانەوە تایبەتیەکانیانی کردووە، ئەو کاتەی خۆی لە چەندین کردەی یەك لە دوای یەك بەشداری کردووە. لەڕاستیدا مالینوڤسکی وێنەیەکی لەبارەی واقیعی ژیانی کۆمەڵگای تروبریاند پێداوین، کە وێنەی نێو ڕۆمانەکانی ئەمیل زۆلامان بیردێنێتەوە.

دەکرێ لەسایەی ئەو کتێبەوە کە یەکەم کتێبە مالینوڤسکی لەبارەی دانیشتووانی دوورگەی تروبریاند نووسیویەتی، باوەڕیشدەکەم باشترین کتێبی بێت، بەڕوونی بیرۆکەکەی لەبارەی سیستەمی کۆمەڵایەتی دیاری بکەین، هەروەها وێناندنی بۆ ڕاڤەکردنی فرمانگەراییانەی ئەو سیستەمە. مالینوڤسکی وا وێنای سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکرد کە کۆمەڵێك چالاکی یان ڕووداوی واقیعیانەی یەك بەدوای یەکن، نەوەك کۆمەڵێك ئەبستراکت بێت. ئەوەتا بۆ هەڵسان بەیەکێك لە گەشتەکان داوا لە خەڵك دەکات کەشتی پێویست بۆ گەشتەکە دروست بکەن، کەشتی دروستکردنیش پێویستی بەگوتنەوەی سیحری ئەفسووونی دیاریکراو دەکات، ئەو ئەفسوونکردنەش لەسەر شێوەی چیرۆك یان ئەفسانەکان دەبن کە بەڵگەمان لەسەر بنەچەی خۆیان پێدەدەن. هەر ئەفسوونێك لەو ئەفسوونانە کەسێکی دیاریکراو خاوەنییەتی کە لە خاڵی یەوە





بەمیرات بۆی ماوەتەوە. دروستکردنی کەشتییەکان لەژێر چاودێری سەرۆکەکان تەواو دەبێت کە نەخشەی گەشتەکانیش دیاری دەکەنو ئیشەکان بەسەر تاکە بەشداربووەکانیش دابەش دەکەن. دەسەڵاتی سەرۆکەکان یەکەم لەبەر هەبوونی ئەو سەروەتە زۆرەیانە بەبەراورد لەگەڵ خەڵکی بەگشتی. بوونی ئەو سامانەش بۆ کێڵەگە فراوانەکانیان دەگەڕێتەوە، هەروەها فراوانی کێڵگەکانیش ڕۆڵی هەیە لەوەی کە سەرۆك ژمارەیەکی زۆر ژن بێنێت. هەموو ئەو مەسەلانەش لە دیدی مالینوڤسکی سیستەمێکی توندوتۆڵ پێکدێنێت بەهۆی پەیوەستبوونو پشتبەستنی هەندێك بەهەندێکی تریانەوەو، لەبەرئەوەی هەریەکەیان وەزیفەیەکی دیاریکراوی هەیە کە ئەویش ئەو ڕۆڵەیە کە لەو کاروکردەوانە دەیبینێت کە بە-ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ- پێوەنددارە بەسیستەمی ئاڵوگۆڕی دیارییە دروشمگەرییەکان لە کۆلادا.

ڕەنگە مالینوڤسکی لەسەر هەق بێت کاتێك پێی وایە هەموو ئەو جۆرە چالاکییە کۆمەڵایەتییانە یەك سیستەم پێکدێنن، هەروەها شێوازی سەرنجدان کە لە وەسفکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا پیادەی دەکرد، ئەوا شێوازێکی کارای بەرهەمدار بوو، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە توێژینەوەکەی تەنیا ئامادەکردنێکی وەسفییانەی ڕووداوەکان بوو. بۆیە توێژینەوەیەکی تیۆریی تەواوکاری نەبوو بەمانا دروستەکەی. ئەگەر هەندێکجار مشتومڕی لەسەر هەندێك کێشەی تیۆری کردبێت، ئەوا پێناچێت مالینوڤسکی ئەو زانیاریانەی کە لە کتێبەکەیدا هەن، بەپێی پێوەرێکی ورد هەڵیبژاردبن. ئەو پێویستی بەمە نەبووە، لەبەرئەوەی هەر شتێك بەشتێکی ترەوە لە

واقیعێکی کولتوورییەوە بەهۆی شوێنکاتەوە بەیەکەوە گرێدراون. ئارەزوومەندێتی ئەو تێڕوانینەش لەوەدایە لێکۆڵەر دەتوانێ چارەسەری هەمان پرسو مەسەلە بکات بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو خاڵەی کە لێکۆڵینەوەکەی لێیەوە دەستپێکردووە. وەسفکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە گشت گۆشەنیگا جیاوازەکانو لەسەر ئاستی ڕووداوە واقیعییەکان بە زەرورەت دەبێتە دووبارەبوونەوەی قسەکردن لەسەر هەمان شت زیاتر لە جارێك، هەروەها ئەو بڕیارانەی لێکۆڵەر دەیدات بەوەی کە ئەنجامگەلێکی تیۆریی توێژینەوەن، زۆرجار لە وەسفکردنێکی هەمان شتگەل دەرناچن، بەڵام بەزمانێکی تەکنیکئامێز. زۆر ئەستەم دەبێ مرۆڤ درك بەجۆرەها ئەو پێوەندیو پەیوەستبوونانە بکات، ئەگەرهاتوو خۆی نەخاتە نێو واقیعێکی بەرچاوی هەستپێکراو. لەسەر ئەمەش مالینوڤسکی دەتوانێ لە توێژینەوەی سەرۆکایەتیکردنەوە، قسە لەسەر سیستەمی کوڵاو پێوەندی بەو دامەزراوە بکات، هەروەها لە توانایدا بووە کتێبێك لەسەر سیحر دابنێتو، لەسەر بنەمای قسەکردن لەسەر سیحر وەسفی کوڵاو سەرۆکایەتی بکات.

لەبەرئەوەی مالینوڤسکی زۆر کەم بەکاری ئەبستراکتردن هەڵسا، بۆیە بەتەواوی لەوەدا شکستی هێنا کە گرنگترین وەزیفەیەکی کوڵا بخاتەڕوو، ئەویش ئەو ڕۆڵەیە کە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵە سەربەخۆیە جیاوازەکان لەڕووی سیاسییەوە بەیەکەوە دەیبینێت، ئەمەش لەڕێی بەهایەکی سرووتئامێزەوە کە ئەو کۆمەڵانە تێیدا بەشداری دەکەن. بەراوردکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لای ژمارەیەك لە گەلانی جیاواز لە یەکتر کەوا لە توێژینەوەو وەسفەکەی پیادەی کردبوو، ئەو ڕێگەیەی





مالینوڤسکی شوێنی کەوتبوو، تەنیا ڕووە لێکچووو جیاوازەکانی کولتوورەکەی لێکەوتەوە، بەبێ ئەوەی بۆ ئاستی بەراوردکردنێکی بنەماییانە بەرزبێتەوە کەوا پشت بە ئەبستراکتکردن دەبەستێت. لەگەڵ ئەمەش خوێندکارەکانی ژمارەیەك توێژینەوەی ئەتنۆگرافی گرنگیان لەبارەی هەندێك گەلی بەرایی ئەنجامدا. هەموویان توێژینەوەی پڕ بەها بوون کە سامانێکی ڕاستەقینەیان خستە سەر ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، سەرباری ئەوەی لەسەر ئاستێکی واقیعی کولتووری نووسراونەتەوە. لەو توێژینەوانەش کتێبەکەی فێرسی مامۆستایە بەناوی We, The Tikopia (١٩٣٦)، کتێبەکەی مونیکا هەنتە بەناوی Reaction to Conquest (١٩٣٦)، کتێبەکەی شاپیرا A Handbook of Tswana Law and Custom (١٩٣٨)، هەروا کتێبەکەی دکتۆرە ئودری ریتشاردس بەناوی Land Labour and Diet in Northern Rhodesia (١٩٣٩).

دەکرێ ئەبستراکت شتگەلێکی جیاواز بگرێتەوە، کە مەبەست لێی توێژینەوەی تەنیا لایەنێکی ژیانێکی کۆمەڵایەتییە بۆ زانینی هەندێك کێشەی بەشەکی سنووردار، لەو حاڵەتەش دیاردەکانی تر نابێتە جێی بایەخ تەنیا ئەوانە نەبێت کە پێوەندییان بەو کێشانەوە هەیە، هەروەها مەبەست لێی ڕاڤەکردنی بونیادییە کە پشت بەپەیوەستبوونی نێوان گشت ئەبستراکتە بەشەکییە جیاوازە هەڵهێنجراوەکانی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی دەبەستێت. نموونەش لەسەر توێژینەوەی ئەبستراکت بەمانای یەکەم کتێبەکەی دکتۆرە مارگریت میدە بەناوی Growing of Age Samoa (١٩٢٩)، ئەو

کتێبە تامو چێژێکی زۆر بەخوێنەر دەبەخشێت. ڕێمبدەن بڵێم بەمانای وشە کتێبێکی مێینەییە، لەگەڵ ئارەزووکردنی بۆ هەندێك شتی سەیرو وروژاندنیانو باسکردنی هەندێك وردەکاریو وێناکردنی شتەکان زۆر بەجوانی. ئەمەش بەیەکێ لەو کتێبە سادانەی نێو نووسینە ئەنترۆپۆلۆژییەکان دادەنرێت کە مالینۆڤسکی یەکەم کەس بوو دەسپێشخەری بۆ کردبوو.

کتێبەکە لە بنەڕەتدا ئامانجی دیاریکردنی کێشەکانی هەرزەکارییە بەتایبەت لای کچان کەوا بەدیاردەیەکی بنەڕەتی نێو ژیانی ئەمریکی دادەنرێت کە لە ساموا بەدی ناکرێت، دەرکەوتنی دیاردەیەکی لەمجۆرەش پێویستی بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەیە، بەو مانایەی لە سروشتەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو بەرهەمی ئەو کۆتو بەندانەیە کەوا شارستانیەتی مۆدێرن سەپاندوویەتی.

دکتۆرە مید هەوڵیداوە توێژینەوەی ئەو جیاوازیانە بکات کە لەنێوان بارودۆخی ئاراستەکردنی کچ لە هەردوو کۆمەڵگا لە ئارادایە. ئەمەش وایلێکردووە ئاماژە بەهەموو ئەو شتانە بدات کە لەبارەی دۆخی کۆمەڵایەتی گشتی ئافرەتی ساموایی زانیویەتی، بۆ نموونە قسەی لەبارەی ڕێگەی گەورەبوونو جۆری منداڵێتی کەوا پێیدا تێپەڕیوەو ئەو پێگەیەی کە لە ژیانی خێزانداریو لادێو کۆمەڵگای لۆکاڵی گەورەدا هەیەتی، کردووە. هەروەها قسەی لەسەر پێوەندییە سێکسییە هەمەجۆرەکانی نێوان گەنجە جیاوازەکان کردووە. بەڵام لەماوەی هەموو ئەمانەشدا زۆر سووربووە لەسەر بەستنەوەی ئەو مەسەلانە بەکێشە سەرەکییەکەی لێکۆڵینەوەکە، بۆئەوەی مەودای





کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەسەر دروستبوونی کەسایەتی ئافرەتی هەرزەکارو جۆری ئەو کاردانەوەیەی کە لەو کەسایەتییەوە دەردەچێت لەبەرامبەر ئەو گۆڕانکارییە فسیۆلۆژییانەی کەوا بەهۆی باڵقبوونییەوە بەسەریدا دێن، دیاری بکات.

ئەو ئەنجامەی مارگریت مید لەو توێژینەوانە پێی گەیشتووە، ئەوەیە کە جیاوازییەك لەنێوان کچی ئەمریکیو کچی ساموایی لە خودی پرۆسەی هەرزەکاربووندا نییە، بەڵکو جیاوازییەکان لە بەرسڤدانەوە دایە. هەرزەکار لە ساموا بەشێوەیکی ڕێكو پێك بەگوێرەی ئارەزووەکانیو لەنێو جۆرەها چالاکیدا گەورە دەبێت کە هیچ قەیرانو گرژییەکی لێ دروست نابێت، لەوێدا ململانێ لەنێو زیهنی کچاندا نییە، پرسیاری فەلسەفی ناکەنو داواکاری واشیان نییە کە بەدیهێنانی قورس بێت. لەڕاستیدا کچانی ئەوێ زیاتر لەوە تموحییان نییە کە بەر لە هاوسەرگیری بتوانن لەگەڵ زۆرترین عاشقو خۆشەویستەکانیاندا بن، دوای ئەوە شووبکەن لەنێو هەمان گوند تا لەگەڵ کەسو کارو نزیکەکانیاندا بژینو منداڵێکی زۆریش بخەنەوە.

بەپێچەوانەی ئەمەوە کچی ئەمریکی لە هەمان تەمەندا، بەدەست چەندین نیگەرانیو دڵەڕاوکێیەوە گیرۆدەبوونە بەهۆی جیاوازی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیان. کەواتە جیاوازییە گەورەو زەقەکانی نێوان هەردوو حاڵەتەکە چین؟ دکتۆرە مید باوەڕی وایە گرنگترینی ئەو جیاوازییانە ئەوەیە کچانی ساموایی بەدەست هەستی کەسایەتی توندوتیژانە نانالێننو، ڕووبەڕووی بەهای دژکاریش نابنەوە. کچی ساموایی بایەخێکی زۆر قوول بەکەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو نادات، هەروەها بەتایبەت ئومێدێکی گەورە

لەسەر هیچ پێوەندییەك دانامەزرێنێت. ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو کچە لەنێو چوارچێوەیەکی خێزانی بەرتەسکدا پێنەگەیوە، بەڵکو لە منداڵییەوە خۆی وەك کەسێکی گەڕۆك بینیوەتەوە لە سنوورە سینگفراوانەکەی کەس‌و کارەکانیدا کە دەسەڵات‌و خۆشەویستی لەنێو ژمارەیەکی زۆری کەسەکان دابەشکراوەو لەنێو تاکە خێزانێکدا سنووربەند نەکراوە. بەڵام گرنگتر لەمە، ئەوەیە کولتووری باو لە ساموا تاڕادەیەکی زۆر کولتوورێکی چوونیەکە، هەموویان یەك پێوەری ڕەفتارییان گرتۆتەبەرو یەك باوەڕی ئاینییان هەیەو ملکەچی یەك جۆرە یاسای دانراون. لەبەرئەمە بواری هیچ جیاکارییەك یان هەڵبژاردنێك نییە، هەروا دەرفەتی کۆششکردن‌و بەریەککەوتن لەگەڵ ئەوانی تردا نییە، کچانی ئەوێ ئاگایان لەو ململانێ ناوەکییە نییە کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی چەند پێوەرێکی جیاوازەوە دروست دەبێت. لەبەرئەوەی خاوەنی هیچ ململانێیەك نین، ئەوا نازانن کێشەکانی دەمارگرژی‌و خراپ گونجان چین. هەرچی کچی هەرزەکاری ئەمریکییە بەپێچەوانەی ئەمە لەنێو ژینگەکەیدا خۆی لەبەردەم ژمارەیەکی زۆر جیاوازی بەهای کۆمەڵایەتی لەیەکتری دوور دەبینێتەوە کە ناتوانێ خۆی لە مەسەلەی هەڵبژاردن بەدووربگرێت، بۆیە دووچاری قەیرانە ناوەکییەکانی دەبێتەوە.

ئەو کتێبە لەزۆربەی کتێبە نوێیەکان کە توێژینەوەی مەیدانین جیاوازە، نەهاتووە بونیادی کۆمەڵایەتی لەنێو ساموا – ئەگەر بەشێوەیەکی هێڵکاری گشتیش بێت– بۆ خوێنەر ڕاڤەبکات، کە دواتر بۆی قورس بکەوێتەوە کە چۆن واقیع‌و ڕاستییەکان یەك بەدوای یەك





ڕیزبەند بکات‌و بەیەکیان ببەستێتەوە، بەڵکو ئەو نموونەیەکی باشی لە توێژینەوە بەدەستەوەداوە کە بایەخی بە یەك کێشەی دیاریکراو داوە. کتێبێك، لەسەردەستی ئافرەتێکی زۆر زیرەك نووسراوەتەوە.

ئێستاش دەمەوێ دوو کتێبی خۆمتان بەخێرایی بۆ بخەمەڕوو. لەمەشدا داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام وای دەبینم کە زۆر ئاسانە مرۆڤ بتوانێ کولتوورێك ڕاڤەبکات کە هەموو شتی لەسەر بزانێت لەوەی کولتوورێك ڕاڤەبکات کە لەوەوەپێش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی پێیەوە نەبووبێت. هەردوو کتێبەکەش ڕەنگدانەوەی جۆرێکی ترن لە ئەبستراکت کە هەندێك شتی لە کتێبەکەی دکتۆرە مید جیاوازە کەبینیمان. کتێبی یەکەم بریتییە لە توێژینەوەی سیستەمی بیروباوەڕە باوەکانی نێو یەك لە کۆمەڵگاکان، کەچی کتێبی دووەمیان توێژینەوەی سیستەمی گروهە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگەیەکی جیاوازی ترە.

کتێبی یەکەم بەناوی Witchcraft, Oracles and Magic among the Azande (١٩٣٧)، بریتییە لە خستنەڕووی هەندێك بیروباوەڕی سەیری باو لای یەك لە گەلانی ئەفریقیای ناوەند لە دیدی مرۆڤی مۆدێرنەوە، هەروەها پیشاندانی ئەوەی کە ئەو ئەعیدانە سیستەمێکی هزری پێکدێنن کە دەکرێ بەئاسانی تێیبگەین‌و، چۆن ئەو شێوازە لە بیرکردنەوە گرێدراوە بەچالاکییە کۆمەڵایەتییەکان‌و بونیادی کۆمەڵایەتی‌و ژیانی تاکەوە.

ئەزاندییەکان هەموو کارەسات‌و بەسەرهاتێکی ناخۆش کەوا تووشی تاکەکەس دێن، دەخەنە ئەستۆی چاوی شەڕانگێزی، هەروەها

وا دەڕواننە ئەو چاوە شەڕانییە کە حاڵەتێکی ئۆرگانی ناوەکی بێت، لە هەمان کاتدا باوەڕیان وایە کاریگەریو کردەکەی بەڕێگەیەکی دەروونی ڕووت تەواو دەبێت. کەسی شەڕانگێز خاوەن شتێکە کە ناویان ناوە (دەروون) یان (ڕۆح)ی چاوی شەڕانی کە خراپەو ئازار بەئەوانی تر دەگەیەنێت. کەسی زیانپێگەیشتوو یان قوربانی دەچێتە لای یەکێك لە جادووگەرەکان – لای ئەزاندییەکان جۆرەها جادووگەر هەیە– یان لای کەسێکی پێشبینیکەر بۆئەوەی سەرچاوەی ئازارەکەی پیٚ بڵێت. کردەی پێشبینیکردنەکە ئاڵۆزەو زۆر دەخایەنێت، بەڵام هەر کاتێك کە کەسە چاو پیسەکە ئاشکرا کرا، ئەوا داوای لیٚ دەکەن واز لەو ڕەفتارە شەڕانگێزییە بێنێت.

ئەگەر کەسە تاوانبارەکە ئەو بانگەشەیەی ڕەتکردەوەو لەئەنجامی چاوە شەڕانییەکەی مردنی نەخۆشەکەی لێکەوتەوە، ئەوا کەسو کاری مردووەکە لە ڕابردوودا یەك لەو دوو ڕێگەیان دەگرتەبەر: یان کێشەکەیان دەبردە لای فەرمانڕەواو داوای تۆڵەسەندنەوە یان قەرەبووکردنەوەیان دەکرد، یانیش پەنایان دەبردە بەر – کە ئێستا لە هەموو حاڵەتێکدا بەبیٚ ئاوارتە ئاوا دەکەن– سیحرێکی تۆڵەکردنەوە بۆ لەناوبردنی کەسە تاوانبارەکە.

ئەزاندییەکان ئەزموونو شارەزاییەکی زۆریان لە سیحر بەجۆرەها ڕێگەو تەکنیکییەوە هەیە. هەندیٚ لەو هونەرانە داوا لە سیحرباز دەکات پێوەندی بەکۆمەڵە سیحرییە تایبەتەکان بکات. بەڵام سیحر بەجیاوازی جۆرەکانییەوە، بەگشتی بۆ پاراستنی تاکەکانو هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بەچاوی شەڕانییەوە، بەکاردەهێنرێن.

چاوی شەڕانیو جادووگەرو سیحر بەیەکەوە سیستەمێکی





لێکدراو لە عەقیدەو سرووتەکان پێکدێنن کە ناکریٚ تەواو تێبگەین تەنیا ئەگەر بەو شێوەیە سەیری بکەین کە گشتیان بەشگەلێکی پێوەندیدارن لە گشتێکی توندوتۆڵدا. ئەو سیستەمەش بونیادێکی لۆژیکی هەیە کە یەکەمجار لەسەر خۆدانەدەستی هەندێك زانراوی دیاریکراو دەوەستێت، کەواتە ئەنجامو کردەکان لەسەر ئەو بنەمایە بەتەواوی وەردەگیرێن. بەنموونە قەناعەتیان وایە چاوی شەڕانی مردنی لێدەکەوێتەوە، بەمەش مردن بەڵگەو دەلیلێکە لەسەر بوونی چاوی شەڕانی، جادووگەرەکانیش پاڵپشتی ئەوە دەکەن کە مردن لە ئەنجامی کاری چاوی شەڕانییەوە بووە، هەروەها قەناعەتیان بەوە هێناوە کە سیحری تۆڵەسەندنەوە دەبێتە هۆی مردنی خاوەن چاوە شەڕانییەکە، بۆیە کاتێك یەك لە دراوسێیەکان ڕاستەوخۆ دوای ڕووداوی یەکەم مردنەکەو دێت، ئەوا فاڵچییەکان وا بڕیاری لەسەردەدەن کە ئەوە قوربانی دەستی سیحری تۆڵەسەندنەوەیە. بەمەش دەبینین کە هەموو بەشێکی ئەو عەقیدەیە بەتەواوی درێژکراوەی بەشەکانی ترە، کە هەموویان وێنەیەکی گشتی لە بیرکردنەوەی غەیبی پێکدێنن.

لە نموونەی ئەو سیستەمە فیکرییە داخراوەشدا دەبینین کاتیٚ ئەزموونەکە لەگەڵ عەقیدەکە دژکار دەکەوێتەوەو درۆدەردەچێت، ئەوا زۆر بەسادەییەوە بڕیار لەسەر هەڵەبوونی ئەزموونەکە دەدەن نەوەك عەقیدەکەیان بەوەی کە نەگونجاوە، یان هەوڵدەدەن بەشێوەیەك ئەو دژکارییە دەرکەوتووە لێکبدەنەوە کە دیسان بگەڕێنەوە سەر عەقیدە دیاریکراوەکە بەجۆرێك کە ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەی ڕازیکەر بدەنە دەستەوە. تەنانەت هەر گومانێك لەو عەقیدانە، جەختکردنەوەیە

لەسەر خودی عەقیدەکان خۆیان. بۆ نموونە گومانکردن لە توانای هەر پێشبینیکەرێك یان نەبوونی متمانە بەکارامەیی فاڵچییەك یان لە هەر جۆرێکی دیاریکراوی سیحر ماناکەی لە ڕاستیدا دووپاتکردنەوەی باوەڕبوونە بەکەسانی ترو شێوەی ترەوە، ئەمەش باوەڕبوونە بە سیستەم وەك هەمەکییەك.

بەڕاڤەکردنی ژمارەیەکی زۆری حاڵەتو هەڵوێستەکان کەوا هەندێك مشتومڕی لەسەر چاوی شەڕانی لێکەوتۆتەوە، هەروەها بەڕاڤەکردنی بۆچوونەکانی ئەزاندییەکان خۆیانو لێکدانەوەکانیان بۆ بیرۆکەکە لە کۆی بۆنەو ڕێوڕەسمەکاندا، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو بیرۆکەیە فەلسەفەیەکی لۆژیکی باوەڕپێکراویان لەبارەی ڕوودانی بەسەرهاتەکانەوە پێدەبەخشێت. ڕەنگە ئەستەم بێت مرۆڤ بگاتە ئەو ئەنجامەی کە مۆرانە لەو ڕایەڵانەی دابێت کە کۆگای بەرووبوومو دانەوێڵەی لەسەر وەستاوە، بۆیە لەکاتی دارمانو ڕووخاندا بەسەر ئەو پیاوەدا بەردەبێتەوە کە لەسێبەرەکەیدا حەساوەتەوەو دەیکوژێت، ئینجا ئەوانیش دێن کوژرانی ئەو پیاوە بۆ چاوی پیسو شەڕانی دەگێڕنەوە. لە واقیعدا ئەزاندی– لەمەیاندا تەواو وەك ئێمە– نکۆڵی لەوە ناکەن کە ڕووخانی کۆگاکە هۆکاری ڕاستەوخۆی مردنی کەسەکە بێت، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا دەڵێن کۆگاکە لەو چرکەساتە نەدەڕووخا کاتێك ئەو پیاوەکە لەژێری دانیشتبوو، ئەگەر چاوی شەڕانی دەستی تێدانەبووایە، ئەگەرنا بۆ کۆگاکە کاتێکی تر نەدەڕووخا کە کەسێکی تر لە ژێری دانیشتبوو؟ خۆ ڕەنگە دارمانی کۆگاکەش بەهۆی مۆرانەو ئەو قورساییەی لەسەریەتی یەکێك بێت لە ڕاڤەکان، هەروەها دەشێت ڕاڤەی ئەوەش بکرێت کە ئەو پیاوە





لە گەرما چووبێتە ژێر سێبەری ئەو کۆگایە. بەڵام پرسیارەیەکە ئەوەیە: بۆچی ئەو دوو زنجیرە ڕووداوە لەهەمان شوێنو کاتدا بەیەکەوە ڕوویاندا؟ ڕەنگە ئێمە ئەو حاڵەتە بۆ ڕێکەوت بگێڕینەوە، کەچی ئەزاندییەکان بۆ چاوی شەڕانی دەیگێڕنەوە، کەواتە چاوی شەڕانیو کۆگای بەرووبوومو دانەوێڵە بەیەکەوە ڕێککەوتن لەسەر کوشتنی ئەو پیاوە.

بیرۆکەی چاوی شەڕانی بۆ ئەزاندی تەنیا فەلسەفەیەکی سروشتی ناخاتەوە، بەڵکو فەلسەفەیەکی خەلقیش کە لەهەمان کاتدا تیۆرییەکی سایکۆلۆژی تێدایە. کاتێ مرۆڤ خاوەنی ئەو چاوە شەڕانییە بوو، بەڵام لە هەمان کات زیانی بەئەوانی تر نەگەیاند تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە کردەیەکی خۆویستانە لەلایەن هەمان کەسدا بکرێت، واتە هەر دەبێت پاڵنەرێك هەبێت. ئەو پاڵنەرەش دەکرێ هەمیشە لە ئارەزوو و نیازە پیسە خراپەکانی وەکو ڕقلێبوونەوەو ئیرەییو غیرەبردنو ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە بێتەکایەوە. کارەساتو بەسەرهاتە ناخۆشەکان لە ئەنجامی چاوی شەڕانییەوەیە کەوا نیازە پیسە خراپەکان دەیجوڵێنن. ئەزاندی سەرکۆنەی کەسێك ناکەن کە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە زیانپێگەیەنەرەیە، ئەوە مەسەلەیەکە لەدەست ئەودا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لەو خراپەیە دەترسن کەوا لەناوەوەیدا هەیەو دەبێتە هۆی ئازارگەیاندن بەخەڵك. دەتوانین ئەوەش زیاد بکەین کە ئەزاندی تەواو درك بەوە دەکەن کە دەروونناسەکان ناویان ناوە هەستی تەرکیزکردنە سەر کەسێك ، کاتێك کەسێك لەنێویاندا دەڵێت یەکێك هەیە ڕقو کینەی لێیەتیو چاوی شەڕانی بەرامبەری بەکاردێنێت، ئەوا بەزۆری خودی ئەو

کەسە خۆی ڕق و کینەی لە ئەویتر هەیە و چاوێکی شەڕانی هەیە، هەروەکو درك بەو ڕۆڵە گرنگەی خەون دەکەن کە دەیبینن، یان ئەوەی کە ئێستا بەناوی ئەودیو هەست، یان بەبێ هەست ناودەبرێت لە نیازو نەزعە پیسەکان. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش ئەزاندی بەهانەی نەزانین بۆ ئەو ئازارو کارەساتانە ناهێننەوە کە ئەنجامی چاوی شەڕانییە. چاوی شەڕانی هەندێك زەرەرو زیان بەمرۆڤ دەگەیەنێت کە ئەو مرۆڤە کارێکی وای نەکردووە شایانی ئەو جۆرە سزایانە بێت. ئەمەش پێچەوانەی حاڵەتی ئەو کەسەی کە زینا دەکات، یان پیلان دژی سوڵتان ئەنجامدەدات، یان لە کارێك لە کارەکان شکست دێنێت وەکو شکستهێنانی لە دروستکردنی گۆزە بەهۆی ناکارامەیی لێی، نموونەی ئەو پیاوەش بەرپرسیارە لەو سزایەی کە تووشی دێت یان شکستهێنانی لەو کارەی کە ئەنجامی دەدات.

کەسی چاوشەڕانی ئازار بەکەسێك دەگەیەنێت کە هەستی ڕق و کینەی هەیە، ئەوا ئەو کاتەی کەسەکە هەست بە ئێش و ئازارو نەخۆشی دەکات لەبەرامبەر فاڵچیدا ناوی ئەو کەسانە دێنێت کە ڕقی لێیانە و ناخۆشی لەگەڵیاندا هەیە، لەنێو ئەو ناوانەش فاڵچییەکە ناوێك دەستنیشان دەکات کە چاوی شەڕانیی لە نەخۆشەکە داوە. لێرەدا یەکتر تاوانبارکردن بە بەکارهێنانی چاوی شەڕانی، تەنها لەنێوان کەسەکاندا لە ئارادانییە کە ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لەنێوانیاندا هەیە ڕێخۆشکەرێکە بۆ دروستبوونی ڕق و کینە و دژایەتی یەکتری، بەڵکو خودی بونیادی کۆمەڵایەتی ئەو دژایەتیانە دەجوڵێنێت. بۆ نموونە سروشتی پێوەندی نێوان منداڵ و گەورەکان





دژایەتیکردنی لێناکەوێتەوە، بۆیە ناکرێ منداڵان بەوە تۆمەتبار بکرێن کە چاوی شەڕانییان لە بەرامبەر گەورەکان بەکاربردووە. هەمدیس ناکرێ مرۆڤە پاك و باڵاکان بەوە تۆمەتبار بکرێن کە چاوی شەڕانییان لە بەرامبەر مرۆڤی ئاسایی هەیە، ڕەنگە هۆکارێکی تریش لەوەدا بێت کەسێکی ئاسایی بوێری ئەوە ناکات کەسێکی خانەدان تۆمەتبار بکات. دواجار ئافرەتیش بەبوونی چاوی شەڕانی لە بەرامبەر پیاوان تۆمەتبار ناکرێت، لەبەرئەوەی ئافرەت لەوێدا لە دەرەوەی بازنەی کەس و کارو پیاوەکەیدا ناچێتە نێو هیچ پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاوەکان. گریمانەی ئەوە ناکرێت ئافرەت چاوی شەڕانی لە دژی هیچ یەکێك لەوانە بەکارهێنابێت، بەڵکو تۆمەتی ئەوەی ئاراستە دەکرێت کە چاوی شەڕانی دژی ژنی دراوسێیەکەی بەکارهێنا بێت، هەندێکجار دژی پیاوەکانیشیان.

بایەخدان بەفاڵچییەکان بەپێی ڕاستی پێشبینیکردنەکانیان دەگۆڕێت، تەنانەت ئەو بڕیارانەی کە هەندێك فاڵچی دەریدەکەن هیچ ئیجرائاتێکی لە ئاست وەرناگیردرێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە یەکێك لەو فاڵچییانەی ژەهر بەکاردێنن، پشتگیری بکات. بەو مانایەی ئەو فاڵچییەی ژەهر بەکاردێنێت نمایندەی گەورەترین پلە لەنێو فاڵچییەکاندا دەکات. جیاوازی گرنگی فاڵچی ژەهر بەپێی جیاوازی شوێنگە کۆمەڵایەتییەکانیان دەگۆڕێت، لەبەرئەمە زۆربەی حاڵەتەکان لە فاڵچییەکەوە بۆ فاڵچییەکی لە خۆی بەرزتر دەگوازرێتەوە، تەواو وەکو وەك ئەو کێشەیەی لای خۆمان لە دادگایەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوازرێتەوە تا ئەو کاتەی فاڵچی سوڵتان بڕیاری کۆتایی لێدەدات کە جێی پێداچوونەوە نییە. ئەو بەڵگە یاساییانەی کە لە حاڵەتی

چاوی شەڕانیدا بڕیاری لەسەر دەدرێت، لە دواجاردا لەژێردەستی پادشاو نوێنەرەکانیدایە، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت کە ئەو کردە کۆمەڵایەتییەی لە عەقیدەیەك لە عەقیدەکانەوە لەدایك دەبێت، وەك پاڵپشتێکی بەهێز دەمێنێتەوە کە سوڵتان هێزو دەسەڵاتی لێوەوەردەگرێت. هەروەها کاریگەری بیروباوەڕی تایبەت بەچاوی شەڕانی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا تەواو گرێدراوە بە سیستەمی خزمایەتی، ئەمەش بەتایبەت لە دابەکانی تۆڵسەندنەوەدا بەرجەستە دەبێت. بەڵام ئەوەی تائێستا بۆ دیاریکردنی مەسەلەکە خراوەتەڕوو ڕەنگە لە یەکەمجاردا تەنیا خورافەیەك بوو بێتو عەقڵ قبووڵی نەکردبێت، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی سەلماندوویەتی کە ئەو باوەڕە پرنسیپێکی تەواو لە سیستەمی هزرو ئەخلاق پێکدێنێت، هەروەکو ڕۆڵێکی گرنگ لەنێو بونیادی کۆمەڵایەتی هەمەکیدا دەبینێت.

هەرچی کتێبەکەی دووەممە بەناوی The Nuer, A Description of the Modes of Livelihood and Institution of a Nilotic People. ئەوا لە دەوری کۆمەڵگایەکدا دەخولێتەوە کە تەواو لە کۆمەڵگای ئەزاندی جیاوازە، بەدوای کێشەی تەواو جیاوازیش دەکەوێت. نویری گەلێکی ئاژەڵداری نیمچە گەڕۆکن، لە باشووری سودان لە هەرێمێك دەژین کە بە گژوگیای ساڤاناو کەندو لەند داپۆشراوە. نویر لە ژمارەیەك هۆز پێکدێن کە هیچ جۆرە سەرۆکایەتییەك یان هیچ جۆرە سیستەمێکی یاسایی کۆیان ناکاتەوە. لەبەرئەوە لە سەرەتاوە ئەو بابەتەی کە زیاد لە هەر بابەتێکی تر بووە جێی بایەخی لێکۆڵینەوەکەم، ئەو پرنسیپەیە کە





پێکهاتەی هۆزگەری یان سیاسی لەسەر وەستاوە.

ئاشکرایە ساکاری کولتووری ماددییەکەیان ناچاری کردوونە بەوەی زۆر پشت بەژینگەکەیان ببەستن، هەروەها بەپشکنینی سیستەمە ئیکۆلۆژییەکەیان دەرکەوتووە کە ژیانی شوانکارەیی لەو جۆرە بارودۆخە سەختو نالەبارە جۆرێك لە سیستەمی سیاسی فراوان دێنێتە پێشەوە تا بتوانن پارێزگاری لە شێوازی ژیانیان بکەن. ئەو سیستەمە سیاسییەش لە بونیادی هۆزەوە هاتووە. مرۆڤ لەکاتی توێژینەوەی کۆمەڵە لۆکاڵییە جیاوازییەکانی نێو هۆزێك لە هۆزەکانی نویر، تێبینی ئەوە دەکات کە هەریەکە لەو کۆمەڵانە لەلایەنی سیاسییەوە تەماهیان بۆ تاکە نەسەبێك هەیە، وێڕای ئەوەی سەرجەمی تاکەکانی کۆمەڵەکە ئینیتمایان بۆ ئەو نەسەبە نییە، ئەوا هەموو ئەو نەسەبانە هیچ نین جگە لە لقێك لە عەشیرەت. بەمەش هەر بەشێکی هەرێمی لە بەشەکانی قەبیلە بەلقێکی بەرامبەرەکەی لە لقەکانی ئەو عەشیرەتە باڵادەستە گرێدراوە، بەشێوەیەك تەسەوری بوونی پێوەندییەکانی نێوان جۆرەها بەشی قەبیلەیەك-ئینجا لە جیابوونەوەیان لەیەکتر یان لە یەکەیەکی یەگرتوودا- دەکرێتو لە چوارچێوەی سیستەمگەلێکی بەهادا کە لەسەر بنەمای نەسەبدایە، تەعبیر لە خۆی دەکات.

لێرەدا هەموو ئەو پرسانەی کە لەژێر ڕۆشنایی ئەو پرنسیپە بونیادییە گشتییەدا دیراسەم کردووە، بەڵکو بگرە قسەکانیشم لەسەر تاکە پرسێك کورت دەکەمەوە ئەویش تەسەوری نویرە بۆ زەمەن وەك نموونەیەك بۆ جۆری ئەو کێشانەی کە توێژینەوەم کردوونو جۆری ڕاڤەکردنی بونیادی کە پێی هەڵساوم.

لێرەدا تەنیا دەتوانم هێڵە سەرەکییەکانی بابەتەکە بخەمەڕوو، ئەوە ڕوونبکەمەوە کە چۆن نویرییەکان وا دەڕواننە گۆڕانکارییە سروشتییەکان کە پێوانەیەکی کاتئامێزن بۆ دەستنیشانکردنی تێپەڕینی زەمەن و ئەمەش لەسایەی کارە چوونییەك و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها چۆن ئەو کات دیارخەرانە لەلایەکی ترەوە ڕەنگدانەوەیەکە بۆ ئەو پێوەندییە بنەماییانەی نێوان گروهە کۆمەڵایەتییە جیازەکان. ئیشە ڕۆژانەییەکان کەوا دانیشتووانی گوند دەیکەن دەستنیشانی کات دەکات لە تاکە ڕۆژێکدا. هەرچی ئەوەی پەیوەستە بەماوە زەمەنییە درێژخایەنەکان ئەوا ئەو شتەی دەستنیشانی تێپەڕینی کات و دابەشکردنی دەکات ئەوا ئیشە بەردەوام و لەسەر ڕاهاتووەکانن، وەکو پاککردنەوەی باخچەکان لە گژوگیای مشەخۆر، یان دەرچوونە وەرزییەکان کە خەڵك پێی هەڵدەستن، هەروەها مەڕدارەکان پێی هەڵدەستن. تێپەڕینی کات بریتییە لە بەدواییەکداهاتنی چالاکییەکان و پەیوەستبوونیان بەیەکتری. بەدواکەوتنی ئەمەش زۆر ئەنجامی لێدەکەوێتەوە کە جێی بایەخدانێکی زۆر گەورەن. تێیدا بەهای کات لایان بەجیاوازی وەرزەکان دەگۆڕێت، هەروەکو نەبوونی سیستەمێکی ئەبستراکتکراو بۆ حیسابکردنی کات وایان لێدەکات کە بۆیان قورس بێت وا بڕواننە کات کە شتێکی واقیعی تێپەڕەو دەکرێ لەدەستبچێت یان کۆنترۆڵ بکرێت وەك ئەوەی ئێمە پێی هەڵدەستین. بەهەرحاڵ ئەوان بۆ ڕێکخستنی ئیشەکانیان ناچارنین پەنا بۆ ئەو بیرۆکە ئەبستراکتراوە لەبارەی تێپەڕینی زەمەن ببەن، لەبەرئەوە لە ڕاستیدا خودی ئەو کارانە خۆیان دەستنیشانی زەمەن دەکەن. بۆ نموونە خەڵك لەماوەی





چەند مانگێکی دیاریکراودا هەڵدەستن بەدانانی بەنداوە ئامادەکراوەکان بۆ قفڵدانی ڕێڕەوی ئاوەکان تا بەکاری ڕاوەماسی هەڵبستن. هەروەها هەڵکردنی ڕەشماڵەکان کەوا لە وەرزەکانی وشکەساڵیدا خۆیان و مەڕومالاَتەکانیان دەچنە نێوی. هەڵسانی خەڵك بەنموونەی ئەو کارانە لە خۆیدا نیشانەیەکە بۆ بوونی ئەو مانگە بەفیعلی یان نزیکبوونەوەیان لەو مانگە. خەڵك بەنداوەکان دانانێن لەبەرئەوەی مانگی نۆڤێمبەرە، بەڵکو ئەو مانگە هەر دەبێ نۆڤێمبەر بێت مادامەکی ئەوان ئەو بەنداوانە دادەمەزرێنن.

ماوە زەمەنییە گەورەکان بەتایبەتمەندییە بونیادییەکەیان جیادەکرێنەوە. ڕووداوەکانی پەیوەست بەو ماوە گەورانە لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی تر دەگۆڕێت، بەمەش هەریەك لەو کۆمەڵانەش سیستەمێکی تایبەت بەحیسابکردنی کات وەردەگرێت، هەروا لەگەڵ سیستەمێکی گشتی هاوبەش کە ئاماژە بە ڕووداوە گەورەکان دەکات کەوا بایەخێکی زۆری هەیە سەبارەت بە هەریەك لەو کۆمەڵانە. هەروەها هەموو نێرینەیەك لەلای نویرییەکان لە بەش یان چینێك ڕیزبەنددەکرێن کە لەسەر بنەمای تەمەن وەستاوە، بەشێوەیەك چینی نوێ لە چینەکانی تەمەن، هەر دە ساڵ جارێك دروست دەبێت. بەبێ چوونە نێو وردەکاری ئەو سیستەمە دەڵێم کاتی ڕووداوەکان زۆربەی جار بەگەڕانەوە بۆ ئەو چینانە یان بەشە تەمەنییانە دەگەڕێتەوە. بەمەش ئەو فاسیلە زەمەنییانەی دەکەوێتە نێوان ڕووداوەکانیش بە بەکارهێنانی چەمکەکان یان وێناندنە زەمەنییەکان ناپیورێت کە لەلای ئێمەدا هەیە، بەڵکو بەئاماژەدان بۆ ڕەهەندی بونیادی یان ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییانەی کەوا لەنێوان کۆمەڵە

جیاوازەکان لەئاردایە دەپیورێت. هەروەها نویرییەکان بەگوێرەی بەدوایەکداهاتنی ڕەچەڵەك یان بنەچەکانیان حیسابی مێژوو دەکەن. قووڵایی ئەو ڕیزبەندییەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ قەبارەی کۆمەڵەی خزمایەتی لە جۆرەها هەڵوێستی کۆمەڵایەتی تەبادێتەوە، بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین زەمەن ڕەنگدانەوەی ئەو یەکانەیە کەوا بونیادی کۆمەڵایەتی پێکدێنن. بۆ هەر ڕووداوێك لەو ڕووداوە گرنگانە شوێنێکی دیاریکراو لەنێو ئەو بونیادەدا هەیەو دەستنیشانکردنی کات و ڕوودانی بەدروستی لە زەمەنی مێژووییدا وەکو ئێمە تێیدەگەین قورس دەکەوێتەوە.

بەگشتی دەکرێ بڵێین زەمەن لای نویر جگە لە وێناندنێك بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی هیچی تر نییە. هەروەك حیسابکردنی کات لە ڕاستیدا لەڕێگەی فۆرمەڵەکردنی ڕابردووی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێت کەوا بەفیعلی لەنێوان کەسەکاندا هەیە. کەواتە زەمەن پەیوەستە بەپێوەندییە مەوجودەکانی نێوان پێوەندییەکان یان پەیوەستە کۆمەڵایەتییەکان نەوەکو ڕووداوەکان.

گومانی تێدانییە کە ئەو نمایشە کورتە تەمومژێکی زۆری تێدایە. بەڵام ئەوە گرنگ نییە، لەبەرئەوەی لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە پاساو بۆ ڕاستی ئەو بۆچوونە بێنمەوە بەقەد ئەوەی ئامانجم ڕوونکردنەوەی میتۆدی ڕاڤەکردنە کە توێژینەوەکەمان گرتوویەتیەبەر. لەمەوەش دەبینن کە ئەو میتۆدە جگە لە تیشکخستنە سەر لایەنێکی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵایەتی بەڕوونکردنەوەی ڕێگەی تەواوکاری لەگەڵ کۆی لایەنەکانی تردا هیچی تر نییە. تاکە ڕێگە بۆ دەستەبەرکردنی ئەمە هەڵسانە بە کردەی ئەبستراکترکردنی





بەشەکی پاشان بەستنەوەیان بەیەکتری بەستنەوەیەکی لۆژیکیانە.

لە وانەبێژی یەکەمدا ئاماژەمان بەوەدا کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ڕابردوودا بایەخی بەکۆمەڵگا بەراییەکان دەدا، بەڵام ئێستا بوارەکەی تەنیا لە سنووری بایەخدان بەو کۆمەڵگایانەدا نەماوەتەوە، هەروەها زانا ئەنترۆپۆلۆژییەکان خۆشیان وا دەڕواننە بوارەکەیان کە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان دەگرێتەوە، نەك تەنیا بەراییەکان. بۆئەوەی بۆتانی ڕوونبکەمەوە کە ئەنترۆپۆلۆژیا توێژینەوەی کۆمەڵگا مەدەنییەکانیش دەکات، ئەوا کتێبێکتان وەکو دوا نموونەی توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییە مەیدانییەکان لەبارەی ژیانی جوتیارەکانی باشووری ئیرلەندا پێشکەش دەکەم، ئەو کتێبە هی ئارێنسبرگە The Irish Countryman (١٩٣٧). کتێبەکە نموونەیەکی زۆر باشە لەسەر ڕاڤەکردنی بنەمایی، دانەرەکەی بەشێوەیەکی سادە کورتەی گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکەی خۆی و کیمبول کە لە ناوچەی کلایر پێی هەڵساون، خستۆتەڕوو.

باشووری ئایرلەندا بەزۆری کێڵگە بچووکەکان دەناسرێتەوە، کە سەرجەم خێزانە جوتیارەکان لەسەر بەروبوومەکەی دەژین کە لەنێوان پانزە تا سی فەدان دایە–فەدان یەکەیەکی پێوەری زەوییە– ئەوان زیادەی بەروبوومەکانیان دەفرۆشنەوە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە خۆراکییەکانی وەك چا و شەکرو برنج و..تاد. هەموو تاکەکانی خێزانەکە لە کێڵگەکە کاردەکەن، بەڵام هەندێکجار دەستی یارمەتیان لەلایەن چەند کەسانێکی دووری خۆیان بۆ درێژدەکرێت. تۆڕی پێوەندی خزمایەتی نێوان ئەندامانی گوندێك و گوندەکانی

دەوروبەری ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە ڕێکخستنی ژیانی لادێی لە ئایرلەندا دەبینن. بەمەش نووسەرەکە توێژینەوەی ئەو مەسەلە سنووردارە دەکات، لەپاڵ چەند پرسێکی جیاواز لەمە. لێرەدا دوو پرس لەو پرسانەی لەو کتێبەدا ئیشی لەسەر کراوە، بەکورتی بۆتانی باس دەکەم: هاوسەرگیریو، پێوەندییەکانی نێوان جوتیارو خەڵکانی شار.

ئارێنسبێرگ دەڵێت (( هاوسەرگیری خاڵی وەرچەرخانە کە سەرتاپای ژیانی لادێ بەدەوریدا خولدەخواتەوە، یان سێنتەری بونیادی کۆمەڵایەتییە)). خێزانەکان بەزۆری ژمارەی ئەندامەکانیان دەناسرێنەوە. هاوسەرگیری سەبارەت بەهەردوو ڕەگەزەکە لە تەمەنێکی گەورە دەکرێت بەبەراورد لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە سەرژمێری تێدا کراوە. بەڕەچاوکردنی بچووکی ڕووبەری کێڵگەکان، عادەتەن خێزان ناتوانێ هاوسەرگیری بۆ زیاتر لە یەك کوڕ یان کچ بکات. ئەو کاتەی ئەو کوڕەی میراتی کێڵگەکەی بۆ جێدەمێنێت، هاوسەرگیری دەکات، ئەوا بووکەکە لەنێوان ٢٥٠ تا ٣٥٠ جونەیهی مارەیی پێدەدات بەجۆرێك بەپێی توانا لەگەڵ نرخی خودی کێڵگەکەدا بگونجێت. مارەیی لەو لایەنەوە پێوانەیەکە بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی خێزانەکە. بەشێك لەو مارەییە بۆ پیاوەکەو دایكو باوکی دەڕوات کە ناتوانن دوای زەماوەندەکە لە کێڵگەکە کاربکەن، هەرچی ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ یارمەتیدانی نەوەکانی ترە کە ناچارن –مادام کێڵگەکە لەنێوانیاندا دابەش ناکرێت– یان بەرەو شارەکان بچنو لەوێدا ئیشی بازرگانی بکەن، یان مومارەسەی کارێك بکەن، یان پێوەندی بە کڵێساوە بکەن، یانیش بچنە دەرەوەی وڵات. بەو ڕێگەیە خێزانەکە





دەتوانێت پارێزگاری لە کێڵگەکەی بکات وەکو یەکەیەك، هەروەکو پێوەندی بەهێزی نێوان خێزانەکەو زەوی بەردەوام دەبێت، بەڵام لەسەر پشتی ڕۆڵەکانی تر، یان منداڵە بچووکەکان بەگشتی. بەمەش ئارێنسبێرگ ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆن هاوسەرگیریو میراتو کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیو ڕووکردنە شارەکانو کۆچکردن بۆ دەرەوە هەموویان بەسەریەکەوە بەشێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتی تایبەت بەکێڵگە بچووکەکان پێکدێنن.

سیستەمی خزمایەتی باو لە کێڵگەوە بۆ شارە بچووکەکانی دەوردراو بە گوند درێژدەبنەوەو کەوا وەکو بازاڕێکی لۆکاڵی چاوی لێدەکرێت. دواتر دەبینن ئەو درێژبوونەوەیە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ونبوونو ئاوابوونی خێزانە ڕەسەنەکان لەو شارانەدا. لەبەرئەمە نەوەی جوتیارەکان، جگە لە کوڕی گەورە، ڕوودەکەنە ئەو شارە بچووکانە بۆ کارکردن لە دوکانەکان هەروەکو لەوێدا هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکان دەکەن. خاوەن مارکێتەکانی ئەو شارانە پشت بەکرێکارەکانی ئەو گوندانە دەبەستن، بەڵام وەك باوە گوندییەکان ئەو مامەڵەکردنە ڕەتدەکەنەوە، تەنیا لەگەڵ ئەو بازرگانانە نەبێت کە پێوەندییەکی خزمایەتییان لەنێوانیاندا هەیە، لەبەرئەمە خاوەن مارکێتەکان یان خاوەن ئوتێلەکان ناچارن کچێکی گوندی بۆ ئەو کوڕەیان بێنن کە مارکێت یان ئوتێلەکەی بۆ جێدەهێڵن تا لەگەڵ خۆیدا– لەگەڵ مارەییدا– کرێکاری نوێ بۆ شوێنی کارەکەیان بێنێت. بەم جۆرەش شارو گوند یان یەکەی دابەشکردنو یەکەی بەرهەمهێنان، نەتەنیا بەپێوەندی ئابووری بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، بەڵکو بەپێوەندییە خزمایەتییەکانیش.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ژیانی شار کاریگەری بەسەر گۆڕانی تێڕوانینی مرۆڤەکانەوە دەبێت، لێرەوەش دوورکەوتنەوەی ئەوان لەنێوان گوندو خەڵکەکەیان لەوێدا دەستپێدەکات، هەروەکو بەرە بەرە شێوازە کۆنەکانیان لەدەستدەدەن‌و هێدی هێدی بایەخدانیان بە گوند کەمتردەبێتەوە. ئەو کەلێنە لە نەوەی دووەم فروانتر دەبێت یان لای ئەو نەوانەی کە لە شاردا لە دایکبوونە. مەسەلەکەش بەگواستنەوەی خاوەنی مارکێت یان ئوتێلەکە بۆ یەکێك لە شارە گەورەکان‌و دەسکردنە وەزیفەیەك لە وەزیفەکان کۆتایی دێت، بەمەش پێوەندی بەناوەندێکی کۆمەڵایەتی نوێ دەکەن کە دوورو نزیك پێوەندی بەگوندەوە نییە، کەچی لە شوێنی ئەواندا لە شارە بچووکەکاندا خوێنی نوێ جێگایان دەگرێتەوە لە توندوتۆڵکردنی پێوەندییان لەگەڵ گونددا لە دروستکردنی پێوەندییە خزمایەتییە نوێییەکان سەرکەتوو دەبن. لەمەوەش ئەوە بەدی دەکەین کە چۆن سیستەمی ئابووری کە جەخت دەکاتە سەر ئاڵوگۆڕی بەرهەمهێنراوە کشتوکاڵییەکان بە کاڵا بازرگانییەکان بە سیستەمی خزمایەتییەوە گرێدراوە کە لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری نێوان خەڵکی شارو خەڵکی گوند وەستاوە، هەردووکیشیان بەیەکەوە بەشێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتی گشتی لادێیی ئایرلەندی پێکدێنن.

سیستەمێکی تر کە ئیش لەسەر بەردەوامێتی پێوەندییەکان‌و پەیوەستبوونەکانی نێوان دانیشتووانی شارو گوند بکات، لە هەمان کاتدا تەعبیر لە هێزی ئەو پێوەندییە بکات ئەوە سیستەمی قەرزە. لادێیی هەمیشە قەرزاری خزمە بازرگانەکەیەتی، ئەو قەرزە هەمیشەییە دیوێکی گرنگی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەو دووانە پێکدێنێت، تەنانەت ئەو کاتەی بەهۆی ناکۆکی توندی





نێوانیان، جوتیارەکە تەواوی قەرزەکە دەداتەوە بە بازرگانەکە وەك نیشانەیەك بۆ کۆتاییپێهێنانی مامەڵەی نێوانیان‌و پچڕانی پێوەندییەکانیان.

قەرزیش، وەك مارەیی، پێوانەیەکە بۆ شوێنگەی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی بەڵگەیەکە لەسەر توانای کەسەکەو ئارەزوومەندێتی لە پاڵپشتیکردنی ئەو پەیمان‌و ئیلیتیزامە کۆمەڵایەتییانە کەوا شوێنێکی دیار بەخۆی‌و خێزانەکەی دەدات لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتی. قەرز لە باوکانەوە بۆ نەوەکانیان دەگوازرێتەوە. ئەوە ئەڵقەی بەیکگەیاندنی نێوان خێزانی جوتیارو کەس‌و کارەکەیەتی بە خێزانی بازرگان‌و کەس‌و کارەکەی، هەروەها ڕێگەیەکە کە لێیەوە تەعبیر لە متمانەی بەرامبەرو ئیلیتیزاماتە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکەن. لەژێر ئەو ڕۆشناییە نوێیەشدا قەرز وەك یەکێك لەو میکانیزمانە دەردەکەوێت کەوا پارێزگاری لە کیانی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکات. بەمەش ناکرێ لە سنووری ئابووری‌و یاسا تێبیگەین، بەڵکو بێگومان دەبێ بگەڕێینەوە بۆ کۆی سیماکانی بونیادی کۆمەڵایەتی‌و بەتایبەتی سیستەمی خزمایەتی، هەروەها دەرکردنی بڕیارێکی ئەخلاقی پەیوەست بە قەرز ئەستەم دەبێت ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی ئەو تێگەیشتنە فراوانە نەبێت.

هیوام وایە ئەو نموونە کەمانە –کەوا لەبەر کەمی کات دەرفەتی خستنەڕووی زیاترم نییە– جۆری ئەو کێشانەو هەمەجۆری ئەو کێشانەی بۆ ڕوونکردبنەوە کەوا ئەنترۆپۆلۆژستەکان لە ساتی ئێستادا توێژینەوەی دەکەن. دواتر تێبینی ئەوەش دەکەن ئەو توێژینەوانە پرسگەلێکی نامۆ یان خەیاڵی لەخۆناگرن، بەڵکو توێژینەوەی کێشە واقیعییە ئاساییەکانە کەوا سۆسیۆلۆژیا بایەخی

پێدەدات. لە وانەبێژییەکەی دواترو کۆتایی ئەوە بەدی دەکەن کە ئەو کێشانە، زیاتر لەوەش، ڕەهەندێکی گشتییان هەیە کە لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو یان ئەو گەلەی کە توێژینەوەی لەسەر کراوە کورتنابێتەوە. ڕەنگە ئێمەش لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکەی خۆمان سوود لەو زانیاریەمان وەربگرین کە دانیشتووانی دوورگەی تروبریاند زۆربەی هەرە زۆری ئەنجامدانی چالاکییەکانیان چەمکی شەرەفی لە پشتە، نەك دەستکەوتی ماددی، یان نادژکاری ئامانج و داواکارییەکانی خەڵك لە ساموا ڕەنگە هەمەجۆری و جیاوازی کەسایەتییان لەدەستبدات، بەلام دڵنەوایی و بەختەوەرییان پێدەبەخشێت، یان سیستەمی بیروباوەڕەکان لای ئەزاندی وەزیفەیەکی فەلسەفی و ئەخلاقی گرنگ جێبەجێ دەکات سەرباری نکۆڵیکردنی زانستی نوێ بۆ ئەو گریمانەو بانگەشانەی ئەوان پێی هەڵدەستن، یان بۆئەوەی لە وێناندنەکانی نویر بۆ زەمەن تێبگەین پێویستە یەکەمجار لە بونیادە کۆمەلایەتییەکەیان بگەین. یان قەرزکردن لە ئایرلەندای باشوور یارمەتیدەرێکە بۆ هاوگونجاوی و بەردەوامبوونی پێوەندییەکانی نێوان دانیشتووانی گوندو دانیشتووانی شار. هەموو ئەو ئەنجامە بەپێزانەو هی تریش – هەرچەندە هەندێکیان سنووری گریمانە تێناپەڕێنن– ئەوا بایەخێکی بەرچاویان هەیە، نەك تەنیا بۆ تێگەیشتن لەو کۆمەڵگا دیاریکراوانە کەوا لە توێژینەوەیان گەیشتووینە ئەو ئەنجامانە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵگاکانی تریش بایەخدارە، کۆمەڵگای ئەوروپی مۆدێرنیشی لەگەڵدا بێت.





## بەشی شەشەم

## ئەنترۆپۆلۆژیای پراکتیکی

لە لێکچەرەکانی پێشوودا هەوڵمدا بیرۆکەیەکی گشتیتان لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلایەتی پێبدەم لەسەر ئاستی خوێندنی زانکۆییدا. باسی ئەوەشمکرد چۆن وەك لقێکی مەعریفی پێشڤەچووە، هەروەها خستنەڕووی کێشەکانی و ڕێگەچارەکانی. لەو لێکچەرەی دواییدا، گفتوگۆ لەسەر پرسیارێك دەکەین کە زۆرجار ڕووبەڕووی ئەنترۆپۆلۆژستەکان بووەتەوە: مەبەست لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلایەتی چییە؟

دەکرێ تەئویلی جیاواز بۆ ئەو پرسیارە بکەین، هەروەها دەکرێ وەلامی جیاوازیشمان دەستکەوێت. ڕەنگە مەبەست لە پرسیارەکە بۆ زانینی ئەو پاڵنەرانە بێت کەوا لە مرۆڤ دەکات ببێتە ئەنترۆپۆلۆژست. لەو بارەشدا وەلامەکان زۆربەیان بە جیاوازی ڕاوبۆچوونی ئەنترۆپۆلۆژستەکان دەگۆڕێت، کە ڕەنگە ژمارەیەکی زۆریان– منیش لەنێویاندام– ئەو وەلامەیان هەبێت ((بەتەواوی نازانم)) یان ڕەنگە وەلامەکەیان ئەوە بێت، وەك ئەنترۆپۆلۆژستێکی ئەمریکی گوتی: ((لەبەرئەوەیە کە حەزم بە گەشتکردن و شوێنگۆڕینە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر)).

بەڵام پرسیارەکە مانایەکی جیاوازتر دەگەیەنێت، ڕەنگە مەبەست لێی ئەوە بێت: توێژینەوەو ناسینی گەلانی بەرایی چ سوودێکی هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ وەڵامەکان بەسەر دوو بەش دابەش بکەین: یەکەم لەبارەی سوودی ئەنترۆپۆلۆژیا سەبارەت بەگەلانی بەرایی و ئەو کەسانەی بەرپرسن لەو گەلانەو خۆشگوزەرانیان، دووەمیش لەبارەی سوودی ئەو زانستە سەبارەت بەوانەی توێژینەوەکە دەکەن، واتە سەبارەت بەئێمەی ئەنترۆپۆلۆژست.

لەڕاستیدا ئەو کاتەی ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان توێژینەوەی کۆمەڵگا بەراییەکان دەکەن، هەر چۆنێك بێت ئەو زانیارییانەی کە لەسەریان کۆدەکەنەوەو ئەو ئەنجامانەی کە پێی دەگەن، هەندێك کاریگەریو سوودی سەبارەت بەکێشەی بەڕێوەبردنو فەرمانڕەوایەتیو پەروەدە لەنێو ئەو گەلانە دەبێت. لەو باوەڕەدام هەموومان ئەوە دەزانین کاتێ سیاسەتی حکومەتە کۆلۆنیکراوەکان لە ڕێی سەرۆکە نیشتمانییەکانی ئەوێ بەڕێوەبچێت، ئەوا شتێکی سوودبەخش دەبێت کە ئەو سەرۆکانە بناسینو بزانین وەزیفەی ئەوان لەنێو کۆمەڵگادا چییە، هەروەها مەودای دەسەڵاتیانو جۆری ئەو ئیمتیازاتانەی کە چێژی لێدەبینن، لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانیانە. هەروەها ئەگەر سیاسەتێکی داڕێژراو هەیە بۆ بەڕێوەبردنی گەلێك لەو گەلانەو فەرمانڕەوایەتیکردنی بەپێی یاساو دابو نەریتە تەقلیدییەکانی، ئەوا پێویستە یەکەمجار سروشتی ئەو یاساو دابو نەریتانە بزانین چییە. ئاشکرایە ئەگەر ئامانجی ئەو سیاسەتە گشتییە ئەنجامدانی چەند چاکسازییەك بوو بێت لە باری ئابووری ئەو گەلە،





بەنموونە گۆڕینی سیستەمی موڵکدارێتی زەوی لای ئەوانو هاندانیان بۆ کشتوکاڵکردنی بەروبوومە ئامادەکراوەکان بۆ هەناردن یان دانانی سیستەمی بازاڕو وایان لێبکرێت ئابوورییەکەیان پشت بە پارە ببەستێت نەوەك گۆڕینەوەی شت بە شت کە ئاوا سوودمەندتر دەبێت، ئەوا باری کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە چی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر گۆڕانمان بەسەر سیستەمی زەویدا هێنا، ئەوا بونیادی خێزانداریو خزمایەتیو ئایین دووچاری شڵەژانێکی توند دەبێتەوە. لەبەرئەوەی خێزانو پێوەندییەکانی خزمایەتیو بیروباوەڕو پەرستنە ئایینییەکان لەوێدا بەتوندی بەسیستەمی زەوی گرێدراون. دواجار بەئاشکرا دەردەکەوێت ئەو مژدەبەخشەی دەیەوێت یەکێك لە گەلە بەراییەکان بباتە سەر ئایینی مەسیحی، پێویستە زانیاری لەسەر ئەو بیروباوەڕو مومارەساتە ئایینییانە هەبێت کە ئەوان هەیانە، ئەگەرنا ئەستەمە کارەکەی سەربگرێت، چونکە پەروەردەی مژدەهێنی دەبێت لەڕێی زمانی خەڵکەکەوە تەواوبێت واتە لەڕێی تەسەوراتو چەمکە ئایینییەکانیانەوە.

لەڕاستیدا بەهای ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیو، سوودی لە کاری بەڕێوەبردن بەشێوەیەکی گشتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم مەسەلەیەکی زانراوە. وەزارەتی کۆلۆنیکراوەکان لە بەریتانیاو حکومەتە کۆلۆنیکراوەکان بەگشتی بایەخێکی زۆریان بەئەنترۆپۆلۆژیاو ئەو لێکۆڵینەوانەدا کە ئەنترۆپۆلۆژستەکان پێی هەڵساون.

چەند ساڵێکە ئەو کەسانەی بۆ وەزیفەیەکی ئیداری لەنێو ئەو کۆلۆنیکراوانە دەستنیشان کراون، بەرلەوەی پلەو پایەکەیان

پێبدرێت، خوێندنی تایبەتیان– لەنێویاندا ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە هەردوو زانکۆی ئوکسفۆردو کێمبرجو دواتریش لەندەن– وەرگرتووە. لە ماوەی ئەو جەنگەی دوایی زۆربەی فەرمانڕەواکانی کۆلۆنیالکراوەکان گەڕانەوە بەریتانیای مەزن بەمەبەستی وەرگرتنی وانەبێژی نوێ لە هەر سێ زانکۆی ناوبراودا. زۆر لەوان ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییان بەتایبەت هەڵبژارد. دەمەوێ ئەوەشتان پێ بڵێم کە زۆر لەو کەسە ئیداریو فەرمانڕەوایانە لەماوەی ژیانی خوێندکاریدا، ئەنترۆپۆلۆژیایان لە کێمبرج خوێندووەو مۆڵەتی زانکۆییان پێدراوە، هەروەها هەندێکی تریان بڕوانامەی دیپلۆمیان بەدەستهێناوە، یان نمرەیەکی بەرزی زانکۆییان لەو زانستە لە ئۆکسفۆرد بەدەستهێناوە. ژمارەیەکی زۆریان لەسایەی ئەندامبوونیان لە پەیمانگای ئەنترۆپۆلۆژیای پادشایی، ئاگاداری دوایین بەرەوپێشچوونەکانی نێو ئەنترۆپۆلۆژیان.

حکومەتە کۆلۆنیالیکراوەکان درکیان بەوە کردووە وێڕای گرنگی شارەزایی فەرمانڕەواو ئیدارییەکان بەئەنترۆپۆلۆژیا، ئەوا ئەو مەعریفە سەرەتاییە گشتییە لە خودی خۆیدا بەس نییە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز، ئەمە ئەگەر گریمانی ئەوەش بکەین کە کاتو دەرفەتیان بۆ لوابێت، بەڵام هەمیشە ئەوەیان بۆ نالوێت. لەگەڵ ئەوەش ئەو حکومەتانە هەندێك فەرمانبەر کە توانا و مەیلی توێژینەوەیان هەبووە، بۆ ئەو کارە تەرخانیانکردوونو هانیان داون بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەو هۆزانەی کە لە ناوچەی ئیدارە یان کارەکانیاندا هەنە. بەو ڕێگەیە توانیان هەندێك توێژینەوەی گرنگ ئەنجامبدەن، گرنگترینیان توێژینەوەکەی راترای





لەسەر ئەشانتی لەنێو بیابانی زێڕین کەوا لەنێو چەند بەرگێکدا کۆیکردوونەتەوە. هەر لەو توێژینەوە بەنرخانەش توێژینەوەکەی دکتۆر میکە لە نێجیریا و توێژینەوەکانی ویلیامزو پێرسۆن چینری لە گینیای نوێ. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین ئەو نووسینە ئەنترۆپۆلۆژیانەی ئەوانەی کە لەهەمان کاتدا خەریکی کاری ئیداریو حوکمکردن بوونە جێی ڕەزامەندی زانای پسپۆڕەکان نەبوو، هەرچەندە نویو نایابیش بێت. تەنانەت ڕەنگە لەڕوانگە ئیدارییەکانەوە شتێکی تەواو قبوڵکراویش نەبوو بێت، لەبەرئەوە حکومەتە کۆلۆنیالیکراوەکان – بەئاوارتەی تنجانیقا– لە هاندانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بەو ڕێگەیە وەستانو چیدیکە هانی ئەو کارانەیان نەدا.

حکومەتی سودان هەمیشە سووربوو لەسەر پاڵپشتیکردنی ئەو لێکۆڵینەوانە، پێموایە بۆچوونێکی حەکمیانەیە، کە ئەنترۆپۆلۆژستە تایبەتمەندەکان پێی هەڵدەستن، بۆ ئەنجامدانی هەندێ توێژینەوەی دیاریکراو، یان تەنانەت دامەزراندنی کەسانی ئەنترۆپۆلۆژست لەنێو حکومەت بەگرێبەستی کورتخایەن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. بەمەش توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان لەوێدا لەساڵی ١٩٠٩ەوە تا ئێستا، بەئاوارتەی چەند ماوەیەکی کورت نەبێت، ئەگینا هەر بەردەوامە. سەرەتا مامۆستا سیلگمانو ژنەکەی ئەو کارەیان گرتەدەست، ئینجا دواتر من هاتمو پاشان دکتۆر نادلو دکتۆر لینهارت. چاکییەکەی ئەو ڕێگەیەش لەوەدایە ئەو کاتەی ئەنترۆپۆلۆژست لای خۆیەوە ئەزموونێکی پێویست بەدەستدێنێت کە دواتر لە وەزیفەی زانکۆییدا یارمەتیدەدات، ئەوا حکومەتیش ئەو زانیاریانەی کە دەیەوێت لەڕێی

کەسێکی بەئەزموون و شارەزاوە دەستی دەکەوێت لەسەر دوایین پێشڤەچوونی پەیوەست بەو پرسەی کەوا توێژینەوەی کردووە.

لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە وەزارەتی کۆلۆنیالکراوەکان بایەخێکی زۆریان بەئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلایەتی داوە، بەکردار یان بەشێوەیەکی ڕێکخراو هەڵسان بە دابینکردنی پارە بۆ هەندێك توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی لە زۆربەی ئەو کۆلۆنیالکراوانە. بەڵام ئەو ڕێگەیە لە ڕێگەکانی هاندانی لێکۆڵینەوە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستنەهێنا، ئەگەر ئەو ئەنجامانە هەڵسەنگێنین کە پێی گەیشتوون. لە ڕاستیدا من بەتوندی پشتیوانی ئەو ڕایە دەکەم کە باشترین ڕێگە بۆ توێژینەوە ئەوەیە کە زانکۆکان خۆیان پێی هەڵسن، تا زانکۆ خۆی بەپرسیار بێت لە هەڵبژاردنی لێکۆڵەرەکان و ڕاهێنانیان، هەروەها سەرپەرشتیکردنی لێکۆڵینەوەکانیان و نووسینەوەی ئەنجامەکان و بڵاوکردنەوەیان. سیاسەتی گیراوەبەر ئێستا لە وەزارەتی کۆلۆنیالیکراوەکاندا ڕێکخستنی لێکۆڵینەوەیە لەڕێگەی پەیمانگاکانی لیکۆڵینەوەی لۆکاڵی وەکو پەیمانگای ڕۆدس، لیڤیگنستۆن لە رودیسیای باکووردا. ئەو پەیمانگەیە لە ساڵی ١٩٣٨وە دەستی کرد بەئەنجامدانی توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان. لەم ماوەیەی دواییدا سێ پەیمانگای تری لێکۆڵینەوەی کۆمەلایەتی دامەزرێنران، یەکێکیان لە ماکریری لە ئۆگەندا، دووەمیان لە ئابدان لە نایجیریا و، سێیەمیان لە کنگستون لە چمایکا. بەڕای من ئەو ڕێگەیە هەرگیز شوێنی ئەو توێژینەوانە ناگرێتەوە کە زانکۆکان ڕێکیدەخەن، ئەگەرچی ئەو پەیمانگایانە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ ببینن، بەوەی کە وەك سەنتەرێکی لۆکاڵی بۆ لێکۆڵینەوە وەربگیرێت کە خوێندکارانی





زانکۆکان پێی هەڵدەستن. ئەو ڕۆڵەش لەو ڕۆڵەی پەیمانگای بەریتانی لە ڕۆما و ئەسینا و ئەنقەرە دەچێت.

تەرخانکردنی تێچوونی توێژینەوە لەلایەن خەزێنەی دەوڵەتەوە مەسەلەیەکی گرنگ بوو سەبارەت بەئاییندەی لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی لە بواری زمان و کولتوورەکانی ڕۆژهەلاتی دوورو ڕۆژهەلاتی نزیك و ئەورووپای ڕۆژهەلات و ئەفریقیا. ئەزموونی جەنگی دووەمی جیهانی ئەوەی دەرخست کە بێئاگاییەکی گەورە لەبارەی ئەو بەشانەی جیهان لەئارادایە، بۆیە لیژنەیەکی پادشایانە بەسەرۆکایەتی ئێرل سکاربرۆ دامەزران ئەو لیژنەیە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە تاکە ڕێگا بۆ ئەو مەسەلەیە، بریتییە لە هاندانی توێژینەوەی زمان و کولتوورەکانی ئەو ناوچانە. پلانی لیژنەکە لەمبارەیەوە بەهێزکردنی بەشەکانی زانکۆکان بوو، لەپاڵ کردنەوەی بەشی نوێ و تەرخانکردنی پارەی لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی زانکۆکاندا. پاشان دامەزراندنی چەند پەیمانگەیەك کە وەك سەنتەرێکی لۆکاڵی بۆ لێکۆڵینەوە لەو وڵاتانەی کەوا ئەو لێکۆڵینەوانەی تێدا دەکرێت. بەو ڕێگەیەش دەتوانین نەك هەر دڵنیابین لە دروستی لێکۆڵینەوەکان، بەڵکو لەگەڵیدا تەقلیدێکی نوێ دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ گەرەنتی بەردەوامبوونی.

ئەو پارە پێدانەش وایکرد ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەلایەتییەکان لێکۆڵینەوەکانیان بۆ ئەو ناوچە دوورەدەستانە درێژبکەنەوە کە بەبێ تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیە بۆیان نەدەچووە سەر توێژینەوەی لەسەر بکەن. لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی لە شوێنی دوور سەرمایەی زۆری دەوێت، هەروەها پێدانی مینحەی تر کە هەندێك دامەزراوە

پێشکەشیان کرد وەکو Emslie Horniman Anthropological Goldmsmiths Company`s Post-graduate یانFund Viking Funds یانTravelling Scholarships تەنیا جێی بەشێکی زۆر Leverhulme Grants Committee کەمی تێچوونی ئەو لێکۆڵینەوانەی گرتەوە کە دەبووایە زۆر بە خێرایی ئەنجامبدرێن.

هەرچی ڕێکخراوە مژدەبەخشەکانی بەریتانیایە، پێنەدەچوو بڕوایان بەسوودی ئەنترۆپۆلۆژیا هەبێت لە دروستکردنی ئەو کەسانەی کە دەیانناردنە نێو گەلانی بەرایی بەمەبەستی بلاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی. ڕەنگە ئەمەش بۆ کەمدەرامەتی ئەو ڕێکخراوانە گەڕابێتەوە کە نەیاندەتوانی کەسانی خۆبەشخی خۆیان ڕەوانەی زانکۆکان بکەن بۆ خوێندنی ئەنترۆپۆلۆژیا، هەروەها بەشێکیشی پێوەندی بەو گومانە هەبوو کە لە بەرامبەر ئەنترۆپۆلۆژیا هەیانبوو، ڕەنگە لەسەر هەقیش بوو بن، چونکە ئەنترۆپۆلۆژیا پەیوەستە بەهزری ئازاد. لەبەرئەوە هەندێك وا وەسفی دەکەن کە لە ئایین دەرچوونەو ئینجا لەو زمانەی کە نووسینەکانی، بەرهەمی دێنێت یان ئامانجەکانی، ئەو دەربڕینەش لە واقیع بەدەر نییە. شتێکی ئاساییە کە مژدەبەخشەکان وا هەست دەکەن، وەك لە پێشدا گابریل ساگار لە پێشەکی کتێبەکەی لەسەر هیرۆن (١٦٣٢) نووسیویەتیو ئاماژەی پێداوە (( کامڵبوونی مرۆڤ لە زۆری شارەزایی یان مەعریفەدا دەستەبەرنابێت، بەڵکو لە جێبەجێکردنی ئیرادەی خواو ئارەزووە باشە خێرمەندەکانیەوە دەبێت)). لەگەڵ ئەمەش زۆر لە مژدەبەخشەکان وەکو تاك بایەخیان بەئەنترۆپۆلۆژیا داوەو لە





مەیدانی کارەکانیاندا درکیان بەسوودەکەی کردووە. قەشە جونو کە یەکێك بووە لە تیمێکی نێردراوی سویسری ڕۆمانیو تائێستاش خاوەنی جوانترین کتێبی ئەنترۆپۆلۆژییە بەناوی The Life of a South African Tribe، ڕاستگۆیانە گوزارشتی لە هەڵوێستی خۆی کردووە کاتێك باسی ئەوە دەکات کە ئەو لە دوو لایەنەوە مەبەستی بووە زانیاری کۆبکاتەوەو کتێبەکەی خۆی بنووسێت، لەلایەك تاوەکو هەندێك ئامانجی زانستی بەدەست بێنێت، لەلایەکی تریش بۆئەوەی یارمەتی دەسەڵاتدارە ئیداریو مژدەبەخشەکان بداتو ڕۆڵێك بگێڕێت لە ڕۆشنکردنەوەی زەینی خەڵکی باشووری ئەفریقیا لەبارەی خەڵکە ڕەسەنەکانی ئەو وڵاتە. بۆیە دەبینین لەنێو کتێبەکەیدا دەنووسێت: ((ئیشکردن لەپێناو زانستێکی پوخت شتێکی جوانە، بەڵام لەویش جوانتر ئیشکردنە لەپێناو براکانمان لە ڕەگەزی مرۆییدا)). هەروەها لەو مژدەبەخشانە دکتۆر ئیدوین سمیس بەشداری کرد لە دانانی کتێبێکی نایاب لەبارەی هۆزەکانی بائیلا لە باکووری رودیسیا. ئیدوین سمیس سەرۆکی پەیمانگای ئەنترۆپۆلۆژیای پادشاهی بوو لەم ماوەیەی دواییدا.

جاران فەرمانڕەوا ئیداریو مژدەبەخشەکان بەشێوەیەکی تایبەت درکیان بەوە دەکرد سەرلێدەرکردن لە ئەنترۆپۆلۆژیا ئاسانکارییان بۆ دەکات لە ئەنجامدانی کارو ئەرکەکانیان. هەرچی لە بارودۆخی ئێستادا ئەوا شارەزا تەکنیککارەکانی وەکو پزیشكو شارەزای کشتوکاڵیو شارەزای دارستانو پزیشکانی ئاژەڵو ئەندازیار، تەنانەت بازرگانو نوێنەری کۆمپانیا بازرگانییەکان، بایەخێکی زۆرتریان هەیە بۆ ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا. لە هەمووشیان

داواکراوە ئەو کارە هەمەجۆرانە لەو کۆمەڵگایانەدا جێبەجێ بکەن کە زۆرجار شارەزاییان لەبارەی داب و نەریتیانەوە نییە.

ڕەنگە پرسیاری ئەوە بکەن چۆن مەعریفەی ئەنترۆپۆلۆژی یارمەتی ئەوروپییەکان دەدات لە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت کردنیان لەگەڵ ئەو گەلە بەراییانە؟ ئەنترۆپۆلۆژستەکان ماوەیەکی زۆر خوویان بەقسەکردن گرتبوو لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیای پراکتیکی، هەروەکو کەسانێکی تر لەبارەی پزیشکی پراکتیکی دەیکەن، یان لەبارەی ئەندازەی پراکتیکی. ئەو زانایانە، ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەزانستێکی سروشتی دادەنێن کە ئامانجی دانانی یاسا گشتییەکانە لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە و تەنیا بەگەیشتن بەو گشتاندنە تیۆرییانە گەیشتن بەدانانی زانستێکی پراکتیکی سانا دەبێت. لەڕاستیدا بینیمان ئەو ڕەگەزە پێوانەییە لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیادا بەشێك بووە لە میراتە فەلسەفییەکەی کە لە ڕابردوودا باو بووە، نموونەکەشی لەمەدا وەکو چەمکی یاسای سروشتی و پێشکەوتن وایە کە تاڕادەیەکی زۆر پشتی پێیان دەبەستێت. وەکو لە پێشدا وتم، فەلسەفەکارە مۆراڵییەکانی سەدەی هەژدەو زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیای سەدەی نۆزدە، هەروەها زۆربەی هەرە زۆری ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێستادا، بەشێوەیەکی ناڕاست و ڕەوان، زانستە سروشتییەکانیان وەك نموونەیەك بۆ خۆیان وەرگرتووە، دەستنیشانی ئامانجی ئەنترۆپۆلۆژیایان کردووە بەوەی کۆنترۆڵی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات و، لەڕێی پێشبینیکردن و پلاندانان ئاراستەی دەکات، یان ئەوەی کە بە ((ئەندازەی کۆمەڵایەتی)) ناودەبرێت.





کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تیۆرگەرایی زۆربەی کات، لە ساتەوەختە یەکەمینەکانیدا، بەڕەنگێکی سۆسیالیستی ڕوون و ئاشکرا ڕەنگکرابێت، بەتایبەت ئەمە لە فەرەنسا دەردەکەوێت کاتێ سان سیمۆن و کۆنت هەوڵی هێنانەکایەوەی ئایینە پۆزەتیڤیستەکانیان دا. پێموایە ئەمە بزوێنەری پشت کارەکانی دورکهایم و هاوڕێیەکانی بوو. یەکێك لەوانە لیڤی برویل بوو، تێڕوانینە گشتییەکانی خۆی بەڕوونی لە کتێبێکی بچووکی نایاب دەربڕیوە بەناوی La Morale et la Science des Moeurs (١٩٣٠) کە تێیدا ئاماژەی بەوە داوە سیستەمە مۆراڵییەکان هیچ کاریگەرییەکیان بەسەر ڕێڕەوی خەڵکەوە نییە، چونکە تەنیا بەهانەگەلێکی عەقڵیین بۆ عورف. بۆ نموونە ئەگەر گەلێك هەبێت هەموو منداڵە دووانەو جمکەکان لەکاتی لە دایکبوونیاندا بکوژێت، ئەوا ئەو مومارەسەیە سەبارەت بەو گەلە شتێکی ئەخلاقییە.

ئەخلاق هیچ نییە جگە لە کۆمەڵێك ڕێسا کە دەستنیشانی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی خەڵك دەکات لەنێو هەر کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکاندا. کەواتە مۆراڵ بەپێی جیاوازی بونیادی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، هەروەکو کردارێك بەشتێکی مۆراڵی دادەنرێت، گەرهاتوو لەگەڵ عورفی باوی نێو چەشنێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا لە قۆناغێکی دیاریکراوی نێو قۆناغەکانی پێشڤەچووندا گونجا. بۆیە ئیشی عەقڵ سنووربەندکردنیەتی لە دەرهێنانی ئەخلاقێکی کردەکی لەژێر ڕۆشنایی توێژینەوەی زانستیانەی ژیانی کۆمەڵایەتی، پاشان بەکارهێنانی لە پێکهێنانی ڕەفتاردا. هەموو ئەوانەی لەو ماوەیەدا لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی نووسیویانە بەیەکەوە لەسەر ئەو

تێڕوانینە ڕازی بوونە، لەبەرئەمە شتێکی ئاساییە زۆربەی ئەنترۆپۆلۆژستەکان بەشدارییان تێداکردووە.

ئەنترۆپۆلۆژستەکان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوونە لە جۆرەها کاروباری گشتیدا پراکتیك بکرێت. لە ئینگلیتەرا زانایان باوەڕیان وابووە لە توانادایە ئەو ئەنجامانە بۆ کاروباری کۆلۆنیالیکراوەکان بەکاربهێنیرێت، کەچی زانا ئەمریکییەکان وایدەبینن دەکرێ لە کێشە سیاسی و پیشەسازییەکان سوودیان لێوەربگیرێت. بەڵێ ئەوانەی شوێنکەوتەی ئەو تێزە بوون هەمیشە لە وردبوونەوەدا بوونە، لەبەرئەوە پێیانوابووە ناکرێ بگەین بەئەنترۆپۆلۆژیای پراکتیکی تەنیا دوای ئەوەی توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان پێشکەوتنێکی وا بەخۆوە دەبینن کە زۆر لە ئێستا زیاتر بێت. ئەگەرنا دەبینین لەگەڵ ئەوەش مامۆستایەکی وەکو رادکلیف براون دەڵێت: (( بەپێشکەوتنی لایەنی تیۆریی ڕووت لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیا و بەهاریکاری لەگەڵ حکومەتە کۆلۆنیالیکراوەکان، ڕەنگە بگەینە ئەو ڕۆژە کە تێیدا مەسەلەکانی ئیدارەو حوکمکردن لەنێو گەلانی بەرایی پەرت و بڵاو لە سەرتاپای جیهان، هونەرێك بێت لەسەر پەیڕەوکردنی ئەو یاسایانەوە بونیادنرابێت کەوا زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا ئاشکرای کردووە)).

بەڵام هەندێك نووسەر کە تێڕوانینی وردیان نییەو هەڵوەستەیان کەمە، بەتایبەت ئەوانەی لە ئەمریکا ناسراون، ئارەزووی ئەوە دەکەن بەزووترین کات ئەو مەعریفەیەی لەڕێی ئەنترۆپۆلۆژیا بەدەستهێنراوە، لە دۆخی پلاندانانی کۆمەڵایەتیدا پەیڕەوبکرێت.

ئەگەر ئەو تێڕوانینەمان قبوڵ کرد کە دەکرێ بەتیۆری زانستی





سروشتی ناوببرێت، ئەوا دەتوانین بڵێین مادامەکی دەکرێ یاسا کۆمەڵایەتییەکان لە گشت کۆمەڵگاکان بەبێ ئاوارتە پەیڕەوی لێبکرێت، ئەوا سوودە بنەڕەتییەکەی لە نەخشەکێشانی خودی کۆمەڵگای ئەوروپیدا دەردەکەوێت، نەوەکو لە کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردنی پێشڤەچوونی کۆمەڵگا بەراییەکان کەوا دەکرێ لەو حاڵەتەدا وەکو (( بەرازە گینییەکان))ی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی تەماشا بکرێن. کێشەکانی بەڕێوەبردن و موڵکداریێتی و کۆچکردن و دەستی کارو تەڵاق و شتی تری لەمانە، پاش هەموو شتێك، تەنیا کێشەیەك نین تایبەت بن بەئەفریقیا. ئەو ئەنجامانەی کە لەڕێی توێژینەوەی هەرەسهێنانی ژیانی خێزانداری لەنێو گەلانی کۆلۆنیالە بەریتانییەکان پێیدەگەین، ڕەنگە بکرێ –ئەگەر ئێمە لە گەیشتن بە یاسایەکی گشتی لەو مەعریفەیە سەرکەوتوو بووین– بەسەر هەرەسهێنانی ژیانی خێزانداری لەنێو ئینگلتەرا یان لەنێو ئەمریکادا پەیڕەوبکرێت. لەمەوەش ئەنترۆپۆلۆژستی ئەمریکی هێرسکۆڤتس دەڵێت: (( قەرزاری ئێمە بەرامبەر بەو کۆمەڵگایەی کە کیانی خۆمانی لێوەردەگرین، دەبێت لەماوەیەکی دووروودرێژدا لە شێوەی هەوڵ و کۆششی زۆرمان بۆ تێگەیشتن لە سروشتی کولتوورو کردەکانیدا بیدەینەوەو، ئەوە چارەسەری کێشە سەرەکییەکانی ئێمە دەکات)).
یان وەکو کیپلینگ لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((ئەوەی کە لە مرۆڤی زەرد یان ڕەش فێری دەبین، یارمەتییەکی زۆرمان دەدا بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤی سپی)).

هیوادارم سەرکەوتوو بووبم لە نمایشکردنی ئەوەی کە من بڕوام بەوە نییە زانستێك بۆ کۆمەڵگا هەبێت کە هاوشێوەی زانستە

سروشتییەکان بێت. بەهەرحاڵ شتێك نییە وامان لێبکات جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتە، چونکە هەست ناکەم لەنێو زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیادا کەسێك هەبێت بتوانێت بەکردار لەوە دڵنیامان بکاتەوە کە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی دۆزیوەتەوە. ئەگەر ئەو یاسایانە بوونیان نەبێت، چۆن دەتوانین پەیڕەویان بکەین؟

بێگومان مانای ئەوە نییە کە ئێمە ناتوانین سوود لە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ببینین تەنانەت لە سنوورێکی بەرتەسکیشدا بێت، بەڵکو تەنیا مانای ئەوەیە کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی زانستێکی پراکتیکی نییە وەکو پزیشکی و ئەندازیاری. ئەنترپۆلۆژیا جۆرە مەعریفەیەکی میتۆدیی ڕێکخراوە لەبارەی کۆمەڵگا بەراییەکان، لەو لایەنەش تاڕادەیەك و بەڕێگەیەکی ئاسانی مەعقوڵ دەکرێ بەکاربهێنرێت بۆ ڕاییکردنی ئیش و کارەکان، وەکو ئەوەی سوود لە مەعریفەکانی تری لەو چەشنە بینراوە. مەسەلەی حوکمکردن و فێرکردنی گەلانی دواکەوتوو، پێویست بەڕێوشوێن و بڕیارگەلێکی دیارکراو دەکات.

بێگومان زانینی ڕاستییەکان یارمەتی بەرپرسەکان دەدات بۆ گەیشتن بە بڕیاری دروست و حەکیمانە، هەروەها لە تێکەوتنی هەڵەی گەورە دووریان دەخاتەوە کە ڕەنگە ئەنجامی ترسناکیان لێبکەوێتەوە. هێزەکانی حکومەت دوو جەنگیان لە دژی ئەشانتییەکان لە بیابانی زێڕ هەڵگیرساند پێش ئەوەی بزانن بەلای خەڵك ئەوێ کورسی زێڕین کەوا حکومەت داوای تەسلیمکردنەوەی دەکرد، شوێنگەیەکە ڕۆحی سەرتاپای گەلی تێدا کۆبۆتەوە، لەبەرئەوە بەهەر هۆیەك بێت ئەوان لێی جودانابنەوە.





ئاشکرایە مەعریفەی ئەنترۆپۆلۆژیا لەم لایەنەوە دەتوانێت زۆر یارمەتی پێشکەش بەدەسەڵاتی بەڕێوەبردن بکات، تەنانەت بە دانپیانانی کەسانی ئەنترۆپۆلۆژست و پیاوانی ئیدارە خۆیان، توانیویەتی چەند خزمەتێك لەمڕووەوە پێشکەش بکات. ئەو خاڵە بەباشترین شێوە لەلای W.H.Flower فلێوری مامۆستا لە ساڵی ١٨٨٤ پوختەدەکرێتەوە، کاتێك دەڵێت: ((سەبارەت بەو پیاوانەی دەوڵەت کە دەیانەوێت لە ئیش و کارەکانیاندا سەرکەوتوو بن، زەرورییە سروشتی مرۆیی بەشتێکی ئەبستراکتکراو دانەنێن، پاشان هەوڵی ئەوە بدەن ملکەچی یاسا گشتی و هەمەکییەکانی بکەن، بەڵکو لەسەریانە دەستنیشانی ئەوە بکەن کە دەستووری مۆراڵی و، توانا زیهنی و کۆمەڵایەتییەکان چین، هەروەها پێداویستی و دڵنەواییەکانی تایبەت بەهەر گەلێك لەو گەلانەی کەوا حوکمیان دەکەن چین))

هەرچەندی ئەو تێبینیانە ڕوون بێت، ئەوا تواناکارییە مۆراڵی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکان و گەرەنتییە تایبەتەکان پێویستیان بەهەڵکۆڵین هەیە بۆ ئاشکراکردن و زانینیان. ئەزموون سەلماندوویەتی کە ئەنترۆپۆلۆژستان دەتوانن زیاتر لە خەڵکانی تر بەخێرایی و بەوردەکاری و کارامەیی ئەو زانیاریانە ئاشکرا بکەن و بیاندۆزنەوە. ئەوان هەر خۆیان ئامانجەکانیان دەزانن و دەشزانن چۆن پێی دەگەن. لێرەدا دەرفەتی ئەوە هەیە تەنیا یەك نموونەتان بۆ بهێنمەوە کە بەهای ئەو توێژینەوانە دەردەخات کە پسپۆڕەکان پێی هەڵدەستن و سوودەکەشی بۆ کاروباری بەڕێوەبردن و مژدەبەخشی یە: یەکێك لە شێوازە باوەکانی سەرگرتنی هاوسەرگیری لەنێو زۆربەی گەلانی ئەفریقیا ئەوەیە کە زاواو کەس و کارەکەی چەند سەر

مەڕومالاّتێك بدەنە خێزانی بووكو کەسو کارەکەی. ئەو هەستە باوەی کە ماوەیەکی درێژی خایاند ئەوەبوو کە ئەو مارەییە (یان نرخی بووك وەك ناوی لێنراوە) جۆرێکە لە کڕینو کچەکە لە بەرامبەر مەڕومالاّت دەفرۆشرێت. بەمەش مژدەبەخشەکان تووڕەییو بێزاری خۆیان لە بەرامبەر ئەو پرۆسەیە دەربڕیو، حکومەتە کۆلۆنیالییەکانیش قەدەغەیان کرد. بەلاّم دوای ئەوەی توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان دەریانخست کە پێدانی مەڕومالاّت لای ئەو میللەتە بەراییانە مانای کڕینی ژن نییەو، ئەو پرۆسەیەش هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەلّ پێدانی مارەیی لەنێو کۆمەڵگا ئەوروپییەکانداو، تابۆکردنی ئەو سیستەمەشە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پێوەندییەکانی هاوسەرگیریو درزکەوتنە نێو پێوەندییە خێزانییەکان، هەروەها لەلایەکی ترەوە مانای تێکچوونی بارودۆخی ئافرەتو کەمکردنەوە لە بەهای کە ڕێك مەسەلەیەکە کە تابۆکردنەکە مەبەستیەتی ڕوونەدات، بۆیە لێپرسراوەکان بەجۆرێکی تر لەو مەسەلەیان ڕوانییەوە. ئەمە جۆرێکە لەو کێشانەی لێیەوە ئەنترۆپۆلۆژستەکان دەتوانن یارمەتییەکی پۆزەتیڤانەی کەسانێکی ناپسپۆڕ بدەن. ڕوونو ئاشکرایە کە تەنیا لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژییە توانای دەستنیشانکردنی شێوەی مارەییو سروشتەکەی هەیە.

سەرباری هەبوونی ئەو توانایەش بۆ دەرخستنی سروشتی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانو زانینی ماناکانیان، ئەوا ئەنترۆپۆلۆژستەکان زیاتر لە کەسانی تر دەتوانن هەڵسەنگاندنێکی دروستی دەرەنجامە سیاسییە ئیدارییەکان بکەن، لەبەرئەوەی وا





ڕاهێنراون لێکۆڵینەوە لەسەر دەرکەوتەکانی ئەو پرسانە بکەن کە لای کەسانی ئاسایی نادیارن. کەواتە ڕێی تێدەچێت ڕاوبۆچوونەکانیان لەلایەن حکومەتە کۆلۆنیالییەکان وەربگیرێت، چونکە بۆچوونەکانیان نەك بەتەنها بۆ ناسینی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان گرنگە کەوا بۆ نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی سوودی لێدەبینرێت، بەڵکو گرنگیشە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئەنجامو شوێنپەنجانەی کەوا لە ئەنجامی پیادەکردنی ئەو سیاسەتەدا دەکەوێتەوە.

بەهەرحالّ ئەنترۆپۆلۆژست ئیشی ئەوە نییە سیاسەتێك تەرح بکات تا کاربەدەستان بەدوای بکەون. ڕاستە ڕەنگە ئەنترۆپۆلۆژستان بەهۆی ئاشکراکردنی ڕاستییەکانەوە بتوانن کاریگەرییان بەسەر هەڵبژاردنی ئەو شێوازانەوە هەبێت کەوا ئامانجەکانی ئەو سیاسەتە بەدەستدێنێت، هەروەها ئاراستەکردنی دیدی لێپرسراوان لەبارەی دۆخەکەو جێبەجێکردنی، بەلاّم جۆری ئەو مەعریفەیەی ئەوان بایەخدارن بەکۆکردنەوەیو پاشان بلاّوکردنەوەیان لە کتێبەکانیاندا لەبارەی کۆمەڵگا بەراییەکان، سیاسەتێك دەستنیشان ناکات تا بگیرێتەبەر.

لەڕاستیدا ئەوەی سیاسەت دیاری دەکات، ئیعتیبارگەلێکە لەسەرووی هەموو ئیعیتبارەکانی ترەوەیە. پێویست بەوە ناکات ئەنترۆپۆلۆژست ئەو زانیارییە دەربخات کە خەڵکی دوورگەی بیکینی ژیانێکی زۆر بەختەوەرانە دەژیان لە حاڵەتی بەکارنەهێنانی بۆمبی ئەتۆمی لە ولاّتەکەیان وەك مەیدانێکی تاقیکردنەوەی ئەو چەکە. هەروەها بێهوودەیە ئەگەر هەندێك ئەنترۆپۆلۆژست بیانەوێت بڕوا بەحکومەتەکان بێنن کە نابێت نەریتی سەرپەڕاندن کە لەنێو هەندێك

لە کۆمەڵگاکانی نێو دوورگەکانی زەریای هێمن باوو بڵاوبوو، قەدەغەنەکرێت بەپاساوی ئەوەی قەدەغەکردنی ئەو نەریتە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەو کۆمەڵگایانە، چونکە ئەو کاتەش حکومەتەکان پێداگیری لەسەر قەدەغەکردنەکە دەکەنەوە گوایە لەگەڵ دادپەروەری سروشتیو مەرجەکانی حکومی باش ناگونجێت. پێموایە ئەوەش نموونەیەکی باشەو پیشانی دەدات کە بەها مەسەلەیەکی بەدیهییەو ئەوە کە مەبەستەکان دیاری دەکات، نەوەکو شارەزایی لەبارەی واقیعی ئەو گەلانە. ئەگەر ئەوانەی بەرپرسن لە ئاراستەکردنی سیاسەتی ئەو گەلە، باوەڕیان بە خۆشگوزەرانی ماددیو پەروەردەو سیستەمی دیموکراتی هەبێت، ئەوا لەسەریانە بۆ ئەو گەلانەی دابین بکەن. بەڵام بڕیاردان لەبارەی ئەو کاروکردەوەو سیاسەتانە بەوەی ڕاستن یان هەڵەن، ئەوە ئیشی فەلسەفەی مۆراڵییەو بەهیچ شێوەیەك کاری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی نییە.

بۆئەوەی ئەنترۆپۆلۆژستان لێکۆڵینەوەکانیان گەندەڵ نەبێت، لەسەریانە خۆیان لە ئیشو کاری پرسە سیاسییەکانو حوکمکردن بەدووربگرن. تەنانەت من

تا ئەو شوێنە دەچم کە بڵێم پشتگرتنو هاندانی حکومەتەکان لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی پوختیش بێت لەبارەی ڕاستییەکان، مەترسی لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیا دروست دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی ململانێو رکابەڕی لەنێوان تێڕوانینی ئەنترۆپۆلۆژیاو بۆچوونی حکومەت لەبارەی پێکهاتەکانی لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی. بۆ نموونە لەو کاتەی ئەنترۆپۆلۆژیا لایەنێکی گەورەی بایەخەکانی بۆ کێشەی ئایینە بەراییەکان





تەرخاندەکات، کەچی لای حکومەت باشترە ئەو کۆششە-حکومەتەکان بەگشتی زۆر بایەخ بە پرسە ئایینییەکان نادەن- بۆ توێژینەوە لەو کێشانەی لە کۆچکردنی دەستی کارەوە سەرهەڵدەدەن، یان حکومەت ئەوە لە ئەنترۆپۆلۆژست دەخوازێت کە توێژینەوەکەی لەبارەی سیستەمی موڵکدارێتی زەوی تەنیا لای گەلێك لە گەلان کورتبکاتەوە، کەچی ئەو وای دەبینێ زۆر قورسە لە دەرەوەی توێژینەوەی کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی لەوێدا لەو سیستەمە تێبگەین.

ئاساییە بایەخدانی ئەنترۆپۆلۆژی بەرەو بابەتگەلێکی ئەنترۆپۆلۆژی بچێت بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا هیچ بایەخێکی کردەکی هەیە، هەروەها ئاساییە حکومەتە کۆلۆنیالییەکان بایەخ بەکێشەگەلێکی کردەکی بدەن بەچاوپۆشین لە بەها تیۆرییەکەی. لەبارەی ئەو مەسەلەیە ئاستەنگو ئیشکالێکی زۆر سەریانهەڵدا. بەڕای من ڕێگەچارەی کۆتایی کردنەوەی بەشی ئەنترۆپۆلۆژییە لەو جێگایەندا وەکو ئەو بەشانەی کە شارەزایانی پەروەردەو جیولوجیاو ڕووەکناسیو مشەخۆرەکانو هی تر کاری تێدادەکەن. بەمەش هەندێك ئەنترۆپۆلۆژست ژیانی ئەکادیمی هەڵدەبژێرنو هەندێکی تریشیان خۆیان بۆ خزمەتکردنی حکومەت لەوێدا تەرخان دەکەن.

من خۆم بەئەنجامدانی زۆر توێژینەوەو لێکۆڵینەوە هەڵسام لەسەر حیسابی حکومەتی سودان. بەجۆرێك دیدی ئەو حکومەتە لەگەڵ ڕای مندا لەو بابەتەوە گونجاوبوو، خستنەڕووی تێڕوانینی حکومەتی سودان دەرفەتی لەبەردەم مندا ئاوەڵاکرد بۆ دەربڕینی ڕای تایبەتی خۆم لەسەر بەهای ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی سەبارەت بەکاروباری حوکمو ئیدارە. ئاماژەمان بەوە کە حکومەتی سودان

لەمێژە هانی لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکانی داوەو پارەیەکی زۆریشی بۆ تەرخانکردووە، بەمەش ئەنترۆپۆلۆژستان توانیویانە توێژینەوەی مەیدانی بەپێز بکەن. بەو مانایەی حکومەت لێکۆڵەری هەڵبژاردووەو، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەی بۆ ئەو جێهێشتووە. باوەڕدەکەم ئەوان لەمەیاندا زۆر حەکیم بوو بن. ئەوان چاوەڕێی هیچ سوودێکی کردەکی مەزنیان نەکردووە لەو زانیاریانەی کەوا ئەنترۆپۆلۆژست پێی دەگات، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئەوان زەمینەخۆشکردنیان بۆ ئەو ئەنجامدانی ئەو لێکۆڵینەوانە، بەئەرکی خۆیان دەزانن. هەروەها حکومەتی سودانی، ئەوانیش لەو باوەڕەدان کە توێژینەوەی زمانەکانی نەتەوەکانی سوودان‌و، کولتوورو، ژیانی کۆمەڵایەتییان، بایەخێکی مەزنی هەیە سەبارەت بە فەرمانبەری حوکمی ئیداری، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا ئەو زانیاری‌و مەعریفانە دەتوانن لە مەودایەکی نزیکدا کێشە کردەکییەکان چارەسەربکەن.

دەکرێ ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی تر ببینین. ئەگەر کەسێك بۆ ڕاپەڕاندنی پۆستێکی دیپلۆماسی یان وەزیفەیەك لە کۆمپانیایەکی بازرگانی لە فەرەنسا دەستنیشانکرا، ئەوا ژیان لەوێدا زۆر جوان‌و خۆشەو گومانی تێدانییە بۆ ئەو چارەنووسێکی باش چاوەڕێیەتی لە سەرکەوتنی لە کارەکەیدا، ئەگەرهاتوو فێری زمانی فەرەنسی ببێت‌و، هەوڵبدات ژیانی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ سروشتی سیستەم ناسبکات. هەمان حاڵەت سەبارەت بەو کەسەی لەنێو گەلێکی بەراییدا دەژێت بەدی دەکرێت، کە ئاشنابوونی بەئاخاوتن‌و کردەوەو هزرو بەهاکانیان، یارمەتیدەرێکە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لەبارەیانەوە، تەنانەت ڕەنگە ئەم مەعریفەیە یارمەتی بدات بۆ ڕێبەریکردنی





کاروباریان بەڕێگەیەکی پوخت‌و زۆر نزیك لە ڕۆحی دادپەروەری‌و مرۆڤانە.

نووسەرێکی سەدەی حەڤدە، ئەویش دۆلاکریکانییری گەڕیدەیە کە هەندێ لە دەربڕینەکانیم لە لێکچەری پێشوو خستۆتەڕوو، بەکورتی باسی ئەو خاڵەی کردووە. دوای ئەوەی هەندێ ئامۆژگاری بۆ گەڕیدەکانی دوای خۆی جێهێشتووە، کە لە ئەزموونی تاکەکەسی خۆی لەنێو دوورگەی هیندی ڕۆژهەڵاتدا بەدەستیهێناوە، بەو مانایەی چاوەکانیان بەسەر هەموو شتێکدا بکەنەوە لەگەڵ دەستگرتن بەڕێنماییە ئایینییەکان، هەروەها داب‌و نەریتە نامۆکان بەسینگفراوانییەوە وەربگرن‌و، هەوڵبدەن لێیان تێبگەن، هەڵسوکەوتی جوان لەنێو ئەو وڵاتە بێگانانە بنوێنن‌و، خۆیان لە ئیغرابوون بەژن بەدووربگرن کە کەسی دۆزەرەوە لە ئامانجەکانی خۆی دووردەخاتەوە. خۆیان لە قوماركردن بەدووربگرن‌و لەگەڵ ئەوانە تێکەڵاوبن کە خۆشیان دەوێن‌و، توێژینەوەی زمان‌و جوگرافیا و مێژوو بکەن، بەوە کۆتایی دێنێت (( کەسێك بزانێت چۆن گەشت‌و سەفەر دەکات ئەوا سوودێکی زۆری لەو گەشتە دەستدەکەوێت، ئەو بەتێبینی‌و شتە بەدیکراوەکان زیهنی خۆی دەوڵەمەند دەکات. لەڕێی عەقڵییەوە بەسەر هەوەسەکانی دڵیدا سەردەکەوێت‌و، هەڵسوکەوتەکەی، پیاوە مەزنەکانی نەتەوەکان سەرسام دەکات کە لە چەندین وڵات چاوی پێیان دەکەوێت. هەموو ئەمانەش وای لێدەکات، دواتر، ژیانێکی دڵنەوایی بژێت. فێری ئەوە دەبێت کە چۆن ڕەفتاری خۆی چاکبکات‌و خودی خۆی لەگەڵ دابە جیاوازەکان بگونجێنێت، دواتریش لەگەڵ جۆرەها هەوەس‌و میزاج کەوا لە سەردانی بۆ نێو ئەو

گەلانە رووبەڕووی دەبنەوە. بەمەش ئاوا لەگەڵ خەڵکان مامەڵە ناکات کە دژکاری زەوق و میزاجیانە، ئەمەش ئەو شتە پێکدێنێت کە لە ئێستادا پێی دەڵێین هونەری ژیان)).

باوەڕناکەم بتوانریٚ مەعریفەی ئەنترۆپۆلۆژی لەسەر هونەری بەڕێوەبردن یان پەروەردەو فێرکردنی نێو گەلانی بەرایی پەیڕەوبکرێت تەنیا بەو مانا کولتوورییە گشتییە نەبێت، واتە لەلایەنی کاریگەری لەسەر هەڵوێستی ئەوروپی لە بەرامبەر ئەو گەلانە. گومانی تێدا نییە تێگەیشتنی شێوازی ژیانی باو لەنێو گەلێك لە گەلان بەگشتی هەستکردن بەسۆزو هاوبەشیکردنیان و تەرخانکردنی خود بۆ خزمەتکردنیان و کارکردنی ئەوەی کە لە بەرژەوەندییان دایە، بەدوادادێت. ئەمەش مەسەلەیەکە قازانجێکی زۆری بۆ هاولأتیانی ولأتەکەو ئەوروپییەکانیش بەیەکەوە تێدایە.

زۆر بەکورتی لایەنێکی تری سوودمەندی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلأیەتی بۆ ئەو گەلانەی کە توێژینەوەی ژیانیان و وەسفکردنیان هەڵدەستێت، دەخەمەڕوو. گومانی تێدا نییە ئێمە ڕێزو پایانێکی زۆرمان بۆ ئەو نووسەرە ڕۆمانییە دەبوو ئەگەر وەسفێکی ئەنترۆپۆلۆژی وردو تێروتەسەلی لەبارەی ژیانی کۆمەلأیەتی باب و باپیرانمان لە کلتییەکان یان ئەنگلۆساکسۆنییەکان بۆ جێهێشتبووایان. وەکو ئەوەی لەمڕۆدا گەلانی بەرایی لەسەرتاسەری دنیا هەمان هەستیان لا هەیە کە دەبینن زانیارییان لەبارەی ژیانی باوباپیرانیانەوە لەبەردەست دایە، ئەوانەی زانا بەئینسافەکان بەبیٚ لایەنگیری نووسیویانە، کە جگە لە وەسفکردنێکی تەواو وردو ڕاستگۆیانە هیچ مەبەستێکی تریان نەبووە.





ڕەنگە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلأیەتی چارەسەریش بۆ کێشەکانی حوکمکردن و ئیدارە بدۆزێتەوە، هەروەکو پشکداری لە تێگەیشتنێکی باشتر لە گەلانی بەرایی دەکات و، ڕێخۆشکەرە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی گرانبەها سەبارەت بەمێژوونووسان لە ئایندەدا. بەلأم من لای خۆمەوە بایەخێکی زۆر بەنموونەی ئەو خزمەتە شیمانانە نادەم. بەڵکو وایدەبینم کە ئامادەکارییە زیهییینەکان و دابی بیرکردنەوەو توێژینەوەی سروشتی ژیانی کۆمەلأیەتی زۆر لەوە گرنگترە.

ئەنترۆپۆلۆژیا لەسەر ئەوە ڕاماندێنێت کە لە سیاقی ژیانی کۆمەلأیەتیدا بڕوانینە چالاکییە کۆمەلأیەتییەکان و، فێری ئەوەمان دەکات هەمیشە لەژێر ڕۆشنایی شتە گشتییەکان لە شتە بەشەکییەکان بڕوانین.

ئامانجی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلأیەتی دۆزینەوەی ئەو فۆرمە بنەماییە یان چەشنگەلەیە کەوا لە پشت واقیع و ڕووداوە ئاڵۆزە تێکەلأوەکانی نێو کۆمەڵگاکە دایە کە لێی دەکۆڵێتەوە. لەپێناو ئەمەش هەڵدەستێت بەکردەی ئەبستراکتکردن لەسەر بنەمای ئاکاری کۆمەلأیەتی، پاشان بەستنەوەی ئەو ئەبستراکتانە هەندێك بەهەندێکیانەوە تا لە کۆتاییدا وێنای ژیانی کۆمەلأیەتی بکرێت کە سیستەمێکە لە ژمارەیەك بەشگەلی بەیەکەوە گرێدراو پێکهاتووە، واتە وەك هەمەکییەك. بێگومان ڕاڤەکردن تاکە ڕێگەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەمە. بەلأم لێرەدا ڕاڤەکردن وەك مەبەستێك وەرناگیرێت، واتە مەبەستەکە هەڵوەشاندنەوەی ژیانی کۆمەلأیەتی نییە بۆ ڕەگەزی سەربەخۆ یان تاك و تەنیا، بەڵکو ڕاڤەکردن دەبێتە ئامرازێك بۆ زەقکردنەوەی یەکە جەوهەرییەکەی، ئەویش بە بەستنەوەی ئەو

ئەبستراکتکراوانە کە بەهۆی ڕاڤەکردنەکەوە پێی گەیشتووینە، گرێدانێکی توندوتۆڵی تەواوکار. ئەو هۆکارەیە کە واملێدەکات ئەو قسەیە دووبارەو دووپات بکەمەوە کە لە ڕوانینی منەوە مەسەلەی ئەنترۆپۆلۆژیا هونەرێکە لە هونەرەکان.

هەروەها ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لەڕێگای بەراوردکردنی کۆمەڵگاکان بەیەکتری، ئامانجی دەرخستنی سیما گشتییە هاوبەشەکانی نێوان سیستەمەکانە، هەروەها ئەو تایبەتمەندییانەی کە سیستەمی هەر کۆمەڵگەیەك بەتەنیا پێی جیادەکرێتەوە. هەوڵی ئەوەدەدا، ئەوە ڕوونبکاتەوە کە چۆن هەندێك تایبەتمەندی جیاکەرەوەی سیستەمێك یان سەمتێکی دیاریکراو لە هزر تەنیا لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بەتایبەت دەمێنێتەوە، کەچی هەندێك تایبەتمەندی تر لەو کۆمەڵگایانەدا بڵاوە کە ئینتیمایان بۆ چەشنێك یان یەك جۆر هەیەو، هەندێکی تریش لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییە جیاوازەکان بەدی دەکرێت، واتە سیفەتێکی گشتگیرو هەمەکییان هەیە.

ئەو تایبەتمەندییانەی کەوا ئەنترۆپۆلۆژیا بەدوایاندا دەگەڕێت لە جۆری وەزیفین، بۆیە لێرە لە سیستەمی دینامیکی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، بەڵام لەسەر ئاستێکی زۆر ئەبستراکت، واتە چەشنە هاوبەشەکانی نێوان گشت کۆمەڵگاکان لەیەك جۆر یان چەشنی گشتی، هەروەها چەشنگەلی گشتی یان هەمەکی. ئینجا مەبەستەکەی گەیشتن بێت بەئەنجامێکی پەیوەست بە تاکە کۆمەڵگایەك یان چەند کۆمەڵگایەك یان بەکۆمەڵگاکان هەموویان بەجیاوازییەوە ئەوا ڕێگایەکە یەکەو ناگۆڕێت: بەمانای هەوڵدان بۆ





گەیشتن بە ڕاڤەکردنی هەندێك ئەبستراکت لە واقیعە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان، پاشان بەستنەوەی ئەو ئەبستراکتکراوانە هەندێك بەهەندێکی تریانەوە کە لەگەڵیدا پێوەندییە کۆمەڵایەتییە هەمەکییەکان لە سیستەمێکدا دەربکەوێت تاوەکو عەقڵ بتوانێت لە چەند لایەنێك و گۆشەو ڕووگەی جیاوازەوە درکی پێبکات، یان وەك گشتێکی بەیەکەوە گرێدراوی پتەو کە لێیەوە بەڕوونی سیما بنەڕەتییە گرنگەکانی ئەو پێوەندییانەی دەربکەوێت. دەکرێ بەهۆی ئەمەوە بڕیار لەسەر مەودای سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی لەمەدا بدرێت، نەوەکو لەسەر بنەمای ئەوەی بکرێ سوود لە نووسینەوەی ببینرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

کەواتە لەژێر ڕۆشنایی ئەو وێناکردن و تێگەیشتنە بۆ ئامانجەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، حەزدەکەم لە مانا و گرنگی و بەهاکەی وەکو بەشێکی بچووکی زانیاری خۆمان لەبارەی کولتوورەکەمان تێبگەن. ئەو تێگەیشتنە خۆی پێداگیری ئێمە پیشان دەدات لە گرنگی توێژینەوەی کۆمەڵگا بەراییەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا بۆ کاری زانستی یا کردەیی بەکاردێت.

من دڵنیام لەوەی هیچ کەسێك لە ئێوە باوەڕی بەوە نییە کە مەعریفەمان لەبارەی ئەسینای کۆن یان فەرەنسای سەدەکانی ناوەند یان ئیتالیای سەدەی ڕێنیسانس شتێکی بێ بایەخ بێت، لەگەڵ ئەوەش کە دەزانن ئەو مەعریفەیە بەڕێگەیەکی کردەکی یارمەتیمان نادا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانمان، لەبەرئەوەی بەسوود نییە بۆ گەیشتن بە یاسا کۆمەڵایەتییە گشتییەکان. بۆیە ئەمە بانگکردنی ئێوە نییە تا باوەڕتان پێبێنم

بەوەی مەعریفەیەك کەوا ناکرێ بۆ مەبەستە کردەکییە ڕاستەوخۆکان بەکاربهێنرێت و، فۆرمێکی زانستی گەڵاڵەنەکات، ئەوا بایەخێکی گەورەی هەیە، ئینجا لە ژیانی تایبەتی خۆیان یان بەکۆی کۆمەڵگا.

بەهەرحاڵ ڕەنگە هەندێکتان وای ببینن، بگرە هەندێکجار بەڕاستی گوێبیستی ئەوە دەبم یەکێك دەڵێ باشە گوتمان خراپ نییە ئەگەر مرۆڤ لەبارەی ئەسینای کۆن یان فەرەنسای سەدەکانی ناوەند یان لەبارەی ئیتالیای سەردەمی ڕێنیسانس بخوێنێتەوە، بەڵام بۆچی پێویستە لەبارەی ئەو گەلە وەحشییانە بخوێنێتەوە؟ ئەوانەی ئەو پرسیارە دەکەن، ناویان لێمان ناوە (( زانایانی گەلانی بەربەری)). لەڕاستیدا من زەحمەتییەکی زۆر لە تێگەیشتنی ئەو تێڕوانینە دەبینم کە بەدڵنیایی لای ئەو کەسانە بەدی ناکرێت کە خاوەنی عەقڵێکی پێگەیشتووی بەئاگان، لەوکاتەی گەڕان بەدوای ناسینی گەلانی بێگانە بەگشتی و گەلانی بەرایی بەتایبەتی دەستیپێکردووە. لە لێکچەرەکانی پێشوو ئەوەم بۆ ڕوونکردنەوە کە چۆن خوێندەوارەکان لە سەدەی شانزە بەدواوە بایەخیان بە ڕاپۆرتی تیوریستەکان لەبارەی گەلانی وەحشی داوەو، چۆن درکیان بە ڕووە لێکچووەکان لە هزرو ئاکاردا کردووە، لەو کاتەی کە تێبینی ڕووە جیاوازە کولتوورییە قووڵەکانیان کردووە کە لەنێو ئەو ڕاپۆرتانەدا خراوەتەڕوو. هەروەها ئاماژەم بەوەشدا چۆن فەلسەفەکاران بایەخیان بەو ڕاپۆرتانە داوە کە وەسفی گەلانی بەراییان کردووە. هەڵەنیم گەر بڵێم ئەوان زیاتر گرنگیان بە سیستەمی کاریبییەکان، یان هۆزەکانی ئیروکوا داوە لەچاو سیستەمی ئینگلتەرا لە سەردەمەکانی ناویندا.

ئاسانە لە ئارەزووی ئەو پشکنینە تێبگەین. گومانی تێدانییە





گەلانی بەرایی بایەخێکی تایبەتیان هەیە سەبارەت بەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە سروشتی مرۆڤو کۆمەڵگا بکۆڵنەوە. ئەو گەلانە نازانن ئایینی ئاسمانی چییەو زمانی نووسین نازانن و مەعریفەیەکی زانستی تەواویان نییە. تاکەکانی زۆربەی کات بەڕووت و قووتی دەژین. ئامێری زۆر سادەو ساکار بەکاردێنن، هەروەها لە خانووی زۆر سادە دان. بەڵام لە هەمان کاتدا مرۆڤن و درێژە بەژیان دەدەن، لەگەڵ ئەوەش زۆرجار تاکەکانی ئەوێ ژیانێکی بەختەوەرانە لەنێو کۆمەڵە لۆکاڵییەکانیان کە لەسەر شێوەوی خۆیانن، دەبەنە سەر. لە نموونەی بارودۆخێکی ئاوادا مرۆڤ توشی سەرسوڕمان دەبێت لە بەرامبەر ژیانکردن، بەتایبەتی ئەو کاتەی ڕازیبوونیشی تێدا بێت، بۆیە پرسیاری ئەوە دەکرێ کە چۆن ئەوانە بەڕێکی لەگەڵ یەکتری دەژین و دەتوانن بەوپەڕی ئازایەتی و دلێرییەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی ژیان ببنەوە، سەرباری ئەو چەکە سادەو کەمانەی کە لەبەردەستیان دایە لە شەڕیان لە دژی سروشت و چارەنووس.

ڕاستییەکەی کاتێك ئەو خەڵکە وەحشییانە خاوەنی ئوتومبێل نین و ڕۆژنامەیان نییە بیخوێننەوەو هیچ لەبارەی سیستەمی کڕین و فرۆشتن نازانن، ئەوە وایان لێدەکات زیاتر جێی سەرنج بن و بایەخیان پێبدرێت، نەك بەپێچەوانەوە. لەوێدا دەبینین چۆن مرۆڤ لە ململانێی چارەنووساز دایە بەهەموو توندوتیژی و ئازارەکانی، بەبێ ئەوەی فاکتەرە مەدەنییەکانی لەبەردەستدا بێت تا ئەو ئازارانە کەمبکاتەوە، یانیش ڕێ لە ڕوودانیان بگرێت. کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە، فەلسەفەکاران هەستیان بەوە دەکرد ئەو گەلانە هەمیشە لەنێو حاڵەتی ترس و بێنەوایی دا دەژین! کەچی مەسەلەکەش وانییە.

ئەگەر واقیعی بارودۆخەکە پێچەوانە بێت ئەوا هۆیەکەی بۆ بوونی سیستەمێکی مۆراڵی دەگەڕێتەوە کە لەنێویدا دەژینو ئاسایشو دڵنەواییان بۆ دابین دەکات، هەروەها بۆ بەهایەك دەگەڕێتەوە کە بارگرانی ژیان کەمدەکاتەوەو وای لێدەکات شیاو بێت. هەڵسان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد، بوونی بونیادێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزو کولتوورە بەفەڕەکان ئاشکرا دەکات کە لەودیو ئەو سادەکارییە ڕووکەشەدایە کەوا ژیانیانی پێ دەناسرێتەوە. ئێمە وا ڕاهاتووین بیر لە کولتوورو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بکەینەوە کە لە سنووری شارستانییەتی ماددیو گەورەیی قەبارەوە بێت. بەمەش لای گەلانی بەرایی، کولتوور یان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەدی ناکەین تەنیا ئەگەر بەڕاستی بەکاری هەڵکۆڵین هەڵساین. ئەو دەمە دەبینین کە هەر گەلێکی بەرایی باوەڕی بە ئایین هەیەو ئەو ئایینەش لە شێوەی عەقیدە یەقینئامێزەکانو سرووتەکان بەرجەستە دەکرێت. پرۆسەی هاوسەرگیری ڕێوڕەسمو سرووتی دیاریکراو ئەنجامدەدرێت، هەروەها ژیانی خێزانی لەنێوماڵێکدا بوونی هەیە. ئەوان سیستەمێکی خزمایەتییان هەیە کە لە ئاڵۆزیو فراوانبوونی سنوورەکەی دەکەوێتە سەرووی سیستەمی خزمایەتی زانراو لەنێو کۆمەڵگای ئەورووپی. کۆمەڵەو یانەگەلێکیان هەیە کە خاوەنی ئامانجی سنووردارن. هەروەها ڕێساگەلێکیان هەیە، زۆربەیان زۆر پێشکەوتوون، بڕیار لەسەر چۆنیەتی ڕەفتارکردنو ئاکار دەدەن، دەرکردنی چەند بڕیارێك کە بە بنەمای یاسای مەدەنیو یاسای تاوانکاری دادەنرێت کەوا دادگاکان پەیڕەوی لێ دەکەن. هەروەها زمانەکان کە زۆرجار دەگەنە ئاستی ئالۆزی، ئینجا لەلایەنی دەنگسازییەوە بێت یان ڕێزمانو





گەنجینەیەك لە وشەو مانا لەخۆوەدەگرن. لەگەڵ ئەدەبی نیشتیمانی کە لە شیعر پێکدێت کە زۆر سیمبۆلی تێدا ڕەنگیداتەوە. هەروەها ئەدەبیاتێکیان هەیە کە لێوان لێوە لە واقیعو هەواڵو ئەفسانەو حیکایەتی فۆلکلۆریو پەندەکان. هونەری شێوەکاریشیان هەیە، لەگەڵ سیستەمێك بۆ ئابووری لادێی کە مەعریفەیەکی قووڵ لە وەرزەکانو چاندنو ئاژەڵەکانو ڕووەکەکان لەخۆوەدەگرێت. ئەوان ڕاوکەرێکی سەیرنو، نیشانەگرێکی زۆر گەورەن، بەهیچ شێوەیەك لە سەرکێشی ناترسن، نە زەمینی، نە دەریایی. هەروەها مەعریفەیەکی زۆریان لەبارەی ئەو شتانە هەیە کە تائێستا لای ئێمە نامۆن: وەکو سیحرو چاوپیسیو فاڵچێتیو دڵخەبەردان. هیچ شتێك لەوە بێماناتر نییە کە بانگەشەی ئەوە بکەی گوایە ئەو کولتوورو کۆمەڵگایانە شایانی ئەوە نیین جێی بایەخپێدان بن، یان لەسەر مرۆڤی ڕۆشنبیر پێویستە مێژووو دابونەریتی میسری کۆنو یۆنانو ڕۆما بزانێت، کەچی پێویستی بەوە نییە هیچ شتێك لەبارەی ماووریو ئەسکیمۆو بانتۆ بزانێت. ئەمەش بەدڵنیاییەوە هەمان ئەو عەقڵیەتەیە کە هەموو بایەخەکانی لە جەختکردنە سەر سەردەمی ڕێنیسانسو ڕیفۆرمدا کورتکردبووەوە، هەروەها هەوڵو کۆششی لە سنووری بایەخدان بە هەرێمی دەریای سپیو ئەورووپای باکووردا چڕکردبووەوە. بەمەش مێژووی هیندو ئەدەبو هونەرو فەلسەفەکەی فەرامۆشکرابوو، بەو مانایەی پرسێکی بێ مانایەو سەنگی نییە.

پێویستە لەو میحوەرە ئەتنییە دەربچین، ئەگەر بمانەوێ نرخ بۆ هەمەجۆریو دەوڵەمەندی کولتووری مرۆڤایەتیو ژیانی کۆمەڵایەتی دابنێین. ئێمە لەسەرمان نییە بنەماو ڕێسای پەیکەرتاشی گریکی

بکەینە بنەمایەك بۆ هەڵسەنگاندنی هونەری پەیکەرتاشی کەوا لە رۆژئاوای ئەفریقیا بەدی دەکرێت، یان بەکەمگرتنی زمانە میلانیزیەکان لەبەرئەوەی ملکەچی یان کۆك نییە لەگەڵ ڕێسای وشەسازیو ڕستەسازی لە زمانی لاتینیدا. یان هەوڵدەین لەڕێی پەیڕەوکردنی بنەماکانی زانستی خۆرئاوایی لە عەقیدەو مومارەسە سیحرییەکان بگەین. یان گروهە کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتووانی ئوسترالییە ڕەسەنەکان بهێنینە بەرامبەر بیرمنگهام یان مانچێستەر.

هەموو کۆمەڵگایەك ڕێگایەکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشانەی کە لە پێکەوە ژیانی خەڵکەوە سەرهەڵدەدەنو، هەوڵدانیان بۆ پاراستنی بەهاکەیانو بەمیراتهێشتنەوەیان بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەو ڕێگەچارانەشی کە پێی دەگەن، هیچی کەمتر نییە لەو ڕێگەچارانەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان پێی دەگەن. ڕەنگە گەلانی بەرایی لەڕووی ژمارەی تاکەکانییەوە سنووردار بن، بەڵام دەکرێ بڵێین حوشتر یان پەپولە بایەخی کەمترە لە مانگا؟

هەموو ئەمانەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە ڕوویەکی تری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەربخەین، ئەوەش ڕوویەکی زۆر گشتگیرە لەبەرئەوەی پەیوەستە بەوەی کە لەسایەیەوە زانیاری لەبارەی سروشتی کۆمەڵگای مرۆیی بەدەستدێنین بەگشتی، نەك کۆمەڵگا بەراییەکان بەتەنیا. ئەوەی کە لەبارەی کۆمەڵگایەکەوە بەدیاریکراوی دەیزانین، ئەوا بۆ ناسینی کۆمەڵگایەکی تر سوودمەند دەبێت، دواتریش لەسەر گشت کۆمەڵگاکانی تر، ئینجا کۆمەڵگا مێژووییەکانو کۆمەڵگا هاوچەرخەکان بەیەکەوە.





بۆ ئەمە چەند نموونەیەکی مێژوویی سنووردار دێنمەوە. زۆر شت لەبارەی هۆزە ڕەوەندەکانی نێو مەملەکەتی عەرەبی بەر لە ئیسلام نووسراوە، لەگەڵ ئەمەش زۆر شتی پەیوەست بە بونیادی کۆمەڵایەتییان بەبێ وەڵام ماونەتەوە، سەرباری ئەو دۆکیومێنتو بەڵگە مێژووییانەی کە لە بەردەستمان دان. ڕەنگە بتوانین هەندێك ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەو پرسانە بەتوێژینەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی ڕەوەندە هاوچەرخەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەو پێیەی ئەوان تائێستاش دەستیان بەزۆربەی سیماکانی ئەو جۆرە ژیانە گرتووە کەوا لای عەرەبە کۆنەکان باو بووە. هەروەها زۆر شت لەبارەی سیستەمی دوژمنداری لە سەردەمە یەکەمینەکانی مێژووی ئینگلیزیدا نووسراوە، بەڵام لێرە هەمدیس دەتوانین سوودێکی زۆر لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە ببینین کە پەیوەستن بەو سیستەمە، لەڕێگەی توێژینەوەی وەزیفەی دوژمنداری لەنێو کۆمەڵگا بەربەرییەکانی ئێستادا. بەنموونە سانا نییە ئێستا لەو دادگاییانە تێبگەین کەوا بۆ چاوپیسەکان لە ئینگلتەرای سەدەی حەڤدە دەکرا، بەڵام دەتوانین زۆر شتی لەبارەوە بزانین، لەسایەی توێژینەوەی سیحرو جادووگەری لە کۆمەڵگاکانی ناوەڕاستی ئەفریقیا کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەڵکەکەی باوەڕیان بە سیحرو جادووگەری هەیەو بە بەرپرسیاری بەڵاکانی دادەنێن کە بەسەر دراوسێکانیان دێنن.

بێگومان مەسەلەکە پێویستی بە هەڵوەستەکردنێکی زۆر هەیە لە هەوڵدانی بەکارهێنانی توێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بۆ تەئویلکردنی دیاردە هاوشێوەکانی لە

کۆمەڵگایەکی تردا. بەڵام واقیع ئەوەیە کە هەرچەندی ئەو دیاردانە لە هەندێك ڕووەوە لەیەکتری جیاوازبن، ئەوا لە هەندیٚ دیوی بنەڕەتی ترەوە لەیەکتری دەچن.

لێرەدا ئەوەی کە دەیڵێین هیچ تەمومژێك یان ئاڵۆزییەکی تێدا نییە. لە هەموو کۆمەڵگایەك چەندی سادەش بێت، جۆرێك لە ژیانی خێزانیو پێوەندی خزمایەتی لەئاردایە کەوا خەڵکی تەواو درکی پێدەکەنو پێوەیە پەیوەستن، هەروەکو سیستەمی ئابووریو سیستەمی سیاسیو دامەزراوە بۆ جیاکاری کۆمەڵایەتیو پەرستنی ئایینیو ڕێگەو ئیجرائاتی تایبەت بۆ دامرکاندنەوەی ململانێیەکانو سزادان لەسەر تاوانو ئامرازە ڕێکخراوەکانی ڕابواردنو شتی تری تێدایە. هەروەها کولتووری ماددیو سیستەمێك لە مەعریفە لەبارەی سروشتو تەکنیکارییەکانو، ڕستێك لە ترادسیۆن بەدی دەکرێت. بۆئەوەی لە سیماو تایبەتمەندییە هاوبەشەکان کەوا لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی هەر کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا مرۆییەکان بەجیاوازییانەوە تێبگەین، لە هەمان کاتدا تێگەیشتن لەو فۆرمە جیاوازەی کە ئەو سیستەمە وەریدەگرێتو، جیاوازی دەورەکان کە لەو کۆمەڵگا جیاوازانە جێبەجیٚ دەکرێت، ئەوا بێگومان وامان لێدەکا توێژینەوەی کۆمەڵگا سادەو کۆمەڵگا ئاڵۆزەکان بەیەکەوە بکەین. ئەوەی کە لەبارەی سروشتی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگایەکی بەرایی دیاریکراو بەدەستی دێنین، یارمەتیمان دەدا بۆ تێگەیشتن لەو سیستەمە لەنێو کۆمەڵگاکانی تردا، کۆمەڵگای ئەوروپیشی لەگەڵدا بێت. بۆ نموونە ئەگەر هەوڵی ئەوەماندا لە ئیسلام تێبگەین یان مەسیحیەت یان هیندۆسی، ئەوا ئەوەی لەو





مەعریفەیە فێردەبین ئەوەیە کە هەندێك سیمای ئەو ئایینە سیمایەکی هەمەکیی هاوبەشی نێوان گشت ئایینەکانە، بەئایینەکانی گەلانی بەراییشەوە، هەندێکی تریان تایبەتە بە چەند ئایینێکەوە، کەچی هەندێکی تریان تایبەتە بەو ئایینە بەتەنیاو لە ئایینەکانی تری جیادەکاتەوە.

دەکریٚ پرسی ئەنترۆپۆلۆژیا لە بنەڕەتدا بەم شێوەیە دابڕێژین: ئەنترۆپۆلۆژیا لەلایەکەوە دەرفەتی ئەوەمان پێدەدا تا ڕەگەزی مرۆیی وەك هەمەکییەك ببینین. بەمەش ئەو کاتەی ئێمە لەسەر ئەو ڕێگەیەی ڕاهاتووین کە لێیەوە سەیری کولتوورو کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان دەکات، ئەوا دەتوانین بەئاسانی لە بەشەکییەوە بۆ گشتیو، دواتریش بەپێچەوانەوە بچین. بەنموونە ئەو کاتەی قسە لەسەر خێزان دەکەین، ئەوا مەبەستمان تەنیا خێزان نییە بەمانا زانراوەکەی لە ئەوروپای ئێستا، بەڵکو مەبەستمان ئەو سیستەمە هەمەکییەیە کە خێزانی ئەوروپی تەنیا فۆرمێکی تایبەتە لێی کە تایبەتمەندیو سیمای خۆی هەیە. هەروەها ئەو کاتەی بیر لە ئایین دەکەینەوە، ئەوا مەبەستمان مەسیحیەت نییە بەتەنیا، بەڵکو مەبەستمان هەموو ئەو عیبادەتانەیە کە لەسەرتاسەری جیهاندا پیادە دەکرێن. لە ڕێگەی تێگەیشتن لە کولتوورو کۆمەڵگاکانی ترەوە، مرۆڤ دەتوانیٚ کولتوورو کۆمەڵگاکەی خۆی لە گشت ڕوویێكو لایەنێکەوە ببینێتو، لەژێر ڕۆشنایی هەموو ئەزموونو کۆششە مرۆییەکان بەباشترین شێوە تێیبگات. ئەگەر ڕێمبدەن بگەڕێمەوە سەر لێکچەرەکەی پێشوو، ئەوا دەتوانم بڵێم دکتۆرە مارگرێت مید لە ساموا هەندێك تێگەیشتنی لەبارەی کێشەکانی پەیوەست بە هەرزەکاری لە ئەمریکا بەدەستهێنا.

مالینوڤسکی کاتێك توێژینەوەی ئاڵوگۆڕی شتە سرووتئامێزەکانی لای تروبریاندەکان کرد، بەمە بەشداریکرد لە تیشکخستنە سەر کێشەکانی هەناردە لەنێو پیشەسازی بەریتانیدا. وەکچۆن هەست دەکەم من شتێك لەبارەی ڕوسیای شیوعی لەمیانەی توێژینەوەی چاوی پیس‌و سیحر لەنێو ئەزاندی تێگەیشتم. پوختەی هەموو ئەمانەش ئەوەیە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی – بەباوەڕی من– یارمەتیمان دەدا بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی زۆر باش‌و قووڵ لەسەر ئەو بوونەوەرە سەیرو جوانەی کە ناوی مرۆڤە، لە گشت شوێن‌و لە گشت زەمەنێکدا.